# هەنار

گۆڤارێکی ئەدەبیی، هونەریی، رووناکبیرییە
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
مانگانە دەریدەکات

ژمارە ٨٣ ، ساڵی حەوتەم، بەفرانبار ٢٧١٢ی کوردی، دیسەمبەر ٢٠١٢ی زاینی

خاوەنی ئیمتیاز
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

سەرنووسەر
محەمەد کوردۆ
mhamadkurdo@yahoo.com

جێگری سەرنووسەر
محەمەد عەبدوڵڵا

بەڕێوەبەری هونەریی و نەخشەسازیی
پەیام ئەحمەد

web:www.henar.org
Email:hanarkurd@gmail.com
Email:hanarkurd@yahoo.com

ناونیشان: گردی ئەندازیاران
تەلەفۆن: ٣٣٠١٩٤٩

دەستەی نووسەران:
کارزان عەبدوڵڵا
ئەکرەم محەمەد ئەمین
نەورۆز جەمال
مستەفا زاهیدی

هەڵەچن:
مونا عەبدوڵڵا
ئاشنا جەمال

مۆتیف:
محەمەد ناکام

تیراژ
٥٠٠

# پێڕست

## لێکۆڵینەوە


| | | |
|---|---|---|
| شیعری ئاینی و خوداناسی ئیسلامیی... | لەتیف هەڵمەت | ٧ |
| کێشەکانی ناسنامەی دەقی ڕۆمانی... | د. عادل گەرمیانی | ١٧ |
| کورتەیەک بۆ گوناهی سێو و مەعریفەتی... | عادل قادری | ٢٣ |
| شەپیورە تازەکانی شیعر و کەڕبوونی... | بڵند باجەڵان | ٣٤ |
| پەناخوازیی وێڕای گەڵاڕێزان!... | کەریم تاقانە | ٥١ |
| قەڵەمکێشی دە شاعیر بە وشە... | سەباح ڕەنجدەر | ٥٣ |


## دەق


| | | |
|---|---|---|
| ستیانەکەت... | حەمەکاکەڕەش | ٧٥ |
| من... | ناڵە حەسەن | ٧٩ |
| قەتارچییەکەی ڕێگەی باران... | یونس حوسێنی | ٨٦ |
| عەشق و هەژاریی... | محەمەد ناکام | ٨٧ |
| قیبلەی من، دڵی یارە... | حەسەن نازدار | ١٠٩ |


## دیدار


| | | |
|---|---|---|
| دیدار لەگەڵ شێرکۆ فەتاح... | سازدانی: سیروان ڕەحیم | ١١٣ |

## وەرگێڕان


| | | |
|---|---|---|
| هایکۆ چییە... | محەمەد تەرەغە | ١٢٩ |
| ١٣ چامەی ئەسعەد جبووری... | جەلال زەنگابادی | ١٤٥ |
| پێناسە... | سەنگەر زراری | ١٥٥ |
| ئەفسانەو مێژوو... | عەبدولباست ئەحمەد | ١٥٨ |
| برین... | ئەمین گەردیگلانی | ١٦٢ |


## هونەر


| | | |
|---|---|---|
| چریکەی زیندوو، محەمەدی ماملێ... | جەلال هانیسی | ١٦٩ |
| دیدار لەگەڵ هونەرمەند قادر جەلال... | سازدانی: شەنکار عەبدوڵڵا | ١٧٣ |
| ئینگمار بێرگمەن و کۆتایی چاخێکی سینەمایی... | و: ئازاد بەهین | ١٧٧ |
| دیدار لەگەڵ فیدریکۆ فللینی... | و: هێمن مەحمود حەسەن | ١٨٤ |


## پێشانگەی کتێب


١٩٣ – ٢٠٠

# لێکۆڵینەوە

## لێکۆڵینەوە

شیعری ئاینی و خوداناسی ئیسلامیی — **لەتیف هەڵمەت**

کێشەکانی ناسنامەی دەقــی رۆمـانی کـوردی — **د. عادل گەرمیانی**

کورتەیەک بۆ گوناهی سێو و مەعریفەتی لێو — **عادل قادری**

شەپپورە تازەکانی شیعر و کەڕبوونی خود — **بڵند باجەلان**

پەناخوازیی وێڕای گەڵاڕێزان! — **کەریم تاقانە**

قەڵەمکێشی دە شاعیر بە وشە — **سەباح رەنجدەر**

شیعری ئاینی و خوداناسی ئیسلامیی:

# قورئانی پیرۆز و شاعیران و شیعر




**لەتیف هەڵمەت**

ئاینی پیرۆزی ئیسلام بیروڕای زۆرو جۆر بەجۆری دەربارەی شیعرو شاعیر هەیەو لە قورئانی نەمریشدا سوورەتێک هەیە بەناوی(**سورة الشعراء**) و خوا تیادا دەفەرموێ: (بەناوی خوای مەزن و میهرەبان- **والشعراء يتبعهم الغاون الم تر انهم في كل واد يهيمون وانهم يقولون مالا يفعلون الا الذين امنوا وعملوا الصالحات و ذكروا الله ذكرا كثيرا وانتصرو من بعد ماظلموا وسيعلم الذين ظلموا اي منقلب ينقلبون**) واتا: لەرێ دەرچووان و سەرکەشان دوای شاعیران دەکەون... نابینی شاعیران چۆن لە کۆردەرەو کون و کۆریان و شیوەلۆکەی خەون و خەیاڵدا ون و سەرەڕۆو سەرگەردان دەبن... و شتەگەلێک دەڵێن کە نەیانکردووەو ناشی کەن... مەگەر ئەو شاعیرانە نەبێ کە چاکەخوازو چاکەکارن و هەمیشە خوایان لەیادبووەو لە دوای ستەمدیدەیی سەرکەوتن و جا ئەوانەی ستەمکارن خۆیان دەزانن چ کەوتنێک دەکەون و چ تێوەگلانێک تێوە دەگلێن.

هەروەها لە سورەتی- الصافات- دا خودا دەفەرمووێ: (**ویقولون ائِنا لتارکوا آلهتنا لشاعر مجنون**)

واتا (ئایا ئێمە بەقسەی شاعیرێکی شێت واز لەپەرستنی خواگەلەکانی خۆمان دێنین)

لەسوورەتی-**الطور**- یشدا یەکتای بێ هاوتا دەفەرمووێ: (**ام یقولون شاعر نتربص به المنون**) واتا: (گومڕایان و بێباوەڕان گوتیان.. ئەمە قسەی شاعیرەو خۆمانی لێ مات دەدەین و رۆژێ هەردەمرێ).

لە سوورەتی-الحاقە- شدا خوای مەزن دەفەرمووێ: (وماهو بقول شاعیر قلیلا ما تؤمنون) واتا: خوای یەکتا ئەوە دووپات دەکاتەوە بۆ بێباوەڕان کە قورئان گوتەو گوفت و گوتاری شاعیران نییەو بە گومڕایان دەڵێ ئەوە ئێوە بۆچی دوودڵ و راڕاو کەمباوەڕن)

هەروەها لە(سوورەتی یونس) یشدا خوا دەفەرمووێ: (**وما علمناه الشعر وماینبغي له ان هو الذکر و قرآن مبین**) واتا: ئێمە پێغەمبەرمان فێری گوتن و نووسینی شیعر نەکردووە و ناشبێ شیعر بڵێ و بنوسێ و ئەمەی بۆ ئێوەی دەخوێنێتەوە فەرمایشتی خودایە قورئانێکی روون و رەوانە..

هەروەها لە سوورەتی-**الانبیاء**- یشدا هاتووە: (**بل قالوا اضغاث احلام بل افتراه بل هو شاعر فلیأتنا بئایة کما أرسل الاولون**) واتا: گومڕایان گوتیان ئەم قسانەی کە بەفەرموودەی خوای لەقەڵەم دەدات خەون و خەیاڵی بێ سەروبەرە... یا قسە گەلێکە خۆی هەڵیبەستووە.. بەڵکو خۆی شاعیرە و ئەمەش زادەی کەڵکەڵەی خۆیەتی و ئەگەر پێغەمبەرە یا بەڵگەیەک یا پەرجوویەکی وەکو پێغەمبەرانی پێش خۆی بخاتە ڕوو... بۆ ئەوەی باوەڕی پێبکەن...

ئەگەر بە وردی سەرنجی ئەو ئایەتە پیرۆزانە بدەین کە دەربارەی شیعرو شاعیر لە قورئاندا هاتوون... دەبینین نە لە گوزارەی دەرەکی و نە لە گوزارەی ناوەکیدا شیعر حەرام نەکراوەو شاعیریش هیچ سزایەکی بۆ دانەنراوە، بەڵکو شاعیرانی باوەڕدار پاداشتی دونیایی و خودایشیان هەیە... بەڵام خوای مەزن شاعیرانی گومڕاو بێباوەڕ و فرە خوا بەسەرەڕۆ و خەیاڵپڵاو و سەراسیمەو وێڵ ناوزەد دەکات و دەڵێ ئەو جۆرە شاعیرانە پەتیارەی ناو شیو و دۆڵی کەڵکەڵە و واسواسەن و کەسانی سەرکەش و سەرچڵ و سەرکێشیان دوادەکەوێ و گوفتارو کرداریان پێچەوانەی یەکدییە...

ئەم حەرامنەکردنەی شیعر مەودایەک و پانتاییەکی نوێی لەسەردەمی

ئیسلامیدا بۆ شاعیران بەرجەستەکردو لەو مەوداو سەردەمەدا رەوت و پیرۆی شیعر گۆڕاو بەرەو ئاقارێکی دی هەنگاوی جیاکاری خۆی ناو مشتومڕێکی نوێی دروستکرد.

شایانی باسە مەبەست و ناوەڕکی شیعری ئاینی بریتییە لە ئامۆژگاری و حیکمەت و رەوشت و داب و نەریتی پاک و بەرزو خوداناسی و دوورکەوتنەوە لە خراپەکاری و هاندانی خەڵک بۆ ئەنجامدانی چاکەکاری و هتد.. هەروەها شیعری ئاینی دوورە لە سیاسەت و دەمارگیری خێڵەکی و حزبایەتی و هەروەکو نووسەری کتێبی- التصوف فی الشعر العربی الاسلامی- عبدالحکیم حەسان لە لاپەڕە-١٦٨- دا روونی دەکاتەوە خەلیفەی ناودارو ناسراو بە شێری خودا دیوانێکی هەیە پڕە لە شیعری هەمەجۆر... دەبێ ئەوەش بڵێین شیعری ئاینی لەسەرەتای بانگەوازی ئیسلامدا هونەرێکی نوێ بووەو بە شێوەیەکی سەربەخۆ گوزارەی لە ژیانی رۆحی کردووە... خۆ ئەگەرچی بەر لە ئیسلامیش گوزارشت لە بارودۆخی رۆحیی کۆمەڵگای جاهیلی بە شیعرکراوە، بەڵام ئەو شیعرە بەشێک بووە لە شیعری گشتی ئەو سەردەمەو هیچ خەسڵەت و ئەدگارو مۆرکێکی ئەو تۆ تایبەتمەندی نەبووە تاوەکو ببێتە هونەرێکی سەربەخۆی جیاکار... بەڵام شیعری ئاینی ئیسلامی ئەو هەلومەرجانەی تیادا بووەو توانیویەتی ببێتە هونەرێکی سەربەست و جیاواز.

**پێغەمبەرو شیعرو شاعیر:-**

پێغەمبەر دروودی خوای لێ بێت لەبارەی شیعرەوە لە فەرموودەیەکیدا دەڵێ (**انما الشعر کلام مؤلف فما وافق الحق منه فهو حسن و مالم یوافق الحق منه فلا خیر فیه**) واتا شیعر گوتەیەکی داڕێژراوەو ئەوەی پشتگیری هەق بکات پەسەندو جوانەو ئەوەشی لایەنگری هەق نەبێ ئەوە بێ خێرە) ئەمە مانای ئەوەیە ئیسلام بایەخ بەناوەڕۆک دەدات نەک فۆرم... چونکە ئەم فەرموودەیە هیچ ئاماژەیەک بۆ شێوازی شیعر ناکات..

هەروەها فەرموویەتی(شیعر گفتارە و گفتار هەیە نابووتە و گفتاریش هەیە باش و بەکەڵکە..)(**انما الشعر کلام فمن الکلام خبیث وطیب**) لەمەشدا هەر بایەخ بەناوەڕۆک دراوەو فۆرم پشتگوێ خراوە..

گەلێ فەرموودەی تریش هەیە و هیچ فەرموودەیەکی نەگەیشتۆتە حەناسی حەرامکردنی شیعر یاخود دوورکەوتنەوەو دوورەپەرێزی لە شیعر... بەڵکو

بیروراکانی دەربارەی شیعرو هەڵسوکەوتی لەگەڵ شاعیراندا ئەوە دەگەیەنن کە پشتگیری شیعری جوان و شاعیری جوامێرو هەقبێژی کردووەو تەنانەت گوێی لە شیعری دڵداریش گرتووە... لە رۆژی- فتح-ی مەکەدا گوێ لە چامەی- بانت سعاد-ی کەعب گرت و لێیشی بوردو جبەکەی خۆیشی پێشکەشکرد.

پێغەمبەر(د.خ) لەبارەی(**امرؤ القيس**)ەوە کە شاعیرێکی سەردەمی جاهیلی یە دەڵێ (ئەو پیاوێکی ناودارو شکۆدارە لەدونیاداو لە رستاخێزدا لە بیرکراوو خامۆشە... لەرۆژی رستاخێزدا سەرقافڵەی لیوای شاعیرانە بۆ ناو دۆزەخ) (**ذاك رجل مذكور في الدنيا شريف فيها الاخيرة خامل فيها.. يجي يوم القيامة معه لواء الشعراء الى النار**)بێ گومان **امرؤ** القيس لەسەردەمی جاهیلیدا ژیاوەو شیعرەکانی خێڵەکی بووەو هەقبێژ نەبووە بۆیە وەهای دەربارەی فەرمووە.

دەربارەی- عەنتەرەی عەبەسی- کە شاعیرێکی جاهلی یە دەڵێ: (**ماوصف اعرابي قط فاحببت ان اراة الاعنترة**) (هەرگیز حەزم نەکردووە ئەو شتانە ببینم کە عەرەبێک وەسفی کردوون... ئەو شتە نەبێ کە عەنترە وەسفی کردووە) عەنترە شاعیرێکی حەقبێژو ئازاو جوامێرو ناوداری جاهیلی بووە...

دەربارەی-لبید- یش کە شاعیرێکی هاوچەرخی سەردەمی جاهیلی – ئیسلامییەو موسڵمان نەبووە فەرموویەتی: راستگۆترین شیعر ئەم شیعرەی لەبیدە(**اصدق كلمة قالها الشاعر قول لبيد:**

**ألا كل شيء ماخلا الله باطلهيض** (شتێک جگە لە خودا بوونی نیە)
**وكل نعيم لا محالة زائل** (دەرەنجامیش کۆتایی پێ دی هەمو خۆشییە)

***

دەربارەی شیعرە بەناوبانگەکەی **طرفه بن عبد** کە دەڵێ:-
**ستبدى لك الايام ماكنت جاهلا**
**ويأتيك بالاخبار من لم تزود**
واتا: ئەو شتانەی شاراوەبوون رۆژگار پیشانت دەدات
ئەو هەواڵانەش کەنەتبیستبوون پێت دەگات

***

پێغەمبەر(د.خ) فەرمویەتی: ئەم جۆرە قسەکردنە جۆرێکە لە پەیڤینی پێغەمبەرایەتی(**هذا من الكلام النبوة**).

هەروەها حەزی لە شیعری- **النابغة الجعدي**- کردووەو دوعای خێری بۆ کردووەو هانی شاعیرانی وەکو حەسانی کوڕی سابت و عەبدوڵای کوڕی

ڕەواحەو کەعبی کوڕی مالیکی داوە شیعر بنووسن و شیعری داشۆرین و پڕ لە تانەو پلارو توانج گومڕایانی قورەیش و شاعیرە خوانەناسەکانیان سووک و ڕسوا بکەن و بەکەعبی دەگوت(**انت تجيد صفة الحرب**) تۆ لە وەسفکردنی جەنگدا شارەزایت و بە عەبدوڵای کوڕی ڕەواحەی دەگوت(انت شاعر كريم) تۆ شاعیرێکی جوامێری و بەحەسانی دەگوت(**نعم أهجهم انت فانه سيعنيك عليهم روح القدوس**) تۆ گومڕایان بە شیعر دابشۆرەو توانجیان تێبگرە خوای مەزن پشتیوانتە... و لەبارەی زەیدی کوڕی عەمرەوە دەفەرمووێ(**انه يبعث يوم القيامة أمة واحدة**) ئەو بەتەنها خۆی لە ڕۆژی ڕستاخێزدا وەکو نەتەوەیەک زیندو دەبێتەوە...

لە دەرەنجامی ئەم فەرموودانەدا دەگەینە ئەو بیروڕایەی کە پێغەمبەر(د.خ) شیعری بەچاکەو هەڵوێستی جوانەوە پەیوەستیی لەلا پەسەند بووەو تەنانەت مۆڵەتی ڕەهاو بێسنووری شاعیرانی موسڵمانی داوە کە بەشیعر گومڕایان و شاعیرەکانیان دابشۆرن و تانەو تەشەریان تێبگرن و فەرموویەتی شیعری داشۆرینی حەسان و کەعب و کوڕی ڕەواحە دژی قوورەیش(**اشد على قريش من نضح النبل**) لە تیرەباران کاریگەترە.. لە شایانی باسە وەکو عزيز السيد جاسم لەلاپەڕەی-٣٢٩-٣٣٠- ی کتێبی – محمد الحقيقه العقمی- دا دەڵێ: عەبدوڵای کوڕی ڕەواحە لە بەکارهێنانی هیچ جوێنێکی پیسدا دژی گومڕایانی قورەیش سڵ و کۆی نەکردووە بەڵام حەسانی کوڕی سابت وەکو لەم دێرە شیعرەدا دەردەکەوێ شتێکی تیادا هێشتۆتەوە:

لولا النبی، وقول الحق مغچبه
لما ترکت لکم انپی ولا ژکرا

***

لەم شیعرەدا حەسان بە ئاشکرا دەڵێت(ئەی قورەیشییەکان لەبەر ئەوەی نەبێ کە پێغەمبەر لێم زویر دەبێ.. بە شیعر هەموو مێ و نێرێکتانم دەگا... و ناموس و ئابڕووتانم دەبرد..) منیش دەڵێم ئەمە لە تووڕەیی پێغەمبەر (د.خ) ترساوە وای گوتووە ئەگەر نەترسایە چی دەگوت... بێگومان لە دوورگەی عەرەبی و دەوروبەریدا شیعر لەلایەن هۆزو خێڵ و تیرە عەرەبەکانەوە هەروەکو چەکێک بۆ بەرگری کردن لە خێڵ و هۆزو تیرە بەکاردەهات... بەڵام بەهاتنی ئیسلام.. شیعر لەلایەن شاعیرانی موسڵمانەوە کرا بەچەکێک بۆ بەرگریکردن لە ئیسلام و خەسڵەتەکانی ئاینی ئیسلام و پیرۆزمەندییەکانی...

هەروەها هەر چوار جێنشینەکەی پێغەمبەر حەزیان لە شیعربووەو ئەبوبەکری سدیق پشتگیری ئەوەی کردووە کە منالآن فێری شیعر بکرێن و بە ئەبوو مووسای ئەشعەری گوتووە هانی منالآن بدە شیعر بخوێننەوە چونکە فێری رەوشتی بەرزو بیروڕای راست و زانینی کۆمەلآیەتییان دەکات و زۆریش سەرسام بووە بە شیعری زهێری کوڕی ئەبووسەلماوە کە شاعیرێکی جاهیلی بووە. بەلآم باوەڕی بە زیندوبوونەوەو تۆلەی خودایی بووە لە خراپەکاران و زۆرداران..

هەروەها هەندێ شیعری نابیغەی **ذبیانی** بەدڵ بووەو خەلآت و بەراتی-**لبید**- کردووە چونکە ئەگەر چی لەسەردەمی جاهیلی دا ناوی دەرکردووە، بەلآم زۆر ژیاوەو سەردەمی ئیسلامیشی بینیوەو موسڵمان بووەو دوای موسڵمان بوون بەدەگمەن شیعری نووسیوەو گوتوویەتی سوورەتی بەقەرەو ئالی عمران هەبێ بیخوێنمەوە شیعر بۆ بنووسم...

لەلایەکی دییەوە عمر سزای شاعیرانی وەکو حوتەیئەو نەجاشی داوە چونکە بەدگۆبوون و باسی ناموس و ئابڕووی ئەموئەویان کردووەو بە خۆڕایی بەدناویان کردوون... خەلیفەی چوارەمیش ئەمیری موسڵمانان ئیمامی عەلی (د.خ) خۆی شاعیرێکی داهێنەربووەو دیوانێکی لێ بە جێماوە پڕە لە شیعری جوان و شاکار و خوا یاربی لە هەڵبژاردەی شیعرە ئاینییەکاندا نموونەی شعرەکانی دەخەینە بەرچاو... هەروەها نامەو گوتارەکانیشی وەکو دکتۆر عەلی جواد تاهر ئاماژەی بۆ دەکات تام و خەسڵەتی شیعری شاکاریان هەیە...

هەڵبژاردە لە شیعری ئاینی:-

**ولو أنا اذا متنا ترکنا**
**لکان الموت راحة کل حي**
**ولکن اذا متنا بعثنا**
**ونسأل بعد ذا عن کل شي**

-ئیمامی عەلی-

***

**گەر دوای مەرگ وازیان لێمان دەهێنا**
**مردن پشوو بوو بۆ هەموو کەسێک**

لە دوای مەرگ زیندوبوونەوە هەیە
لێپرسینەوەش لە هەموو شتێک

***

ذنوبي ان فكرت فيها كثيرة
ورحمة ربي من ذنوبي اوسع
فما طمعي فى صالح قد عملته
ولكنني فى رحمة اللة اطمع

-ئیمامی عەلی-

گوناهم زۆرن بیانژمێرم
لە گوناە زۆرتر بەزەیی خوایە
هیچ چاکەیەکم بە کەڵکم نایە
چاو بۆ رەحمەتی خودا دەگێڕم

***

وەک واجبە بەزات و صیفاتی خودا یەقین
باوەڕ دەبێ ببــێ بە مەلائیک بە مورسەلین

حەق بوون و هەم بەحەق بوە دین و کیتابیان
هەریەک هەتا زەمانی یەکێکی دواترین

ئەم ئاڵ وگۆڕی دینە لە کارا بووە هەتا
دەوری یەکێ بەدینی ئەوە نەسخی جوملەدین

یەعنی پەیامبەری عەرەبی هاشمی نەسەب
ئەحمەد لە ئاسمان و موحەمەد لەسەر زەمین

دین و کوتوب نەما بوە دین و کتیابی ئەو
باقیی دەبێ شوریعەتی ئەو تاکو یەومی دین

عیسا کە دێتە خوارەوە بۆ کوشتنی جەجاڵ
خۆی و ئەوانەی تابیعی ئەو بن موحەمەدین

**سەرداری ئەنبیایە بەکول خاتەمی رەسول**
**صاحێب لیوایە پێشڕەوە رۆژی واپەسین**

مەحوی
دیوانی مەحوی/ل٣٧٩-٣٨٠
لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەی(مەلا عەبدولکەریمی مودەڕس)

**سەد هێشترێ کونجی بار**
**هەر بارەکی سەد هەزار**
**هەر لبەکی کلۆبار**
**سەلەوات لەسەر نەبییێ موختار**
**هند زوغری سەحراو غابا**
**سەلەوات ل سەر ئال و سەحابا**

شێخێ سەنعانیان
فەقییێ تەیران- غەمگین
جەلیلێ جەلیل/ مەریوان عمر دەوڵەت
ئینستیتۆی کەلەپووری کورد/٢٠٠٨

***

**مەطلعی سوبحی سەعادەت مەظهری-علم الیقین-**
**ئەی سپەسالاری فەوجی ئەنبیاء و مورسەلین**
**بۆ نەوازش زاتی حەق هەم حوجەتە هەم دەنگی تۆ**
**شاهیدی تەعظیمی تۆ بوو یاوەری-روح الامین-**
**موشکی تۆزی دامەنت عەطری دەماغی ئەتقیا**
**یانێ بۆ تأثیری بینش عەینی سورمەی خاکبین**
**رووڵەکێ کەم غەیری تۆ ئەی شافیعی رۆژی المذنبین**
دیوانی طاهیر بەگی جاف/ل١٤

**الحمدلله لاشرک له**

**من لم يقلها فنفسه ظلما**

**المولج الليل فی النهار**

**وفی الليل نهارا يفرج الظلما**

-النابغه الجعدی-

**سوپاس بۆ خودا کە هاوتای نیە**

**وانەڵێی ستەم لە خۆت ئەکەی تۆ**

**بەتاریکی شەو ڕۆژ دادە پۆشێ**

**دوای شەویش ڕۆژ دێ ڕووندەکا ئاسۆ**

***

**ئەی هێنەری هەردو عاسمانان**

**ئەی دووری هەموو هەڵەو گومانان**

**بێ ڕۆڵەو داک و باب و کاکی**

**بێ هاوبەش و تاک و پاک و چاکی**

**نیتن چ وەزیرو یاریکارێک**

**لات وەک یەکە پادشاو هەژارێک**

**هەربوویت و دەبیت و پایەداری**

**چوونت نییە تا هەتا لە کاری**

-مەم و زین-ئەحمەدی خانی-

هەژار موکریانی

***

**تۆی خالیقی غەفوور و ئەمە پڕ عەبدی پڕ قسوور**

**تۆی واهیبی عەتاوو ئەمە: ساحیبی خەتا**

**گەر تۆ گوناهی ئێمە نەبەخشی بەمەغفەرەت**

**کێ ی دی هەیە بچینە پەناهی بە ئیلتیجا**

دیوانی/ عەبدولا بەگی مصباح دیوان ل/٤٦

**بەرەحمەکەی خۆت فەردی تەنیای تاک**

**بەشقی مەشقی عەشق یارانی دڵ پاک**

**بەدەمی دووری دەروون پڕ فاران**

**بە کۆچی دوای دوا بەدوای یاران**
**هەرچەند تاوانم لەحەد بەدەرە**
**دەفتەری کردەم لە رووم رەشترە**
**تۆ لێم ببوورە من روو زەردی تۆم**
**جەزای کافیە و سزای مەرگە بۆم**
-مەولەوی- /پیرەمێرد/ل١٦
**ناوی محمد یەکێ بیخوێنێ**
**تامردن تامی لەدڵ ئەمێنێ**
**زەڕەیە نووری خودا بنوێنێ**
**دارو بەردو کێو گشت ئەتوێنێ**
**کافر بەراستی گەرناوی بێنێ**
**قەت قابیل نیە ئیمان ئەهێنێ**
(میعراجی راستی)ل١٩٨٣/٧
شێخ مەحموود شێخ محمد کەسنەزانی

# کێشەکانی ناسنامەی دەقـــی رۆمـانی کـوردی

د. عادل گەرمیانی

هەمیشە رۆمان، وەک بەرهەمێکی ئەدەبی، هەروەها وەک هونەرێک لە هونەرەکانی گێڕانەوە، خاوەن پانتاییەکی بەرفراوانی خۆیەتی بەهۆیەوە لە سالانی دوورودرێژی تەمەنی خۆی توانیوویەتی چەندین کێشەی مرۆڤایەتی لە چەندین قوژبنی جیهاندا بەرجەستە بکات، هەروەها توانیوویەتی نەمریی بۆ هەندێ رۆماننووس تۆمار بکات.

هونەری رۆمان لە ماوەی زیاتر لە چوار سەدەی تەمەنیدا، ئەگەر رۆمانی (دۆن کیخۆت)ەی سیرفانتیس لە ساڵی ١٦٠٥ بە نۆبەری رۆمان لە ئەدەبی جیهانیدا دابنێین، تووشی چەندین گیروگرفت بووە لەڕووی پۆلێنکردنی رەگەزیی، چونکە هەندێ دەقی رۆمان لە گێڕانەوەی خودنامە دەچێت و هەندێ دەقی دیکەی رۆمان لە گێڕانەوەی بەسەرهات و رووداوی مێژوویی رووت دەچێت، هەندێکی دیکەیان زۆر لە دەقی شانۆ نزیک دەبێتەوە بە حوکمی ئەوەی پانتایی دانساندن تێیدا زۆر زیاترە لە پانتایی گێڕانەوە، کەوا بڕبڕەی هونەری رۆمانە و هەندێ دەقی رۆمانیش هەیە نزیکترە لە سروشتی هونەریی چیرۆکی درێژ و هەندێ دەقی رۆمانیش هەیە بە دەست کێشەی زمانی دەقەوە دەناڵێنێت، بەتایبەتی لەو وڵاتە داگیرکراوەکاندا کەوا سڕینەوە و پاشگوێخستنی زمانی نەتەوەییان لەلایەن داگیرکەرەوە دیاردەیەکی زەقی فەرهەنگییانە، وەک لە وڵاتانی رۆژئاوای

عەرەبی بەڕوونی بۆمان دەردەکەوێت. باشترین نموونەش ڕۆمانەکانی کاتب یاسین و ڕەشید بۆجدرە و ئەلتاهیر بن وەتار و ئەلتاهیر بن جەلون، کەوا بە زمانی فەڕەنسایی ڕۆمانیان نووسیووە، نە ڕەخنەی ئەدەبی فەڕەنسایی ئاوەڕیان لێدەداتەوە، لەبەرئەوەی ئەو ڕۆماننووسانە بەڕەچەڵەک فەڕەنسایی نین و نە ڕەخنەی ئەدەبی عەرەبیش ئاوەڕیان لێدەداتەوە، لەبەرئەوەی ئەو ڕۆمانانە بە زمانی عەرەبی نەنووسراون. لەم دیاردەیە خراپتر بەرهەمی ئەو هۆنیار و چیرۆکنووس و ڕۆماننووسە کوردانەیە لە سوریا و عێراق کە بە زمانی عەرەبی بەرهەمیان نووسیووە و لەلایەن ڕەخنەگر و لێکۆڵەرانی عەرەبەوە بەئەنقەست ئەم جۆرە بەرهەمانە پشتگوێ خراون، لەبەرئەوەی نووسەری ئەم جۆرە بەرهەمانە عەرەب نین. بۆ نموونە لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو لەلایەن سليم السامرائی ئەنتۆلۆجیای چیرۆکی عێراقی و ئەنتۆلۆجیای شیعری عێراقی دەرچوو، لە هەردوو ئەنتۆلۆجیاکە ناوی ئەو هۆنیار و چیرۆکنووسە کوردانەی تێیدا نییە بە زمانی عەرەبی بەرهەمیان نووسیووە. تەنانەت ڕۆماننووسێکی داهێنەری وەک سەلیم بەرەکات بە ئەنقەست ڕۆمانەکانی فەرامۆش و پشتگوێ دەخرێن لەو کتێب و نووسینە ڕەخنەییانە لەبارەی ڕۆمانی عەرەبییەوە چاپ و بڵاوکراونەتەوە، لە کاتێکدا ئەم داهێنەرە کوردە بە زمانێکی عەرەبیی ئەوتۆ دەنووسێت کە ڕۆماننووسە عەرەبەکانی تووشی سەرسووڕمان کردووە و لەو باوەڕەدام هیچ ڕۆماننووسێکی عەرەب نەیتوانیوە وەک سەلیم بەرەکات تەلیسمەکانی ریالیزمی سیحراوی و جوانییەکانی فانتازیا لەنێو ڕۆمانەکانیان بەکاربهێنن. بۆیە ئەم جۆرە کێشەی زمانی دەق لە ڕۆمانی کوردیدا پێویستی بە چەندین هەڵوێستی نەتەوەیی و ڕەخنەیی هەیە بۆئەوەی داهێنانی سەلیم بەرەکات و یەشار کەمال و عەلی ئەشرەف دەروێشیانی و د. بورهان شاوی و ئەستێرەکانی دیکەی ئاسمانی ڕۆمانی کوردیی هاوچەرخ زیاتر ببنە مایەی دەرەوشانەوەی هونەری ڕۆماننووسینی کوردی، نەک بە ئاسانی لەبەر زمانی دەق بخرێنە دەرەوەی بازنەی ناسنامەی دەقی ڕۆمانی کوردیی هاوچەرخ.

ڕۆمان، وەک دەق و ڕەگەزێکی ئەدەبی، خاوەن ناسنامەی تایبەتی خۆیەتی لەڕووی نەتەوەیی و جۆری ڕەگەزی ئەدەبی لە بواری تیۆری ئەدەبدا، کە بەهۆیەوە لە دەقەکانی دیکەی ئەدەب وەک شیعر و چیرۆک و شانۆ جیا دەکرێتەوە. هەندێ لایەن هەیە وەک زمانی دەقی ڕۆمان و ڕەچەڵەکی نووسەری دەق و کەشوهەوای دەق وەک سروشتی ڕووداوەکان و ناوی پاڵەوان و کەسێتییەکانی، گشت ئەمان بەلامانەوە دەبنە ناسنامەی نەتەوەیی بۆ دەقی ڕۆمانەکە، کەوا لە

بواری بەراوردی ئەدەبیدا گرنگی خۆی هەیە لەنێو قوتابخانەکانی بەراوردی ئەدەبیدا، کەواتە هەموو دەقێکی ئەدەبی دوو ناسنامەی ئەدەبی و نەتەوەیی هەیە.

ئەدەبی کوردیی نوێ و هاوچەرخ، هەروەک زمانی کوردی، بەدەست چەند کێشەیەکەوە گرفتارە، بەتایبەتی رۆمانی کوردی، کەوا هەر لەگەڵ یەکەم هەنگاوی سەرهەڵدانی کێشەی ناسنامەی دەقی بۆ دروستبوو، چونکە خودی ئەحمەد موختار جاف لەسەر بەرگی رۆمانەکەی (مەسەلەی ویژدان)، کە لە ساڵی ١٩٢٨ دەستنووسەکەی نووسیووە، جۆری رەگەزی دەقەکەی یەکلایی نەکردووەتەوە و نەینووسیووە رۆمانە، یان چیرۆکی درێژە. هەر ئەم لایەنە بوو هەندێ لێکۆڵەر بە چیرۆکی درێژ (پۆفسێت) دایبنێن، وەک د. ئیحسان فوئادی پارێزەر و چاپکەری ئەم دەقە لە ساڵی ١٩٧٠ بۆی دەچێت و هەندێ لێکۆڵەری دیکە پشتگیری بۆچوونەکەی دەکەن وەک حوسین عارف لە کتێبەکەی (هونەری چیرۆکی کوردی) و دڵشاد عەلی لە لێکۆڵینەوەکەیدا بە ناونیشانی (مەسەلەی ویژدان وەک بەرهەمێکی بزووتنەوەی رووناکبیری). هەندێکی دیکەیش ئەم دەقەی (مەسەلەی وێژدان) بە کورتە رۆمان (نۆڤلێت)ی دادەنێن، وەک د. عەبدوڵڵا دەباغ لە لێکۆڵینەوە عەرەبییەکەیدا بەناونیشانی (**نظرة جديدة على رواية مسألة الظمير**)و د. ئیبراهیم قادر لە نامەی ماستەرەکەیدا (رۆمان کوردی لە عێراقدا) و بەندەش لە نامەی ماستەرەکەمدا (ریالیزم لە رۆمانی کوردیی هاوچەرخدا). لە هەمووی سەرنجراکێشتر بۆچوونەکەی د. عیزەدین موستەفا رەسووڵ-ە، کەوا لە پێشەکییەکەی بۆ وەرگێڕانە عەرەبییەکەم بۆ ئەم کورتە رۆمانە، ئاماژە بەوە دەکات مەسەلەی وێژدان لەڕووی جۆرەوە کەرەستەیەکە بۆ نووسینی رۆمانێکی درێژ لە کورتەچیرۆکێکدا کۆکراوەتەوە...


ئەحمەد موختار جاف

دەقی کورتە رۆمانی (مەسەلەی ویژدان)، وەک نۆبەری رۆمانی کوردی لە ساڵی ١٩٢٨ نووسراوە و لە ساڵی ١٩٧٠ چاپکراوە، لەڕووی نەتەوەییەوە کێشەی ناسنامەی دەقی نییە، چونکە نووسەرەکەی کوردە و زمانی دەق کوردییە و سروشتی رووداوەکانی و کەشوهەوای دەقەکە لە ناوچەیەکی کوردیدایە، بەڵام وەک لەسەرەتا باسمان کرد تا ئەم رۆژگارە کێشەی ناسنامەی ئەدەبیی هەیە، چونکە سروشتی جۆری دەقەکە لەڕووی تیۆری ئەدەبەوە وەکو وتمان یەکلایی نەکراوەتەوە، هەرچەندە هەبوونی رووداوی سەرەکی (لەدەستدانی ویژدان ) و چەندین رووداوی لاوەکی لەلایەک و لایەنەکانی کەشوهەوای دەقەکە شایەتی بە رۆمانبوونی ئەم دەقە دەدەن.

ئەم جۆرە کێشەی جۆری رەگەزی ئەدەبی لە دوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بەشێوەیەکی دیکە لەنێو رۆمانی کوردیی هاوچەرخدا رەنگیدایەوە، چونکە کۆمەڵێ دەق بڵاوکرانەوە لەڕاستیدا کورتە چیرۆکن، کەچی لەسەر بەرگەکانیان نووسراوە نۆڤلێت، یان چیرۆکی درێژن، کەچی لەسەر بەرگەکانیان نووسراوە رۆمان. ئەم زاراوەی رامان بۆ یەکەم جار ساڵی ١٩٣٦ لەلایەن محەمەد عەلی کوردی-یەوە لەسەر بەرگی دەستنووسی کورتە رۆمانەکەی (نازدار) تۆماری کردووە، کاتێک دەڵێت: (رۆمانێکی خیالیە لە ١٠٠ لاپەڕەیە)، مەبەستیشی سەد لاپەڕەی دەفتەری بچووکی قوتابیانی سەرەتایی ئەو سەردەمە بوو، چونکە دەقی ئەو رۆمانە لەناو ئەو جۆرە دەفتەرە نووسرابوو، بەڵام ئیسماعیل رۆژبەیانی بە یەکەم نووسەری کورد دادەنرێت زاراوەی رۆمانی بەشێوەیەکی دروست لەسەر بەرگی رۆمانەکەی (نازە)ی بەکارهێنا، کەوا لە ساڵی ١٩٨٠ چاپیکرد. ئەم کێشەی نێوان پۆڤیست و نۆڤلێت، یان لەنێوان چیرۆکی زۆر درێژ و رۆمان (نۆڤل) تا ئەم رۆژگارە بەردەوامە و لەنێو جیهانی رۆمانی کوردیی هاوچەرخدا یەکلایی نەکراوەتەوە.

هەروەها لەدوای راپەڕینی ١٩٩١، کێشەی رۆمانە شیعرمان بۆ پەیدابوو، چونکە هەندێ هۆنیار (شاعیر) بەبێ وردبوونەوەی لە سروشتی دەقەکەی ئەم جۆرە زاراوە تازەیە لە جیهانی رۆمانی کوردیی هاوچەرخدا بەکاردەهێنن، کەوا زۆرجار خوێنەری هاوچەرخ تووشی چەواشەکاریی دەکات لە بواری دیاریکردنی رەگەزی دەقەکەدا، چونکە پانتایی گێڕانەوە لەم جۆرە دەقانەدا، کەوا بەشێوەی شیعر نووسراون، هاوشانی گێڕانەوەی نێو رۆمان نییە، هەروەها سروشتی بینای رووداوی نێو ئەم رۆمانە شیعرییانە هاوشانی بینای راستەقینەی رووداوی نێو رۆمان نییە لەڕووی هەبوونی تانوپۆ و هەبوونی رووداوی سەرەکی و چەند

ڕووداوێکی لاوەکی.

گەورەترین کێشەی ڕۆمانی کوردیی هاوچەرخ، نووسینی دەقە بە غەیرە زمانی کوردی، کەوا زیاتر بۆ فاکتەری رامیاری دەگەڕێتەوە بە حوکمی ئەوەی خاکی کوردستان دوای پەیمانی لۆزان لە ساڵی ١٩٢٣ بەسەر چوار دەوڵەت (عێراق و سوریا و تورکیا و ئێران) دابەشکراو، لە ئەنجامدا کێشەی نووسینی ئەدەبیی کوردی بە سێ زمانی عەرەبی و تورکی و فارسیمان بۆ دروستبوو، جگە لەنووسین بە زمانی کوردیی دایک. لەم بوارەدا کۆمەڵێ ڕۆماننووسی کوردمان هەیە لە عێراق و سوریا بە زمانی عەرەبی دەنووسن وەکو (محێدین زەنگنە، لوتفی عەبدولمەجید، تەحسین گەرمیانی، دکتۆر بۆرهان ئەلشاوی، دکتۆر عەبدولعەباس عەبدولعەزیم، حەسەن کاکی و ئەزهار رەحیم) لە عێراق و (سەلیم بەرەکات، عەبدولحەلیم یوسف و محەمەد محەمەد ئیسماعیل) لە سوریا. هەروەها یەشار کەمال و محەمەد ئۆزۆن لە تورکیا و عەلی ئەشرەف دەروێشیان لە ئێران و شێرکۆ فەتاح لە ئەڵمانیا.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەی ڕۆمانی کوردی وامان بە لاوەوە باشە ڕەچاوی یەکێک لەم دوو خاڵەی خوارەوە بکەین:

١-ئەو ڕۆمانانەی بە غەیری زمانی کوردی نووسراون، بەڵام ڕەچەڵەکی نووسەرەکانیان کورد بێت و مەرجەکانی کەشوهەوای دەقەکان کوردەوارییە، ئەوا بۆ دەوڵەمەندکردنی گەنجینەی ڕۆمانی کوردی واباشترە بە ڕۆمانی کوردییان دابنێین، تا ئەم جۆرە ڕۆماننووسانە تووشی سەرگەردانی ئەدەبی نەبن لەلایەک، هەروەهاش بۆ دەوڵەمەندکردنی گەنجینەی ڕۆمانی کودیمان.

٢-ئەو ڕۆمانانەی بە غەیری زمانی کوردی نووسراون و ڕەچەڵەکی نووسەرەکانیان کورد بێت، بەڵام مەرجەکانی کەشوهەوای دەقەکان کوردەواری نییە، ئەوا تەنیا بۆمان هەیە شانازیی بە ڕەچەڵەکی نووسەرەکانیانەوە بکەین و وەک درەختێک ڕەگ و ریشەی لە خاکی کوردستانە و بەروبوومەکەی خەڵکی وڵاتێکی دیکە سوودی لێ وەربگرن.

-بۆ چارەسەرکردنی هەردوو دیاردەکەی سەرەوە وامان بەلاوە پەسەندترە ئەم جۆرە دەقانە بکرێتە کوردی تا خوێنەری ڕۆمانی کوردی سوودیان لێ ببینن و بەهۆیەوە ئاشنا بن بە جیهانی ڕۆماننوسینی ئەم جۆرە ڕۆماننوسە کوردانە.

-زۆر بەداخەوە، جگە لە کێشەی زمانی دەق، ڕۆمانی کوردی لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا بەدەست ڕێنووسەکانی دەقەوە دەناڵێنێت، کەوا یەکێکە لە کێشەکانی ناسنامەی دەقی ڕۆمانی کوردی، بە حوکمی ئەوەی هەر یەک لەو

سێ جۆرە ڕێنووسە (عەرەبی و لاتینی و سلاڤی) سەر بە وڵاتی نا کوردییە. بۆ نموونە لە هەردوو پارچەی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە پیتی عەرەبی دەنووسرێت و لە هەردوو پارچەی باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان بە پیتی لاتینی دەنووسرێت و کوردەکانی وڵاتانی یەکێتیی سۆڤێتی جاران بە پیتی سلاڤی دەنووسرێت. بەلامەوە زۆر جێی نەنگییە ئەم کێشە نەتەوەییە بەبێ چارەسەر بمێنێتەوە و جێی شەرمەزارییە هەندێ بۆچوونی ناوچەگەریی و ئایینی ببێتە لەمپەر و کۆسپ لەبەردەم داخوازییەکی نەتەوەیی ڕەوای میللەتەکەمان بۆ یەکخستنی ڕێنووسی کوردیمان. لێرەدا ئەگەر لێکدانەوەی ئەقڵ و لۆجیک بکەینە سەنگی مەحەک، ئەوا بە حوکمی ئەوەی زۆرینەی خەڵکی کوردستان بە ڕێنووسی لاتینی دەنووسن و دەخوێنن، هەروەها بە حوکمی ئەوەی ڕێنووسی لاتینی باشتر لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە دەخوێنرێتەوە و ئەوەندەش زەحمەت نییە بۆ خەڵکی ئەورووپا فێری خوێندنەوەی ببن. بۆیە بەڕاشکاوی رایدەگەیەنم هەڵبژاردنی ڕێنووسی لاتینی باشترین کارە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی خوێندنەوەی ڕۆمانی کوردی لەلایەن زۆرینەی خوێنەرانی ڕۆمانی کوردیی هاوچەرخەوە و ئەوەیشی بەهەردوو ڕێنووسی عەرەبی و سلاڤی نووسراون، بە ئاسانی دەتوانین سەرلەنوێ بە پیتی لاتینی بینووسین و چاپی بکەینەوە. هیوادارم سەرجەم نووسەران و ڕۆشنبیران و خوێنەرانی کورد لە ئاست ئەم داخوازییە نەتەوەییە بن بۆ چارەسەرکردنی هەندێ لە قەیرانەکانی ڕۆمان و ئەدەبی کوردیی هاوچەرخمان.

**تێبینی:**

ئەم بابەتە لە دیداری ڕۆمانی کوردی لە ڕۆژی ٢٠١٢/١١/٢٣ خوێنرایەوە.



# کورتەیەک بۆ گوناهی سێو و مەعریفەتی لێو لە گۆشەنیگای شەیتانەوە!

## (خوێندنەوەیەکی کورتی قەسیدەی گوناهی بەختیار عەلی) خوێندنەوەیەکی فەلسەفی–ئەدەبی

**پێشکەشە بە «شلێر. ن» کە گوناهی یەکەمینم بوو...**

ئەمە منم؟
ئەی گوناهی
خۆشەویستی،
یان ئاوێنەی تۆ؟

**عادل قادری**

## ٢ – ٢

**ئەپیزۆدی دووەم**

**سەردەمی ئیمپراتۆرییەتی گوناه و یەقینی ئاڵی لێوەکانی...**

لە بەشی دووەمدا وزە و بڕشتی ناسکارانە و مەعریفەتخوازانە لەهەمبەر گوناهدا دێتە ئاراوە، ئەوەش بە چاودێریکردن و تەنانەت بە ئەنجامدانی ئەم کردەیە. ئیدی باوەڕی کردووە کە لە هەرێمی خودایی و ئاسمانی دەرچووە و نیشتەجێی زەوینە و سەردەمی پاشایەتی لە زەمین دەستی پێکردووە.

گوناهم کرد/ رەگم وەکو رەگی درەختە پیرەکان، بەزەویدا، چووبووە خوارێ/ هیچ شتێک نەبوو بتوانێ لە زەوی هەڵمکەنێ/ گەردەلوول لە سینەم دەهات و مەرگ لە دڵمەوە دەچووە دەرێ/ گوناهێک بووم، شەوبۆی وەکو زوخاڵم لێڕوا/ گوناهبار بووم و ئەستێرەی لە خۆم گوناهبارتر... کەوتنە شوێنم/... ئێستا

پادشایەکم و.../... سوێندم خوارد/ باغەکانی بەهەشت بسووتێنم و ئاگرەکانی دۆزەخ خەفە کەم/ دەستم خستە سەر کتێبی پیرۆزی خەتاکاری و لێوم نا بە یەقینی ئاڵی گوناهەوە...

هەنووکە رۆژگاری دەسەڵات و گەراخستنی هەمەلایەنەی گوناهە. گوناە بە خۆی و سوپا و ئیمپراتۆرییەتە پۆڵایینەکەیەوە حوکمڕانی دەکات و...

لەو کۆشکەدا، کە بە وێنەی رەنگاوڕەنگی گوناە رازابۆوە.../ فریومدان/ زمانی تازەم فێرکردن... زمانی کۆنم پێ توڕدان/ پاشایەک بووم، لە خەونمدا سەرخوانی رازاوەی خواکانم دی/ سەرمەست بە بۆنی شەراب و ئەفیونی سفرەکەیان/ هاوارمکرد: یاخیدەبم...

ئەوەش سەرەتای ئەو شۆڕشە بوو کە هۆکارەکانی نەدرکاون و پرسیارەکانیش لەهەمبەریدا بێ وەڵام دەمێننەوە، چونکە ئەو شتێک دەزانێت ئێمە یان نایزانین یان ناتوانین بیزانین یان نابێت بیزانین و...

دەمویست بە گوناهی بچکۆلەی خۆم، گوناهە گەورەکان ریسوا کەم.../..."با" گوێچکەی راکێشام و لەبەردەم جەنگەڵەکاندا بە بۆنکەوتم.../... جارێکی تر بۆنی ئەو ئەستێرە شەرمنانەی "با" کراسەکەی دڕیبوون/ بەلەمی خەون و خەیاڵی گومڕا کردم.../...موریدی هەتاهەتایی گوناە بووم/ بێزار لە خوا و لە گەردوون و ژیانەوە/ دڵم بە شەرابی خەستی بێدینی گەشایەوە...

ئەمەش درێژەی ئەو یاخیبوونە بوو کە سەرەتاکانی لێڵ بوون و کۆتاییەکانیشی نادیار و ناکۆتا. لەم بەشەدا کە قۆناغی تامکردنی سێو و جەستاندنی گوناە و ماچکردنی "با" یە، وشەی "با" وەکو میتافۆڕ یان خوازەیەک بۆ (حەوا) یان(هەوا) یەکە کە بزوێنەر و هاندەر بوو بۆ کردەی ئادەم. "با" گومڕا دەکات و خاوەنی رۆڵەگەلی وەکو رەشەبا، خوارەبا، زریان، شەماڵ، گەردەلوول، گێژەن، و...ه(١٣). حوزور و ئامادەگی تۆکمە و قورس و قایمی وشە یان خوازەی"با" بە خۆی نەوە و ناودارەکانییەوە، لەناو زمانی کوردیدا پیشاندەری ئەوەیە کە زمانی کوردی سرووشتی گوناە ئامێز بۆ مرۆڤ لە خەستی و تۆخییەکدا دەبینێتەوە کە کەموێنەیە، هەڵبەت پێشمەرجی ئەمەش ئەوەیە کە "با" رۆڵی هەمان خوازەی باسکراو بگێڕێت. بە هەرحاڵ لەم بەشەی دووەمی شیعرەکەدا "با" ئاڵاهەڵگر و رێگاپێوی پانتاکەیە و درزی کردە و کەلێنی تەلیسمەکان بەدەست هێزی بێسنوور و نادیاری ئەودایە. لە ئینجیلدا هاتووە کە "با" دەسەڵاتێکی ناکۆتای هەیە، هەست پێدەکرێت و دەسوێت، بەڵام قەت قەت نازانرێت لە کوێوە دێت. یان لە رۆژگاری یۆنانی کەونارا و سەردەمی پێش سوقراتدا کە فەیلەسوفێکی

لێکۆڵینەوە

وەکو ئاناکسیمنوس(١٤)سەرچاوەی بوون و خەلیقەتی بە "با" دەزانی، هەمدیش رەوایەت و گێڕانەوەیەکی فەلسەفی- میتۆلۆژیک و بەگشتی میتافیزیکی نییە. "با" ئیدی باسی "با" نەکەین!

دڵم بەردی ورشەداری تاوان بوو، پەنجەم قیبلەنمای گوناه.../... لە جگەرمدا "با"ی تەلیسم هەڵیکرد/ لە رۆحیشما چیمەنی ئاگرین روا.

**ئەپیزۆدی سێیەم**

**سەردەمی دەسەڵاتی زەوین و شازبوونی ئەزموونی سوارەکانی گوناه**

گوناهم کرد/کاتێک ئاسمان وەکو باوکێکی دڵنەرم، ئامۆژگاری کردم.../...گوێم نەدایە... سندووقێکی تاریک بووم تەنها بە چرای گوناه، رۆحی خۆمم/ بینییەوە .../... نا دڵی من ئەڵماس نەبوو.../ دڵم ژوورێکی تاریک بوو.../ پڕلە گریان.../... لە تاریکی جەنگەڵەکاندا حەرفی کتێبی نوێم دۆزییەوە.../... وەک هەر یاخییەکی بەدڕەوشت و بە گومڕایی خومار.../... پەلاماری دۆزەخی ئەو خەیاڵانەمدا، کە شاعیرانی پێش منی سووتاندبوو.../... عەوداڵ لە دوای دووکەڵی ئەو زمانە نەبیسراوە/ وەک شێت بە دەریا و جەنگەڵەکاندا رۆیشتم.../... هاوارم کرد: ئەی دوورگەی نەشئە و خەیاڵ سەمایەکی تازەم بەرێ/ سەمایەک دەمارەکانم پڕکات لە لەنجەی بوومەلەرزەیەکی رەش...

هەروەکو دیارە لەم بەشەدا جوامێرایەتی و جەنگاوەرایەتی بکەرانی گوناه، بانگەشەی بۆ دەکرێت، وەک بڵێی کردنی گوناه و لاقەکردنی بڤەکان و شکاندنی تابۆکان، جەنگاوەر و پاڵەوانی ئەفسانەیی خۆی بوێت و زەمین نشینە کەم ئەزموونەکان دەروەستەی ئەو جولجووتا(١٥) نایەن.

قۆناغی تووڕدان و قەدەغەکردنی ترس و بانگەشە بۆ"بوون" لە رووبەر و پێکهاتی (گوناه)دا.

چ خەیاڵێک ئێجگار بەدە، مەترسە لێی/ با هەمیشە "با"ی ترسێکی هەتاهەتایی لەمردن/ زەنگی رۆحت بێنێ و ببات/ با نەفرینی رەشی شیعر ببێ بە پاداشت و سزات.

لە دوا دێڕەکانی بەشی سێهەمدا، رووبەری کردە و کردار بە گشتی و رووبەری کردەی گوناه بە تایبەتی ئینتزاعیتر و دەرهەستتر دەبێت و دەچێتە خشتە و چوارچێوەی هەرێم و سەرزەمینێک بە ناوی شیعر، کە خەیاڵ سەرقافڵە و ئاڵاهەڵگرێتی!

## ئەپیزۆدی چوارەم و پێنجەم

### تامی شیرین و ڕەنگی ئاڵی گوناه

گوناهم کرد/ بەو تەباشیرەی لە چنگی چکۆلە و مردووی قوتابییە ترساوەکانی پێش خۆم، دەرمهێنا/ چ پرسیارێک، ئاسمان نەیتوانی حەلیبکات، حەلم کرد.../ وەک هەر نامۆیەکی تەنها، لە باغە تاریکەکانی ئەو دیو دۆزەخەوە/ جۆلانێم بۆ خۆم هەڵخست و لەتاریکیدا لێی نووستم...

### نەشئەو مەستی خەیاڵ لە گێژەنی حەقیقەتی گوناهدا

گوناهم کرد.../ خۆری تازە لەژێر پێستەکەمدا هەڵهات/ سیحری تازە فێر بووم و گرێی فێڵی گەلێ نهێنیم شکاند.../...حەرفی ئەوتۆ زمانی سووتاندم، بەگەرووی هیچ کەسێکدا تێنەپەڕیوە/ پیاڵەی ئەوتۆ ژەهراویم چەشت/ ئەهریمەن نەیوێراوە تەنها زمانێکی لێخات.../... گوناهم کرد بۆ ئەوەی پاکێتی خۆم بەمە دەم"با"/ بەڵکو تاوان و جوانییەکەی بەرەو بەحری حەقیقەتی خۆیم ببا.../...گوناهم کرد، پاسەوانی پیری دۆزەخێکی نەدۆزراوە/ سەرمەست بە بۆنی دووکەڵی ڕەشی ملیۆنێک ساڵ.../... بردمی بەرەو دۆزەخێکی کوشندەو تاڵ.../... دۆزەخی بێتخووب و بێڕەنگ و بێڕەحمی خەیاڵ...

لێرەدا ململانێ و جێگۆڕکێی نێوان حەقیقەت و خەیاڵ(١٦) ڕوخسار و دیمەن و هەرێمی تر لە بەردەم چێژ و "هەوایيە"کانی ئەودا، دا دەکاتەوە. ململانێ و دیالێکتێکی نێوان حەقیقەت و خەیاڵ ئەو قۆناغەیە کە سەرزەمینی تری مەعریفی و بنەوەنگەیتری زانیاری دەئەزموێت و ڕوخسار و سیمای تاقانە و تاکانەی گوناه دەگۆڕن و فرەڕەهەند و فرەلایەن و بەپێی ئەوەش فرەواتای دەکەن و لە دواجاردا و لە ئاوێنەی حەقیقەتێکی خەیاڵیدا دەبێژێت:

دڵی خۆم لەنێوان هەموو شتەکاندا کردە حەکەم/ نە ڕووم لە خواکرد نە لە شەیتان/ نەباوەڕم بە بتەکان هێنا و نە بە یەزدان.../... ڕۆحم ڕێبوارێکی ماندووە/ با بخەوێت.

لەکۆتایی ئەپیزۆدی پەنجەم دا کە بەو بڕگانە دواییدێت حەجمان و سوکنایی و هێوریی لە جەستە و ڕۆح و هەناوی گوناه دەبەشێتەوە و پرشە دەدات و خەوی خەون و خەیالاوی دەبێت.

### ئەپیزۆدی شەش و حەوت

## فرچکاندنی مەمکی نازداران و گۆپکەی زمان و نوستن لە ئامێزی شیعردا وەکو پاداشتی گوناه

گوناهم کرد/ پاداشتەکەی ماچی لێوە ژەهراوییەکەی تۆ بوو.../... قەترەیەک رەحمی ئەهریمەن وەک کچ بۆتە میوانم.../... زەوییەک شێتانە ماچم کرد و وەکو"بت" لەبەردەمیا وەستام.../... پەیکەرەکانی جوانی لەویادا، بوونە گیانلەبەری راستی/ مەمکە بەردینەکان گۆڕدرا و عاقڵی کچانەیان بوو بە مەستی...

لە درێژەی ئەم رەوتەی خۆوشیاری و خۆئاگاییەی (دازایندا)دا کە لەهەمبەر گوناه و کردە ئاوەڵەکانی دێنە ئاراوە، خەسارناسی رەوتی گوناهئالوودی خۆی و تێگەی خۆی بۆ چەمک و لێکدانی "کردەی گوناه" یان "ئەفسانەی گوناه" دەکات.

لەسەر خوانی مەی و بەدەم لیکی عارەقەوە/ بەرووتی سووژدەمان برد و هاوارمانکرد: وای گوناه چ تەلیسمێکی گەورە و چ یاخیبوونێکی جوانە/ خۆمان لە درەختەکان هەڵسوو، لەزەتمان کرد بە خێزان/ کچەکان مەمکیان بە باران شت و/ ئێمەش گیانمان بە گەڵاڕێزان/ ...بەڵام وای چەندە کورت بوو، عومری یاخیبوونی ئەوان.../... وەرگەڕان لەم ئاینە و چوونە سەر سونەتی جاران...

لە درێژەی بەشی شەشدا مەنییەت و فەردانییەتێک دەگێڕێتەوە کە سەوداسەری ئەوەیە ئاراستە و ئاسۆ و رەنگ و بەگشتی چییەتی گوناه بە کردە و جێپەنجەی خۆی بنەخشێنێت، کە ئەمەش قۆناغێکی ترە لە باڵاکردنی رۆحی گوناه وەکو مەعریفەت.

تەنها من بووم... سەر مێزی ئەو خەونە پڕ لە گوناهەم بەر نەدا/ تەنها من... زاری هیچ قومارێک نەما لەناو دەستمدا با نەدا/ تەنها من خەونە پاکەکانی خۆم تورِدا بەرەو دەریا...

گوناه وەکو رووگە و رێباز لە دوا بڕگەی بەشی شەش:

وتم: هەتا ئەمرم، بۆ گوناهە/ بۆ دەریای رەشی ئەوە سۆز و نزام/ گەر مردیشم، با بڕۆم و ئەوە بێت پاداشت و سزام.

نێهێلیزمی گوناه / پرسگەلی ئاپۆکالیپسی(١٧) و رۆحییەتی ئاخرزەمانی و توانەوە لە شیعر و ئەفسانەدا

گوناهم کرد، مەرجان لە رۆحما گەورە بوو، ژێرزمانم پڕبوو لە مرواری، لە سیماما کزەی دۆزەخە دوورەکان هەڵیکرد و لە دڵما تابووت دەباری/... ژیانێکی بێهوودە بوو.../ لێم نەپرسی: هاڵاوی چ گوناهێکە زەوی پڕ بووە لە لاشە؟/ لێم نەپرسی: بادەی چ گەردەلوولێک، بۆ ئازارەکانی من باشە؟/ لێم نەپرسی بە ئەفیونی چ وشەیەک رزگار دەبم؟

سەرەتای بەشی حەوتەم وەکو ئەپیزۆدی یەکەم پرسیارڕێژ و گومانکەفت کراوە! کە ئاماژەیە بۆ گەشە و نەشەی هاوتا و هاوقەدی گوناە و مەعریفەت و گوازرانی ئەزموونی مەعریفی لە بیچم و پێکهاتێکی کۆنکرێت و بەرهەست، بۆ شێواز و خشتەیەکی دەرهەست و ئەفسانەیی بە ناوی شیعر.

لە ساتێکدا بێبەش بووم لە تەلیسم و لە خەیاڵی وەحشییانە/ رۆحم پڕبوو، لە شیعر و لەبارانی بەهەشتییانە...

لە درێژەی ئەم بەشەدا خەون و خەیاڵی گەڕانەوە بۆ دارستانی عەدەن هەمدیس تێیدا دەپشکوێ و یادەوەری وێنە و دیمەنەکانی هەڵدەداتەوە:

لەساتێکدا/ سینەم پڕ بوو لە شەیدایی باڵندەیەک، کە بەرەو بەهەشت بفرێ/ دەستم پڕ بوو لە شەونمی ئەفیوناوی خەیاڵی نوێ/ بەڵام دواجار ئەو لێشاوە ترسناکە بەرەو لای دۆزەخێکی بردم/ کە سەیرە لام کە چۆن نیگام کرد و نەمردم...

بەڵام خەونی گەڕانەوە، ئەزموون و بەرجەوەنێکی تر لە بەردەمیدا دەکاتەوە، ئەزموونێک کە لە ململانێی نێوان خەیاڵ و حەقیقەتەوە سەرچاوەی گرتووە:

دۆزەخێک، مەتەڵی مەرگی نووسییەوە لە سەر دڵم.../...پێیگوتم: ئەی منداڵی بێباک، بۆ ئەم یارییە رەشە نەخوڵقاوی/ وەرە یان ببە بە کۆیلەی خوا، یا خود شەیتان/ ببە بە غوڵامی ئەهریمەن، یاخود بادەگێڕی یەزدان.../... با رزگار بیت لەو لێشاوە ترسناکەی فریوی دایت...

باڵاکردن و رەگئاژۆ بوونی خواست و ئارەزووی گوناە و بەرگری کردن لێی لەم دوابڕگانەی بەشی حەوتەم دا سمکۆڵان دەکات:

وتم: هەرگیزاو هەرگیز ئەی شەپۆل، من بە ئازادی خۆم گومڕام/ تا دەمرم لە شەرابی خەستی شیعر دەخۆمەوە و/ گەر مردیشم: با بڕۆم، ئەوە بێت پاداشت و سزام.

لەم دوا بڕگانە دا گوناە و مەعریفەت و ململانێ بۆ بەیەک کردنیان یان یەک گرتنیان زەق و بەرچاوە و پێداگری و پەشیمان نەبوون لە کردەی یەکەمین وەکو داهێنەری جیهان لە قەوارەی وشەی "هەرگیز ...هەرگیز.... " نەخشێندراوە.

## دوا وێستگەی بوونی گوناه و پووچخوازییەکی بەرزەڕۆیانە(ترانسێندێنتاڵ)

ئەپیزۆدی کۆتایی کە دەکاتە بەشی هەشتەم، زمان و دەربڕینێک دەخاتە روو کە دەرهاوێشتە و بەرئەنجامی ئەزموون و فامکردنێکی قورس و قایمی گوناه و مەعریفەتە و بە گشتی بەرزاییەکانی زانیاری کە لەژێر سێبەر و تاپۆیەک لە ئەگەر و شیمانەدا شاردرابۆوە، کە هەمووی وەکو ئەزموون و سامانی ناسکاری و زانیاری ئەم ئەگەرە گوناهکارە یە، بە دەربڕینی ئەوەی کە: بڕۆ ئەی منداڵی بێباک، دەخاتە ژێر پرسیارێکی گەورەوە!

گوناهم کرد و لەهەموو نوشوستییە گەورەکاندا تێگەیشتم/ کە ژیان مەتەڵێک بوو، بە ئاسانی هەڵم هێنا/ یارییەک بوو، زۆر بە ئاسانی بردمەوە/ لە نەشئەی سەرکەوتنی خۆمدا کلیلێکم لە دەستی خەیاڵ/ فڕاند/ دەرگای هەموو تاریکییەکانی لێکردمەوە/ وەک ئەمیرێکی یاخی هاتم و چی لەسەر مێزەکان بوو/ کۆمکردەوە...

هەر وەک لە درێژەشدا دەردەکەوێت، هەموو ئەزموونی بەرهەست و دەرهەستی و زەمینی و ئاسمانی و رەش و سپی ئەم، رۆڵێکی نەبووە لە گەڕاندنەوە و هەناردنەوە بۆ دارستان و هەرێمە ئەزەلی و جاویدەکەی:

وەک داگیرکەرێک هاتم و لە شەقامە زەمهەریرییەکانی رۆحدا/ چیم بەدڵ بوو گووتم: بۆ من.../... وەک گیرفانبڕێکی نەمر/ کڵاوی چ شیعرێک لار و پڕ لە جورئەت و تەفرە بوو کردمە سەرم.../... هاتبووم بۆ یارییەکی تازە، کە یاسا و نهێنییەکانی لە رۆحما بوو.../... نە کتێبێکی ئاسمانیم پێبوو، نە هیچ تیۆرییەکی تازە/ بەڵام نیگای نوێ و دڵی نوێم بۆ هێنان و گۆرانی ئەوتۆم بۆ گووتن: کە بەر لەمن نەبیسترا بوو.../... بۆ هیچ تەفرەیەک ملکەچ نەبووم و بۆ پەیامی هیچ لەزەتێک نەمامەوە/

ئەم دەربڕین و پووچ رێسییەی کە وەگێڕ(دازاین) دەیخاتە روو، پیشاندەری رێگایەکی پڕ هەوراز و نشێو و تەژی لە گەرد و تۆفانە کە لە هیچ هەرێمێکیاندا ماڵ و میچێک بۆ رزگاری نەبینراوەتەوە:

بەتەنیا لەو قومارخانە گەورەیەدا، مێزەکەی خۆم جیاکردەوە/ هەر خۆم بە خۆمم دۆڕان و هەر خۆم لە خۆمم بردەوە/ نەتوانیم کەس فێر بکەم و نەکەس توانی فێرم بکات/تەنها و هەمیشە تەنها، دەنگێکی خەیاڵاوی وتی: بڕۆ ئەی منداڵی بێباک/ ئەوە بێت پاداشت و سزات/ ئەوە بێت پاداشت و سزات...

وەکو دواوشەی ئەم کورتە نووسینە دەبێت بڵێم من لێرەدا شیعرێکم

خوێندنەوە و رەهەندەمانایی و پێکهاتەییەکانی شتێک بە ناوی گوناهم کۆڵییەوە و لە سەر سەرکەوتوویی یا سەرنەکەوتوویی و خەسار و... شیعرەکە هیچ شتێکم باس نەکردووە، چونکە مەبەستی من لێرەدا خوێندنەوەیەکی فەلسەفی بووە، زۆرتر نەک رەخنە و لێکدانەوەی شیعری و ئەدەبی.

## پەراوێزەکان

١–خوازەیەکە بۆ دەستپێکی خولقانی جیهان و بوون.

٢– ناوبردنی ئەنجامدان یان روودانی شتێک کە ئادەم و حەوای لە ئاسمانەوە بەرەو زەوی توورڕدا بە کردار کارێکی نیوەچڵ و بگرە هەڵەشە بۆیە لە درێژەی نووسینەکەدا من بە کردار، ئاوەڵکردار، کردار و ئاوەڵەکانی و... هتد. ناوزەدم کردووە و بۆ خۆبواردن لە هەر جۆرە هەڵنیشتنی بەستێنێکی رەها و موتڵەق لە راڤە و خوێندنەوەی ئەمەدا من بە گشتی ئەوەم بە شت ناوزەد کردووە. شت کە یەکێک لە چەمکە ناوەندی و تەوەرییەکانی فەلسەفەی مارتین هایدیگەرە بەو مانایە دێت کە ئەگەر و شیمانەی هەراو و بەرین لەبەردەم ناسینی و ناونانی دیاردە یان رووداوێک دا هەیە.

٣– ئاماژەیە بە ئایەتێک لە سوورەتێکی قورئانی پیرۆز.

٤– برگەی دووی پەراوێز بخوێننەوە.

٥– ئاماژەیە بۆ چەند ئایەتێکی سوورەتی بەقەرە لە قورئانی پیرۆزدا.

٦– خوازەیەکە وەکو سەرچاوەی سوور و پرتەقاڵی کە لە برگەی یەکدا باسم کردووە و لەژێر کاریگەری شیعرەکانی سوهراب سپێهری و کتێبی رازی گوڵی سووری کارڵ گوستاف یۆنگ دەروونناسی گەورەی سویسرایی وەرمگرتووە.

٧– هۆنراوەیەکە کە لە گۆرانیبێژێک بە ناوی ئیبراهیم خەیات بیستوومە و تەنها بۆ تەعبیر کردن لە یەکیەتییەک کە لەنێوان گوناه و خۆشەویستی و یان گوناه و مەعریفەت و یان سێو و لێو دا هەیە.

٨– دوو چەمک یان دوو جەمسەری گشتی و دێرین لە فەلسەفەی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا دا و بە زۆری لە فەلسەفەی چین دا باو بووە و بە بنەما و بنچینەی بوون لە قەڵەم دەدرێت کە بەواتای دوو جەمسەری دژلە یەک دێن وەکو رەش و سپی، تاریکی و رۆشنی، خێر و شەڕ، ...کە لە رۆژهەڵاتی زەویدا شتێکی غەریب و غەوارە نییە و بنەمای زۆربەی میتافیزیکەکان بووە، هەر لە زەردەشتەوە تاکو دینی ئیسلام.

٩– برگەی دوو بخوێننەوە.

١٠– دەبێت بکرێتەکان لە بەرامبەر دەشێت بکرێتەکاندا دێت و دووجۆرە لە دەستەبەندی بۆ

ئاکار و ئەخلاقی مرۆیی و یەکێک لە باسە گرینگەکانی فەلسەفەی ئەخلاق.

١١- ئەم وتارە لە ئینتەرنێتدا بڵاوکراوەتەوە و بە سانایی دەست دەکەوێت.

١٢- ئاماژەیە بۆ برگەیەک لە شیعرێک هاوڕێی شاعیر و نابینا و تازە کۆچکردووم ئیسماعیل فەرەجی نوور لە دیوانی ئێوارە تێرم ناکات کە هەوڵدەدرێت بەم زووانە لە چاپ بدرێت.

١٣- ئەم رەچەڵەکناسییە تایبەتەی وشەی با دەشێت بە تێڕوانینێکی یونگی لە رۆچنەی چەمکی ئارکی تایپ یان کۆنەچەشنەوە بخوێندرێتەوە و باسێکی جوان و سەرەنجڕاکێشی لێدەربێت. بۆ ئەم مەبەستە لە وتارێکدا بە ناوی شوناسی کوردی لە گێژەنی بیری با و باوکدا هەوڵدەدەم ئەم خوێندنەوە و شرۆڤە بخەمە رووله‌ژێر تیشکی سێ رۆمان و شاکاری ئەدەبی هاوچەرخی کوردییەوە.

١٤- فەیلەسوفێکی پێش سوقراتی بوو، کە باوەڕی وابوو کە هەوێنی هەوێنەکان یان مادە الموادی هەموو دنیا هەوایە.

١٥- وابزانم ناوی ئەو کێوە بوو کە عیسای ناسرییان لەسەریدا لە خاچدا.

١٦- حەقیقەت و خەیاڵ دوو جەمسەر و رەهەندی لێکۆڵین و تێفکرین بووە کە هەر لە دونیای کۆنەوە تاکو ئێستا گرینگی و بایەخی خۆی لە دەست نەداوە و لە ئەدەبیاتی کوردیشدا دەبینین کە زۆربەی بەرهەمەکانی بەختیار عەلی بەتایبەتی رۆمانی غەزەڵنووسی و باغەکانی خەیاڵ بە شێوەیەکی راستەوخۆ لەگەڵ و لە هەمبەر ئەم دوو جەمسەرەدا دەکەوێتە ململانێ و رووبەڕووبوونەوە.

١٧- بەواتای ئاخرزەمان و سەردەمی کۆتایی، خوێنەران بۆ تێگەیشتنێکی سادە و سووک و ئاسان لەم چەمک و تێڕوانینە فیلمە سێیانە یان تریۆلۆژییەکانی برایانی وایچۆفسکی(ئەندی و لەری وایچۆفسکی) بە ناوی ماتریکس چاو لێبکەن.

سەرچاوەکان

١-تا ماتەمی گوڵ تا خوێنی فریشتە- بەرهەمەشیعرییەکان، چاپخانەی رەنج-١٩٨٣/٢٠٠٤، بەختیار عەلی، لاپەڕی ٢٣٥ تا ٢٦٥.

٢-خوێنەری کوشندە، کۆمەڵە وتار. چاپخانەی رەنج، بەختیار عەلی، وتاری گوناه لە مودێرنەدا لاپەڕەی ٩٧ تا ١٠٨.

٣- وجدان زندگی، گفت و گوی رامین جهانبگلو با جورج استاینر، نشر نی، بخش استاد خوانش ص٦١ تا ٦٤.

٤- فصلنامەی ارغنون شمارە مختص بە 'مرگ'، سازمان چاپ و انتشارات عنوان فلسفه و مرگ ص ٩ و قرابتهای تولید مپل و مرگ نوشته ژرژباتای ترجمه جواد گنجیسگر اول

٥- هیدگر و شاعران، ورونیک،م، فوتی، ترجمه عبدالعلی دست غیب، نشر پرسش بخش دربارەی هایدگر و فلسفەی او ص ٩ تا ٢٦

٦- هەندێک لەو زانیاری و تێمە ئایینیانەی کە لە قورئان و ئینجیلدا خوێندبوومەوە و لە یادەوەریمدا بوون کە لاپەڕە و سنووریان بۆ نییە!

٧- زۆرترین و بەکەڵکترین سەرچاوە بۆ نووسینی ئەم رۆمانە زەینی ناوشیار یان نەستی خۆم بووە! (لەژێر کاریگەری فەلسەفەی دەروونناسانەی یۆنگ)

٨- تاریخ فلسفه، جلد١ ، یونان و روم فریدریک کاپلستون مترجم ، سید جلال الدین مجتبوی، بخش اول فلسفەی پیش از **سقراط**، ص ٣١ تا ٣٨

٩- ژمارەیەکی گۆڤاری رەوت، وتارێکی رەزا عەلیپوور بە ناوی دەسەڵات و هێزی زمان، ل ٢٣ تا ٣٣ هەڵبەت تەنها لە خەیاڵی گوناهئالوودی ئەو وتارە کەڵکم وەرگرتووە

١٠- متافیزیک چیست؟مارتین هایدگر ترجمەی منوچهر اسدی، نشر پرسش ص ٧ و ٨

١١- توتم و تابو، زیگموند فروید، مترجم دکتر ایرج پور باقر چاپخانەی ممتاز، در باب محرمات و **ضد** و **نقیض** بودن احساسات ص٤٤ تا ٦٨

١٢-ئیمان و جەنگاوەرانی،بەختیار عەلی ل؟ کتێبەکەم نەماوە

١٣- انسان و سمبولهایش، کارل گوستاو یونگ، ترجمەی دکتر محمود **سلطانیه**، چاپ دیبا بخش نمادهای متعالی ص ٢٢٥ تا ٢٣٥

١٤-ماڵیکی لێکترازاو و ویژدانێکی بیمار، فاروق رەفیق.

١٥- دنیای شتە بچووکەکان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، رێبوار سیوەیلی بەشی زمان و بێکۆتایی: پرۆسەی ناولێنان لە ئێوارەی پەروانەدا ل ٢٢٤تا٢٣٢

## فەرهەنگۆک

| | |
|---|---|
| بنەوەنگە | مرجع |
| لێکدان | ترکیب |
| گومانکەفت | گمان بار |
| بەرزەڕۆیانە | استعلایی |
| پووچ ڕێسی | پوچ پردازی |
| وەگێڕ | راوی |
| دەرهەست | انتزاعی |
| بەرهەست | ملموس-**انظامی** |
| سادە – ئاڵوزی | سهل الممتنع |

| | |
|---|---|
| زێڕەتەوەر | مرکزمحور |
| فرمانی | فعل |
| دازاین-لەوێندەرێ بوون | دازاین |
| پرس | مسئله |
| خەلیقەت | افرينش |
| ناسکارانە | معرفت شناسانه |
| میتۆلۆژیک | اسطوره شناسانه |
| کوردی | فارسی |
| بڤە | ممنوعه |
| هاوکێشە | معادله |
| ئاڵووێر | تبادل |
| ویستەناو | غريزه |
| خوازە | استعاره |
| زماناگۆ | زبان بسته |
| زماندرێژ | زبان باز-زبان باز |

# شەپپورە تازەکانی شیعر و کەڕبوونی خود

## خوێندنەوەیەکی رەخنەیی بۆ شیعری کوردیی دوای (٢٠٠٠)

بلّند باجەڵان

٢ – ٢

**٣- خود و ونکردنی خود:**

گەر ئێوارەیەک هاتی و
لە ونبوونم بپرسی
ئەوا بگەڕێوە بۆ ژوورەکانی منداڵی و
لەنێو کانیاوەکانی عاشقبوونا
ئارام بگرە.
(گۆران رەئوف، هاوڕێم، لەخۆدەرچوون دۆڕانە... دۆڕان. دۆستم، لەخۆدەربازبوون تاوانە... تاوان).

ئاوێتەکردنی هونەری گێڕانەوە لەگەڵ شیعر، ئادگارێکی شیعری نوێیە، گێڕانەوەی گرتە و کەسەکان بەبێ گێڕانەوەی خود مانای تێنەگەیشتن و گێڕانەوەی هەڵەی رووداوەکان دەگەیەنێت. زوومی هزری خود بۆ بینینی شتەکانی دەوروبەرە، کاتێ کامێرای خود دەوەستێنرێت (وەک ئەوەی لای گۆران رەئوف وەستاوە) کردەی بینین دەوەستێ و شتەکان لە شوێنی خۆیان دەوەستن و هیچ رووداوێک نابینرێت، رووداوەکان کۆتاییان دێت، ئەو جێگیربوونەشی هەیە دەلالەت لە وەستان دەکات.

وەستان= جێگیربوون= سەرەتای کۆتایی.

بەنموونەیەک قسەکانم روون دەکەمەوە:

(دانتی) هەوڵی بەردەوامی هەبووە بۆ گێڕانەوەی شتەکان و لە ڕێگەی گێڕانەوەوە بچمی تری داوە بە هەندێ لە شتەکان کە جیاوازن لە بچمی خۆیان و هەندێ جاریش پێچەوانەکەیمان نیشان دەدا، لەڕێگەی گێڕانەوەکانییەوە هەندێ لە بێ ڕۆحەکان ڕۆح پەیدا دەکەن لە فەزای گێڕانەوەی ڕۆحلەبەرەکان و ڕۆحدارەکانیش لەدەستی دەدەن لە شوێنی گێڕانەوەی بێ گیانەکان. بە بۆچونی من (دانتی) لە گێڕانەوە و وێناکردنی بەهەشتدا شکستی خواردووە، چونکە نەیبەستووەتەوە بە گێڕانەوەی خود، واتە نەیتوانیوە بیبەستێتەوە. خودی (دانتی) ئەزموونی بەهەشتی دونیای تاقی نەکردووەتەوە. (دانتی) وێنەیەکی سەرەنجڕاکێشی بەخشیوە بە دۆزەخ، ئەمەش پەیوەندی بە دۆزەخی خودەوە هەیە کە دۆزەخی دونیا و پێکهاتەکانی ناویەتی. ژیانی (دانتی) لە دۆزەخ نزیکترە وەک لە بەهەشت، بۆیە وێناکردن و گێڕانەوەی دۆزەخێکی ئەزموونکراوی بچووک ئاسانترە لە بەهەشتێکی ئەزموون نەکراوی بچووک بۆ گوزارشتکردن لە دوالیزمی بەهەشت و دۆزەخی گەورە (دۆزەخی ئەو دونیا کە بەشێوەی جیاجیا هاتووە لە سەرچاوەکانەوە). (گۆران) دەیەوێت عەشقێکی ئەزموون نەکراومان بۆ بگێڕێتەوە لەسەر حیسابی عەشقێکی ئەزموونکراو کە لە ژیانی کۆمەڵایەتی ئەودا ڕەنگی داوەتەوە، ئەوە جیاوازی ژینگەی کۆمەڵایەتییە کە جیاوازی دەخاتە نێوان (عەشقی عومەر) و (عەشقی من) و (عەشقی ئەوی ترەوە)، لێرەوە (عەشقی یەکەم- عەشقی گۆرانی شاعیر) چیتر عەشق نییە بەقەد ئەوەی ململانێکەرێکی سەرسەختی قێزەوەنە لەگەڵ (عەشقی دووەم- عەشقی گۆرانی مرۆڤ)، کە (عەشقی تاقانەیە)...

**منیش بەدەم نووسینەوە**
**شەقێک لەم زەوییەی بەردەمم دەدەم و**
**وردوخاشی دەکەم و**
**دواتریش پارچەکانی دەخەمە ناو زبڵدان**
(بێستون مینە- زەوی بەردەبیتەوە)


بێستون مینە

**"خەڵک توانای خۆ بەڕێوەبردنیان نییە"**

ئەمە بۆچونی (کانت)ە لە تێزی (رامان لە فەلسەفەی مرۆڤ)دا. (کانت) تێهەڵکێشی چەمکەکانی ئازادی و رەزایەت لە (پەیمانی کۆمەڵایەتی)ی (رۆسۆ) لەگەڵ پاشایەتی و قوەتی رەها لە فکری (هۆبز)دا دەکات و بەرگری لە پرەنسیپەکانی کۆنسێرڤاتیزم دەکات و داوای ئازادی بۆ مرۆڤەکان دەکات، بەڵام بەگومانیشە لە مرۆڤی ئازاد. (بێستون) حەز لە ئازادکردنی خود دەکات و هەست بەدیلی دەکات، دەیەوێت (فاوست) ئاسا دەربکەوێت بەبێ ئەوەی رەچاوی قۆناغە دیرۆکییەکەی و مەوقیعی خۆی و (فاوست)ی کردبێت. (فاوست) لە هەیوانی ماڵەکەیدا دەڕوانێتە ئەو کەلاوە سووتاوەی بۆ بەیانی لە درێژەی هەڵمەتێکدا خاوێن دەکرێتەوە. (گۆتە) لە هێکرا هەموو وێنەکان دەگۆڕێت و دەمانخاتە نێو فەزای سیمبولیستی جیهانی ناوەکی (فاوست). دەرکەوتنی چوار ژنی لە وەهم کە گوزارشت لە (زەروورەت، هەژاری، تاوان، دڵسۆزی) دەکەن، (فاوست) سێ تاپۆی یەکەم لە خۆیدا (لە زەینی) دووردەخاتەوە، تەنها چوارەمیان دەهێڵێتەوە، ئەو دەڵێت: دەبێ بەردەوام بم لە شەڕی ئازادی. (ئیرۆتیک) لە چەمکی (ئیرۆتیکۆسی) یۆنانییەوە سەرچاوەی گرتووە، کە پەیوەستە بە خۆشەویستی، بەڵام ئەگەر لەو سیاقە تەقلیدییە دەرچین، ئەوا بۆ دۆزینەوەی سەرەتای ئەو چەمکە دەکرێت بۆ دوورتر لە سەدەی پازدە برۆین. لای (بێستون) توانەوەی ئیرۆتیک لە دەریای ئافراندن و سازکردن و نەخشەکێشانی داهێناندا نابیرنرێت. هەوڵی رووتبوونەوە لە ماناکان لە ئەدەبدا (وەک ئەوەی لای بێستون هەیە)، هەوڵێکە دەرەنجامەکانی بریتین لە کوشتنی چێژ و بنەماکانی ئەدەب خۆی. ئاماژەکان پێمان دەڵێن: "دەق لە دەرەوەی مانا و مانا لە دەرەوەی دەق (هەڵبەتە لە بازنەی ئەدەبدا)، نرخیان نییە (رووت دەبنەوە). من رەخنە لە (بێستون) دەگرم، چونکە ئەوە بیری رۆشن نییە کە زەمینە بۆ گوتاری نائەقڵانی خۆش دەکات، بەڵکو خراپ بەکارهێنانی ئەخلاقە لە مانا کۆمەڵایەتییەکەیدا، قسەکردن لەسەر چەمکی گەشەکردن و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی لای رۆشنبیران سەری هەڵداوە، بۆیە نابێت من بەهۆی رەخنەکانمەوە لە دیدی (بێستون) سیمای ستەمکاریم پێبدرێت. (شیلێر) دەڵێت: "هونەر ئاماژەیە بۆ رەخنەگرتن لە کۆمەڵگە و رەخنەش ئاماژەیە بۆ کاری عەقڵانی". ئامانجی مەسیحییەکانی ئەوروپا و جولەکەکان لە رەخنەگرتن لە دین و فەندەمێنتالیزمی ئاینەکان، گەڕاندنەوەی بەهایە بۆ دین.

**کچێک فووی لە دەستەکانی دەکرد،**
**بیرم دەکردەوە:**
**چ دەبوو دەستکێش بوومایە.**
(شاڵاو حەبیبە- کەسێک لێرەوە تێپەڕی).

**خودایە بۆ نەتکردم بە کوڕی با**
**خودایە...**
(عومەر جەلال- جەنگی من و با).


عومەر جەلال

سەرەڕای تەقلیدییەتی نێو ئەم دوو پارچە شیعرە، (شاڵاو و عومەر) لە زۆربەی شیعرەکانیاندا دەیانەوێت خودی خۆیان بەو جۆرە ببینن کە خۆیان دەیانەوێت، نەک بەو جۆرەی هەن. هێزی faculty)) دانپیانانی (confession) لە دەقدا بەهێز نییە. لە سەردەمە بەرایی و کۆنەکانەوە گرفتی دانپیانەنان بۆ مرۆڤ، گرفتێکی سەنتەری بووە، هەر ئەم گرفتەش ڕێگر بووە لەبەردەم بوونی مرۆڤ و ئەدەب بە سەنتەر. زۆرجار مرۆڤەکان لەجیاتی داننان بە حەقیقەتەکان، هەوڵیان داوە لێی هەڵبێن. مرۆڤی ئەم چەرخەش (ئەدیبی هاوچەرخ) بە (شاڵاو و عومەر)یشەوە لەو گرفتە بێبەش نین. سیستەمی کلتووری و میزاج و مۆتیڤەکان و کلتوورە سوننەتییەکان و شێوازە کلاسیکییەکان و لێدانەوەی قەوانە کۆنەکان، کێشەن لە بەردەم نیشاندانی ڕووی ڕاستەقینەی ئەو کائینەی ناومان ناوە واقیع (واقیعێکی شیعری پڕ لە شیعرییەت، نەک واقیعییەتی دەوروبەر).

بۆی هەیە مرۆڤێک کە خاوەنی تێڕوانینی جوانە و تێگەیشتنی دروستی بۆ زۆر شت هەیە، لە لەحزەیەکدا ئایدیاکانی یەکسان بکات بە ئستوورە، چونکە هێزی دانپیانانی لاواز و کزە.

لە مەجالی فکردا (کارل مانهایم) سۆسیۆلۆگی مەعریفە، ئەو هێزەی

بەشێوەیەکی ڕێژەیی تیابوو و بە بەردەوامی قەناعەتەکانی گۆڕیون و بە چەقبەستوویی نەیهێشتوونەتەوە. (مانهایم) لە سەرەتادا وەکو سۆسیۆلۆگێکی مارکسیست دەستی پێکرد، بەڵام دواتر لە (ماکس فیبەر) و مێژووگەرایی ئەڵمانی نزیک دەبێتەوە لەسەر ئاستی میتۆدۆلۆژیا. دواتر بەرەو ڕێژەگەرایی مێژوویی دەچێت و هەوڵی بەردەوامیشی دەبێت بۆ تێپەڕاندنی.

هەر ئەو هێزە وای لە (ئەریک فرۆم) کردووە سەرەڕای کاریگەری (فرۆید) لەسەری، لە زۆر بوار لە بوارەکان بۆچوونی جیاواز و تایبەت بەخۆی هەبێت، بەتایبەتی لە مەسەلەی مرۆڤی فرۆیدی، چونکە (فرۆید) سێکسی (sex) بە هۆکاری بەیەکگەیشتنی ژن(woman) و مێرد (husband) دادەنا.

**ئەم مەملەکەتە پڕ لە درۆیە**
**لە مەنزڵگای پێغەمبەرێک دەچێت**
**هەزار و یەک شەیتان**
**جێ پێی خۆی لێ چێ کردووە**
**کەچی ئەم پێغەمبەرەشمان هەر نەدی**
(ئەسکەندەر زرار- بەر لە پایز ماڵئاوا)

ڕووبەڕووبوونەوەی دووبارەکان ڕێگایەکە دەمانگەیەنێتە ڕەخنە و ڕقەبەری ئەوانی تر. وشەی (ڕەخنە) و (ڕقەبەری)م بەیەکەوە بەستەوە، زۆرجار ڕەخنە لە چوارچێوەکەی دەترازێت و دەبێتە ئەو دەلاقەیەی ڕەخنەگر غەدر لە تێکستەکە دەکات و بەناوی ڕەخنەوە پەل دەهاوێژێتە نێو کایە مەعریفی و ئەخلاقییەکان بەشێوەیەکی تراژیدی، ئەم تراژیدیبوونەی ڕەخنە بەشێک لە کۆمیدیای بیرکردنەوە بەدوا خۆی دەهێنێت و دەکەوێتە نێو قاڵبێکی وشکی زانستی دەستکرد و رووتەڵەی بابەتگەرێتی. (فریدریک نیتشە ١٨٤٤-١٩٠٠) (friedrich netzche) وەکو پێشەنگی ئایدیۆلۆژیایەک و مامۆستای زمانزان لە زانکۆی (بال) لە سویسرا، بەهۆی بۆچوونە رادیکاڵەکانی و ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ میتافیزیکی باوی سەردەمەکی نەیاری زۆری بۆ پەیدا بوو، بەناوی ڕەخنەوە هەوڵی بەدۆگماکردنی بیرۆکەکانیان دەدا، ئەگەرچی (نیتشە) ڕەتکەرەوەی میتافیزیک نییە، (ویستی هێز) لای ئەو پرەنسیپاڵێکی میتافیزیکی و جەوهەری شتەکانە سەرەڕای مردنی خودا.

جۆرێکی تر لە ڕەخنە هەیە کە بەرهەمی ئەزموونکردن و ژیانکردنە لەنێو

حەدەسەکان. ئەزموونی ژیان فێرە نووسینی ئەدەبی رەخنەیی (ئەدەبێک رەخنە بگرێت لە پێودانگە ناشرینەکان)مان دەکات، (کافکا)ی رۆماننووسی ئەڵمانی کە لە سەردەمی ئیمپڕاتۆرییەتی نەمساوی هەنگاریدا ژیاوە، ئەزموونێکی ژیان کە دوورکەوتنەوەیە لە کاری قانوونی و بوون بە کارمەندە لە دایەرەی بیمەی بێکاری، تێگەیشتنێکی قوڵی بۆ بیۆکراتییەت لا دروست دەکات، ئەو تێگەیشتنە دواتر لە چیرۆکەکانیدا رەنگڕێژ دەبێت، (کافکا) رەخنە لە بیۆکراتییەت دەگرێت و ناڕازییە لێی. (ئەسکەندەر) لە خودەوە دەست پێناکا و یەکسەر دەچێتە سەر رەخنەگرتن لە ئەوی تر (مەبەستم لە سەرزەنشتکردنی خود نییە). بەدەگمەن رێدەکەوێت (ئەسکەندەر) رەخنە لە خۆی بگرێت و زۆربەی رەخنەکانی بۆ بەرامبەرەکەیەتی، (ئەسکەندەر) پێویستی بە جۆرێک لە هاوسەنگی هەیە.

**٤- گواستنەوەی چەمکە بە شیعرینەکراوەکان بۆ نێو شیعر:**

**کتێبەکان فریوم دەدەن**
**لەم ماڵەدا بیرکردنەوەکانم جۆرێکن**
**لەم جلانەشدا من کچێکی دیم**
**لەلای چەپی رێگاکەدا**
**پیاوێک گومان لە بوونم دەکا**
(هێرۆ کوردە- رێگا).

شاعیر بۆ ئەوەی بتوانێت خۆی لە وێنە و چەمک و ئایدیۆلۆژیا و کۆمیدیا و تراژیدیا دووبارەکان بدزێتەوە، زۆرجار هانا بۆ کردنەوەی دەرگا و پەنجەرەکانی گومان دەبا، کەچی بۆی هەیە گومان دەرگای لێ نەکاتەوە و بە گومان بێت لە شاعیر.

بە بەردەوامی یەکێک لە ستوونەکانی مەعریفە (بیرکردنەوە)یە. سروشتی داخراوی کۆمەڵگە، رێگرە لە بەردەم مانیفێستبوونی پرۆسەی بیرکردنەوە و گومانبردن وەکو خۆیان.

بیرکردنەوەی گشتی

| |

بیرکردنەوەی تاکەکەس بیرکردنەوەی بە کۆمەڵ.

چەمکی گومان (doubt) لە شیعری ( هێرۆ)دا پێگەیەکی نارۆشنی هەیە و بەشێوەیەکی سەقەت و ناشیعرییانە هەوڵی بەشیعریکردنی دراوە. گومان لە دەقەکەدا نووستوە، نووستن بە مانای داخستنی چاو و فڕینی فکر بۆ مەملەکەتی خەیاڵ نایەت، بەڵکو بەو مانایە دێت کە فکردان بخرێتە باری سڕبوون و پشوودانەوە، فکردانیش راستەوانە دەگۆڕێت لەگەڵ بیرکردنەوە، واتە: ئەو پیرەپیاوەی ژێر دارەپیرەکە خەوتووە، کەواتە بیردەکاتەوە، ئەو ژنەی کۆتایی کۆڵانەکە بیردەکاتەوە، کەواتە خەوتووە. دەرکەوت مەبەست لە خەوتن بریتیبوو لە بیرکردنەوە.

هەرسێ پرۆسەی بیرکردنەوە و تێگەیشتن و رووبەڕووبوونەوە، بازنە و ماڵ و خانەکانی گومان، کۆیان دەکەنەوە. قسەکردن لەسەر ئەم سێ چەمکە وەکو سێ چەمکی سەربەخۆ، هەڵەیە. بیرکردنەوە بە تێپەڕبوونی کات دەگۆڕێت بۆ تێگەیشتن، دواجار تێگەیشتنیش رووبەڕووبوونەوەی لێدەکەوێتەوە، لە هەموو لەحزەیەکیشدا ئەگەری ئەوە هەیە رووبەڕووبوونەوە بگەڕێتەوە بۆ قۆناغە سەرەتاییەکانی سەرهەڵدانی (مەبەست لە قۆناغەکان: بیرکردنەوە و تێگەیشتن) ە، هەموو ئەو کارلێک و بەیەکداکەوتنانەش لە مەملەکەتی گوماندا روودەدەن. لێرەوە ئەگەر بەگومان بین لە بوونی گومان لە شیعردا (وەک ئەوەی لە شیعری هێرۆدا هەیە)، ئەوا بوونی تێگەیشتن و بیرکردنەوە لە شیعرەکەدا بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەکەوێتە ژێر تیشکی گومانەوە.

ئەوەی زۆر گرنگە لە شیعر نووسیندا بەشیعریکردنی چەمکەکان و واتاکانە ئینجا گواستنەوەیانە بۆ نێو تێکستی شیعری. ناکرێت پرۆسەی بەشیعریکردن لە ئانی شیعرنووسیندا بەلاوەبنرێت و مامەڵە لەگەڵ رووتکراوە بەسیاسیکراو و بەزانستیکراواوەکان بکەین. درۆکردن هونەرێکە لە هونەرەکان، (هونەری درۆکردن) لە هزری تاکدا سەرهەڵدەدا لە دەرەنجامی کۆمەڵێک فاکتەر کە لە هەموو ئەو فاکتەرانە گرنگتر فاکتەری ئەخلاقییە. مرۆڤ بۆ دوورکەوتنەوە لە ئەخلاق و نهێنی و گریمانە و یاسا ئەخلاقییەکان، ناچارە درۆ بکات. بۆی هەیە لە رێگەی درۆکردنەوە رۆحی ژنێک لە فڕین بۆ ئەو دونیا رزگار بکەین، ئەگەری

هەیە لە سایەی درۆیەکدا ژن و مێردێک سێکس (sex) بکەن و منداڵێک دروست بکەن و ناوی بنێن (راستی)، هەرکە (راستی)ش گەورە بوو، لە سایەی درۆیەکدا کچێک هەڵبخەڵەتێنێت کە ناوی (مردن)ەو ناچاری بکات پەنا بەرێتە بەر ژووورە تاریکەکانی مەرگ و خۆی بکوژێت. دایکی (مردن) کە دەبینێت کچەکەی خۆی کوشتووە، دەقیژێنێت:

"هۆ خەڵکینە مردن خۆی کوشتووە!!
(مردن) مردووە!!"

دێینەوە لای (راستی) کە دوای خۆکوشتنی (مردن)، ژنێک دەهێنێت بەناوی (تاک) و هەزاران منداڵ دەخاتەوە و منداڵەکانیش دەیان هەزار منداڵ دەخەنەوە...

کەواتە لە سایەی درۆیەکدا، کۆمەڵگایەکمان دروستکرد و چەند حەقیقەتێکیشمان ئاشکرا کرد (ئەمە بۆ دونیای دەرەوەی شیعر).

**لە سەربانی هاوینێکەوە**
**نوکتە لەسەر رۆژەکانی زستان دەکات**
**پیاوێک بە جلی کوردییەوە**
**ئارەزووی سێکسێکی نادروست دەکا**
**پیاوێک بە تاتوو لەسەر زمانی دەنووسێ ژن**
(ئاریان ئەبوبەکر- وەرە با پیاو بکوژین...).


ئاریان ئەبوبەکر

درۆکردن لە دونیای شیعردا، سیفەتێکی نائەخلاقی و ناعەقڵانی نییە، بەڵکو زۆرجار هۆکاری سەرهەڵدان و ئاشکرابوون و گەیشتنە بە حەقیقەت، بەڵام نازانرێت (ئاریان) گەرەکیەتی لە شیعردا درۆبکات یان حەقەیقەت مانیفێست بکات. هەردوو چەمکی درۆکردن و حەقیقەت لە شیعری (ئاریان)دا تووشی نائومێدی شیعریمان دەکەن.

هیوادارم لەدوای ئەم رەخنانەم هیچ پرسیارێکی میتافیزیکی، مەعریفی، ئەخلاقی، جوانیناسییانە لای خوێنەر سەرهەڵنەدەن کە بۆ وەڵام دانەوەی پێویستی بە پرسیاری تر هەبێت. پرسیاری بێمانا ئەو پرسیارەیە کە لە دەرەنجامی نەبوونی ئەزموونەوە سەرهەڵدەدا، پرسیارکردن لە کوفر (disbelief) بەبێ بوونی ئەزموون لەگەڵ ئیمان، پرسیارکردن لە ئەدەب بەبێ بوونی ئەزموون لەگەڵ ئەدیبانێکی وەکو (ساراماگۆ و کازانتزاکیس و کافکا و پامۆک و... هتد)، پرسیارکردن لە سیاسەت بەبێ بوونی رۆشنبیری سیاسی، ئەگینا لە جەوهەردا هونەری پرسیارکردن هونەرێکە ئەرکی کەشفکردن و خوێندنەوە و دەرخستنی رووی راستەقینەی شتەکانە. خوێنەر ئەگەر بیەوێت پرسیار لە حەقیقەت و درۆی نێو تێکستی (ئاریان) بکات، پێویستی بە ژوان بەستن هەیە لەگەڵ درۆ و حەقیقەت لەنێو باخچەی شیعرەکەدا، بەڵام ئەو تەمەی باڵی کێشاوە بەسەر هەردوو چەمکەکە لە شیعرەکانی (ئاریان)دا، دەمانباتەوە خاڵی سفر (خاڵی سڕینەوەی شیعرەکە و نووسینی شیعرێکی تر، یان هەمان شیعر بە جۆرێکی تر).

### ٥- نوێبوونەوە و پێکهاتە شیعرییەکان:

**منیش بووم بە جانتای سەفەر**
**لەگەڵ سێبەرێک کۆچ دەکەم و...**
**لەگەڵ کۆچێک شەرابی خەم دەخۆمەوە و...**
**لەگەڵ هەڵدانی گشت پێکێک لەبیرت دەکەم**
(ئاوێزان نوری- کۆچێک لە هەست... هەستێک لە ئەندێشە).

(ئاوێزان) کاری نەکردووە بۆ وشککردنەوەی ترێی مەرگ بە خۆری ژیان، بۆ هەڵبژاردنی مرۆڤبوون لەنێوان رووەکبوون و ئاژەڵبوون، بۆ خۆخزاندنی وشەکان بۆ پەنای ئاوریشمی شیعر، بۆ لەبیرنەکردنی خود و هاوکات نووسینەوەی دونیای خەیاڵ، بۆ خەونبینین بە حەقیقەت، بۆ قسەکردن لەسەر خەونی واقیعی، ئەو کاریکردووە بۆ بوونی مۆسیقایەکی ناوخۆیی لە شیعرەکانیدا کە کاریگەری ناسرووشتی لەسەر مانای گشتی دەقەکە دروستکردووە.

(ئاوێزان) نەفەسی نووسینی کورتە و لە یەک وێستگەی دیاریکراودا دەنووسێت. دابەشکردنی شیعر بەسەر گرووپەکاندا تا ڕۆژگاری ئەمڕۆشمان بەردەوامە، شیعر دەخرێتە بەر سێبەری گرووپ و قوتابخانەکان.

(سوریالیزم) وشەیەکی لێکدراوە، ریالیزم بە مانای واقیع دێت سوریش بە مانای سەر دێت، واتە شیعر و ئەدەبیات دەبێت لە سەرەوەی واقیعدابن.

ئاشکرایە لە سەرووی واقیعدا ناواقیعییەکان بەشێوەێک لە شێوەکان خۆیان بەیان دەکەن، پێموایە لە ئێستادا دەبێت باوەڕ بە ئەدەبیاتی (سەرووی سوریالیزم) بهێنین، چونکە لەودیو سوریالیزم بۆی هەیە واقیع دەرکەوێت، بۆی هەیە ناواقیعییەکان دەرکەون، ئەگەرەکان کراوەبن و چیتر بیر لە خۆبەستنەوە بە قوتابخانە و ستایلەکان نەکەینەوە (وەک ئەوەی ئاوێزان خۆی بەستووەتەوە بە ستایلێکی دیاریکراو) ئازادییەک بدرێت بە شیعر، لە چوارچێوە سروشتییەکەی شیعردا.

**سەعاتێک**
**دوو،**
**سێ،**
**نازانم!**
**گوتم لەوانەیە ماندوو بووبێ.**
**زۆر**
**چایەکم خواردەوە و**
**لە چایخانەکەدا**
**ڕۆیشتم**
**دواتر گوتیان ئەو بەدوای تۆدا دەگەڕا**
**(بەشدار سامی- لە چایخانەکەدا).**
**دە،**
**بیست،**
**سی،**
**زۆرم لە جەڕەسەکەدا و**
**دەگاکە نەجوڵایەوە**

**یەکێ لە کۆڵانەکەدا گوتی:**
**((لەوانەیە ئەو دەرگایە ئی کەس نەبێ))**
(بەشدار سامی- وێنەی دەرگاکە!)

(بەشدار) لە سەرەتای دەستکردنی بە نووسینی شیعرەوە تا ئێستا، یەک فۆرم لە نووسین پەیڕەو دەکات و ئامادەگی تیا نییە بۆ تێپەڕاندنی. من لەگەڵ ئەو بۆچوونەی (لەتیف هەڵمەت)دام کە پێیوایە ئەو نووسەرەی نەتوانێت خۆی دووبارە بکاتەوە ناتوانێت درێژە بەخۆی بدا، بەڵام ناکرێت دووبارەکردنەوە لەپێناوی دووبارەکردنەوە بێت، وەها دووبارەکردنەوەیەک لەو سیاقە تەقلیدییەی ئەدەب دەمانهێڵێتەوە و دەرچوونیشمان دەکەوێتە ژێر رەحمی دووبارەکان. فکر لە شیعری (بەشدار)دا فکرێکە ئاراستەی بیرکردنەوەی بەرەو وەهم و حەقیقەتە لەیەک کاتدا، ئەمە لە نۆڕینگە شیعرییەکەیەوە جوانییەکی شیعری تێدایە و خاڵییە لە جوانی فکری (هەندێ جوانی شیعری خاڵین لە فکر)، لێ لە روانگە فکرییەکەیەوە مایەی رەتکردنەوەیە و ئیشی فکر لە جەوهەردا خۆ رزگارکردنە لە دووبارەکان. تێگەیشتن لە دووبارەکان دەمانباتەوە سەرەتای تێگەیشتن لە تازەکان، واتە تا لە تازەکان نەگەین ناتوانین دووبارەکان وەکو خۆیان ببینین و بۆی هەیە هەر ئەو تێکستانەی زۆر تەقلیدین، وەکو داهێنان لە دیدی خەیاڵ کوژەکان ببینرێن.

بیرکردنەوە لە دووبارەکان (لەناو ئەو دووبارانەش شیعری بەشدار) خولقاندنە، خولقاندنیش کاردانەوەی لەگەڵدایە. وشەی بیرکردنەوە لە زمانی کوردیدا جوان هاتووە، وشەیەکی لێکدراوە لە (بیر+کردنەوە) دروستبووە، کە بە مانای کردنەوەی بیر دێت.

ئەگەر بیر بچوێنین بە پەنجەرەیەک کە قەت نەکراوەتەوە و ناکرێتەوە، ئەوکاتە دەبێت گومانمان هەبێت کە پەنجەرەیەک بوونی هەبێت، واتە ئەوە کرانەوەیە وەزیفە دەبەخشێتە ئەو پەنجەرەیەی ناوی بیرە، دەنا پەنجەرەیەک کە ناکرێتەوە، بۆی هەیە تابلۆی هونەرمەندێکی میللی بێت. (بەشدار) پێویستی بە کرانەوەی شیعری هەیە.

تابلۆ= نەگبەتی.

مەبدەئێکی جوان لە ئەدەبدا هەیە: "ئەگەر دەتەوێت لە نووسین بگەیت، نهێنی نەرمی لۆکە و رەقی بەرد کەشف بکە".

شاعیری راستەقینە لەودیو شوبهاندن و بەستەڵەکەوە دەژی، نایەوێت لە شیعردا لە کەس بچێ و کەس لەو بچێ، بەم پێیە شاعیرەکە رووبەکی سەرەنجراکێشە لە دیدی کەسێتییە دەسەڵاتخوازەکان. ئەگەر ئەمە دیمەنێکی گشتی بێت بۆ شاعیر، ئەوا مرۆڤێک هەیە کە شایستەی کۆمەڵگەی مەدەنی و فەزای گشتی بێت. لێرەوە دەتوانین بیر لە بە مەدەنیکردنی فکر و بە مەدەنیکردنی تاک بکەینەوە.

دوورخستنەوەی بەردەوامی شاعیر لە فۆرمە دووبارەکان، پەیوەندی نێوان شاعیر و کلتوورمان لەو سیاقە مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژییەی هەیە، نیشاندەدا.

وەزیفەی شاعیر بەگوێرەی کۆمەڵگاکان دەگۆڕێت، دەکرێت لە رێگەی وەزیفەی شیعرەوە رووی راستەقینەی هەر وڵاتێک نیشانبدرێت.

ئەو نووسینە زۆر و هەمەلایەنانەی لەسەر واقیعی شاعیری نوخبە و شاعیری تەقلیدی نووسراون، زۆربەی فۆرمەکانی شیعریان کوشتووە، کاریان بۆ گواستنەوەی میکانیکی سیمبوڵەکان نەکردووە بە ئاراستەی مەعریفە، چونکە تیۆر و تیۆریزەکردن ئیشیان لەسەر نەکراوە و پشتگوێخراون.

**ترم لێبەربوو**
**دەبدەبەیەکیش لە بەردەم منداڵەکەمدا تەقی.**
**ئەم سەدەیە دەتەقێ؟!**
(رابەر فاریق- بێ ئەم پەیڤانە).

هەندێ لە شیعرەکانی (رابەر) شوێنی لێوانلێوبوونی عەقڵن لە فشە، مەرکەزی خەزنکردنی کوفرن لە سندووقی ئیمان، خاڵی شکانی داری ژیانن بە چەکوشی مەرگ. موتاڵاکردنی سەرچاوەکانی ورێنە و چاوگی نامەعریفی، مەعریفەیان لێ ناکەوێتەوە، ئەوەی دەمێنێتەوە کۆمەڵێک قسەی قۆڕە. (فرۆیدیزم) لە قەیراندابوو، موتاڵای ئەوکەسانەی دەکرد کە خاوەنی دەروونێکی نەساغن و نزیک نەکەوتووەتەوە لە مرۆڤی ساغ (مەبەست لە مرۆڤی کامل نییە)، بۆیە کۆمەڵێک پنتی بێ مانا و نامەنتیقی لێکەوتەوە. (رابەر) بۆ شیعر نووسین پشتی

بەو کەرستانە بەستووە کە لە زبڵدانی فکری (رامبۆ) و سوریالی و دادایيەکان فڕێدراون، هەندێ شیعری (رابەر) نووسینەوەی زبڵن لە زبڵداندا، خۆ ئەگەر لە کۆشکی شاهانەش بیاننووسێت، هەر زبڵ بەرهەم دێنێت، چونکە کەرەستەکانی نووسینی لە زبڵن. خۆدزینەوەش لە زبڵ بۆخۆی زبڵێکی تر و زبڵدانێک لە وشەی ترە. (رابەر)م وەکو ئەو شاعیرە دێتە بەرچاو کە لە دادگایی (سوقرات) دا دەیویست پێمان بڵێت هەموو خەڵک ژیرن تەنها (سوقرات) گەمژەیە، چونکە کاتی خۆی (سوقرات) رەخنەی لە شیعرەکانی گرتبوو وەکو شتێکی بێکەڵک و ناشرین باسیانی کردبوو.

**شتەکان پێچەوانە ئەکەمەوە**
**ئەم خووە لەخۆمدا ئەکوژم**
**ڕۆژانی هەینی ناکەم بەپشوو**
**ئێتر ئێواران ناگەڕێمەوە ماڵەوە.**
**ئیدی بەڕووتی لە بەفردا رائەکشێم**
**بیرلەنهێنی کێش کردنی سێوو ناکەمەوە بۆسەر زەوی**
**ئەم وەرزە بۆ بینینی مۆندیال ئەچمە سەرمانگ**

(پشتیوان عەلی- کەسێکیش من بانگ بکا خودا)

گەیشتن بە داهێنان لە کلتووری شیعری کوردیدا، گەیشتنە بە سەرەتای ململانێ و دژایەتی و رقەبەری کۆنەپارێزەکان بەبێ بوونی هیچ ئەرگۆمێنتێک. دوورکەتنەوە لە جەستە و فۆرم و بنیاتی شیعرە دووبارەکان، نزیکبوونەوەیەکی نەویستراوە لە هەڵڕشتن و دارشتنی بێماناییەکی کوشندە و دامرکاندنەوەی کڵپەی ئیرۆتیکا. داهێنان کردارە، بە تەنها پەیوەست نییە بە گۆڕانکاری لە تەکنیکدا. (جۆن دۆس پاسۆس ١٨٩٦-١٩٧٠) (jonn dos passos) لە بەرهەمێکیدا هەوڵی دا تەکنیکێکی تازە بەکاربهێنێت، بەڵام ئەوە بەرهەمی (u.s.a) بوو کە ناوبانگی ئەوی گەیاندە لووتکە، ئەگەرچی لەم بەرهەمەیدا کەمتر ئیشی لەسەر تەکنیک کردبوو. (پشتیوان) بە بەردەوامی هەوڵی داهێنانی تەکنیکی تازە دەدا لە دەقەکانی، تەکنیکی نوێ بەس نییە بۆ نووسینی شیعری نوێ و نیشاندانی شعورێکی تر بۆ نووسینی شیعر، رەهەند و گۆشە و کەلێن و میتۆدی تریش هەن کە دەکرێت لە

دەقێکی شیعرییدا تازەگەرییان تیا بکرێت. (دەیڤید هیربیرت لۆرانس) شاعیر کە شیعرەکانی لەژێر کاریگەری گەورە شاعیری ئەمریکی (والت ویتمن)دا بوو، لە سەردەمی مارکسگەراییدا وەکو نووسەرێکی کۆنەپارێز باسی دەکرا، بە رۆمانی (کوڕان و عاشقان) کە باسی عەشقی دایکێک دەکات بۆ کوڕەکەی کە دواجار ئەو عەشقە دەبێتە فاکتەری لەناوچوونی پەیوەندی سێکسی کوڕە و ژنانی تر، ناوبانگی پەیدا دەکات. لە بواری شیعریشدا نوێگەرییەکەی لە وێنەی شیعرییدا بووە مایەی ئەوەی (ئیزرا پاوەند) ستایشی دەقەکانی بکات. (پشتیوان) کەمترین هەوڵی داهێنانی وێنەی شیعری تازەی داوە، بەشێکی وێنە شیعرییەکانی وەرگەڕانی وێنە شیعرییەکانی شیعری (دلاوەر قەرەداغی)یە و بەشێکی تری هەمان ئەو وێنانەن کە لە ساڵانی هەشتا و حەفتاکاندا دووبارە دەبوونەوە، لێ ئەمانە واتای ئەوە ناگەیەنن دەقەکانی (پشتیوان) وێنەی سەر بە (پشتیوان) خۆیانیان تیا نەبێت.

### ٦- مانەوە لە رابردوو... نووسین بۆ رابردوو:

(ریمۆن ترۆسۆن) باسی (ژان ژاک رۆسۆ)ی تەنیا دەکات کە لە تەمەنێکی منداڵی ژیانیدا بڕیار دەدا نەگەڕێتەوە ماڵەوە، ئەگەرچی گەڕانەوەکەی تەفسیری (گەڕانەوە) ناکات، ئەوێک کە کەسی نییە ئینتیزاری بکات، دایکێکی مردوو و باوکێک کە ژنی هێناوەتەوە. دواجار ژنێک دەبێتە ماڵی (رۆسۆ) بە ناوی خانم (دوفرانس) و تەمەنی منداڵی لای ئەو ژنە بەڕێ دەکات. (رۆسۆ) لە کتێبی (دانپیانانەکان) باسی ئەو ژنە دەکات و بە (دایە) ناوی دەبات. (رۆسۆ) بە دۆزینەوەی ئەو ژنە دەکەوێتە نێو کەیف و خۆشی و دووردەکەوێتەوە لە تەنیایی. دوای چەندین ساڵ (رۆسۆ) ناوبانگی پەیدا دەکات و پیر دەبێت، بڕیاری گەڕانەوە دەدا بۆ خانووی منداڵی، خانوویەکی وێران و گۆڕستانێک کە گۆڕێکی تا رادەیەک شوێنەوار بزربووی لێیە، گۆڕی خانم (دوفرانس). (رۆسۆ) دەگەڕێتەوە بۆ هەمان تەنیایی منداڵی بە جەستەیەکی پیرەوە، واتە سەرەتا و کۆتایی حەدەسەکەی (رۆسۆ) تەنیایی بوو و تیایدا سێ جۆر لە تەنیایی خۆیان بەیان دەکەن:

١- تەنیایی ئێستا (تەنیایی پیری).
٢- تەنیایی رابردوو (تەنیایی منداڵی).
٣- تەنیایی داهاتوو (تەنیایی نێو گۆڕ).

**ئەم ئێوارەیە دڵم تەنگە**
**وەک هەموو ئێوارەکانی تر**
**چێژ لە دڵتەنگی خۆم وەردەگرم**
**دەچمەوە شەقامی تەنیایی و**
**دەزانم لەوێ ئاسوودەترم دەستناکەوێ**
**بەدەم بیرکردنەوە لە بیۆگرافیای عەشق،**
**جگەرەیەک دادەگیرسێنم.**
(گۆران رەسوڵ زەوقە- مەستی هاوکێشەکان).

تەنیایی (گۆران) لە جۆری یەکەمە بە رەچاوکردنی تەمەنی گەنجی (گۆران) و پیری (رۆسۆ)، (گۆران) قسە لەسەر ئێستا (تەنیایی ئێستەکی) دەکات وەک ئەوەی لە رابردوودا تەنیایی رووی تێ نەکردبێت و ئێستای شایەدی مردنی تەنیایی لە داهاتووی بدات، بەدەگمەن نەبێت باسی لە دوو جۆرەکەی تری تەنیایی نەکردووە، دەڵێی (گۆران) لە رابردوودا نەژیاوە و چاوەڕێی ئایندەش ناکات و مرۆڤی ئەمڕۆیە بەتەنیا، بە پێچەوانەی (فرۆید) کە مامەڵەی ئەو تەنها لەگەڵ رابردوو بوو لە وەزعییەتی ئێستا و داهاتووی نەخۆشەکانی نەدەکۆڵییەوە. تەنیایی نەیتوانیوە تەنیابوونی شاعیر نیشان بدات، بەڵکو چوووەتە پاڵ چەمکەکانی تری دەقەکە و پەیوەندییەکی ناشیعری لەگەڵ دروستکردوون. دەکرا تێزێکی فەلسەفی لەسەر تەنیایی بخەمە روو، بەڵام تەنیایی پەیوەستە بە بوونەوە و گەڕانەوەی بوونێک وەک ئەوەی هەیە ناسنامەیەکی جێگیر بەو بوونە دەبەخشێت، (ئەفلاتون) لە سیستەمە میتافیزیکییەکەیدا ئەو سیفەتەی لە فۆڕمە هەمەکییەکەیدا بەیان کردووە و لە فۆڕمە لۆژیکییەکەی (ئەرستۆ)شدا وەکو قانوونی ناسنامە هاتووە.

**سەرچاوەکان:**
١- من لە بەینی ئەم بۆشاییانەی خوارەوەم، تەیب قادر، رامان، ژمارە ١٨٠، ٢٠١٢.
٢- رزگار جەباری، دەستی سپی، هەولێر.
٣- وەرە با پیاو بکوژین...، ئاریان ئەبوبەکر، ئایندە، ژمارە (٩١).

٤- ناتەبا لەگەڵ خۆم کۆک لەگەڵ ناکۆکیدا، گۆران رەسوڵ زەوقە، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠١١.

٥- بە ١٤ رێگادا، رێبین ئەحمەد خدر، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٢.

٦- هەناری رەش، بژار حەکیم، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٢.

٧- رێگا، هێرۆ کوردە، گۆڤاری رامان، ژمارە (١٦٦)، ٢٠١١.

٨- هاویە، بەهار حوسێنی، ٢٠١٢.

٩- جیهانی مردووەکانی سەرخاک، بڵند باجەلان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٨.

١٠- دوورکەوتنەوە، ئەحمەد سەڵواتی، چراکان، تاران، ٢٠١٢.

١١- رووتبوونەوەی وشەکان، غەمگین بۆڵی، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠١٢.

١٢- بێ ئەم پەیڤانە، رابەر فاریق، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٢.

١٣- سەرخۆش بوون لە بەرائەت، گوڵەباخ بەهرامی، کۆماری رۆژ، ژمارە ٢٧، کەرکوک، ٢٠١٢.

١٤- ئەگەر جێگۆڕکێیەک بکەین، زانا خەلیل، ئایندە، ژمارە نەود و یەک، ٢٠١٠.

١٥- گەردوونێک دوور لە خۆم، سۆران ئازاد، چۆمان، ٢٠١٠.

١٦- تۆ نایەیت... ئیدی شەڕەکان دەست پێدەکەن، محەمەد قادر یونس، دەنگەکان، ٢٠٠٨.

١٧- کۆچێک لە هەست، هەستێک لە ئەندێشە، ئاوێزان نوری، گزنگ، ژمارە (٢٢)، کەرکوک، ٢٠٠٥.

١٨-زەوی بەردەبێتەوە، بێستون مینە، گزنگ، هەولێر، ٢٠١٢.

١٩- کەسێکیش من بانگ بکا خودا، پشتیوان عەلی، سلێمانی.

٢٠- تۆم هەبێت، داستان بەرزان، سلێمانی، ٢٠١٢.

٢١-ژن کەعبەی خوایە، هاوڕێ رەش، بەریتانیا، ٢٠١٢.

٢٢- کەسێک لێرەوە تێپەڕی، شالاو حەبیبە، هەولێر، ٢٠١٢.

٢٣- بەر لە پایز ماڵئاوا، ئەسکەندەر زرار، هەولێر، ٢٠١٢.

٢٤- جەنگی من و با، عومەر جەلال، سلێمانی، دەنگەکان.

٢٥- هیچ، هیمن عوسمان عەبدوڵڵا، گزنگ، سلێمانی، ٢٠١٢.

٢٦- گۆران رەئوف، هاوڕێم، لەخۆدەرچوون دۆڕانە... دۆڕان. دۆستم، لەخۆدەربازبوون تاوانە... تاوان، ماڵێک لە ئاسمان، ٢٠١٢.

٢٧- سوارە نەجمەدین، قافییە ونەکانی جێهێشتن...

٢٨. Mirea corto/ siete void dal medio o dal vicino oriente...

٢٩-Italia /Marko di maio/ Dmmi una collana/ ٢٠٠٠

٣٠- Italia /Beatrice oliva/ Nella citta/ ١٩٧٥

٣١- کروچه،کلیات زیبایی شناسی، برگردان.ف. روحانی، تهران، ١٣٥٠ (١٣٥٨).

٣٢- کاسیرر، فلسفه و فرهنگ، برگردان ب. نادرزاد، تهران، ١٣٦٠.

٣٣- م. محسنیان راد، ارتباگ شناسی، تهران، ١٣٦٩.

٣٤- بابک احمدی، ساختار و تێویل متن، ١٣٧٠، جلد دوم، کتاب سوم.

٣٥- ر سلدن، راهنمای **نظرية** معاصر، برگردان ع. مخبر، تهران، ١٣٧٣.

٣٦- جون لوک: فی الحکم المدنی- ترجمه: ماجد فخری- اللجنه الدولیه الاممیه الروائع، بیروت، ١٩٥٩.

٣٧- نیقولا مکیافیللی، **المطارحات**، ترجمه: خیری حماد، منشورات دار الافات الجدیده، بیروت، ١٩٨١.

بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە هیچاندن لە دەرەوە و ناوەوەی ژیان، ئەم کتێبە ئیتاڵییە زۆر بە کەڵکە:

Lo sono cosi cosi / carmelo caizzone / Italia/ 1988))

بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە شیعرییەت لە دەرەوە و ناوەوەی شیعر، بگەڕێوە بۆ ئەم سەرچاوەیە:

/ Antonino torre / Italia/1992) (voglio fare un piccolo giro nella citta

کێشەکانی خود لە دەرەوە و ناوەوەی خود لەم کتێبەدا باسیکراوە:

Mid dia un libro/ rachele formica/ Italia/1990))

# پەناخوازیی وێڕای گەڵاڕێزان!

کەریم تاقانە- سوێد

بەهۆی تۆوە من ئەمڕۆ لێرەم. تۆ کە لە وڵاتەکەمدا دەنگم دەخنکێنی. بەهۆی تۆوە من ئەمڕۆ بێماڵ و حاڵم. تۆ کە دەستت بەسەر ماڵی مندا گرتووە. تۆ کە هەموو چراکانی نێو ماڵەکەمت خامۆش کردووە و گشت ڕۆژێک تاڵانی دەکەی.

ئێستا سەعات چواری بەرەبەیانە. هەرچی زیاتر بیر دەکەمەوە، فرەتر ناهەقییەکان دەبینم. لەوێ لە وڵاتەکەی خۆمدا و لێرەیش لەم سوێدەدا. هەڵبەت ئەمڕۆ، نا، دوێنێ، دیسانەوە داخوازیی پەنابەریم نوێ کردەوە. بەڵێ، پاش حەوت ساڵ ئازاری چاوەڕوانی لەپێناو پەناگەیەکدا، پەناگەیەک کە ئێمەومانان عەودالّی دوایین و شایانیشی هەین. ئەمە ئەگەر ئێستا ویژدانی مرۆڤایەتی و یاسا مرۆییەکان لە ئاست ئەو مرۆڤانەدا کە شایانی پەنادانن، لە کار نەکەوتبن.

خەوم نایە. لەسەر تەختی خەوەکەم را دەبم. دەچم و دەرگای باڵکۆنەکە دەکەمەوە. دەرەوە تاریکە. لەپڕ بە خەیاڵمدا دێ کە چیدی سپێدە نادا. گڤەی با دێ، خشە و ڕژانی گەڵا وەبیرم دەهێننەوە کە پاییز لێرەیە. ئای پاییز! ڕەنگەکانتم خۆش دەوێ، بەڵام تاریکیت نا.

محەمەد عومەر عوسمان-م بیر دەکەوێتەوە. شاعیرێکی خۆشەویستی کورد کە لە هەشتاکانەوە شیعر دەنووسێ و تەنیا یەک دیوانە شیعری بە ناوی "لە غوربەتا" بڵاو کردووەتەوە. شاعیرێک کە زیاتر بە "ژەنەراڵی پاییز" ناوبانگی ڕۆیشتووە، ئاخر محەمەد لە شیعری خۆیدا بەشێوەیەکی تایبەتی مامەڵە لەگەڵ پاییزدا دەکات، کە بەزەحمەت لە شیعری شاعیرانی دیکەدا دەبینرێت. ئەو کە گەڵایەکی وەریو بە چاوی یارەکەی خۆی دەشوبهێنێت، دەڵێت:

**منم ژەنەراڵی پاییز**
**کاسکێتەکەی سەرم هەورە و**
**ئەستێرەکانی سەر شانم چەند گەڵایەک بە رەنگی زیو**
**پاڵتۆی بەرم کزەبایە و**
**شمشێرەکەم لقی درەختێکی رزیو**
***
**منم ژەنەراڵی پاییز**
**خوێنێکی زەرد بەنێو دەمارما دەگەڕێ و**
**چاوم هەروەک هەور نمناک.**

دەرگای باڵکۆنەکەم بەڕووی خشەخش و وەرینی گەڵا و تاریکیدا دادەخەم. ئێرە ساردە. مرۆڤ دەرچێ. ئای سوێدی خۆشەویست! نیگا منداڵانەکەی ئێمە، لە تاریکییەکانی ئۆردووگای ئەلتاش-دا لە تۆ گیر بووبوو، چونکە تۆ، لەو دووری دوورەوە دەدرەوشایتەوە.

دەست دەبەم و کتێبێکی یالمار سوێدربێری کە یەک لە نووسەرە دڵخوازەکانی منە، لە کتێبخانەکەم بە دەستەوە دەگرم. کتێبێک کە بەشێک لە وتە و نووسینەکانی یالماری لەخۆ گرتووە، بەڵام پێش ئەوەی بچمەوە سەر جێگاکەم و دەست بە خوێندنەوەی کتێبەکە بکەم، لە بەرخۆوە ئەو کورتە دێڕانەی نووسەر دەڵێمەوە کە زۆرجار وێردی سەر زمانمن:

منماڵم نییە و چ شـــارێکی پایەداریش

نیگەرانی و دڵە خورپەکانم هەر ئەملا و ئەولام پێ دەکەن، وەکو گەڵای بەری با.

**تێبینیی نووسەر**: ئەم کورتە نووسینەم بە سوێدی نووسیوە و لە ستوونێکی هەفتەنامەی (Arbetaren)دا، کە من هەشت هەفتە جارێک دەینووسم، بڵاو بووەتەوە. حەزم کرد بیکەم بە کوردی و ئێوەیش بیخوێننەوە. کەریم تاقانە

**لەسەر ماڵپەڕی هەفتەنامەکە:**

http://arbetaren.se/artiklar/sokande-med-prasslande-lov/

# قەڵەمکێشی دە شاعیر بە وشە

## بۆ ڕێزلێنان لە ئەزموونی:
## ئەحمەد ڕەزا ئەحمەدی و عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی



سەباح ڕەنجدەر

١ – ٢

**تێبینی**

لە بەرهەمهێنانی ئەم قەڵەمکێشانەدا هەوڵم داوە خۆم بەدوور بگرم لە پانتایی ئەو نووسینانەی شاعیرەکانی تێدا باسکراون، ئەو خاڵ و هێڵانە بوونەتە جێی سەرنج و تێبینیی من، کە شیعر لێی پڕشنگ دەداتەوە و لە وێنەی فۆتۆگرافی شاعیرەکانیش وردبوویمەوە، لەو دەرخستەنەدا پێوەندی ناوەندم دۆزیوەتەوە و نوختەی بینینی خۆم بەهێز کردووە.

شاعیر هەبووە تەنیا وێنەیەکی بووەتە مایەی سەرنج و تێبینی، هەشبووە چەند وێنەیەک. ئەو خاڵ و هێڵانەی لە ڕوخساری وێنەکان دیارکەوتوون و بە دیمکردوون. ئەو خاڵ و هێڵانەی لە شیعرەکانیشدا پڕشنگیان داوەتەوە بە یەکیانم گرتوون و بۆ قەڵەمکێشەکان بوونەتە هەموو شتێک. لە خاڵ و هێڵی ڕوخساری وێنەکان بە کارامەییەوە بەرەو ژیانی گەرموگوڕ و سەرچاوە

دەڕۆن، لە شیعریشدا لە ژیان دەسڵەمێنەوە و بەرەو سەرەتایی دەگەڕێنەوە. خاڵ و هێڵەکانی ناو شیعر، ملکەچی خاڵ و هێڵەکانی روخساری وێنەکانن. لە خاڵ و هێڵی روخساری وێنەکان شکۆ و میهرەبانی بۆ ژیان دەگەڕێننەوە، لەو بەیەکگرتنەدا خاڵ و هێڵی روخساری وێنە و شیعرەکانم بچووک نەکردووەتەوە بۆ ئاستی مانایەکی دیاریکراو، بگرە ئاسۆ و دوورییەکم لێ کردووەتەوە بەرەو ئاستی بوون و خۆبوونی و پێوەندی ناوەند، کە کرۆک و ناوکی شتەکان و ئەزموونی گشتییە، لێکدانەوە و فۆرمی هەمەلایەن وەردەگرێت و خۆمانی لە ناو دەناسینەوە و دەناسێنین. بۆ خۆناسین و خۆناساندن و خۆنوێکردنەوە هەمیشە پێویستمان بەوەیە بگەڕێینەوە بۆ لای ئەزموونی گشتی، کە داڕشتنی خودی ژیانە.



**قەڵەمکێشی جەمال شارباژێڕی بە وشە**

شیعر پێویستە هەمیشە لە سەرەتاوە تەماشا بکرێت و باس بکرێتەوە. دوو دیوی بەرجەستە نەکراوی هەیە، ئەم شاعیرە ئەمڕۆ لەگەڵمان دایە و شاعیرێکی زیندوو و داهێنەرە، سبەینێش نەمرە و لەگەڵماندا دەمێنێتەوە. ئەوەی لە ئێمەی نزیک دەکاتەوە خەیاڵی تایبەتی دەقەکانییەتی و داهێنانیش دواخستن قبووڵ ناکات، هەمیشە دۆخی گونجاندنەوە بۆ خۆی دروست دەکاتەوە و دەبێتە شکۆداریی شیعری بێگەرد و سەردەمەکان لە خۆیدا بەرهەم دەهێنێتەوە. تەنیا ئەو شیعرە وێران و بەدبەخت دەمێنێتەوە، کە ئایدۆلۆژیا توخم و دۆخی پێکهێنەری بووە. دۆخی گۆڕان لە دەست دەدات و دۆخی چەقبەستن وەردەگرێت. خانەوێران ئەو شاعیرەی ژەهری ئایدۆلۆژیا هەڵدەلووشێت.

مرۆڤی هەستپەروەر، کە هەستی ئێستێتیکیی شیعری لا دروست دەبێت و لە کرانەوە و تێڕوانینییەوە دەکەوێتە ناو خەمەوە، شوێنەواری خەمیش لە بیرکردنەوەیدا بنبڕ ناکرێت، وەک بەخشینی پەیامێک جێی خۆی دەگرێت و دەبێتە

هێما بۆ مانا و مەبەست. کردەی شیعری ئاسایی کردنەوەی بارە غەمگینییەکەی و پڕشنگ هاوێشتنیەتی تا باری خەمڵین و پێوەندیداربوونی بەو هەستەوە، دوای ئەو پێوەنددداربوونەی تووشی تاراوگەی ناخ دەبێت و لەناو خۆیدا هەست بە نامۆیی و هاودەمی هەمیشەیی خەم دەکات. خەم نەک گۆشەگیربوون. لەم بارەشدا پەنا بۆ دۆزینەوەی شوێنێکی وەک شاری پاکزاد، یان بەهەشت نابات تا ئاسوودەیی گیانی تێدا دەست بکەوێت. شوێنی ئاسوودەیی بۆ ئەمی هەستپەروەر تەنیا شیعری راستەقینەیە. لە شوێنی ئازار و ئەشکەنجەدەر کۆچ دەکات بۆ شوێنی ویست و هێزی وشە و ئاستە دەنگییەکان، هەست و بینینی دەگۆڕێ لە دەربڕین لە سروشت و کارکردن لە کەرەستەکانییەوە بۆ دەربڕین لە ژیان و مرۆڤ و پێوەندی دروستکردن لە نێوانیاندا. شیعر دەبێتە چاوگی نایابی جۆشێکی گەورە، بەڵام نابێتە هەڵسووڕێنەری شتەکان تا هەست و هێز و شێوەی پێوەندییەکانی نێوان مرۆڤ و سروشت بگۆڕێت و جۆرە هەست و گوڕوتینێکی بێ ئەندازە بخولقێنێت.

ئەم شاعیرە لە بنەڕەتدا خاوەنی تێڕوانینێکی رۆمانسیی هەستییە. هەست لە شیعرەکانیدا رەگەزێکی زۆرگرینگ و سەرەکییە، بە هۆیەوە خودی خۆی دەهێنێتەدی و بەکردەی لە دایکبوونی شاد دەکات و خودی خۆی دادەهێنێتەوە. بە بۆچوونێکی ژیرانەوە مامەڵە لەگەڵ زمانی رۆمانسیی هەستی دەکات و هێزی تیشکدانەوەی تێدا بەرهەم دەهێنێت، بەڵام ترپە و ئاوازە بنەڕەتییەکانی زمانی نەدۆزیوەتەوە، دۆزینەوەی ترپە و ئاوازە بنەڕەتییەکانی زمان شایەنی سەرکێشی بۆکردنن. ترپە و ئاوازی زمانی کوردی لە شوێنە نەناسراوەکاندا نەهاتووە، رەگی لەناو گەرمی و نەرمیی خاکدا بەهێز بووە و پەیوەستە بە کولتوور و ئەو نیمچە شارستانییەی دروستی کردووە. لە رۆمانسیی هەستیدا تێڕوانینی و تەواو باڵا و پڕ بۆ ناوەندی رووداو و ژیان و جیهان و بوون نییە، بگرە وێناکردنی تاکە کەسی و گیانی بەهێزی هونەرمەندێتی هەیە، کۆششی بۆ ئەمەیە ئەم وێناکردنە وەک ئەزموونێک لە فۆرمێکی شیعریدا گەڵاڵە بکات و دیدێکی رۆمانسیی قووڵ لە رێگای هەستەکانەوە بخەملێنێت و پاشان وەک نموونەیەکی نوێبەخش نیشانی بدات، رۆمانسییەت دەربڕینە لە هەڵوێستێکی ویژدانی، کە بوون رەنگ و شێواز و وێنەیەکی تازەی پێ دەدا، پێوەندی بەردەوامی لەگەڵ ژیان و جیهان و بوون نییە، بگرە پێوەندی پچڕپچڕ و هەڵوێستە لە ژیان و جیهان و بوون وەری دەگرێت. لەگەڵ دۆخێکی کارەساتباردا رووبەڕووی دەکاتەوە. هیچ هونەرێکیش لە واقیع جیا نابێتەوە. چاوگی ئەفسوون و هونەرە سەرسوڕهێنەرەکان قووڵایی واقیعن و

کرانەوە و جووڵانەوەن بەسەر ژیاندا.

ئەو جوانییانەی ئەدەب دۆزیویەتییەوە و لێی دواوە زۆر کەمترە لەوەی لە واقیعدا بوونی هەیە و رووبەڕوو دێنە ناو ژیانمان و کاریگەری دەبێت. جوانیبەخش لە ئاستی تواناییدا بەهرە و سرووش و رۆحە پەیامدارەکان رێنوێنی دەکەن.

رۆمانسییەت لە یەک سەرچاوەوە هێز وەردەگرێت، ئەمیش چاوگی خەمە، دواتر دەپەڕێتەوە بۆ تاراوگەی ناخ و بەردەوام لەناو وێناکردنی رابردوودا دەژی، وێناکردنی رابردوو هۆکارێکی بنچینەییە و زاڵە. پلە بە پلەش ئەم هەستەی لا قووڵ و بەهێز بووەتەوە تا خاڵی دامەزراندن، بەڵام مانەوە لەناو رابردوودا دەربڕین لە ژیان و هەست و بینینی تازە ناکات، چەشنێکی دیاریکراوی مرۆڤ و سروشت دەخولێنێتەوە. هەر لەسەر ئەم بنەما و بنچینەیەشەوە بەردەوامی بە توانای راستەقینەی خۆی داوە و هەستێکی قووڵی رۆمانسی لە قووڵیی بیرکردنەوەی دەدۆزینەوە.

ئەو خاڵەی جێگای سەرنجە کولتووری خۆماڵی ئەم شاعیرەی شەیدا و هۆگری خۆی کردووە، ئەم کولتوورەی بەشێک لە شاعیرانی کوردی پێگەیاندووە. ئەو کێش و بڕگە و سەروا و ترپە و ئاوازەی (مەولەوی و گۆران) هێنایانە ناو شیعری کوردی. ئەم خۆی لێ لانەدا و پەرەی بە پیتی پێدا، کردیەوە کەرەستەیەکی خاو و لەبار بەجۆرێکی نوێبەخش و هاوچەرخانە بەکاری هێناوە. لە بواری ترپە و ئاوازدا کۆمەڵێک هێما و نیشانەی تری پێدا و رەوتێکی دیاریکراوی دۆزییەوە. لە کاتی ئەم روودان و دۆزینەوەیەدا لە رواڵەت و کرۆک و ناوکی وشە و ئیدیۆم و دەستەواژە و پەند. . . تاد، وردبووەتەوە. لەگەڵ نوێبەخشی لە تەنیشت یەکتری وەستاندنی و دوای تێڕامان و ناسینی دووری و ئاسۆکانی تێکەڵی کردوون. لەم رووەوە وەک نوێبەخشێک خۆی لە ناوەندی ئەدەبیدا ناساند و لە ناوەندیش پەسەند کرا. دوای ئەم شاعیرەش دۆخی ترپە و ئاواز لە شیعری نوێبەخشی کوردیدا بە گوڕتر پەرەی سەند. تێگەیشتن و وریایی بەرانبەر ئەم تێکەڵکردنە هەبوو، واقیعی ترپە و ئاوازی قۆناغی دووەمی نوێبەخشی شیعری کوردی بە جۆرێکی تر دەرکەوت.

ترپە و ئاواز لەگەڵ زماندا دێتە بوون و وێنەش رووناکییەکە لە وشەوە هەڵدێت و تەواو هەستیارە، شیعری کوردی لە شەستەکاندا لەگەڵ دەرکەوتنی (جەمال شارباژێڕی) شێواز و ترپە و ئاواز و وێنا و هێڵێکی وێنەیی دەگمەنی بەخۆوە بینی، کە پێش ئەم بەخۆیەوەی نەبینیبوو. دەقی (کردگار- فرمێسکی نهێنی، کۆ شیعر، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ساڵی ١٩٦٨، ل: ٦٣ تا ٦٧) لە

ئەزموونی سەرەتاکانییەتی. مامەڵەیەکی نائومێدانەی لەگەڵ پرسیارەکانی بوون و نەبوون کردووە و تێهەڵکێشی یەکتریان دەکات و لەسەر بنەڕەت و چۆنیەتیی بیرکردنەوەدا لێکیشیان جیا دەکاتەوە. گرینگیی شیعرەکە لە رایەڵ و هەڵسووڕاندنی پرسیارەکانیدایە، رووداوەکانیشی لە دەرەوەی کات و شوێنێکی دیاریکراودا روونادەن. لە دەرەوەی کات و شوێنیش هاوتاییەک بۆ خۆی لەگەڵ خەیامدا دەهێنێتە بەر دید و پاشان گفتوگۆ و هەوڵدان بۆ لێک تێگەیشتن، یان پرسیارەکانی خۆی لەسەر هێڵێکی درامیدا دەباتەوە ناو پرسیارەکانی خەیام و درێژەی پێ دەدات، (خەیام) و (ئەو) هەردووکیان ئاماژە بە یەک خەسڵەت و نیشانە و سەرچاوە دەدەن و لە خاڵێکی وروژێنەر و گرینگدا بە یەک دەگەن. گومان لە پرسیاری بوون و جیهانناسی دەکەن. پرسیارەکانیش کاریگەرییان بەسەر سۆزەوە هەیە، بەهۆی سۆزەوەش دەیباتە ناو رایەڵی هۆش و هەستەکان و دەیخەملێنێت. دارڕژان و ئاوازەکەشی لە بارانی نمە دەچێت و کاریگەریی زۆرە بۆ ئارامبوونەوەی دەروونی خەمبار. شێوازیشی بۆ قۆناغی سەرەتایی شێوازێکی لەبار و گونجاو و داهێنەرانەیە، جۆرێک تۆوی نوێبەخشی تێدا وەشاندووە. تاکو ئێستاش ئەم شێوازە ماوە و لەملا و لەولای شیعری کوردیدا کاری پێ دەکرێت. ئەم بزاوت و جووڵە و مانەوەیەش لە سروشتی داهێناندا بەهایەکی ئێستێتیکییە، جوانی و شێوازی بەرهەم هێناوە. بەهای ئێستێتیکیی بەهرە و سرووش دەبەخشێتە مرۆڤی نموونەیی و کاریگەری دەبێت لەسەر پەروەردەکردنی ئاگایی کۆمەڵگا و کەسایەتی دەخەملێنێت.

شیعری ئەم شاعیرە لە وەرگێڕاندا بەهای شیعرییەتی لە دەست دەچێت. وەرگێڕان ناتوانێت کرۆک و ناوەرۆکی شیعر بەتەواوەتی نیشان بدات. شیعرێک وەردەگێڕدرێت نازاندرێت ئەم شیعرە وەرگێڕدراوە چەند ئەم شیعرەیە، کە لە زمانەکەی خۆیدا وشەسازی و خوازە و لێکچوواندنی تێدا بەکارهاتووە. ئەو توانا زمانییەی و ئەفسوونە زمانییەی دەگوازرێتەوە، یان لەدەست دەچێت و مانا دەگوازرێتەوە. رەنگە وردەکاری شێواز و روانینی گشتی تا رادەیەکی باش بگوازرێتەوە، بەڵام روانینی خوازەیی ئەگەر مەحاڵ نەبێت نزیکە لە مەحاڵ. بە جۆرێک بە ئەفسوونی زمانی دەقەوە موتوربە کراوە لە وەرگێڕاندا ئەفسوونەکە بزر دەبێت و نزیک دەبێتەوە لە مانای رووکار و رواڵەتی. لەگەڵ ئەم پێزانینەشدا شیعر تەنیا بۆ زمانی دایک، واتە: زمانی دەق نانووسرێت، ئەی کەناڵی وەرگێڕان، زمانی دووەم چۆن دروست دەبێت. پێوەندی نێوان توانا زمانی و ئەفسوونی زمانی دەق، لەگەڵ زمانی دووەم لە چ بارێکیدا وردەکارییەکان بەرێوە دەبات.



## قەڵەمکێشی جەلالی میرزا کەریم بە وشە

یەکێک لە خاڵە گرینگەکان بۆ ژیانی نووسەر ئەوەیە بە شێوەیەکی تەندروست و زانستی کاتی خۆی ڕێکبخات و باش بەکاری بهێنێت. ئەم جۆرە ڕێکخستنە نەک وەک نووسەر یارمەتی دەدات، بگرە وەک ژیانی فەرمانبەری و خێزانیش دەبێتە هۆ و هۆکاری یارمەتیدان و کارایی ژیان. ئەمەش هەستێکی تەواو داهێنەرانەیە و پێوەندی بە داهێنان و پەیوەستبوون بە داهێنانەوە هەیە. بەم شێوەیە هەلومەرجی سوود وەرگرتنی بۆ دەڕەخسێت و خۆی لەگەڵ کاتی باش بەکارهاتوو دەگونجێنێت. لەم باروبوارەدا کات دڵی نووسەر بە لای خۆیەوە رادەکێشێت و بەرهەمدار دەبێت لە رووی نووسینەوە، نووسەر بە قووڵی نووسین دەناسێت.

ناسینی قووڵی شیعر خاڵی بەهێزی پێوەندییە بۆ یەکتر ناسینی شاعیر و خوێنەر، یان کۆمەڵگا. کەسێک، کەسێکی نەناسراو لە ئەستێرەیەکی دوور، یان دەوروبەرێکی پارێزراو، یان بە ژاوەژاو و پڕ مەترسی. هەست بە نزیکبوونەوەت دەکات، بە حەز و خولیای ئەدەبی بێگەردەوە لەگەڵت دادەنیشێت و گفتوگۆی نێوانتان لە بارەی ئەدەب و جیاوازییەکانەوە گەرم دەبێت. هەر ئەم رووداوەیە ئەدەبی کردووەتە دیاردەیەکی سەرسوڕهێنەر.

ئەو پرسیارەی دەکەوێتە نێوان شیعر و کۆمەڵگا بە چ ڕێگایەک دەگاتە دۆخی شکۆمەندی بەکارهێنان و داهێنان، شاعیر بە چ زانیاری و پێوەرێک ئاسۆی نێوان شیعر و کۆمەڵگا دەپێوێت. زمانی کۆمەڵگا کەمتر لەناو رۆشنبیری نوێبەخشدا کارا و چالاکە، بگرە لە ئاستی دەستنیشانکردنی شتەکاندا ئەفسوون و هێزی خۆی رادەگەیەنێت. لە هەمان کاتیشدا زمانی کۆمەڵگا زمانێکی فرە دەنگ و فرە

پێوەندییە، توانای داهێنانی زمانی تێدایە و وزەکانی دەربڕین پەرە پێدەدات، پێویست نییە شاعیر وەک گومان و ترسێک لێی ورد بێتەوە و خۆی لێ تار و تەریک بگرێت، کۆمەڵگا بەردەوام لە ڕێگای داهێنانە هەمە جۆرەکانییەوە وزەی زمانی بەرز دەکاتەوە، بەڵام لە شیعردا زمانی، سۆزی بۆ خەون و داوا و پێشبینی و هەست. . . تاد، هەیە و ئاستێک دیاری دەکات و بەسەر پێکهاتە دەروونییەکانی دەکرێتەوە.

لە کرانەوەیدا کاڵی کاڵەکانە. دەستبڵاوی لە بەکارهێنانیدا مەبەست و مانا ماندوو دەکات، لە هەمان بەکارهێنانیشدا چڕکردنەوەی زیاد لە پێویستیش دیسان مەبەست و مانا ماندوو دەکات. لە هەردوو باری بەکارهێناندا زمان توانای پاراستنی بێدەنگی نامێنێت. (جەلالی میرزا کەریم) لە بنەماڵەیەکی سیاسی و ڕووناکبیر و شۆڕشگێڕدا لە سلێمانی لە ساڵی ١٩٣٥ لەدایک بووە، بە بڕوایەکی پتەوەوە بەشداری لە ڕۆشنبیریی زمانی نەتەوەی خۆیدا کردووە.

زمان لە دەقی (ڕوانینەکانی چاوی شەقام- گۆڤاری بەیان، ژمارە ٨ی ساڵی ١٩٧٣، ل: ٣٩ تا ٤٠)دا ڕووداوێکی دەگمەن نییە، درێژبوونەوەی ئەو زمانەیە دوابەدوای شیعری کلاسیکی دێت و پێ بەپێ تا دێتە خوارەوە کاڵ و کاڵتر دەبێتەوە. زمان تێیدا ئاسۆی یەک ئاستی وەرگرتووە و پێکهاتە و سروشتێکی باڵاو جەربەزە ڕووبەڕوومان نابێتەوە. واتە سەرلەنوێ هەستی پێ ناکرێتەوە. هەست بە شتێک بکەیت و نەزانی چییە. سەرسامی و دۆزینەوەی نادیاریی لەم نوختەی نەزانین چییەدا دێتە کایەوە و وەک کەرەستەیەکی خاو و پەی پێ نەبردراو فۆرمی زەینی وەردەگرێت.

زمانی لە خودی شیعرییەوە نەبردووەتە ناو خودی کۆمەڵگاوە، بگرە لە خودی کۆمەڵگاوە بردوویەتییە ناو خودی شیعرییەوە و جۆرێک توندوتیژی و ترس و تۆقانی خستووەتەوە. بەم شێوەیەش زمان دەوڵەمەند و ئەزموونندار نابێت، لە دەروونڕۆشنی بەتاڵ دەبێتەوە و هەست و نەشونما دەوەستێت. لەگەڵ ئەمەشدا بارودۆخی ژیانی حەفتایەکانی کۆمەڵگای کوردی و زەمینەی شیعریشی ئامادەیی ئەوەی تێدا بوو ئەو زمانە وەربگرێت و قبووڵی بکات. لە ئاستی بەکارهێنانی هێماشدا قووڵایی هێمای نەپاراستووە، لە قووڵاییەکی پێویستدا هێما بەرەو ژیانێکی بزێو ناڕوات، بگرە بەرهەمێک دەهێنێتە کایەوە و لەناوی ڕوون دەبێتەوە و بەشداری خۆی ڕادەگەیەنێت. لەم ڕاگەیاندنەدا زمان پێویستییەکی بنەڕەتی مرۆڤانەیە و هەمووومان بە شێوەیەکی هاوبەش بەکاری دەهێنین و کەڵکی لێ وەردەگرین. کەڵکوەرگرتنێکی دیاریکراو و هەستکردن بە

شکۆمەندی دۆزینەوەی بەشێک لە هەقیقەت. ئەو هەقیقەتەی دەتەوێ لێی بدوێی تاقیکردنەوەی دەوێت و دەبێت لە رەفتاری ئاخاوتندا بەدی بکرێت. هەموو تاقیکردنەوەیەکیش کەرەستە خاوەکانی ژیان و جیهان لەباری دۆخ و شێواز و واتادا تازە دەکاتەوە و ئارەزووی پێشنیارکردن بەهێز دەکات، لە هەمان کردەشدا کاتێکی مێژووی ژیان و جیهان رادەگەیەنێت. ئەم کاتە راگەیاندراوە هونەری داهێنەری هەقیقەتە. بەشێک لە پێداویستییەکان بە ژیان و جیهان دەبەخشێت.

ئەگەر بتەوێت بەسەر شیعردا زاڵ بیت، دەبێت شیعر باش بناسیت. هەموو شیعرێک لە شوێنی خۆی پێدەگات و دەناسرێت. ئەو هونەرەی ئەو بەدوایدا دەگەڕێت بیدۆزێتەوە رێک لەگەڵ ئەو شوێنەی شاعیرەکەی تێدا پێگەیشتووە، گەشەی کردووە. پێگەیشتنی پێکهاتەی هونەری شیعر بە پێوەدانگی شوێن و کولتوورەوە پەیوەستە. واتا بیرکردنەوە و وێناکان ئاکاری شوێن وەردەگرن. شوێن هێڵێکی بەردەوامە و لە فەرهەنگ و کولتووردا پێگەیشتووە و درێژ دەبێتەوە و دەگات بە هێڵی بیرکردنەوەی هەموو شاعیرێک. شاعیریش وەک پێکهاتەی سەرەکی و ناسنامەی داهێنان مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. شوێنیش خۆی بەئاکاری دانیشتووان دەرازێنێتەوە.

(کاروانی وشەی راچەنیو) کۆ شیعری یەکەمی ئەم شاعیرە بووە. ساڵی ١٩٧٤ ئامادەی چاپی کردووە و بردوویەتییە چاپخانە و تەنانەت بووەتە فیلمیش. بە هۆی بارودۆخی سیاسی لە چاپخانە وەرگیراوەتەوە. شاعیریش لەم کاتەدا بەغدای جێهێشتووە و بووەتە پێشمەرگە، بە ئامانەت لای ئەدیبی ناسراو (محەمەدی مەلا کەریم)ی داناوە. دوای نسکۆی شۆڕش ساڵانێکی زۆر وەک پەنابەری دژە دەسەڵات لە ئەمریکا ژیا و لەگەڵ راپەڕیندا گەڕایەوە کوردستان و هاتەوە ناو کۆمەڵگای پڕ جووڵە و زیندووی خۆی و کانگای هەڵڕشتنی هەستەکانی. کوردستان و کۆمەڵگای کوردی ناو و ناولێنانێکن بوونی راستەقینەیان لە شیعرەکانیدا هەیە و شادەماری خوێنین، ماوەیەکی کەم تێیدا مایەوە، لە ١٩٩٣\١\١٤ لە هەولێر کۆچی دوایی کرد، کەچی ئەم ئامانەتە سەرە داوێکی نەدرایە دەست کەس و هیچ هەوڵێکی دیاریشی بۆ چاپکردنی نەدراوە، کە گرینگترین کۆ شیعری نوێبەخشی بزووتنەوەی روانگەیە، دەربڕین لە زمان و فۆرم و داڕشتنی ئەم بزووتنەوەیە بکات. شیعری شاعیرانی ئەم بزووتنەوەیە بە گشتی لەناو تەمومژێکی وشیارانەدا بارگاوی بوو بە ئایدۆلۆژیا، شیعری بارگاوی کراویش بە ئایدۆلۆژیا پەیوەستە بەو دۆخە ئێستاییەی، کە تێیدا دەژی و دۆخێکی نیمچە هەڵخەڵەتێنەرە.

گەردوون بەجۆرێک ترپە و ئاوازی دامەزراو، بە دوای یەکدا هاتنی تاریک و رووناکی و وەرزەکان. . . تاد، هەڵدەسوورێنێت. ئەو جۆرە ترپە و ئاوازەی، کە گەردوون بەرێوە دەبات گواستراوەتەوە ناو دەروونی مرۆڤ و وزەیەکی زۆری لە بیر و مێشکی خستووەتە گەڕ بۆ هێنانە کایەی بەها ئێستێتیکییەکانی ژیان رێکخستن. لێدانی دەمارەکانی لەشی مرۆڤ جۆرێک ترپە و ئاوازی بەرێوەبردنن. گرینگترین ترپە و ئاواز لە رۆیشتنی مرۆڤەوە پەیدا بووە و خۆی لەگەڵ هەقیقەتدا گونجاندووە و جۆرێک چاوگی هۆشیاربوونەوەیە.

لە شیعریشدا لە یەکەم دێڕیەوە تا دوا دێڕی رۆیشتنێکی نەرم هەیە و ترپە و ئاوازی ئەو رۆیشتنە دەبێتە ئاهەنگ. شیعری ئەم شاعیرەش بەهۆی بوونی سروشتێکی ترپە و ئاوازییەوە دەربڕین لەبارە بوونییەکان و دەرخستنی مانا دەکات، بەڵام تەنیا لە رێگای ترپە و ئاوازەوە ناگەینە ناخی ئەدەب، ناخی ئەدەب خۆرە و زەوی وەک پێکهاتەی مەوداکان بە دەوریدا دەخولێتەوە. ناشزانین کامەیان سەرچاوە و بنەوانە و کامیان پێکهاتەیە. هەر کاتێکیش بمانەوێت بە تەواوی ئەو زانیارییە بزانین و بناسین ون دەبین.

شاعیری داهێنەر ئەگەر سەردەمێکیش بەمەبەست و ئەنقەست پشتگوێ بخرێت، ئەوە مێژووی داهێنان لە رۆژ و رۆژگار و کاتی پێویستی خۆی زۆر بەهێز و شکۆوە دەیهێنێتەوە ناو ماڵی راستەقینەی ئەدەب. لە تەنیشت گڵۆپی بە شەوق و راستییە روونەکان رایدەگرێت. مێژووی بیرکردنەوەش، ئەو مێژووەی بۆ زیندوو دەکاتەوە، کە بەهرە و کۆششی خۆی دروستی کردووە و رەوایی بوونیەتی. مێژووی ئەدەب کۆمەڵێک شتن بە یەکەوە دەڕۆن و تێکەڵ بە کرۆک و ناوکی داهێنان دەبن. لەم بار و بوارەشدا داهێنەر هەر بە داهێنەری خۆی دەمێنێتەوە. خوێنەری هەمەجۆریش ناتوانێت خۆی لە ئەفسوون و کاریگەرییەکانی بەدوور بگرێت. پێوەری ئەفسوونی داهێنان شوێنی بۆ دەستنیشان دەکات. لەم دەستنیشانکردنەشدا پێوەندییە داهێندراوەکان دەدۆزرێنەوە. بە دوای ئەوەدا دەگەڕێین، کە هەیە و قسەی لە بارەوە دەکەین.



## قەڵەمکێشی لەتیف هەڵمەت بە وشە

بەختیاری داخوازییەکی هەمیشەیی مرۆڤە، بۆ بەختیاری کەسایەتی خۆی وێڵە و خەڵکانی تریش ئازار نادات. ئەو بەختیارییەی بە تەنیا لە ناوچە بەرزەکانی شیعردا دەستکەوتووە و لە نێوان دوو کەوانەدا جۆرێک فۆرمی خۆشەویستی بەخۆیەوە گرتووە، جیاواز و سەربەخۆ لە هەقیقەت و خەیاڵ، هەقیقەت و خەیاڵیش هەمیشە لە حاڵ و باری گۆڕاندان. یەک لەناو ئەوی تردا جێگیرنییە و فراوان دەبنەوە. ژیانی سەرمەشقی شیعرەکانییەتی و بۆ گۆڕان و خۆشگوزەرانی ژیان، (جیاواز) و (سەربەخۆ) شیعری کردووەتە دروشمی گەشانەوەی ژیان، هەموو دەمارە پێکهێنەرەکانی پڕن لە گەشانەوە و بەرزکردنەوەی ژیان و ژیاندۆستی. بۆ رێزلێنان لەم بار و بوارەدا هونەری گفتوگۆ لە زەینیدا بەکاردەهێنێت، هونەری گفتوگۆ لە کارەکانیدا خاسیەتێکی زاڵن و وەک سەرچاوە و بیروڕایەک دەگەڕێتەوە لای و بە راناوی نادیار رووی دەمی لە میللەت و مێژووە و بەتاسەوە لە رێگای هونەری گفتوگۆوە دەیاندوێنێت. ئەم هونەری گفتوگۆ بەکارهێنانە کردارێکی هۆشیارانەیە و بەرهەمی بیرکردنەوەیەکی رۆچوو بەناو ریشاڵی رۆشنبیرییە. بەشێوەیەکی گشتی هێزی بیر و هەست بەسەر هێزی زمان و هێزی داڕشتن و هێزی وێنەدا زاڵن. لە دەقی (ساڵنامەی سەدەی بیستەم –گۆڤاری نووسەری کورد، ژمارە ٣ی ساڵی، ١٩٨٥، ل ١٦١تا(١٧٠ دا ئەم زاڵبوونە بە هەموو پێکهاتە و ماناکانییەوە خۆیت پێشکێش دەکات. میللەت و نەخشی مێژوویی میللەت هەموو هەستەکانی بۆ ئاستی خرۆشان بەرزکردووەتەوە و لە دەقدا پێکەوە کاردەکەن. لە سەرەخۆ و هەنگاو بە هەنگاو شاعیریەتی و تایبەتکاری خۆی قووڵ

کردووەتەوە و گەشەی سروشتی وەرگرتووە. نوێبەخشی و گۆڕان لە خۆڕا روونادەن، لە ڕێگای نیمچە کامڵبوونی هەستەکانی نووسەرەوە دەبنە (رووداو) و (دیاردە) و روودەدەن. تۆوی ئەو نوێبەخشییەی ئەم شاعیرە لە زەوی گەرم و نەرمی شیعری کوردیدا وەشاندی، لە شیعری کەسانی تریشدا چرۆی کرد و سەوز بوو، بوو بە رۆشناییەکی ناسرا و تایبەت و دیاریکراو.

رەگەزی گێڕانەوە لە شیعری کوردیدا لە ئاستێکی باڵادا نەبوو، ئەم هەوڵی دا لە ئاستێکی فراوانتردا بەکاری بهێنێت و کۆمەڵێک خاڵی دیاریکراوی تێدا دەرکەوێت و خوێنەریشی لێ نزیک ببێتەوە. قەت چاوی لە ناپاکیی دیکتاتۆر نەپۆشیوە و تاوانەکانی پشتگوێ نەخستوون، هەڵوێستی ئەدەبی بەرانبەر وەرگرتووە و لە ویژدانی خۆیدا دادگایی کردووە. ئەم دادگاییکردنەشی بە مەبەستی ئاشکراکردنی خودی بەدە. تا لەوە تێبگەین خودی بەد لەناو کۆمەڵگادا چۆن رەفتار دەکات و چ گرفتێک دەنێتەوە، گفتار و کرداری چییە و بە کوێ دەگات. ئەگەر نهێنییەک لە ئەزموونی ئەم شاعیرەدا هەبێت، رەنگە ئەوە بێت بابەت سنووردار ناکات و بە هیچ پێزانینێکیش نووسین لای چالاکییەکی رۆژانە نییە. قەوارەیەکە لە دڵ و گیانیدا گۆڕانی بەسەر دادێت و شێوەیەک وەردەگرێت، شێوەی نووسین. لە قووڵییەکاندا پێ بە پێ بەرزدەبێتەوە بۆ گۆڕان و گوێبیستی هاواری کپکراو، هەموو کات کاتی هاوارکردنە. تا دۆخێکی لێ وەرگرێت بۆ گەیاندنی و بە بابەتکردنی هاوار، ئەو هاوارەی دەسەڵاتی دیکتاتۆر لە دڵ و گیانی کۆمەڵگای دروستکردووە. لە بوارە جۆراوجۆرە ئەدەبییەکاندا کاری کردووە: شیعر، چیرۆک، رۆمان، شانۆنامە، رەخنە و لێکۆڵینەوە، وەرگێڕان، رۆژنامەنووسی... تاد، بێ وچان تەواوی توانای خۆی بۆ نووسین بەکارهێناوە. دەبێت ئەوەمان قبووڵ بێت لە هەلومەرجی ژیانی کورددا نووسەرایەتی کارێکی ئاسان نییە. دواتر، کە لە نووسیندا داهێنەر بووی، هەزار خەنجەر لەسەر پشتتە. لەبەر چاوی روونی نیوەڕۆدا، وەک کردەیەکی جەستەیی نا. بگرە وەک کەسایەتی لەناو چالاکییەکانی ژیانی ئەدەبی و رۆحیدا دەتکوژن.

لە ماڵێکی ئەدەبپەروەر و خوێندەواردا لە ناوچەرگەی گەرمیان (کفری) لە ساڵی ١٩٤٧دا لەدایک بووە، نیشانەیەکی گرینگ، کە بەدرێژایی ئەزموونی لەگەڵیدا هاتووە و بەردەوامیشە، توندی و رووبەڕووبوونەوە و بە گژداچوونەوەیەتی. رەنگە کاردانەوەی ئەم کەش و هەوایەی گەرمی مەڵبەندی لە دایکبوونی بێت، کە تاسەکانی بەم شێوەیە دەردەبڕێت و بەشێک بێت لە دەسەڵاتی ئەدەب وەک هێزێکی ئامادەکراو و مەشقپێکراوی بیر و هەست بەرانبەر لە دیکتاتۆر بگرێت.

راستەوخۆش توندییەکە نانووسێتەوە، هاوکێشەی نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگا دادەڕێژێتەوە و دەیگۆڕێت بۆ ئاراستەی ئامانج و پەیام و کاکڵەی مەبەست، کە چالاکی داهێنانە. لە ڕێگای نووسینەوە دەربڕین لەم ئاراستەیە دەناسینەوە و دێتە دۆخی خۆپێناسەکردن و توانا و ئەفسوونێکی سەیری سووربوون بۆ سەرکەوتن لەم خۆپێناسەکردنەدا خۆی ئاشکرا دەکات. مرۆڤی یاخی بۆ سووربوون لە باری یاخیبوونی لە دۆخی دڵنیاییەوە دەهێڵێتەوە و ئەزموونی مانادارکردنی ژیان و دنیای دیار و دنیای واقیع وەک کتێبی دڵخوازی خۆی دەخوێنێتەوە و بۆ بە ئەدەببوونیش بەدنیای پەنهان و دنیای زەیندا تێیدەپەڕێنێت. فەرهەنگی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی و زانست و دەقە ئایینییەکان کاریگەرییان لە بیرو بنیادی نووسینی کردووە و خراپیش بەکاریان ناهێنێت. لایەنی درەوشاوەشی لە بیر و بیرکردنەوەی وەرگر جێهێشتووە.

بە گژداچوونەوە چییە، یان چەمکی بەگژداچوونەوە لە ئەدەبیاتدا بەچ مانایەک وەرگیراوە و کاری پێ کراوە. ئەمەیان بەلایەکدا ڕووداوێکی دەگمەن نییە. سنووردارییەکە لەنێوان مرۆڤ و دیکتاتۆردا، یان میللەت و دیکتاتۆر. واڕسکی ژیاندۆستییە و دواخستنی مەرگە، بەڵام ئەگەر ئێستێتیکای ڕۆحی مرۆڤ و ڕۆحی میللەت بووە هێزێکی ئێستێتیکی، ببینرێت و ببیسترێت و هەستی پێ بکرێت ئەوەیان دەبێتە ڕووداوێکی دەگمەن. ئەم شاعیرە لە خەمی شیعر و ئەدەبیاتی خۆیدایە و هەوڵی ئەم دۆخگۆڕینەی داوە و کردوویەتییە ڕووداوێکی دەگمەن و دیدێکی مەزندەکراو و دەتوانین پێی بگەین، سنووری هێما و هێماپێکراو بەرفراوانتر دەکاتەوە و وزەی مانا، کە خوێنەر داوای دەکات بەرزدەکاتەوە، هەروەها ستەمی لە شیعر نەکردووە و بەیەک شێواز بەردەوامی بە بەهرە و توانای نەداوە، زۆرینەی شێواز و ڕێبازە شیعرییەکانی ئەزموون کردووە، بۆ هەر شێواز و ڕێبازێک بگەڕێیت بە شێوەیەکی خەملیو لە ئەزموونی (لەتیف هەڵمەت)دا دەیدۆزیتەوە. لە هەندێک بار و بواردا ڕەگەزی تری کارپێکردووە و لێزیادبوونیشی هێناوەتە ئاراوە، کە ڕێباز و شێوازە جۆربەجۆرەکانیشی بەکارهێناوە مرۆڤی وەک ڕۆبۆتێک نەهێناوەتە ڕووبەری نووسین، چاوڕوونی بۆ گۆی زەوی هەیە، ئەم گۆی زەوییەی، کە هێشتان مرۆڤ بۆ بەختیاری تەماشای دەکات و تێدەکۆشێت. مرۆڤ لە ئاست نهێنییەکاندا دادەمێنێت و ئارەزووی بەدیهێنانی درکی مرۆڤ و سەرسامییەکانیەتی، سەرنجمان بۆ ئاستی بەدیهێنانەکانی رادەکێشێت و بیر لە هۆکار و دەرئەنجامەکانی بکەینەوە. خاوەنی سروشتێکی هەستییە و توانایی ئەوەی هەیە دەربڕین لە جوانییە سادەکانی ژیان

بکات و سادەییەکە لە نوێبەخشی قووڵ بکاتەوە، لای نووسەری پێگەیشتوو هەموو شتە جوانەکانی ژیان بە سادەیی دەردەبڕدرێن. زمانی کوردی لە ڕێگای قوتابخانەوە فێرنەبووە، لە ڕێگای ئەشقی نووسینەوە ئەو زمانە گەرم و گوڕە فێربووە و هێزی داوەتە پیت و وشە و لە ڕستەدا بێ گرێ و گۆڵ ئاسۆ و دووری ئێستێتیکی پێ دەدات. لە زماندا کەمێک پێبەستە بەزمانی ئایینەوە. ئەو زمانەی لە ئاسمانەوە هاتووەتە خوارەوە و زمانی تاکە، بەخاڵ و نیشانەی دیارکراودا بەڕێوەدەچێت. وەک سرووشدەرێک داوای سرووشی لێدەکات، سرووشی شیعرییەت و ئاسۆی خەملێوی دنیایەکی شیعراوی، کە پەیمانی ژیانێکی لەگەڵدا دێت، ئاشتکردنەوەی هەموو ناکۆکییەکانی هەڵگرتووە و هێزی وەرگرتن و هێزی تێڕامانمان بەهێزدەکات و بە ڕەوانبێژییەکی چەشەدارەوە هەوڵی بە گەڕخستنی پێکهاتە نوێبەخشەکان دەدات. لەم شێوە دەرخستنەدا شاعیر هەوڵ دەدات شیعر خۆبوونی خۆی هەبێت و ئەو ڕووبەرە وێنا بکات، کە ڕۆح دەریدەخات و ئینتیمای خوێنەری بۆ پەیدا دەکات و ئەو بارو بوارە دەرەخسێنێت، کە تێیدا نیشتەجێ بێت. بەشێوەیەکی پەسندیش هەڵوێست و تێگەیشتنی لە بارەوە بە پیت بێت و هەستەکانی بخاتە بەردەست.

نووسەری پەروەردەی دەستی ئەم و ئەو و کاسەهەڵگری سواڵ، یان کەمتەرخەم و مردۆخ و خۆنەناس و ویژدانڕەق و خەڵات وەرگر و ئافەرین ویستی پیلانگێڕان: ئەگەر (نوێبەخش)تان بینی بیکوژن، چونکە بە بڕواوە ڕسکاوە، (گۆڕانکار)و (دۆخگۆڕە) دڵی دوور لە جەستەی لێنادات و پشتگیریش لە تایبەتکار و نوێبەخشی دەکات. پشتگیری تایبەتکار و نوێبەخش بەرەو کوێت دەبات، بەرەو خودێکی کراوە و شۆڕەسوارییەکی تایبەت، کە ویژدانی ئەدەب تێیدا نافرۆشرێت و ناکڕدرێت.



**قەڵەمکێشی ئەنوەر قادر محەمەد بە وشە**

کەس ناتوانێت وێنەی دواڕۆژ بکێشێت. ئەوەی هەمانە تەنیا وێناکردن و

خواست و مەرامێکی کەسییە و لە زەیندا پەرەی پێدەدرێت. هەموو ئەو پرسیارە کاریگەرانەی لە دەوری پرسیاری ژیان کۆبوونەتەوە بە ستوونی و ئاسۆیی زیادیان کردووە و دووبارە بوونەتەوە، بە خولیا و کارا و بەرهەڵستییەکی تر، بوونەتەوە پرسیاری سەرەکی ژیان. بە دوای تێگەیشتنی واقیعدا گەڕاون و دەگەڕێن. شاعیر لەم جۆرە گەڕانەدا بنەماکانی شیعری نوێبەخشی پێکدەهێنێت و بە پەرۆشەوە ئەو گرفتانە دەدوێنێت، پاش دواندنیان لە شوێنی سەرەکی شیعردا دەیانکاتە ناوەند و وەک هەقیقەتێک چۆنییەتی ژیان و بوونی تایبەتی لەم ناوەندەدا پێشکێش دەکات.

زریان، زایەڵە، زنار لەناو شیعری کوردیدا رووناکییەکن قەتاوقەت لە کزبووندانین. لە جوانییەکی نزیکەوە سەیری ژیانی کۆمەڵگایان کردووە و لە ناو ئازار و تلانەوەکانیاندا بۆ داهێنان ژیاون و پڕن لە هێمای ژیان. لەگەڵ پێچی رۆژ و رۆژگاردا بەهای شیعرییەتیان زیاتر روون دەبێتەوە و باشەیان دەگوترێت. لە بەکاربردنێکی دەگمەندا ئەزموونی ژیان و نووسینیان مشت و ماڵ و تاقیکردووەتەوە. بێ ئەوەی لە پێناو دوارۆژدا نووسرابن. خۆیان کۆمەڵێک خاڵ و هێڵن مرۆڤی هەموو رۆژ و رۆژگارەکان دەتوانن بیکەنە تابلۆ و ماڵی فەرامۆشی و پشوودانی خۆیانی لەناو دانێن. شیعر کتێبی کراوەی فەرامۆشی و پشوودانی مرۆڤی ئازادی ویست و تەنیایە، هەلومەرجی ژیانی بەشێوەیەکی روون و رەوان دەردەبڕیت، هەر ئەمەش هۆ و ئامانجی سەرەکییە مرۆڤ خوو بە نووسینەوە دەگرێت و خۆی لە ئاکاری باو لادەدات. ئەو دەقە ئەدەبییانەی لە رۆژ و رۆژگاری خۆیاندا بچنە ناخی وەرگری ئازادی ویست و تەنیاوە، بێ چەند و چوون دۆخی مانەوەی بۆ دەرەخسێت و نیشتەجێبوونی لە دوارۆژدا مسۆگەر دەکات. خوێنەریش لە کاتی جیاجیادا دەگوازێتەوە ناو وەرگرتنێکی راستەقینەوە. ئەو ژیانەی شیعری راستەقینەی تێدا دەنووسێت لە هەموو سەردەمەکاندا بەردەوام دەبێت و بەشێوەی جیا و شێوازی هەمە جۆرەوە دووبارە دەبێتەوە، بە زیادبوونی شتی بچووک بچووکەوە خۆی ئامادە دەکاتەوە بۆ بەکاربردنێکی دیکەی کاریگەرەوە.

تایبەتمەندی و شکۆیەک لە شیعری کوردیدا بەر (ئەنوەر قادر محەمەد) دەکەوێت، لە هەرسێ کۆ شیعریدا جۆرێک کەشوهەوای تازەی داهێناوە و هێناویەتە ناو ئەدەبی کوردییەوە.

زریان: شیعری هەڵچوون و جۆرێک شکستی خودی و شکستی نەتەوایەتی.

زایەڵە: شیعری لێوردبوونەوە و رامانی هێمن.

زنار: شیعری لێوردبوونەوە و رامانی هێمن و عیرفان و غوربەتی ناخ.

لە تێگەیشتن و بەکارهێنانی زماندا ئێجگار هەستەوەر و تایبەتکارە، بە ئاسانی دەتوانی بنەما بنەڕەتییەکانی داڕشتن و خاسیەتە شێوازییەکانی هەرسێ کۆ شیعری لە یەک جیابکەیتەوە. ئەمەش گرینگترین دەسکەوتی نووسین و داهێنانە، کە لەگەڵ خوڕی و خاویی ترپە و ئاوازدا بگونجێت.

نووسەری دەگمەن ئەم جیاکارییەی بەردەکەوێت و کەموێنە و بە بەهایە بۆ ئاستی ئەدیبە داهێنەرەکانی بەرزدەکاتەوە. بۆچوونی تەواو و روونی بەرانبەر نوێبەخشی پێشکێش کردووە و هێڵەکانی لە دەقی (وەرزی سەرهەڵدانی فەرهاد- گۆڤاری بەیان، ژمارە ٨ ی ساڵی١٩٧٣، ل: ٣٠ تا ٣٢) دا دەرکەوتووە و خۆی نواندووە، هەروەها بۆچوونی لە بارەی بوون و ژیانەوەش گەرم و سەرنجڕاکێشە و ئێمە بە تێڕوانینێکی تەمومژاوی ناگەیەنێت. لەڕەوتی نووسیندا بە خودێکی هۆشمەندەوە رێگای داهێنانی گرتووە و نەچووەتە ناو هیچ ئەڵقە و داو و گرووپێکەوە. ژیان لەناو دەقەکانیدا درەوشاوەیە و قەتیش ملنەرمی دەسەڵات نەبووە. بۆچوون و ئاراستەیەکی دیاریکراویشی قبووڵ نەکردووە بۆ پێویستی ئابووری، یان راگرتنی دڵی حزبێک، یان دامەزراوەیەکی سیاسی. سێبەری سەکۆی سوڵتان و دیکتاتۆرەکان رەنگی پێڵاویان تاریک نەکردووە. دەزانێت هەنگاوی نووسین و داهێنان چۆن هەڵدەگرێت. هەنگاو هەڵێنانی نووسین لەسەر رووبەری سپی کاغەز و ئاوێنە و هاوێنەی کامێرایە. ئەم زانینە خۆی تێگەیشتنی پەتییە لە ئەدەبی بێگەرد و پەیامی ئەدەبی بێگەرد. سەربەخۆیی لە ناو کۆمەڵگای ئێمەدا دژوارترین رێگایە و هەڵبژاردنی ئاسان و بێ گیروگرفت و کێشە نییە. ئەم هەوڵ دەدات بۆ دەستەبەرکردنی دەسەڵاتی پەتیی ئەدەب، کە دەسەڵاتێکی بێگەردە و کاریگەری تا هەتایەی جوانییە. دوورە لە دەسەڵاتی بەڕێوە بردن. دەسەڵاتی بەڕێوەبردن بۆچوون و تێڕوانینی خۆی بەسەر بەرانبەر دەسەپێنیت و چاودێرە لە سەر چۆنییەتی بیرکردنەوە و هەنگاو هەڵێنانی. شاعیر سەربەخۆیی تەواوی بۆ خودی خۆی و خودی خوێنەرەکانیشی دەستەبەر کردووە. بەوەی هیچ پانتاییەکی نووسینی نەداوەتە ئەوی تر. واتا دەسەڵاتی دیکتاتۆر. لەم جۆرە ئەدەبە بێگەردەدا تەنیا گوێت لە لێدانی دڵی ئەدەبی بێگەرد و ویژدانی جوانی و خولیا و چێژی دەگمەن دەبێت. هەموو ساڵێک بۆ حەجکردن سەردانی مەڵبەندی لە دایکبوونی خۆی، (عەربەت) دەکات و بە بچووکترین توخمە ناوچەییەکانییەوە پێبەستە. جەژنی لە دایکبوونی سەر زەوی (١٩٤٧/٧/١) بۆنەیەکی ئەدەبی و نەتەوایەتییە، هەروەها جەژنی لە دایکبوونی ژێر زەویشی بۆنەوەیەکی تری

ئەدەبی و نەتەوایەتی دەبێت، پێویستیشە لە گۆڕستانی ناودارانی وڵات بە خاک بسپێردرێت. ژیانی شیعری لە کۆ شیعرێک بۆ کۆ شیعرێکی تر رووەو گەشە و جیاکاری دەڕوات. متمانەی تەواوی لای کتێبخوێنی ئەدەبیات دروستکردووە و نوێبەخشی و هاوچەرخییەتی خۆی دەپارێزێت. ئەگەر دیوانی شاعیرانی ناوداری کورد لە کتێبخانەیەکدا ریزبەندییان بۆ بکرێت دیوانی ئەم شاعیرە شکۆی ئەوەی دەبێ بە تەنیشت دیوانی (نالی و مەحوی و مەولەوی و گۆران و دیلان)ەوە دابندرێت. خۆی بە وێنەی ئاڵۆز و لێڵەوە سەرقاڵ نەکردووە و پاراوییەکی ئێجگار بەتینی تێدایە و پەیوەندییەکانی وێنە بە حیکمەت و هەستی ناخییەوە دەستنیشات دەکات. دەتواندرێت زۆر خاسییەتی شیعری لەم شاعیرەدا بناسرێتەوە. ترپە و ئاوازی داستان و بەیتی بە تێگەیشتنەوە وەرگرتووە و وەک پێویستییەکی نوێبەخشی ئاگاداریانەوە و لە کارەکانیدا خاسییەتێکی کاریگەری شیعرین. ترپە و ئاوازی داستان پێویستییەکی بنەڕەتییە بۆ نوێبوونەوە و سەرچاوەیەکی روون و پڕ بەهرەیە بۆ بە دەستهێنانی پەنچەمۆری سەربەخۆیی داهێنان و ناسینی رەگوڕیشەی دیاردە جیاوازەکان. ئەم شاعیرە لەم قەڵەباڵغی و هەرا و زەنایەی ئەمرۆ خۆی بەدوورگرتووە و دوورەپەرێزی کردووەتە ئامانج و دۆخێکی سروشتی وەرگرتووە. رووگەنمای شیعری دۆزیوەتەوە و بزری ناکات و دەیپارزێت. بزری بکات، یان بە موو لێی لابدات دەبێ سوژدە بۆ ناڕەوایی، یان ساختەکاری ببات، توانایی نووسینی لە ناودەچێت. ئەم بە تەنیا و بەس سوژدە بۆ (خودی تەنیا) و (شیعری بێگەرد) و (توانایی نووسین) دەبات. زۆربەی کاتەکانی لەماڵەوە، ماڵی پشوودان و خۆشبەختی نووسین. بەسەر دەبات. واتە لەگەڵ خۆدانیشتن و تێڕامان لە دووری و ئاسۆکانی کتێب و خوێندنەوە و نووسین. تەمەن و ئەزموون ئەوەیان تێگەیاندووە و بۆیان یەکلایی کردووەتەوە، کە دوورەپەرێزی بەتێگەیشتنەوە پەروەردە بکات. نەک گۆشەگیری و دابڕان لە واقیع و دەوروبەردا. واقیع بۆ پشتگیری لە خۆکردن، گومان لە دەربڕینی پرسیارەکانی خۆی ناکات. واقیع وەک کۆمەڵێک پرسیاری بەردەوام ورووژاو وەردەگرێت و دەیدوێنێت و تێڕوانینیشی لە واقیعدا کورت ناکاتەوە، یان واقیع وەک تاکە بۆچوونێک لە بیرکردنەوەیدا باڵا نییە، بەڵام بە توانا و مۆسقایەکی هێمنەوە گوێی بۆ شل دەکات و ئەو ماوەیەی وەردەگرێت و دەیکاتە سەرچاوە و بەهرە و سرووش، کە دەکەوێتە نێوان خودی شاعیر و واقیعەوە. ئەو ماوەیەش دیار نییە خوێنەر لە چێژ و بیرکردنەوەی خۆیدا وێنای دەکات. دوورەپەرێزی بەتێگەیشتنەوە، توانایی مرۆڤ هەڵدەسەنگێنیت

و دەیداتەوە دەستی بۆ ئەوەی لەناو کێش و پێوانەی لە مەحەکداندا توانای خۆپێشکێشکردن و خۆدەستنیشانکردنی هەبێت. کێش و پێوانە و قەبارەی خۆی بدرێتەوە دەست. دوورەپەرێزی خوێنێکی زۆر بەهێز و پاراوە بۆ نووسین و چەمکی پیرۆزی و ئاسوودەیی ماڵ قووڵ دەکاتەوە و شیعری بێگەردیش لە هەرا و زەنا دەپارێزێت، هەروەها لەگەڵ خوێنەرە زەینییەکانیدا دەکەوێتە پێوەندییەوە و بە باشی لەگەڵ یەکدا هەڵدەکەن. خوێنەری زەینیش خولیای زانیارییان هەیە و بڕوا و بۆچوونت وێنا دەکەن.



**قەڵەمکێشی سەلام محەمەد بە وشە**

ئەدیب لە کرۆک و ناوکی خۆیدا بۆ مرۆڤ و ئەو بەشەی سروشت دەنووسێت، کە سیما و خەسڵەتی مرۆڤیان وەرگرتووە، یان لە سیما و خەسڵەتی مرۆڤدا بوونی خۆی دەدۆزێتەوە و دادیدەڕێژێت. بەو شێوەیە ئەدەب مرۆڤ دەخاتە چەقی گەردوون و زەمینێکی تاک و شایانی بۆ تەرخان دەکات. ئەو دێرە تیژانەی لە ناو شیعرەکانی (سەلام محەمەد)دا بە دوای ڕاست و چەپی خۆیدا دەڕوانێت. دەردەکەون و ون نابن، ئەوە داڕمانی بەها و ناکۆکی و پێوەندییە هاوسۆزەکانن، لە بارێکی دیاریکراودا دەردەکەون و هاوسەنگی هێما و هێماپێکراوێک بە تەواوکردنی یەکتری دەدەن. زۆر لەسەر ڕستەی سەرەتا و کۆتایی رادەمێنێ، وەک بڵێی سەرەتا و کۆتایی بکاتە ناوەند و نوختەی بینینی دۆخگۆڕین. گرژیی لەنێوان دێرەکانی سەرەتا و کۆتاییشدا وەک هونەرێک دەمێنێتەوە و ئاسۆ و دوورییەک وەردەگرێت. سەرەتا و کۆتایی دەبێتە بەشێک لە بنیادی پێکهاتەی واقیعی شیعرەکە و دەخرێتەڕوو، ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لەودا پێکهێناوە. دەکرێت ئەم تین و تاوەی سەرەتا و کۆتاییە وەربگرین و بڵێین جۆرێکی زۆر تایبەتە بۆ دامەزراندنی پێوەندییەک. ئەم پێوەندییە سەر بەدەقێکی دەستنیشانکراوە و

هەوڵی دووبارە ڕێکخستنەوەی ڕەوت و مانای ناو دەق دەدات. خۆی شێواز و فۆرمێکی پەرەپێدراوی کولتووری خۆماڵییە. نموونە، بەیتی کوردی وەک هەستی ڕاستەقینەی خۆی زۆر لە سەرەتا و کۆتاییدا ڕادەمێنێ. کەواتە ئەم شێواز و فۆرمە پرسیارێکە لە بارەی ئاکامی بەردەوامبوونی کولتوورەوە. دەتوانین ئەو شێواز و فۆرمە بە هەقیقەتێکی نوێبەخشی بزانین، چونکە سەرەتا و لە پێشتردا بووەتە هۆی بەدیهێنانی پێویستییەکانی نوێبەخشی. هەموو ئەدیبێکی نوێبەخش خاوەنی هەقیقەتی باڵای خۆیەتی. ئەم هەقیقەتەش تەنیا شێواز و فۆرمی نووسینەکەیەتی. لەم جۆرە نووسینەدا ئەدەب زۆر لە ڕۆژانەی واقیع دوور ناکەوێتەوە و هەموو شتێک پێکدەهێنێت. وردبوونەوە لە وردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانە، کە ئێستێتیکایەکی بیندراوی بە شێوەی جووڵاو تێدا پێشکێش و پەخشکراوە، یەکێکە لە کانگاکانی بەهرە وەرگرتن و ختووکەدانی ناخ بۆ دۆخی شیعری، دۆخی شیعریی جیهان و کرۆک و ناوکی مرۆڤە و بە قووڵی ڕێزی ژیانی تێدا دەگیرێت. شیعر ئەگەر بە قووڵی ڕێزی ژیانی تێدا نەگیرا، بێ بگرە و بەردە ڕووکەش و یەک ئاستە.

زمان لای وەک موگناتیس وایە ئامانجی دەربڕین و کەرەستەکانی داهێنان لە بیرکردنەوەی داهێنەر دێنێتە دەرەوە بۆ جووڵاندن و خۆدەربڕین. پێوەندیی نێوان وێنەی هەستی و وێنەی زەینی بەرەو هەڵوەشانەوە دەبا و وێنەی ویستی کۆمەڵگای کوردی دەکێشێ، کە ویستێکی کۆ واتایە و بە دوای داگیرسانی هێڵێکی سەوز سەرگەردان و ماندووە، کە وەرچەرخان و گۆڕانێک دروست بکات، شیعر دەکاتە جێگرەوە و جێگرەوەش دەکاتە شیعر و خۆی تێدا دووبارە دەکاتەوە، وەک چالاکییەکی بیندراویش بەشداربوونی کارای خۆی لەناو پێشان دەدات و پێکهاتە وەردەگرێت. ئەگەرچی ئەو بۆچوون و پێودانگ و جێگۆڕکێکردنە جۆرە ڕایەڵێکی هەڵخەڵەتێنەری شیعری بێگەردە. بۆ بەرهەمهێنانی شیعری بێگەرد، هەزار ڕێگا هەیە بۆ خۆدەربڕین و خۆهێنانە سەر دۆخی داهێنان و دەست لە دڵی شتەکان دان و ڕۆچوون بەناو سەرزەمینی شیعردا.

مرۆڤ شیعر بنووسێت و سیاسەتیش بکات، بێ هیچ گومان و دڵ لە دڵدانێک لە یەکێکیاندا سەختەکارە. بەشێک لە شاعیرانی ئەمڕۆ هێندەی خەریکن لە ناوەندە سیاسییەکان نزیک دەبنەوە، کەمتر لەوە خەریکی شیعری بێگەردن.

هەر دەقێکی شیعری بارێکی تایبەتی داهێنەر دەهێنێتە ئاوێنەی بەرانبەر بۆ خۆناساندن و جۆرێک گفتوگۆ و لێوردبوونەوە، پێویستیشە بەو پێودانگە، کە بارێکی تایبەتە لێی وردببینەوە، چونکە بارە تایبەتەکە ئەو هۆ و ئامانج و

دەرهاوێشتەیەیە دەقە شیعرییەکەی لێوە بەرهەم هاتووە و بووەتە ئامادەبوون لە بووندا. باری تایبەتیش، کە بوو بە بەرهەم، دەگات بە بەدەستهێنانی ئاگایی نووسین و دەبێتە ئاکارێک بۆ سروشتی خودی، سروشتی خودیش دڵگەرمی و هەستیاری لەبارە تایبەتییەکەی نووسەر دەکاتە هێما و هێماپێکراو و وێنەی گەورە، یان بچووککراوی چۆنیەتی بیر و بیرکردنەوەی. لەم ئاڵوگۆڕ و کردەیەدا خودی نووسەر دەبێتە خودی ئەدەب و نیشانەی هونەریی ئەدەب دەدۆزێتەوە. لەم حاڵ و بارەدا هونەری دۆزراوە بۆ بەرانبەر شیاوی تێگەیشتن دەبێت و بە باڵاترین پلەی خۆی گەیشتووە.

سۆفی لە دەروونی خۆیدا بە دوای ئازادیی خوداییدا دەگەڕێت و لە ئازادیی خوداییدا هەقیقەت داپۆشراو نییە. دەقی (هەنگوینی تاڵ- گۆڤاری بەیان، ژمارە ١٣٨ی ساڵی١٩٨٧، ل: ٦٢ تا ٦٣)دا. بە شێوەیەکی پڕشنگدارانە دەربڕین لە هەڵبەز و دابەزی رۆحێکی پڕ گومان و پەرێشان دەکات. زیاد و کەمی لە دەقەکەدا فڕێداوە و کاکڵەی هێشتووەتەوە، واتا جومگە سەرەکی و پێویستییەکان. خاوەنی ئەزموونێکی تێرامان و لێخوردبوونەوەیە لە ژیانێکی جەنجاڵدا، ئەزموونی رۆح رایەڵ و هەستێکی رەسەنە لە ئامادەبوون لە بووندا، بوونێکی پڕ گومان و پەرێشان. ئەم شیعرە تایبەتێکە لە روخسارە کاریگەرەکان و ئەو شتە دەردەبڕێت، کە شاعیر لە رۆحیدا، یان لە شوێنێکی نزیک رۆحییەوە بە دوای سەرهەڵدانیدا عەوداڵە و سەرسام و چاوەڕوان لە پێشوازیدا وەستاوە.

بۆ نیشاندانی کاکڵەی رۆحێکی پڕ گومان و پەرێشان. ئەم شیعرە بژاردەیە، بە تین و تاو و سەرنجی تەواوەوە لە ریشاڵی دەروون دەڕوانێت و کرۆک و ناوکی هەستەکانی ئەزموون دەکات. پاش ئەزموونکردن و مامەڵە لەگەڵ کەرەستە ئەزموونکراوەکەدا دەیگوازێتەوە پانتاییەکی پیشاندراو. بە بوونێکی دیار و ئامادە و ئازادەوە لە (نوختەی بینین)ی نەمریی و درەوشانەوەدا دەوەستێت. وەک سۆفی لەگەڵ بنەڕەتی بوونی خۆیدا گفتوگۆ پێکدەهێنێت، گفتوگۆش یارمەتی بیرکردنەوەی دەدا، زمان و شیعر وەک خود و سروشت بەناو هەموو شتەکاندا تێدەپەڕێنێت، بەرانبەر هەموو شتەکانیش دەیانوەستێنێت، هەریەکەیان لە رێگای ئەوی تریانەوە هەست پێدەکرێت و دەبێتە هۆی رووداو و چالاکی بوونی باڵا.

ئامانجی نووسین خەیاڵ و واقیع بەگەڕ دەخات بۆ پێشبڕکێ و ململانێ. خەیاڵ واقیع دەهێنێتە یاد و واقیعیش خەیاڵ تیشکدار و دەوڵەمەند دەکات. لەم شیعرەدا تیشکی دەروون دەوڵەمەندی و بەهێزی و باوەڕبەخۆبوونی بە شاعیر داوە و لە کاریگەرییەکانی دەرەوەی رزگار کردووە. وێنە بە هێزێکی جۆراوجۆری،

ویستی و نەستی و نیشانەی پێوەندییەوە، خۆی زاڵ دەکات و خەیاڵ زاخ دەدا، هەستیارییەکی پەنهان لە وێنەکان پەخش دەبن، بە هۆی زاوزێکردنی یەک بە دوای یەکی وێنەکان دەتوانین دەست لە هەستیارییەکان بدەین و فەزای چوار دەوری ویستی و نەستی و نیشانەی پێوەندیی وێنەکان ببینین. بەم جۆرە کەسایەتییەکی پڕ گومان و پەرێشان لە ململانێ لەگەڵ خۆیدایە و دووچاری خۆخواردنەوەی بەردەوامی دەکات. ئەنجام لەناو گومان دێتە دەرێ و گومانەکە خاو دەکاتەوە، بە دەستەواژەی (چەندین بیرەوەری رەشت بۆ جێهێیشتم)، یان (بۆ بەیانی پەشیمانم) خۆی بەختەوەر و خۆشحاڵ دەکات و پیرۆزییەک بە خۆی دەدات، خودی پیرۆزییەکەش لە رەوتی دەقەکەدا دەردەکەوێت و ون نابێت. تێیدا هەقیقەتی رۆحی خۆی بەرجەستە دەکات و ئەوپەڕی بوونی خۆی دەسەلمێنێت. لەگەڵ ئەم بەرجەستەکردنەشدا بۆ سازدانی جیهانی ئەدەبی. سروشت هاوتای مرۆڤە، سروشت وەک بابەت لە ئەزموونی ئەم شاعیرەدا کەم مامەڵەی لەگەڵ کراوە، یان لابەلا هاتووەتە ناو دەق و پەیوەستێکی قووڵ و قووڵبوونەوەی نییە. بارودۆخ و سەردەم و رووداوە جیاجیاکانی کات و شوێن دەبنە هۆی پێکهێنانی نووسەر، بەڵام کە نووسەر لە رێگای نووسینەوە گەڕایەوە سەریان، ئەوکاتە بارودۆخ و سەردەم و رووداوە جیاجیاکانی کات و شوێن دەبنە ئامانجی نووسین.

دەق

## دەق


ستیانەکەت — **حەمەکاکەڕەش**

من — **ناڵە حەسەن**

قەتارچییەکەی ڕێگەی باران — **یونس حوسێنی**

عەشق و هەژاریی — **محەمەد ناکام**

قیبلەی من، دڵی یارە — **حەسەن نازدار**

دیدار لەگەڵ شێرکۆ فەتاح — **سازدانی: سیروان ڕەحیم**

# ستیانەکەت

حەمەکاکەڕەش



**مەمکەکانت دوومنداڵن**

**بە ستیانەکەت بڵێ: چۆن منداڵ زیندانی دەکرێ**

***

**ستیانەکەت پڕدەکەم لە جریوەی چۆلەکە**

**تا مەمکەکانت لە زیندانا غەمگین نەبن**

***

**ستیانی ڕەش لە مەمکەکانت مەکە**

**دەترسم لەو زیندانە تاریکەدا**

**مەمکەکانت کوێربن.**

***

**لە ستیانەکەتا**

**کلووە بەفرەکان**

**بەگریانەوە**

**دەتوانەوە**

***

دەریای مردوویش
مەمکەکانتی بینی
کەوتە شەپۆلدان

***

هەناسەی من بۆنی جگەرە و
دەمی ستیانەکەت بۆنی مەمکی لێدێ

***

مەمکەکانت لەسەر دیواری ستیانەکەت
شتێکیان نوسیبوو

***



کە مردم
ستیانەکەت
بکە بە کێلی گۆڕەکەمەوە.

***

تەنیام و
ستیانەکەت وەک دوو ئینجانە پڕدەکەم لەگوڵ
بەخەیاڵی مەمکەکانتەوە بۆنی گوڵەکان دەکەم

***

لەجێی ئالاو وێنەی سەرۆک
ستیانەکەت لە چوارچێوە دەگرم

***

هەرتۆ وێک لە ستیانەکاتا بڕوێنم
دەبێتە گوڵی مەمک.

***

کە مەمکەکانت تەنگەنەفەس دەبن
بیر لە راپەڕینێک دەکەمەوە دژی ستیان

***

ستیانەکەتم برد بۆ باغ
نە سێوێکی لێکردەوە
نە دەستی برد بۆ هەناریێ.

***

لەژێر ستیانەکەتەوە
دەریایەک شەپۆل دەدات

***

ئەگەر میراتی تۆ بە من بگات
هەر ستیانەکەتم دەوێ

***

بێدەنگی مەمکەکانت لەدەستمدا دەزرنگێتەوە.

***

باران دەباری دڵۆپێک باران کەوتە ناو ستیانەکەتەوە
دوای چەند رۆژ کە ستیانەکەت کردەوە
وەک منداڵێک سەری خستبووە سەر مەمکەکانت و خەوی لێکەوتبوو.

***

بێزارم بێزار
وەک مەمکەکانت لە ستیانەکەت
ئاوا لەخۆم بێزارم.

***

ئەو گوڵەی داوتە لە ئێخەت کەمێک ژاکاوە
ستیانەکەتی بۆ بترازێنە
تا بکەوێتە بەهاری مەمکەکانتەوە.

***

خۆزگە ستیانێکی رەنگسوور دەبووم
بە مەمکەکانتەوە

***

وامزانی باڵندەیەکی برینداره
ستیانەکەت بە تەنافەوە.

***

بەبێ مەمکەکانت ستیانەکەت دوو چاڵی بەتاڵن
بەبێ ستیانەکەت مەمکەکانت، دوو لوتکەی خەیاڵن

***

دڵم تەنگە وەک ستیانەکەت

***

**بە شۆرین لێنابێتەوە**
**خەمی مەمکەکانت**
**بە ستیانەکەتەوە**

***

**مەمکەکانت جوانترین دووتەنیان**
**دووتەنیاترین جوانن مەمکەکانی تۆ**
**ستیانێ داگیری کردوون**
**دیکتاتۆرێکە لە پەڕۆ**

***

**ئەگەر منالۆ ببمەوە**
**لە ستیانەکەتا خۆم دەشارمەوە**
**تاکو بە منداڵی بمێنمەوە**

٢٠١٢/٥/٢٤



# من

بەشی دووەم:

**ناڵە حەسەن**

-١-

**من هەموو ئاوێنەکانم تاقیکردەوە**
**ئاوێنەی عەشق**
**ئاوێنەی مانگ**
**ئاوێنەی پاییز**
**ئاوێنەی باخچە**
**ئاوێنەی ئاو**
**لە هەر هەموویاندا**
**خۆم تەڵخ و شێواو و نابووت بینی**
**منی رۆح پەپوولەیی و خەیاڵ لێوانلێو لە گوناە**
**ئیتر دەبێ چاوەڕێی چیتر لە ئاوێنەکان بکەم**
**بۆیە ئێستا من رقم لە خۆم نا**
**رقم لە هەموو ئاوێنەیەک دەبێتەوە**

-٢-

**من هەموو غەریزەکانی نێو ناخی خۆمم تاقیکردەوە**
**جڵەوی تەنیایی خۆمم تەسلیم بە هەموویان کرد**
**غەریزەکانی ئیرۆسیم لە هەموویان**
**میهرەبانتر و گەرموگوڕتر و**
**لە هەموویانەوە پتر لە خۆمەوە نزیک بوون**

-٣-

**من لە هەموو دەرگاکانی عەشقم دا**
**لەو سەرەوە**
**دڵشکاو و ناموراد و بێئاکام هاتمە دەرەوە**
**دەکرێ ئێستا ناوم بنێن**
**دۆڕاوترین عاشقی دنیا**

-٤-

**ئەو رۆژەی من تیا لەدایک بووم**
**هەر هەمان رۆژ**
**ئەستێرەیەکی ئیرۆسی هاتۆتە دنیا**
**لەو چرکەساتەش کە ژیان جێدەهێڵم**
**هەر هەمانکات**
**ئەستێرەیەکی سۆزانی دووگیان دەبێت**
**وای پێگووتم**
**پیاوە سپییە نوورانییەکەی نێو خەونەکانم**

-٥-

**من کە دەڕۆمە کەنار دەریا**
**نیگاکانم پێم دەڵێن**
**ئارامی ئاو**
**لە ئارامی ئەویندارەکەم دەچێ**
**ئەوین**
**ئاو**
**ئەو**
**ئەوین هەمیشە ئاو**
**ئاو هەمیشە ئەو**
**ئەو هەمیشە ئەو**

-٦-

من حەزدەکەم
هەموو ژیان لەنێو تۆدا بتوێتەوە
تۆش لەنێو من
من حەزدەکەم
تۆ لە هەموو مەخلوقاتێک ئاسوودەتر بیت
منیش لە تۆ

-٧-

من لەنێوان
گۆزەیەک پڕ لە شەراب و
گۆزەیەک پڕ لە شەونمی عەشق و
گۆزەیەک پڕ لە لیکی سۆز
سێیەمینیان هەڵدەبژێرم
من وام
سۆز دەمگەیەنێتە نێو
رووبەرەکانی ئیرۆس



-٨-

من کەسێکم
هەمیشە
رابردووی خۆمم لەنێو
چارۆگە ئاوریشمییەکەی ئایندەم
لوولداوە
بۆیە ئێستا
ئایندەم بە دیار
جەستەی رووتی رابردوومەوە
شمشاڵ لێدەدا

-٩-

من گەر تەنها سێ رێگەم لەبەردەم بێ

لەم سێ ڕێگایەش تەنها یەک شانسم هەبێت
ڕێگای یەکەم:
گەر کچێکی نەشمیل و جوان
دوگمەی سوخمەکەی کردبێتەوە و
بە زەردەخەنەیەکی ئیرۆسییانە چاوەڕێم بکا
ڕێگای دووەم:
گەر کەسێک مەدالیەکی زێڕینی بەدەستەوە بێ
بیەوێ لە سینگمی بدا
ڕێگای سێیەم:
گەر نیشتمانە غەریبەکەم
بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە
باوەشی بۆم کردبێتەوە و بانگم بکا
بەبێ هیچ شک و گومانێک
گورج گورج
بەرەو نیشتمانەکەم دەڕۆم
دەڕۆم و بە ئارامی لە باوەشیا رادەکشێم
رادەکشێم لە باوەشیا، تا خەون بینین...!

-١٠-

رۆژی لەدایکبوونی من
لەو کاتەوە دەست پێدەکات
کە مۆمی هەموو خوداکانم
لەنێو دڵ و لەنێو بیرکردنەوەکانی خۆم
کوژاندەوە
خودای ئاسمان
خودای زەوی
خودای ناو کتێبان
هەر هەموویانم یەکبەدوای یەک
لەنێو دەمار بە دەماری خەیاڵ و جەستەم
رەشکردنەوە

-١١-

من ئەوەم دەزانی
تۆ هەموو پاییزانێک دەهاتیەلام
شەوانان
نەرم نەرم و شل شل
بە شیلە شادومانییەکانی شەهوەتت
جەستەمت دەشێلا
یان زستانان
لە کونجی ماڵەکەت دەمایتەوە و
نامەبارانت دەکردم
یان هاوینان
لە کەنار دەریایەک
رووت رووت رادەکشایت و
لە چاوەڕوانیم رادەمایت
یان بەهاران
لە ژوانەکانی بەرباران
خۆت بە باڵام دەنووساند و
تا تەڕ دەبووین
تەڕ تەڕ تەڕ
بەڵام ئێستا
نە شێلانی شەوانان و
نە نامە ئاگراویەکان و
نە چاوەڕوانییە ئیرۆسییەکان و
نە ژوانە بەربارانییەکان و
نە پاییز و
نە زستان و
نە بەهار و
نە هاوین
هەموویان بوون بە خەونێکی خۆڵەمێشی
هەر دەڵێی،
بەبێ وەرز و



**بەبێ تەرزە و**
**بێ توانەوە و**
**بەبێ ترپەترپی دڵە ژیانی من**

-١٢-

**من کە دەچمە نێو تەمەنەوە**
**تەمەنی شیعریم نا، تەمەنی خۆم**
**وا هەست دەکەم**
**لە ژیان دوور دەکەومەوە**
**دوور دوور دوور**
**من کە دەچمە نێو تەمەنەوە**
**تەمەنی خۆم نا، تەمەنی شیعریم**
**وا هەست دەکەم**
**لە ژیان نزیک دەبمەوە**
**نزیک نزیک نزیک**



-١٣-

**سنووری نێوان من و نیشتمان**
**وەک سنووری نێوان**
**من و شیعر وایە**
**بۆیە کە باسی خۆم و نیشتمان دەکەم**
**خەون رادەچڵەکێ**
**یان کە باسی خۆم و شیعر دەکەم**
**عەشق رادەچڵەکێ**
**یان کە باسی خۆم و مردن دەکەم**
**ژیان رادەچڵەکێ**

-١٤-

**من بەنێو رەنگەکانی باران و**
**رەنگەکانی با و**
**رەنگەکانی پاییز و**

**رەنگەکانی ئاگر و**
**رەنگەکانی جەستەی تۆدا پەرتبووم**
**تۆش بەنێو رەنگەکانی نێو خەونەکانی من**
**من هێندەی دەکەم**
**نە خۆم بۆ کۆدەکرێتەوە نە تۆش**
**نە دەستم بە مەمکی خەونەکانم رادەگات**
**نە مەمکەکانی تۆش**
**-١٥-**
**زۆر بە سادەیی دەتوانم پێت بڵێم**
**تۆ منت ئاشنا کرد بەخۆم**
**تۆ منت ئاشنا کرد**
**بە نیگارە ئەبستراکتەکانی عەشق**
**بە ئیرۆسییەتی رەنگەکان**
**بە فرمێسکەکانی خۆرەتاو**
**بە گوڵە رەشەکانی بەفر**
**بە سەرمەدی سنەوبەرەکان**
**بە سەمفۆنیای شەودرەنگانی ئاو**
**بە زمانی باڵندەکان**
**بەڵام تەنها شتێک کە نەتتوانی**
**من ئاشنا بکەیت بە خۆت...!**

سەرەتای ئۆکتۆبەری ٢٠١٢

# قەتارچییەکەی ڕێگەی باران

**بۆ کوردۆی ئازیز،**
**ئەو پیاوەی مەودا دەبەزێنێ و کات رادەگرێ**

**یونس حوسێنی**



**باران دەبژێری**
**نێرگس دەخەوێ**
**بە سەفەریا رۆژ هەڵ دەگرێ**
**تا لێوەبوون و عاشقی**
**عەترت پەلکێش کە ئێوارەم**
**کاولیم روو لەسەفەرە و**
**پڕ دەستم بۆشایی ژیان**
**قەتارچییەکەی رێگەی باران**
**لە چرۆدا حزوور و**
**غەریبیم پەڵەی داوە**
**لە چاوەڕوانی رێگادا**
**رێبواریت دەبێ بقەومێ و**
**قومار بکەی بە دڵتەنگی**
**دەست لە تۆ و سەفەر لە من**
**گرێ بیانووی عاشقییە**

٢٠١٢/١٢/١٢
سلێمانی

Yones.hosini@yahoo.com

چیرۆک

# عەشق و هەژاریی

محەمەد ناکام

**سفر**

کێ پێی گوتیت کە من لێرەم! هەر کە تۆزێک سەرم لەژێر شەپۆلە بەخورەکانی ئەم ژانەسەرەوە دەرهێنا و هەر کە ئەم سۆندە و وایەر و جلە سەیرانەیان لە حوشترەکەم دامالی، بە یەکەوە دەچینەوە بۆ مالەوە. بەهـ بەهـ چ زوو وا گەورە بوویت! چیدی پێویست ناکات بە نهێنی بژین، دەترسم دوای ئەم گەورەبوونەشت هەر قسەم لەگەلدا نەکەیت، دەی قەیناکە با هەر من قسە بکەم...

من ئێستا دەلێی خەون دەبینم، خەون بە خانووە کۆنەکەمانەوە کە بەر جاددە کەوت، بە گواوە رەشەکەی تەنیشتمانەوە، بە ژێر زەمینەکەوە کە سالانێک مالی مانگاکە بوو. بە حەوشەکەمانەوە کە پڕبوو لە کەپری مێو، ئاسمانێک بوو لە بەرسیلە. بە تەنەکە و مەتارە و قریوەی کچانی دەوری کارێزەکەی سەعید بەگەوە، بە پێکەوە ژیان و هەژارییە جوانەکەی ئەوسامانەوە. پاییزی برام گەشتی نەکردووە، باوکم خانەنشین نەکراوە، دایکم کە پەلەی هەموو شتێکی بوو، مردن نەبێ، زیندووە. مامۆستای برام مامۆستا نییە، ژنیشی نەهێناوە، عەلی برام ناوی دلشادە و بە دارشەق دەڕوات بەڕێدا و بەردەوام جلی کوردی لەبەردایە. خوشکەکانم چاوەڕێی مالە مێردن و ورتە ورت لەبەر خۆیانەوە چەندین ناوی ئەفسانەیی و ناوی پیرۆزیان بۆ مندالەکانیان دۆزیوەتەوە. ژیان سادە و کەم بریقەیە و گەمارۆ نەدراوە بە شالاوی بەجیهانیبوون و لە کوردچوون و لە هۆشچوون. بنمیچی ژوورەکان دارەڕایە، شووشەی پەنجەرەکان نایلۆنە و یەک تەلەفزیۆنی رەش و سپیمان هەیە کە کۆنترۆلەکەی منم. دەرگای حەوشەکەمان بەرامبەر دەرگای حەوشەی ئەو ژن و پیاوەیە کە گۆشەی گۆڕستانێکیان پڕکردووە لە مندالی ساوا و تازەکی کچێکی زیندوویان بووە و بە نیازن ناوی

بنێن ژیان. لە خۆرئاواوە دراوسێی گواوە رەشەکەی شارین، کە بەردەوام قتولەی بێسەر و تەنەکەی قوپاو و پلاستیکە شکاو و پەڕۆی دڕاو و تەختەی سووتاو و پێڵاوی لینگە و لینگ و مەتارەی هەڵدڕاو و زۆر شتی تریش گەشتی پێدا دەکەن و بە نۆرە و بە یەکەوە و بە تەقڵە و سەر بەرەوخوار خلۆر دەبنەوە. لە خۆرهەڵاتیشەوە بە تەنیشت ماڵی عوسە شێتەوە بووین، باوکی عوسمان تازەکی ژنێکی تری هێنابوو، زوو زوو لەگەڵ دایکی عوسماندا بەشەڕ دەهاتن و دەبایە دایکم و ژنانی گەڕەک ئاشتیان بکەنەوە. ئەوکات زوو زوو میوانمان دەهات، گەر میوانەکە خۆمانە و هەژاربایە، سینییەک مێوژ و قەزوانمان لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا دادەنا و دەکەوتینە داقرماندنیان و تا میوانەکە دەڕۆیشت بە زاری پڕ لە مێوژ و شەویلگەی ماندوو و گوێی قوتەوە دەستمان بۆ لای سینییەکە درێژ دەکرد و یادەوەرییەکانی کاتی شۆڕش و دەربەدەری و کۆڕەوەکە دەبوونە شەوچەرەی رۆشن و شیرین و ئارامییان پێ دەبەخشین و هەموو دیمەنە مەرگبار و ناخۆشەکانیشمان بە شادمانییەوە دەگێڕایەوە و هەموو هاوار و گریانەکانیشمان بە پێکەنینەوە قوت دەدا، بەڵام گەر میوانەکە دەوڵەمەند و بە جۆرێک بووایە، دایکم لێنەدەگەڕا هەژاریمان پێوە دیاربێ و پێنج دیناریەکی لولکراوی لە بن گیرفانی سەڵتەکەیەوە دەردەهێنا و چەند دینارێکی ئاسنیشی دەدامێ و هەر زوو بە دزی میوانەکانەوە بەڕێی دەکردم بۆ بازاڕەکەی کارێزە وشک و بە چپە دەیگوت، بە گورجی برۆ و بە گورجی وەرەوە، بزانە سێو یان پرتەقاڵ، خەیار یان هەنار، کامیان لە کامیان هەرزانترە و ئاگات لە دەستی کابرای میوەفرۆش بێت و نەهێڵێت میوەی گەنیوت بۆ بکاتە ناو کیسەکەوە، یان لە کێشانەدا فێڵت لێ بکات. هەستێکی سەیر و شادیهێنەر بوو، نەختێک پارە لە نێوانی پەنجەکانمدا بوو، بۆم هەبوو پڕ بە گلێنەی چاوەکانم لە چاوی سەبەتەی میوەکان بنۆڕم و دوای کەمێک ڕاڕایی و گومان، هەموو جارێک لامدەدایە لای ئەو پیاوەی هەمیشە بە دەنگی بەرز دەدوا و کوڕەکەیشی کە هەر هێندەی من دەبوو، وایەرێکی کارەبا بە گوێی چەپییەوە بوو. هەموو جارێکیش لە بیرم دەچوو سەیری دەستی کابرا و هاوسەنگی تەرازووەکە بکەم و بێ ویستی خۆم لێشاوی بینین و تامکردن و بۆنکردنم بەردەبوو، بە خەیاڵ رێگەیان پێدابووم لە ناوەڕاستی دوکانەکەدا چوارمشقی لێی دابنیشم و تا سەرم گێژ دەخوات، پرتەقاڵ بخۆم. تا دەڕشێمەوە، قەپاڵ لە سێوی زەرد و جارجارەیش سێوی سوور بگرم. شەلاڵ بووم لە شیلەی هەناردا و هێشتا تەشتێک هەڵووژەش ماوە بیخۆم. ئای بوبوگیان، چەندە هەستم بە شانازی دەکرد کە سەری کیسەیەک

میوە لە نێوانی پەنجەکانمدا بوو، مەیلم لێبوو یەک بەیەک لە دەرگای ماڵی هاوڕێکانی خوێندنگەم بدەم و پێیان بڵێم، ئەها ببینن، ئێمەش میوە دەخۆین. مەیلم لێبوو بە خێرایی بە بەردەرگای ماڵی هەموو ئەو کیژانەدا بڕۆم کە وەکو ئێستای تۆ خۆشم دەویستن. دوای کەمێک کۆڵانە و کۆڵان خەیاڵ دەیگەیاندمە ماڵەوە و بەدەم شووشتنەوەیانەوە دانە بەدانەی میوەکان سەیر دەکران و دەیانگوت، پف گێژە، ئەم میوە جوان و باشانەشت هێناوە ئەوەندەشت پێچوو، سەیر سەیر شتی وەهای تێدایە مانگاکەش نایخوا، بەڵام لە پێش چاوی مندا هەموو میوەکان ساغ و جوان بوون. دوای میوان بەڕێکردنیش من و خوشکەکانم بەدەم پێکەنین و یەکدی خەڵەتاندنەوە توێکڵی پرتەقاڵەکانمان بەش دەکرد و ئەو ئاوە بۆن خۆشەی لە توێکڵەکاندا بوو، دەمانگووشییە سەر پێستی گەڕ و چرچبووی پشتە دەستمان و روخسارمان و ئەو شەوە بە بۆنی پرتەقاڵەوە دەخەوتین. ئاخر بوبوگیان لەو شەوانەدا کەسمان لە کەسمان زیرەکتر و وریاتر نەبووین، کەسمان لەویترمان پۆشتەتر و بەڕێزتر و گەورەتر نەبوو، خوێندەوار و نەخوێندەوار لە خوێندنگەی هەژارییدا دەمانخوێند و من لەو خوێندنگەیەشدا هەر لە قۆناغی سەرەتاییدا بووم. هەژاریی مامۆستامان بوو، لە رۆژانی پشوو و جەژنەکانیشدا وانە خوێندن هەر بەردەوام بوو، هەموو ژەمێک بە ئەندازەی پارووە نانەکان راهێنانی پێ شیکار دەکردین، بە ئەندازەی هەموو قوومە ئاوەکان بۆشایی پێ پڕ دەکردینەوە، کە میوانمان دەهات پرسیاری گرانی بۆ دەهێنایەوە، هێند گران کە بە ئەستەم دەمانتوانی وەڵامەکانیان بکرین و بە ئاسانی بیانخەینە بەر چاویلکە تۆز لێنیشتووەکەی مامۆستای گەورە و وەفادارمان، هەژاریی مەزن. هەموو بەیەکەوە لە پۆلێکدا وانەکانمان دەخوێند و هەر یەکێکیشمان هەوڵی دەدا لە تاقیکردنەوەکاندا نمرەی هێندە بەرز بەدەست بهێنێت، بەشی دەرچوون و بەشی ئەوانی دیکەشی لێبدات، تا یەک لە دوای یەک پۆلەکان و جەژنەکان و قۆناغەکان و وەرزەکان تێدەپەڕن و بڕوانامەی مامۆستای هەژاریی بە دەستەوە دەگرین.

### یەک

بوبو خانم گیان، دەڵێی بە دووربین شتەکان تۆخ و گچکە دەبینم، دەڵێی بە وردبین چاوم لە تەڵخی و گەورەیی کۆڵانە و هێشتا کچەکانی باجی شلێر ئەوەندە منداڵن، گەر دانەیەکیان چاوی بە تۆ بکەوێت، گڕوی گریان لە روخسارییەوە دەئاڵێ و داوات دەکا. ناکرێ و نەدەکرا تۆ بدەمە دەستیان و لێگەڕێم لەبەر دەرگا خۆڵاوی و پڕ لە جۆگەلەکەیاندا بە پێوە داتبنیشێنن و یاریی ماڵە باجێنەت لەگەڵدا

بکەن. رۆژێکیان منداڵترینەکەیان ئەوەندە بۆتگریا، لیک و چڵم و فرمێسکەکانی تێکەڵبوون و ورد و خڕ وەک بیلبیلەی چاوە شینەکانی تۆ گلۆڵەیان بەست و بە گۆنا و ژێر گەردنیدا تنۆکان و نەمدەزانی چی لەو مەیلە منداڵانەیەی ئەو بکەم و نەشدەکرا واز لە خەونی تازە چێنراو و عەشقی گەورەی خۆم بهێنم و لێگەڕێم بێچارە و بەدبەخت بین. بە پەلە تۆم شاردەوە لە ژێر زەمینەکەدا و بە خاوی لەپە دەستێکم هێنا بە پێشە سەریدا و بە هێمنی چپاندم بە گوێی راستیدا و گوتم، ئەها ئاقڵ گیان هەر ئێستا پشیلە بۆر هات و بردی، ئادەی راکە بۆ لای دایکت بزانە بە دەمی پشیلەکەوە نەیبینیوە، بەڵام ئەو بووکەشووشەی خودایە تا زەوی نیو سوور بە دەوری خۆردا خولایەوە هەر هەنسکی دا و هەر تۆی ویست. ئاخر بوبولیناکەم من و تۆ ماوەیەکی زۆر نەبوو بە یەکەوە زمانمان پژابوو، گەر لێگەڕابام برۆیت، تەواوی خەیاڵەکانم و نیگاکانم و خەونەکانم و چاوەڕوانییەکانم هەرزانفرۆش دەبوون و نەدەکرا رەگە ساواکانت هەڵڕیشێنم و پانتایی ژوور و رێگە و پۆلەکانی خوێندن، سەرلەنوێ ئینجانە رێژ بکەم و لێوان لێویان بکەم لە گڵی جۆرەها مەملەکەت و خەیاڵ پارچە و نیگەران دابنیشم و بە تیلەی چاو چاوەڕێبم، تا تۆیەکی دیکە شین دەبێت و لە قۆزاخەی شێداری سەرگوزشتەیەکی دیکەی بە پوولەکە داپۆشراوەوە دێتە دەرێ. باجی شلێر کچەکەی لەباوەش گرت و خێسەیەکی گلەیی ئامێزی تێگرتم و گوتی، ئاخر رۆڵە خوا دێوانە و سەرگەردانتکا، بۆ لێنەگەڕایت کچەکەم بیبات و یاریی پێ بکات، خۆ تۆ منداڵ نیت، بەڵام رێی تێدەچێ کە بڵێم شێتیت. دوای ئەمەش کچە چکۆلانەکەی تووشی نەخۆشی و قەڵەوییەکی سەیر بوو و کەس گوێی لە دەنگی گریانی نەبۆوە، لە منداڵێکی لاواز و بزێوەوە هێدی هێدی شێوە و روخساری بووکەشووشەیەکی قژ بژی چاو گەش و خڕپنی وەرگرت و کە خەوی لێدەکەوت دەبایە پەنجە لە پێڵووی چاوەکانییەوە بدەن تا چاو بکاتەوە، گەر بیانویستبا بیدوێنن، دەبایە پەنجە لە لێوەکانییەوە بدەن تا زمان بجوڵێنێتەوە. کە بیانویستبا لە قسەکردن بیوەستێنن، دەبایە یەکێکیان پەنجە لە گوێچکەیەوە بدات تا بێدەنگی بکاتەوە. کە دەکەوتە رێکردن، تا یەکێکیان نەیوەستاندایەتەوە، هەر بەربەست و گواو و دیوارێکی لە بەردەمدا بووایە هەر دەڕۆیشت و بە شێوەیەکی گشتی، تێکەڵەیەکبوو لە مرۆڤ و بووکەشووشە.

یەکەمجار هەواڵی شێتبوونی من لە زاری باجی شلێر و منداڵەکانییەوە، کە ئەوانیش وردە وردە بە هۆی مامەڵەی زۆریانەوە لەگەڵ خوشکە بچووکەکەیاندا نیوە مرۆڤ و نیوە بووکەشووشە دەردەکەوتن، بە کۆڵاندا بڵاو بۆوە و گوتیان

عوسە شێتی دراوسێمان زۆر جاران لە من ئاقڵترە. ئاخر بوبوگیان من هەرگیز گاڵتەم بە عوسمان نەدەکرد و ئەویش هەرگیز جنێوی بە من نەدەدا. هەر کاتێک ئەو کوڕە گەنج و جوانەم بدیبا کەماڵیان بە تەنیشت ماڵی ئێمەوە بوو، بە هەردوو لامان یەک دیواری حەوشەمان هەبوو، گەرچی سەربانەکەی ئەوان چەند بستێک لە سەربانەکەی ئێمە بڵندتر بوو، بەڵام هەر یەک باگردێنی گەورە و گرانمان هەبوو. لە یەکچوونێکی زۆر لەنێوان ماڵی ئێمە و ماڵی عوسماندا هەبوو، رووبەری حەوشە و ژوورەکان و شێوەی دەرگا و پەنجەرە و گوێسیوانەکان، هەر هەموویان بە چاودێری و سەرپەرشتی یەک ئەندازیار و یەک مامۆستا بە یەکەوەنرابوون و ببوون بە دوو پۆلی شان لە شانی هەژاریی. تەنانەت ناوی منداڵەکانیش لە یەکەوە نزیکبوون و عەلی برام بە مین قاچێکی پەڕیبوو، عەلی برای عوسمانیش بە تەقەمەنی دەستێکی قرتابوو. لە هەر بار و دۆخێکدا بمدیبا هەر بە یەک ئاوازی هێمن و لەسەرخۆ بە لایدا تێدەپەڕیم و دەمگوت، کاک عوسمان چۆنی. خێرا رادەچڵەکی و لایدەکردەوە بە لای مندا و دەیگوت، چاچی حەمەی باجی ئایشێ. خەڵکی کۆڵانیش گەیشتبوونە ئەو باوەڕەی زار داچەقێنن و بڵێن، وەی بیسمیلا، باجی شلێر و کچەکانی راست دەڵێن و درۆ ناکەن، وەرن سەیر بکەن و بزانن شێتەکان چۆن لە زمانی یەکدی تێدەگەن و چەندە ئاشنا و نزیک بە یەکن! وردە وردە لە تەواوی کۆڵانی خۆمان و تەواوی ئەو کۆڵانانەشدا کە عوسمان سەری پێدا دەکردن، بڵاوبۆوە، کە من، بەڵێ من بوبولیناکەم، من حەمەی باجی ئایشێ و عوسمانی باجی خەجێ، زمانێکی هاوبەشمان دۆزیوەتەوە و عوسمان جگە لە زمانی من لە زمانی هیچ ئادەمییەک تێناگات و زۆریشی پێنەچوو بە وەرگێڕ و زماندۆستی عوسمان دەست نیشانکرام و وەک چۆن ماوەیەک لەوەوبەر مرۆڤ لە کۆڵانە دوورەکانی شار و گوندەکانەوە دەهاتن بۆ بینینی منداڵە بە بووکەشووشەبووەکەی باجی شلێر، هەر بەو شێوەیەش هاتن بۆ بینینی من و عوسمان. هەر کاتێکیش منداڵانی گەڕەک و کۆڵانەکانی دیکە خوویەکی خراپیان فێری عوسمان بکردایە، دایک و باوک و براکانی لە بری دەرزی خەولێخەر و حەبی هۆشبەر و بەستنەوە بە زنجیر و لێدانی زۆر، دەهاتن بە شوێن مندا و دەیانگوت کاک محەمەدگیان بە قوربانت بم بەشکێکم دوو قسانی لەگەڵ بکەی و ئەو خووەی تەرک بدا، ئەوە ئەو منداڵە سەگانەی کۆڵانی سەرێ فێریانکردووە. لەو ماوەیەدا منیش لەنێوان ئەقڵ و خەیاڵدا هاوکێشەیەک بووم دابەش بووم بەسەر، سینی عوسمان، هێمای لێکدان، کەرتێک، بەشی سەرەوەی کەرتەکە کۆڵان توان منداڵ، ژێرەی کەرتەکە من و تۆ، یەکسانە بە ماڵی عوسمان.

لەو رۆژانەدا کە لەگەڵ عوسماندا دادەنیشتم و دەکەوتمە شیکارکردن، ئێرەییم بەو هەموو مەملەکەت و ناوە سەیر و سەمەرانەی ناو سەری و ژێر زوبانی و سەر شووشەی چاوەکانی دەبرد و لە راستیدا من لەبەر ئەوە درێژەم بە هاورێیەتی عوسمان نەدا و لەبەر ئەوە بایەخی زۆرم بە لای راستی هاوکێشەکە نەدا تا شیکاری بکەم، چونکە تا ترکەندنم پێتەرک دەکرد، توانەکانی کۆڵان فێری چڵم هاویشتنیان دەکرد، تا چڵم هاویشتنم پێتەرک دەکرد، توانی کۆڵانێکی دیکە هانیان دەدا و فێریان دەکرد بەنەخوێنی شەرواڵەکەی بکاتەوە و دوای ئەو کچانە بکەوێت کە تەنوورەیان لە پێدا بوو و بە کۆڵانەکەی ئێمەدا و بەسەر ئەو پردە دارین و تەنەکە رێژکراوەدا... کە هەموو پاییزانێک دوو یان سێ جار ئاوی گواوەکە لەگەڵ خۆیدا رایدەماڵی و ژمارەیەکی زۆر مرۆڤ و مەڕ و مانگاکەی ئێمە و خوێندکار و باخەوان و کرێکار، رێگەیان بۆ پردە قیرەکەی خواری خوارەوە دوور دەکەوتەوە و بە کۆمەکی خەڵکی کۆڵان و لە پێش هەر هەمووشیانەوە ئەو پیاوە سیسەڵەیەی بە خۆی و ژنەکەی و کۆشێک منداڵەوە، لەوبەری گواوەکەوە، لە قوڕ و بەرد و تەنەکە پۆلێکی قەرەباڵغ و چکۆلانەی دروستکردبوو، هەمدیسانەوە پردەکەیان رایەڵدەکردەوە... دەپەڕینەوە بۆ بەری شووقەکان و خوێندکاری پەیمانگەی مەڵبەندی مامۆستایان بوون. عوسمان دوایان دەکەوت و ئەوانیش دەیانزریکاند و بە گێژەڵۆکەی ترس و شەرمەوە رایاندەکرد و لینگێک قۆندەرەیان لە پێ دادەماڵدرا، پەڕتووک و رەشنووسەکانیان لێدەکەوت، یان تا ئەژنۆیان بە نێو گواوە رەشەکەی شانی راستی خانووەکەی ئێدا رۆدەچوو. ئای بوبوگیان بەزمی توانەکان هێندە زۆر بوون، هەرچییەکم دەکرد بۆ کورتکردنەوە و شیکارکردنیان بێسوودبوو. چەندینجاریش کەس و بنەماڵەی ئەو کچانەم بینی بە تفەنگ و فیشەکدانەوە هەڵیانکوتایە سەر ماڵی عوسمان و هەڕەشەیانکرد و گوتیان، گەر ئەمجارە گون داهێڵێ لە بەردەم کچی ئێمەدا، دەیگرین و لە بنێرا بۆی دەبڕین. گەر ئەمجارە پاشەڵی رووت بکات و لە رووی خوشکی ئێمەدا تڕی زل لێبدات، قوونی داخ دەکەین. من تەنها لەبەر ئەوە مەیلم لێبوو نزیکی بکەوم و لە گەڵیدا بدوێم، چونکە دنیایەک زۆر جاران بەرینتر لەم دنیایە، وزەی شاردراوە و خەونی باڵا کردووتر لە نەمامە خەیاڵەکانی خۆمم تێدا دەبینی و بەردەوام لە خۆم دەپرسی و دەشمویست لە چاوانی ئەو و گوێچکە و زوبان و تەواوی هەستەکانی ئەویش بپرسم، لە کوێی بوو، ئەو هەموو گەرای خەیاڵە و ئەو هەموو قۆزاخەی خەونە. ئەو هەموو باڵە بۆ شادمانی و ئەو هەموو ناڵەیە بۆ نیگەرانی و ئەو هەموو ئیرادەیە بۆ هەر شتێک بییەوێت بیکات. دڵنیام

هەموو لاساری و بێشەرمییەکەی لە کۆڵان و توانی کۆڵانەکانەوە وەرگرتبوو، ئەگەر نا مرۆڤێک خاوەنی ئەو هەموو خەونە و ئەو هەموو سنەوبەری خەیاڵە و ئەو هەموو رەگە داکوتیوەی ئیرادە بێت، چلۆن لێدەگەڕێ وزە و جوڵە و ژیان و بەختی، بە خت و خۆڕایی بڕوات. ئێرەییم بە بنی پێیەکانی دەبرد کە دەیتوانی بێ پێڵاو و بێ پردەکە لە گواوەکە بپەڕێتەوە و بگاتە بەری شووقەکان و دوابەیەکی سەرەنگوێلک و تەنەکە بە تەنەکەی خۆڵی ماڵان بپشکنێت و هەرچییەکی بەر دەست بکەوێت لە وایەر و فافۆن و زەرد کۆیان بکاتەوە و بە دەم رێگەوە بە کەتەری دانەکانی وایەرەکان پاک بکات و تاڵە مسەکان لول بکات و بیانبات بۆ بازاڕەکەی کارێزەوشک و لای مام برایمی فافۆن فرۆش بیانگۆڕێتەوە بە پارە و وەڵامی هەندێک لە پرسیارەکانی مامۆستای هەژاریی بۆ خوشک و براکانی لێک بداتەوە و بیانباتەوە بۆ ماڵەوە. دەیتوانی بە مشت لە ئاوی گواوەکە بخواتەوە و نەخۆش نەکەوێت. دەیتوانی تا لیک لە دەمییەوە دەتکێتە خوار پێبکەنێت و یاریی بە نۆتەی قاقاکانی بکات. دەیتوانی هەر کاتێک سەرقاپی رەشیان نایە سەر خەیاڵی و تورەیانکرد، لەتە مووسی دۆزراوە بهێنێت بە لەشیدا و خوێن لە دەمارەکانی مل و قۆڵ و قاچییەوە فیچقە بکات و نەشمرێت. دەیتوانی تا ماوەیەکی زۆر چاو دابگرێ و برۆ هەڵتەکێنێت، بەمەرجێک چاوی لە کچێک یان پیرە ژنێکەوە بێت. دەیتوانی بە بێ هۆ لە دەرگای هەموو ماڵێک بدات و دەشیتوانی بە هەر وشە و ئاوازێک بێت دەنگی لێ هەڵبڕێ و بڵێ، تەرزە دەبارێ، لە عاسمان دێتە خوارێ، دەیخەنە نێو قوونی چۆلەکەکەیەوە، جق جیق جیق دەیتەزێنێ. بە پێچەوانەی منەوە هەرگیز خەمی شەڕی نێوان شانە و ئاوێنەی نەبوو، باکی بە وتووی جلەکانی بەری نەبوو. زۆر سەرسام بووم بە گەنجینە دەست لێنەدراوەکانی خەیاڵی و هەموو ئەو جوڵە و سەرکێشییانەش کە پێیان دەگوترا شێتییەتی و مەیلم دەکرد زیاتر لێی نزیک ببمەوە و پتر لێی رابمێنم. رۆژێکیان لەبەر تیشک و رۆشنایی هەتاوی لاری بەیانیدا، سێ پەڕە کاغەزی سپی و تەواوی ئەو لەتە قەڵەم رەنگانەم پێدا کە هەمبوون و لە حەوشەکەیاندا لەسەر بلۆکێکی بیستی دامنیشاند و بە چپە داوام لێکرد، تا من لە خوێندنگە دەگەڕێمەوە، دابنیشێت و تەقە تەق لە دەرگای ئەو شوێنانەی خەیاڵی بدات کە هەرگیز بە هێما و جوڵەی هەستەکانی، نەیدەتوانی بەشی کەسیان لێبدات و بیانخاتە سەر پشت. دەمگوت بەڵکو بە زمانی رەنگ و هێڵیش پەیوەندیمان دروست ببێت و رۆشنتر لێی تێبگەم.

## دوو

ئەو بەیانییە حەمەی باجی ئایشێ لە بیری چووبوو لاستیکی هێڵ کوژاندنەوەشم بداتێ، ئاخر من یەکەمجارم بوو بەڕاستی وێنە بکێشم، پێشتر بە خەیاڵ وێنەی زۆرم کێشابوو، بەڵام کەس بەڕاستی نەیبینیبوون. هەر بۆیە ئەو بەیانییە هەموو وێنەکان لە دەزوولەی بینین و سەری پەنجەکانمدا کۆبوونەوە و هەموو پەلەیان بوو پاڵ بنێن بە یەکەوە و بە تۆپەڵ ریز ببن و بە پەلە رەنگەکانیان لەبەر بکەن و خۆ فرێدەنە سپێتی کاغەزەکەوە. گەر پێشتر لە کۆلانگەرییەکانمدا رێکەوتی قەڵەم رەنگ و کاغەزی خاوێنمکردبا، رەنگبوو ئێستا خەیاڵم بەم جۆرە نەورووژایە و هەر لە کەلاوەکاندا نەختێکم لێبڕشتایە. نەخێر، پەشیماندەبوومەوە و خەریکی وێنە کێشان نەدەبووم، چونکە دەمزانی هەژاریی چەند بە خراپی مامەڵە لەگەڵ برا بچووکەکانمدا دەکات و ناردنی من بۆ کۆلانگەری و دەستڕۆکردن بە گەرووی تەنەکە خۆڵی ماڵاندا یەکێک بوو لە وانە دژوارەکانی هەژاریی. هەربۆیە هەوڵم دا بە وێنەکێشانی هەژاریی دەست پێ بکەم، بەڵام پەڕەی یەکەم و دووەم لە هەردوو دیوەوە پڕبوون لە رەنگ و هێڵ و نەمتوانی یان راستتر بڵێم ژاوەژاو و خۆنواندنی وێنەکانی دیکەم سەریان لێشێواندم و بۆم نەکرا وێنەی گۆشەیەکی بێبەزەییبوونەکەی بکێشمەوە. دەبێ بڵێم بێبەزەیی بوو، چونکە پێشتر لەژێر دەستی مامۆستایەکی لە خۆی باڵابەرزتر و کوشندەتردا خوێندکاربووە لە زانکۆی گەردوون، کۆلێژی ژیان، بەشی مرۆڤەکان و لقی بەزەیی تەواو کردووە. هەر بۆیە شتێکی ئاساییە کە مرۆڤەکان بە هەژاریی بێنە دنیا و بە هەژارییەوە برۆن، بەڵام ئاسایی نییە و بەرگە ناگرن، بەردەوام دانیشتووی پۆلەکانی بەزەیی بن. بە دروستی نازانم کامیان نێرە و کامیان مێیە، بەڵام دڵنیام بە جۆرێک دڵسۆز و یارمەتیدەری یەکن، دەڵێی تازەکی یان زۆر لە مێژە زەماوەندیان کردووە. بە جۆرێک شتەکانیان رێکخستووە بوونەوەرێک لە شتێکدا رسوا بێت و لە شتێکی دیکەدا سەر بەرز بێت. من هەژاری ئەوەبووم یان رێزم لێنەدەگیرا، یان زیاد لە پێویست و بە بەزەییەوە، یان کەمتر و بێبەزەییانە رێزیان لێدەگرتم و سەر باری ئەوەی دانیشتووی پۆلەکانی هەژاریی بووم، بەردەوام وانەی زیادکراویشم هەبوو لە پۆلە بێبەزەییەکانی بەزەییدا.

ئەو بەیانییە زۆر بە رێزەوە چوومە بەردەم کچێکی جوان و پۆشتە و دەمویست بە ئەوپەڕی ناسکییەوە داوای لەتێک لاستیکی هێڵ کوژاندنەوەی لێبکەم، بەڵام هەر هێندەی چاوی بە من کەوت، لەبەرئەوەی لە دەروون و ئیرادەیدا هەژار بوو بەشێوەیەکی سەیر قیژاندی و رایکرد. گەڕامەوە بۆ شوێنی خۆم و بەڵێنم دا

بە خۆم وێنە کێشانی هەژاریی دوابخەم بۆ ئەو کاتەی حەمەی باجی ئایشێ لە خوێندنگە دەگەڕێتەوە و لەتێک لاستیک و پەڕەکاغەزی گەورەتری لێوەردەگرم. دەرگای حەوشەم بە کراوەیی هێشتەوە و نوشتامەوە بەسەر ئەو تەنها پەڕە کاغەزەدا کە بە سپێتی مابوو. زۆری پێنەچوو وێنەی گوندەکەمان لە سەری پەنجەکانمەوە دەرپەڕی و رۆژانی منداڵی من و گەنجێتی خۆی هێنایەوە پێش چاوانم و هەستم کرد ئەو پارچە کاغەزە زۆر لەوە بچووکتر و تەنکترە جێگەی وێنەی گوندەکەمانی تێدا ببێتەوە، دەبایە دیمەنەکان کەم بکەمەوە و چیاکان بە کاڵی بکێشمەوە و لە شکۆیان کەمبکەمەوە تا قورس دانەیەن و لاپەڕەکە نەڕمێنن. ئەو گوێدرێژەی تا رادەیەک بە تۆخی وێنەم کێشاوەتەوە، یەکەم شەهیدی گوندەکەمانە، لە رۆژێکی با و باراندا بە بارێک چیلکە و دارەوە گوللە تۆپێکی وێکەوت و بە بەرچاوی ئاواییەوە گڕی گرت و سووتا. مەمکی دایکمم دەمژی و خەریکی شیرخواردن بووم، گرمەیەک رایچڵەکاندین و بە پەلە رامانکردە بەر بەرۆچکە و بەر هەیوان و بەر کادێن و تەویلەکان و دیمەنی زەڕین و سووتان و کلک راوەشاندنی ئەو گوێدرێژە، بە سەیر خۆی هێناین. بۆ تاوێک لێوم لە مەمکی دایکم بەردا و زەق رووانیمە ئەو دیمەنە زەندەق بەرە. دایکم دەستەکانی شل ببوون و زۆری نەمابوو لە کۆشییەوە بکەومە خوارەوە کە بۆ جاری دووەم و سێیەم گوندەکەمان هاواری کرد وناڵە و دووکەڵی لێبەرزبۆوە. دایکم توندتر لە جاران لە ئامێزیگرتم و بەتامتر لە جاران ماچیکردم و ئەو رۆژە هەر ئەو چیایانەی لە کاغەزەکەدا بە کاڵی وێنەم کێشاونەتەوە، دەستیان گرتین و یەک یەک و بە کۆمەڵ لە لێواری مەرگەوە هەڵیان کێشاین بەرەو دامێنی ژیان.

خەڵکانێکی زۆر بە بەر دەرگاکەماندا تێپەڕین و هیچیان حەمەی باجی ئایشێ نەبوون، پەڕە کاغەزەکەم ئاوەژوو کردەوە و ئەمجارەیان ویستم وێنەی ژیان بکێشم. درەختێکی گەورە و بڵند، بە لق و چڵەکانییەوە، بەسەر لاپەڕەکەدا بڵاومکردەوە و بەو نەختە رەنگەی لە بەر دەستمدا بوون کەوتمە داکوتین و هەڵواسینی ماسی گەورە و ماسی گچکە، ماسی کاڵ و ماسی تۆخ. درەختەکە هێمای زەوییە و ماسییەکانیشی مرۆڤەکانن کە هیچیان لە هیچیان ناچن و هەندێکیان شوێنی باشیان بەرکەوتووە لەنێوان پەلەکاندا و هەندێکیان بەسەر لقە بەرزەکانەوەن و هەندێکی تریان لە لێواری چڵەکانەوە شۆڕبوونەتەوە و هەندێک هەتاوی باش هەڵدەمژن و خزمەتی باش بە رەگ و قەدی درەختەکە دەکەن و هەندێکیش لاوازن و لە سێبەرەکاندان و بە گشتی جیاواز و هەمەجۆرن. لە خوارەوەیش ئاوێکی تەنک و شین دەوری رەگ و باری بنەوەی قەدی

درەختەکەیداوە و هەر ماسییەکیش خولی ژیانی تەواو دەبێت و بەردەبێتەوە، دەکەوێتە ناو ئەو ئاوە تەنکەوە و هێدی هێدی ڕەنگەکانی دەخوسێن و یان دەبێتە ماسییەکی ڕەشی دێز یان سپییەکی درەوشاوە، باوەڕناکەم ماسییەک بکەوێتە خوارەوە و بخوسێت و نیوە ڕەش و نیوە سپی یان خۆڵەمێشی دەربچێت، بە گشتی لە هەموو ڕەنگەکانەوە شیتەڵ دەبن و دابەش دەبن بەسەر ڕەش و سپیدا. دانەویبوومەوە بەسەر ئەو بلۆکەدا کە لە سەری دانیشتبووم و خەریکی هەڵکڕاندنی نوکی قەڵەم ڕەنگە شینە کاڵەکە بووم تا بە جوانی وێنەی توێژی سەرەوەی ئاوە تەنکەکەی پێبکێشمەوە و هێشتا یەک دانە ماسیم لە درەختەوەکەوە شۆڕنەکردبۆوە بۆ ناو ئاوەکە، شێتگیرانە دەستڕێژیان لێکردم و بەڕاستی نەک بە خەیاڵ، هەڵیانداشتمە ناو ئاوەکەوە و بەشێوەیەکی قورس و ستوونی و بە خێراییەکی زۆر و بێ دەست و قاچ راوەشاندن و لۆژە لۆژ کەوتمە خوارەوە. هەرچەندە هەوڵمدا دەست و قاچ و کلک و روخساری خۆم ببینم و بزانم گۆڕاوم بۆ ڕەش یان سپی، بەڵام نەمتوانی نیگای هیچ شوێنێکی خۆم بکەم و چەندەها ماسی ڕەشی دێز و ڕەشی تۆخ و سپی مات و سپی درەوشاوە بە ئارامی و بێ ئارامی، بە ڕێکی و بە لاری، بە جۆرەها جوڵەی خاو و گرژ و خێراوە لە دەور و پشتمەوە سەمایان دەکرد. هیچیان بایەخیان بە بینینی ئەویتر نەدەدا و وەک ئەوە وابوو کەس کەس نەبینێت، یان هەر یەکێکیان و چاوەڕێی هاتن و دەرکەوتنی تاکەکەی خۆی بێت و هەر کە دەرکەوت بە شێوەی پێچکردنەوە و جوڵەی کلکیاندا یەکدی دەناسنەوە و پوولەکە لە یەک دەسوون و بەرەو قووڵایی و فراوانی ئاوە شینەکە دەڕۆن. سەرەتا نیگەران و تێڕاماو بووم و وردە وردە فێری لەنگەر گرتن و چەند جۆرێک سەما و پێچی تەواو و نیمچە پێچ بووم و هەر لە گەشت و تەماشا کردنی توێژی سەرەوەی ئاوە تەنک و شینەکەدا بووم و لە رووم نەدەهات و نەمدەوێرا بە تەنیا بەرەو قووڵاییە ئەستوور و تۆخەکان بڕۆم. بەردە لوسکەیەکی نەرم و جوان و بۆنخۆشم چاو پێکەوت و بێئەوەی هەستم بە ماندووبوون کردبێت، بڕیارم دا کەمێک پشوو بدەم و چاو لێک بنێم. لێرەوە بۆم دەرکەوت کە چاو دەنووقێنم و دەخەوم، بینینم لە دیمەن و جوڵەی شەپۆلەکانی ناو ئاوەکە دوور دەکەوێتەوە و تەواوی هەستەکانم گوزەر دەکەن و خەیاڵ لە هەر کوێیەکی پەل و لق و چڵەکانی ئەو درەختە بکەمەوە کە ماوەیەک لەوەوبەر لێی کەوتمە خوارەوە، دەگەنە ئەو شوێنەی کە مەبەستمە و بە باشی دەتوانم ئاگام لە هەموو ئەو شتانە بێت کە گلێنەم چڕکردۆتەوە لە سەریان و دەمەوێت بیانبینم.

## سێ

بوبوگیان ئەو رۆژە مامۆستای وێنە بە خۆی و جوڵە خاوەکانییەوە، بە خۆی و روانینە لاوازەکانییەوە، بە خۆی و پیرێتییە منداڵانەکەیەوە، بە خۆی و قژە سوور و کورت و تەنکەکەیەوە، هاتە پۆلەوە و تا ئەو کاتەی مام رەحیمی کارگوزار بە خۆی و تورەییەکانییەوە، بە خۆی و ئاسنە ژەنگاوییەکانییەوە، بە خۆی و بێرەحمییەکانییەوە بەرامبەر بەو منداڵانەی بە پیڵاو و جزمەی قوڕاوییەوە بە راڕەوی پۆلەکاندا راوراوێنیان دەکرد و باکیان بەو پنتە قوڕانە نەبوو کە لە دوای خۆیانەوە پەخشیاندەکردن و دوایەکەش دەبایە پنت لە دوای پنت، مام رەحیم و باجی خاوەر بە یەکەوە بیانچننەوە و راڕەوەکان خاوێن بکەنەوە. بەرامبەر بەو منداڵانەی لە بەردەرگای ئاودەستەکاندا نۆبەی گووکردنیان بەر نەدەکەوت و لە ترسی ئەوەی نەبادا زەنگی چوونە ناو پۆل لێبدرێتەوە و وانەیەکیدیکەش خەیاڵیان هەر لای قوونیان بێت و تامەزرۆی ئەو ساتە بن کە قاچیان دەگاتە ئەودیو دەرگای ئاودەستەکان و بە پەلەپروزکێ پانتۆڵەکانیان دادەماڵن و گوو دەپرژێنن بە بەر بەلوعە و چوار دەوری سیفۆنەکە و سەر لا دیوار و دەسکی دەرگاکاندا. ئاخر بوبولینای خۆشەویست، منیش رۆژێکیان هەر تا وانەی پێنجەم خۆم پێراگیرا و لە ناوەڕاستی وانەی رەوشتدا و دروست لەو کاتەدا کە مامۆستا باسی پاکوخاوێنی بۆ دەکردین و دەیگوت، ئێوەی منداڵ نابێ لە دەموچاو شووشتنی بەیانیان بترسن بە ئاوی سارد و لەپڕ کونی کۆمم بێئەوەی پرسم پێبکات کرایەوە و گوویەکی زەرد و نەرم و شلی وەهای لێهاتە دەرەوە کە سەرەڕای شلییەکەشی نزیکەی یەک سانتیم بەرزتر و باشتر لە جاران دامێنی خوارەوەی تەختە رەشەکەم پێدەبینی. بە گرژی باوەشم کردبوو بە خۆمدا و گووژمم خواردبۆوە و وەک ئەوە وابوو لە کورسی پێشەوەی گالیسکەیەک دانیشتبێتم کە سێ ئەسپی تیژڕۆ رایبکێشن و بە سادەترین جوڵە و خۆبزواندن بکەومە خوارەوە. بە هەموو قوورسایی جەستە و هۆش و خەیاڵمەوە بە تووندی قوونم نووساندبوو بە تەختە رەق و جێڕە جیرکەکەی ژێرمەوە تا نەبزوێم و هاڵاو پرژێنی پۆلەکە نەکەم و مامۆستای رەوشت ناچار نەبێت بێڕەوشتیم لەگەڵدا بکات.

ئەو رۆژەیش تا مام رەحیم کۆتایی وانەی راگەیاند بەو دوو ئاسنە ژەنگاوییەی بە ئاوازێکی ناخۆش و بێزارکەر دەیدان بە یەکدا و بە خێرایی بە بەر پەنجەرەی هەموو پۆلەکاندا دەڕۆیشت، من جیاواز لە رۆژەکانی دیکە نەمتوانی وێنەی هیچ

ئادەمییەک و هیچ گەڵایەک و هیچ گوڵدانێک بکێشم و بە هەمان خێرایی ئەو ڕۆژەیش خۆم گەیاندە ماڵەوە کە پنتە گوو بەسەر ڕانەکانمدا خزا بوون و تا پزووی گۆرەوییەکانم تەکانیان دابوو. پەلەم بوو بگەمە لای عوسمان و وێنەکانی ببینم. گەیشتمە ناوەڕاستی کۆڵان و نازانم لە بەر چی بوو، شێوەی خانووەکان لە پێشچاوانمدا گۆڕان و بە پەلە چاوانم هەڵگڵۆفت، چاوم دەنووقاند و چاوم دەکردەوە، دیمەنەکان زیاتر دەگۆڕان. خانووەکان باڵایان بڵندتر دەبوو لەوەی کە هەن، بەردەرگای ماڵی باجی شلێر یەکپارچە گوڵ و چیمەن بوو، لە شوێنی بەستنەوەی مانگاکە، ترۆمبێلێکی سپی بە پێوە ڕاوەستابوو. توانەکانی کۆڵان خاوێن و ڕەنگاوڕەنگ بوون، لە بری هاژە و هاڵاوی گواوەکە، نەڕڕە و دووکەڵی شەمەندەفەر دەهاتە بەر لوت و گوێم. گەیشتمە بەردەرگای ماڵی عوسمان و خشپەی پەڕەکاغەزێک کە با ی خەیاڵ و با ی ڕاستی دیلانێیان پێدەکرد و بە نۆرە پاڵیان پێوە دەنا و هەڵیان دەخولاند، ڕوانینمی گووشییە لای خۆی و بە کەوتنەخوارەوەی پەڕە کاغەزەکە بۆ سەر زەوی دیمەنەکان ئاسایی بوونەوە. یەکێک بوو لەو سێ پەڕە کاغەزەی بەیانییەکەی دابوومنە دەست عوسمان و لە دیوێکیدا وێنەی درەختێکی گەورە هەبوو کە لە تەواوی چڵەکانییەوە لەبری گەڵا جۆرەها ماسی گرتبوو. لە دیوەکەی تریشدا، ئاوێکی دوورودرێژ، لەمبەر و ئەوبەری ئاوەکەوە دوو ریز درەخت و لە ناوەڕاستیشدا پردێک بۆ پەڕینەوە. لای ڕاستەوە دوو خانووی نزم و گەورە بە پەنجەرەی چکۆلانە و دەرگای داخراوەوە، لای چەپیشەوە پیاوێکی پیر شووڵکێکی گرتووە بە دەستەوە و خەریکە دەیوەشێنێتە بنکلکی گوێدرێژەکەی بەردەمی کە لەژێر بارێکی قورسدا دانەویوە و ناوێرێت بەسەر پردەکەدا بپەڕێتەوە. لە سەری سەرەوە زنجیرە چیایەک و خۆریش لەنێوانی دوو لوتکەوە نیگای بڕیوەتە سەربانی خانووەکان و ڕۆشنیکردوونەتەوە، کەمێک لەولاترەوە سێ پەڵە هەور دایانکردۆتە باران و وابزانم قاچی پێشەوەی کەرەکە لە قوڕدا چەقیوە. لە پشت پردەکەوە ئاوەکە زۆر بەخووڕ دێت خوارەوە و لە خوار پردەکەیشەوە بە هێمنی بەرەو دامێنی لاپەڕەکە کشاوە. ئەمانە هەموویان دیمەنی جوان و ئاسایی بوون بوبوگیان، هێشتا شتێک ماوە باسیبکەم کە هەر لە سەرەتاوە بینینمی هەڵمژی و بڕیارم دا لە کۆتاییدا وردتر سەیری بکەمەوە و زۆریشم پێ سەیربوو، من ڕەنگی سوورم نەبوو تا بیدەم بە عوسمان، ئەی ئەو پەڵە سوورە گەورەیەی لە پەڕەی گوڵێکی جوان و زیندوو دەچوو، چۆن کەوتبووە ناو ئەو وێنەیەوە.

**چوار**

خەیاڵ و نیگاکانم کۆکردەوە و تا من لەنێوان پەل و لق و چڵەکانی درەختی ژیاندا لقی کۆڵانەکەی خۆمانم دۆزییەوە و روانینم لەسەر ئەو ماسییە چاو شین و کلک زەرد و پشتە مل مۆر و باڵ پرتەقاڵی و پوولەکە ئاوییە نیشتەوە کە ناوی حەمەی باجی ئایشێ بوو، ماوەیەکی زۆر بەسەر کەوتنە خوارەوە و دیارنەمانی مندا تێپەڕیبوو، حەمەی باجی ئایشێ شێوازی ژیان و شێوەی روخساری گۆڕابوو، بە درێژایی رۆژ گێژ و خەواڵوو دەردەکەوت و لە خوێندنگە و لە رێگە و لە ماڵەوەش لەگەڵ هیچ ئادەمییەکدا نەدەدوا و بایەخیشی بەو تۆپەڵە بەزەییانە نەدەدا کە بەردەوام مرۆڤەکان لە دوور و نزیکەوە بەشێوەیەکی بێبەزەییانە تێیان دەگرت. لە درەنگانی شەودا و دوای ئەوەی کەمتر دەنگی ئادەمییەکان دەبیسترا و دەرگای ژێر زەمینەکەی دادەخست، ئینجا زاری لێک هەڵدەپچڕی و لەگەڵ بووکەشووشەکەیدا، نا ببوورن، دەبێ بڵێم لەگەڵ بووکەشووشەکانیدا، چونکە لە دوای دیارنەمانی منەوە وەک ئەوەی بە خەیاڵ لەگەڵ بووکەشووشەکەیدا جووت بووبێتن و بەڕاستی بووکەشووشەی تریان بووبێت، لایەکی ژێر زەمینەکەی پڕکردبوو لە بووکەشووشە. لەبەر ئەوەی هەژاریی دڵنیای کردبوو تا بڕوانامەکەی وەرنەگرێت، ناتوانێت لەگەڵ هیچ کچێکدا زەماوەند بکات. هەر کاتێکیش چاوی بە کچێکی جوان بکەوتایە و دڵی لە لای گیری کردبا، تا بووکەشووشەیەکی هاوشێوەی ئەو کچەی دەست نەکەوتبا و بە خەیاڵی کچە راستەقینەکەوە نەختێک قسە و دەستبازی و خۆشەویستی لەگەڵ وێنەی بچووککراوەی کچەکەدا نەکردبا، دڵی نەدەهاتەوە سەر رەوتی خۆی و بە هەڵواسراوی لەنێوان عەشق و خۆشەویستی، عەشق و هەژاریی، عەشق و خەیاڵی زیندوو، عەشق و راستی مردوودا دەمایەوە. دڵی هەر رۆژە و لە کۆڵانێک و هەر شەوە و لە کەناڵێک و هەر جارەو لە گۆشەی بازاڕێک و هەر نیگایە و لە پەنجەرەی دواوەی پاسێکەوە گیریکردبوو و بووکەشووشەکانیش حەوتوو لە دوای مانگ و مانگ لە دوای وەرز و ساڵ لە دوای چاوەڕوانی، شەوانە بە دیار خۆیانەوە دایان دەنیشاند و بە شێوەیەکی سەیر سۆزاوی عەشق و قسە و گۆرانی بەردەبوو. رویدەکردە یەکێکیان و دەیگوت، ئا ماسۆلینا گیان، ئەمڕۆ هاوڕێکانم هاتن بۆ لام و چەترێکی شین و نەختێک میهرەبانی و سەبەتەیەک بەزەیی و تورەکەیەک مەراق و کوپێک شادمانی و چەپکێک پرسیار و چڵێک گومان و دەنگی رووەو دانەیەکی تریان رادەدێرا و بەشی دڵخۆشکردنی تۆ جوانی و بەشی نیگەرانییەک دووریی و بەشی یەکتر بینینێک چاکی و چۆنی و

بەشی رابواردنێک پێکەنین و سەری دەسووڕاند رووەو دانەیەکی تریان و بەشی دابڕانێک چاوەڕوانی و بەشی کەوتنە خوارەوەیەک پڕان و بەشی وێنەیەک یادەوەری و بەشی یادەوەرییەک ورووژان و بەشی چنینەوەیەک خەیاڵی رژاویان بۆ هێنام و ئینجا کەمێک لێیان دوور دەکەوتەوە و بە دەنگێکی بڵندتر تا هەموویان گوێیان لێی بێت دەستی پێدەکردەوە، زوو رۆیشتن و پەلەیان بوو بچن بۆ مەلەوانگە و فریای ئەوە نەکەوتم پێیان بڵێم، جا چییە، خۆ منیش دەزانم مەلە بکەم. سەری دەلەقاند و بەردەوام بوو، ئا بەڵێ، بوبولیناکانم منیش دەزانم مەلە بکەم و هەست دەکەم هێندەی ماسییەکی منداڵ لە زمانی ئاو تێدەگەم و هێندەی تۆپەڵێک قەوزە ئاشنایەتیم هەیە لەگەڵ هەتاودا و هێندەی نزایەک پاڕانەوە و هێندەی نیگایەکی دوور عەشق و ئەوینم هەیە لەگەڵ قووڵایی و شینێتی ئاسماندا و بەڵێ مانۆلیناکانم دەتوانم بێئەوەی جلەکانم بگۆڕم و لێگەڕێم رووانینم تەڕبێت، لەمسەری دەریاوە بەناو ئەو هەموو گیایەی خەیاڵ و قرشی مەراق و بەسەر پشتی ئەو هەموو جوانییە لوسکەیەدا بپەڕمەوە بۆ ماڵی شا نشینی شین و دەستی شا ژنی تینوێتی ماچ بکەم. هەڵدەستایە سەر پێ و دەمارەکانی قوڵ و ملی گرژ دەبوون و بە دەنگێکی زبر و قوورسەوە دەیگوت بڕوام پێبکەن میکولیناکانم بڕوام پێ بکەن منیش مەلەوانم و وردە وردە چاوەکانی تەڕ دەبوون و دەنگیشی دەگۆڕا... مەلەوانێکی گێژ و مەلەوانێکی شارەزام، مەلەوانێکی لە ئاودا رزیو و مەلەوانێکی نەختێک ئازام، هەموو رۆژێک لە مەلەکردنم و هەموو ساتێک لە دەریای بەرین و لە چاوی رۆژگار و لە لۆچی دەمژمێر و لە ملپێچی وەرز و لە گەرووی ژیاندام.

چەند ساڵێک لەسەریەک لە خوێندنگە دەرنەچوو، مامۆستاکانی دەیانگوت بە رەنگ و هێڵ و هێما وانەکان دەنووسێتەوە و دەخوێنێتەوە و هەر بەو جۆرەیش وەڵامی پرسیاری تاقیکردنەوەکان دەداتەوە. لە خوێندنگە دەرکرا و زۆریشی پێنەچوو باجی ئایشێی دایکی، لەتاو بێچارەیی کوڕەکەی و بە داخی عەشق و هەژارییەکەیەوە لە پێکەوت و چەشنی گەڵایەکی رەنگ زەردی وەریوی پاییز بەسەر گۆمە خوێنی سینەیەوە لەتاو ئازارەکانی کەوتە سەما و چەشنی فرمێسکێکی ساردەوەبووی مەییو لە چاوی نەهەنگێکی کوێردا بە هێمنی توایەوە و بۆ ناو ئاوە شینەکە تکا.

ئێواران لە ژێر زەمینەکەدا دادەنیشت و روویدەکردە بووکەشووشەکانی و دەیگوت، میاولیناکانم چاوەڕێم شەو دابێت و ئاسوودە و تەنیا و دوور لە چاوی مرۆڤەکان، ئارام لەگەڵ خۆم و لەگەڵ ئێوەدا دابنیشم و پشوویەک بدەم. گەر

وزەشم تێدابوو دەست درێژ بکەم و چەند دانەیەک لە میوەی خەیاڵە گەییوەکانم بچنمەوە و بە مشت و بە پڕتاو بیانکەم بە قوڕگی مەراقمدا، یان هەر هیچ نەبێت چەند مەترێکی چڕ لە شیناوەردی ئارەزووەکانم بژار بکەم و نەختێک ڕێکیان بخەمەوە و خۆ راوەشێنم و دەنگی مرۆڤەکان لە خۆم داتەکێنم. دارۆلیناکەم توو خەنینەی لێوەکانت کە هەر ئێستا ماچمکردن هیچ رایەڵەیەکی شایستە لە نێوان خەیاڵە نەرم و بۆنخۆش و لوسەکانی ئێمە و راستەقینە رەق و وشک و بۆگەنەکانی ئەواندا شک دەبەیت. هەموویان لە هەوڵی هەڵکەندن و راوەشاندن و وەراندنی گەڵای درەختەکانی جوانیماندان بۆ سەر زەوییەکی ناشرین، بێ هیچ بیانوویەک لەودیو پەنجەرەی قۆزاخەی ماسێتی خۆمەوە بە حەپەساوی و بە خێلی چاودێریم دەکەن و بێ پرس لە دەرگای ڕووانینمەوە دزە دەکەن و لە بەر دەممدا قووت دەبنەوە و زۆر بە بێتامی و بە چێژی رابواردنەوە پرسیاری دوو جاران شەشبارەم لێدەکەن. خەمۆلیناگیان چی بکەم منیش لە هەناسەی نهێنی و بێدەنگییەکی کاڵ زیاتر هیچی ترم پێناکرێت. یان من ماسیم و بەرگەی ئاو و هەوای بیابان ناگرم و لەنێوانی مرۆڤەکاندا خۆر و لم دەمپڕووکێنن، یان حوشترێکم و بە ناسنامەی شینێتی و رەگەزنامەی شێتییەوە لە دەریای مرۆڤەکاندا جێگەم نابێتەوە و هەرچی پەل و کلک و سەر رادەوەشێنم، وەکی ئەوان فێری مەلەکردن و لەنگەرگرتن نابم. ئاخر دایە لیناگیان من چی بکەم، لە سکی ئاودا نوقم بم یان لەسەر پشتی لم راخرێم، مرۆڤەکان لێناگەڕێن پڕ بە سی چاوەڕوانیم هەناسەیەکی ئارام هەڵلووشم و پشت بدەم بە ستوونی دارخیاڵێکی ئەستوورەوە.

حەمەی باجی ئایشێ بۆ تەواوکردنی وانەکان و تێرکردنی پرسیارەکانی هەژاریی، پیشەی زۆر و جۆراوجۆری تاقیکردەوە و درەنگ بۆیدەرکەوت کە ناتوانێت لەگەڵ مرۆڤەکاندا کار بکات و گەرا بە دوای پیشەیەکدا کە بتوانێت بە تەنها ئەنجامی بدات. پیشەی بۆیاخچێتی هەڵبژارد و بە خۆی و خەیاڵەکانییەوە، بە خۆی و رەنگەکانییەوە، بە خۆی و بێدەنگییەکەیەوە، بە وزەیەکی زیاتر و نرخێکی کەمترەوە کەوتە رەنگکردنی دیوار و لا دیوار و دەرگا و پەنجەرەی خانووی مرۆڤەکان و لەگەڵ جۆرەها رەنگ و دیوار و دەرگا و کۆڵاندا بوو بە ئاشنا و جار لە دوای جار ئاسانتر و رۆشنتر رۆژەکانی تێپەڕدەکرد و شەوانیش کەمتر دەپەرژایە سەر دواندنی بوبولیناکانی و زمانی وڕێنەکانیشی بە جۆرێکی دیکە بوو.

ئەمشەویش حوشترەکەم بە باری حەوزە چکۆلە و شەرمنەکانی

ماسییەکانمەوە تا کەناری دەریا و تا پایەتەختی خوورە و سروەی ئەو ئاوانە ڕۆیشت، کە هیچ ئادەمییەک بۆنی قەوزە لوسەکانیان ناکات و بە جلەوە بێت یان بە رووتی، مەلەیان تێدا ناکات و هەستیان پێناکات و جوانییان ناشڵەقێنێت و خەویان نازڕێنێت و میزیان تێناکات. گەرچی لەوەیدابووم دانە بە دانەی حەوزی ماسییەکان کە هەندێکیان لە نایلۆنی ئەستوور و ڕۆشن و هەندێکیان لە شووشەی تاریک و تەنک و هەندێکیان لە تەختەی خۆشەویستی و هەندێکیان لە پلێتی شەرم و زۆرینەشیان لە ئاوریشمی عەشق تێکەڵ بە دەزووی مەراق چنراون، دابگرم و بە نۆرە و بە یەکەوە روخسەتیان بدەم خۆ بدەن بە ئاوەکاندا و سەما بکەن و گۆرانیان بڵێن و بیکەنە قریوە و هەرچی پرسیار و نەفرەت و هەوای تەنگ و ژەنگاوی تێکەڵ بە لەرەی دەنگی مرۆڤەکانە لە خۆیان داتەکێنن و ئازاد و شاد و ڕۆشن هەناسە بدەن و لێگەڕێم تا ماندوویێتی ختووکەی جوڵەکانیان دەدا، خەیاڵپڕژێنی یەکدی بکەن و جوانی بەشی یەکتر بدەن، بەڵام کە ناڵە و لوشکە لوشکی حوشترەکەم گوێ لێبوو، هەر کە چاوانی ئاو تێزاو و گوێی شۆڕ و لوتی فش و دەمی داچەقاو و توکی بژ و قاچی لەرزۆک و ژێر سمی خەواڵوویيم بینی، بۆ ساتێک لە ماسی بەرەڵاکردن وەستام و چووم بە پیر حوشترەکەمەوە و لێم پرسی چیتە بە قوربان، مەگەر پێتخۆش نییە کەمێک بارت سووک بێت و ئارەقە و شەتاوی پێستی ژێر کورتانەکەت نەرمە بای ئەم کەنار ئاوانە لێی بدات و فێنک بێتەوە، بەڵام حوشتر بە دزی ماسییەکانەوە دڵی دەلەرزی و چۆقەی دانە رزیوەکانی دەهات و بە نووزەیەکی باریک و خەمهێنەرەوە دەدوا و بە ئەستووری دەمبیست و هەر زوو تێگەیشتم چی دەویست. بە پەلە لەپە دەستێکم هێنا بە سەریدا و تەوێڵیم ماچکرد و گوتم ئاخر حوشترگیان چۆن دڵت و هەستەوەرە زل و منداڵانەکانت ڕێگەیان داویت دەستی فرمێسک بگریت بە چاوانتەوە و ئەم هەموو جوانییە نەبینیت، گوێیەکانت بە ژاوەژاوی مرۆڤەکان بئاخنیت و ئەو هەموو ناسکییە نەبیستیت، چۆن دەبێ ئەو کونە لوتە گەورە و کراوانەت بە لیک و چڵم بگریت و ئەو هەموو فەریکە بۆنە هەڵنەلووشیت، چۆن دەبێ زار لێکبنێیت و بەو دانە سپی و رزیوانەت بنێشتی گۆرانییەکی ئاوەدان نەجوویت و کاوێژی تەنیایی بکەیت.

ڕۆژێکیان ڕێکەوتی ماڵێکی وەکو خۆی بێدەنگ و پڕ دەرگا و پەنجەرەی بەرز و گوڵ و گیا و درەختی چڕ دەکات و دەست دەکات بە ڕەنگکردنی دەرگا و پەنجەرەکان. لە ئێوارەی ڕۆژی سێیەمدا و لە کاتێکدا بە هەموو هێزی روانینییەوە لەسەر دیواری حەوشەکەوە لە گۆشە بە گۆشەی پەنجەرەیەک ورد

دەبێتەوە تا دڵنیابێت و بزانێت هەموو پەنجەرەکە بە شێوەیەکی هاوسەنگ رەنگی بەرکەوتووە یان پنتێکی لەبیر چووە و پێویستە بە سەریدا بچێتەوە. دوو چاوی مۆر و بزۆز، داگیرکەر و بەکێش، مۆرێکی وەها کە لە سێبەردا بەلای رەشدا خۆ دەنوێنن و لە رۆشناییدا بەلای شیندا دەدرەوشێنەوە، بە هەمان ئەو هێمنی و وردبینییەی حەمەی باجی ئایشێ دیوی دەرەوەی پەنجەرەکەی پێدەپشکنی، ئەو دوو چاوەیش دیوی دەرەوەی ئەویان دەپشکنی. بۆ ساتێک روانینی لێڵ بوو و بە خۆی و رەنگەکانییەوە کەوتە خوارەوە و رژا بەسەر لاسک و گەڵا و پەڕەی ئەو گوڵانەدا کە پڕاوپڕی حەوشەی ماڵەکە لە شێوەی فەرشێکی نەخشین و گەورەی چینیدا راخرابوون و خشششششششششششششششششششششش ششششششششش.

## پێنج

بوبولیناکەم، لەبەرئەوەی لاشەت سەر بە گەرد و پێکهاتەی سەر زەمینە و هەرچەندە قەبارەت باریکەڵە و چکۆلانەیە، بەڵام ناتوانم لە چاوی مرۆڤەکان بتشارمەوە و دڵنیام گەر بتبینن وەکو من بە دیارتەوە دەوەستن و گاڵتەت پێدەکەن و پێت رادەبوێرن و پرسیار رێژت دەکەن و هەر جوانی و ناسکی و نەرمییەک لە تۆدا بوونی هەیە بەزۆر لێت دادەماڵن و دەیبەن بۆ خۆیان و نوقمی ئێرەیی و نەزانی و بێخەیاڵیی خۆیانی دەکەن. ئاخر بوبولیناکەم گەر لە ترسی بێخەیاڵی مرۆڤەکان نەبێت، هەرگیز رازی نابم بە نهێنی و بە خەیاڵ لە گەڵمدا بێیت و بچیت، گەر ئاشکرا بین دەکەویتە بەر بێباکی و بێبۆنی و بێهەستی مرۆڤەکانەوە و لەوانەیە توشی ماندووبوونێکت بکەن هەرگیز نەتوانیت پشوو بدەیتەوە، لەوانەیە توشی پەرکەم و نەخۆشی و سەرەگێژەت بکەن و بە جۆرێک سەرت لێبشێوێنن چیدی منیش نەناسیتەوە. لەوانەیە هەر بۆ شۆخی دەستێکت یان رانێکت لە بنێڕا دەربهێنن و بیبەن بۆ خۆیان و پێتنەدەنەوە و تا مردنی من هەر بە کەم ئەندامی بمێنیتەوە. لەوانەیە یەکێکیان دەروێش ئاسا سەرت لە ملت و ملت لە گەردنت و گەردنت لە سینەتەوە هەڵکەنێت و وەک مەدالیایەکی پیرۆز هەڵیبواسێت بەسەر قوونی پانتۆڵەکەیدا و هەتا هەتایە خرینگەی کلیلەکانی ترس و گومان و دوکان و ترۆمبێل و ژوورەکانی، کە بوونەتە مۆتەکە و زیندان بۆ خەیاڵەکانی، بە پەنا گوێیە قووڵ و باریکەکانتەوە بزرنگێنەوە و هەرگیز مێشکت ئارام نەبێتەوە. دەترسم یەکێکی تریان قژە تاڵێک مۆر و تاڵێک مەیلەو زەرد و تێکەڵ بە شینی شانەکەت و شادی بۆنەکەت دەستکەنە بکات و توڕیبداتە سەر زەوییەکە و تا

من دادەنەومەوە بۆ کۆکردنەوەی مووەکان و تا من شەڕێکی پڕ هەناسە لەگەڵ ئەو هەوایەدا دەکەم کە قەپاڵ لە بۆنی نێوان تاڵێکی مۆر و تاڵێکی مەیلەو زەرد دەگرێت و خەریکە قوتیبدات و لەگەڵ خۆیدا ببیات، تا من راست دەبمەوە و دەست دەکەم بە قورگی تیمساح ئاسای ئەو هەموو هەوایەدا و دەیرشێنمەوە و بۆنەکەی لێ دەستێنمەوە، ئەو هێندەی خۆشی و پێکەنین لە بینینی سەری سفور و کەللەی چکۆلانەی تۆ بێت کە هەر هێندەی بۆڵەترێیەکی ئاوس بە شیلەی هاوینێکی وشک و نیگەرانی لێماوەتەوە، بە لادا بێت و ببوورێتەوە و تۆی بە توندی لە دەست بکەوێتە خوارەوە. بوبوگیان توو بریقەی چاوەکانت بمبەخشە، کە پێم ناکرێت و ناوێرم هەموو رۆژێک لەگەڵ خۆمدا بتبەمە دەرەوە و بە پێ خلبینەوە بەرەو وێستگەی پاسەکان و هەر کە پاسەکە دەرکەوت هەردووکمان بە یەک دەست سڵاو لە بەشی پێشەوەی پاسەکە بکەین و من دەرگای پاسەکە بکەمەوە و یەکەمجار تۆ پێ و بۆن بنێیتە کۆشی پاسەکەوە و ئارام دانیشین تا دەگەین و رۆژێک من و رۆژێکی دیکە تۆ بە دەنگە باریکەکەت بە شۆفێری پاسەکە بڵێین، دابەزین هەیە. ئەم نەتوانینەم لەبەر بێتوانایی خۆم و کرێی پاسەکە نییە، بە خاتری چاوانی ئەبڵەقبووی مرۆڤەکانی رێگە و ناو پاسەکەیە بە کاکی شۆفێریشەوە، ئەوکاتەی لە ئاوێنەکەوە تۆ نابینێت و وا دەزانێت تەنیشتی من چۆڵە، هێواشی دەکاتەوە و خەریکە پێ دەنێت بە ئیستۆپدا و پێی خۆشە مرۆڤێکی دیکەش بێتە ناو پاسەکەوە. بوبوگیان گرفتی گەورەی من شڵەژان و دەرپۆقینی ئەو هەموو چاوەیە کە لە یەکەم نیگایاندا بۆ سەر من و تۆ بە پەلە دەتروکێن و مەزەندەی ئەوە دەکەن.. هێشتا خۆر بەیانی باشی لە زەوی نەکردووە و لەودیو دەرگای داخراوی ژوورەکانیانەوە بە تەنیا و بە کۆمەڵ و بە تەنیا و دوو بە دوو خەوتوون و قەرەباڵغی شەقامەکان و فیکە کێشان و دەست راوەشاندنی مروورەکان و پارەدانی ناو پاسەکە و روانینە روخساری یەک و جلەکانیان و جانتاکانیان و پێڵاوەکانیان و دواتریش من و تۆی دانیشتووی سەر دوو کورسی ناو پاسەکە، کە بە رەوشتەوە سەرمان لە یەک نزیککردۆتەوە و من زوو زوو بە تیلەی چاو دەنۆڕمە ئەودیو پەنجەرەی نیمچە کراوەی پاسەکە و نیگای کورت و خێرا و پچڕ پچڕی دارتێلی سەر شۆستەکان و چۆلەکەی فڕیو و درەختی خەواڵوو و پشیلەی حەپەساو و گڵۆپی لاواز و سێبەری بەهێز و تیشکی بەرێز دەکەم و بە هێواشی دەیانئاخنمە گوێیە ورد و باریک و قووڵەکانی تۆوە و تۆیش بێئەوەی خۆت بە بینینی چ شتێکی ترەوە خەریککردبێت، تەنک لە من دەنۆڕیت و قووڵ دەمبیستیت.

## شەش

بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو حەمەی باجی ئایشێ بە چاکەت و بیجامەیەکی شینی کاڵەوە پێدەنێتە ئەو دیو دەرگا یەک لە دوا یەکەکانی ئەو ماڵەوە و سەرسامدەبێ بە بینینی گوڵدان و راخەر و قەنەفە گوڵڕێژەکان و روانینی دەکەوێتە سەر هەر شتێک، یەکەمجار گوڵێک و دوواتر جۆرەها نەخش و وێنەی گوڵیان تێدا دەبینێتەوە و بە گشتی هەر شتێک کە لەو ماڵەدایە تێکەڵەیەکە لە گوڵی راستی و گوڵی خەیاڵیی، گوڵی نەرم و بۆنخۆش و سروشتی و گوڵی رەق و بێ بۆن و دەستکرد. دوای ئەوەی تێر دەخوات لە شۆربای گوڵ و گەڵای گوڵ و لاسکی گوڵ و سێ پەرداخ شەربەتی گوڵ دەخواتەوە. دەیبەن بۆ ژوورێکی دیکە کە تەواوی لا دیوارەکانی رووپۆشکراون بە وێنە و نەخش و زەخرەفەی جۆرەها گوڵ و بە بەرچاوی ئەو هەموو گوڵەوە رووبەرووی تاقیکردنەوەیەک دەبێتەوە کە زۆر جیاوازە لە تاقیکردنەوەکانی پێشووی و ئەمجارەیان عەشق و هەژاریی بە یەکەوە و بە یەک دەست و بە یەک رەنگ و هێڵ پرسیارەکانیان داڕشتووە. گەر حەمەی باجی ئایشێ بتوانێت بە دروستی وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە، بڕوانامەی مامۆستای هەژاریی وەردەگرێت و بازێکی گەورەش بەسەر ئەوینی بووکەشووشەکانیدا دەدات و دەبێتە هاورێ و خۆشەویستی یەک بووکەشووشەی جوان و راستەقینە. کابرای خاوەن ماڵ کیژێکی ناز پەروەردەی ناو ئەو هەموو گوڵەی هەیە کە توانای بیستن و قسەکردنی نییە، بەڵام توانایەکی باشی لە ژەنینی پیانۆدا هەیە و بەهرەیەکی پڕ رەنگیشی لە وێنە کێشانەوەی گوڵدا هەیە. ماوەی سێ ساڵە باوکی بەڵێنی داوە، هەر کەسێک بتوانێت سەر بکەوێت بەسەر شوراکانی ناسکی و رەنگینی و ئەوینیدا و پێ بنێتە ئەودیو دەرگاکانی دڵ و خەیاڵ و ژیانییەوە، بە هەموو شێوەیەک خزمەتی دەکات و کیژەکەیش بۆ ئەو هاتنە ژوورەوەیە دوو مەرجی گرنگی داناوە و دەبێت کوڕێژگەکە لە توانایدابێت بە جوانی، وەڵامی دوو پرسیاری یەک لە دوای یەک بداتەوە و تەنها هۆش و خەیاڵ و دڵی کیژەش دەتوانن راستی یان نادروستی وەڵامەکان دیاری بکەن. حەمەی باجی ئایشێ بۆ شیکار و وەڵامدانەوەی پرسیاری یەکەم لەسەر ئامێری پیانۆکە دادەنیشێت و دەست دەداتە ئەو پەڕتووکی نۆتەیە کە لە بەرگەوە بۆ بەرگ لاپەڕەرێژە لە نۆتەی گوڵ و بەدەم سەیرکردنییەوە دەیداتە دەست باوکی کچەکە و دڵیشی کۆلارەیەکە لەسەر ئاوازی نێوان هەڵفڕین و کەوتنەخوارەوەدا لێدەدات و هەڵدەستێتەوە و باوەش دەکات بە جانتاکەیدا و بە هێمنی زریزەکەی دەترازێنێ و بە ئەسپایی دەستڕۆدەکات بە گەروویدا کە

پڕە لە کەتەلۆگی جۆرەها کۆمپانیای بۆیاخ. سەرەتا هەستم کرد یەکێک لە تۆنە ڕەنگی ناو کەتەلۆگەکان دەژەنێت، بەڵام هەر دەستی دەگێڕا و بە دوای شتێکدا دەگەڕا. ئەوەتانێ دۆزییەوە! لە بەیانییەکی ساوادا و لە کاتێکدا بە هەموو هێزی باڵایەوە لەسەر نوکی پێ ڕاوەستاوە و خەریکی ڕەنگ ساوینە لە پارچە ئاسنێکی ژەنگاوی، لەپڕ دەزووی لولەکەی لە سەری یەکێک لەو سێ بورغوە گیر دەبێت کە پارچە ئاسنەکەیان ڕاگیرکردووە بە هەڵاشەکەوە و یەک ڕیز تنۆکە بۆیاخ دەتنۆکێنە سەر ڕوخساری و بە چاوێکی کراوەوە کە بە شەپۆل ڕوانینی لێدێتە دەرێ و بە چاوێکی نوقاوەوە کە بە خوڕ فرمێسکی ڕەنگی لێدەتکێ، بە کۆڵانەکانی ئەو گوزەرەدا دەگەڕێت و دەیەوێت دەرگای کراوەی دەرمانخانەیەک، دوکانێک، ماڵێک بدۆزێتەوە، بەڵام ڕێکەوتی هیچ کام لەوانە ناکات و لە کەلاوەیەکدا لەتە ئاوێنەیەکی تەڵخ و گەڕ دەدۆزێتەوە و بە کلێنسە لولکراوەکانی گیرفانی و لە بەر ڕۆشنایی ئەو لەتە ئاوێنەیەدا، چاوی لە ڕەنگدا خوساوی وشک دەکاتەوە و ڕوخساری گریاوی ژیر دەکاتەوە. هەمان لەتە ئاوێنە لە شوێنی پەڕتوکی نۆتەکە دادەنێت و لە ڕوخساری خۆی ورد دەبێتەوە و دەست دەکات بە ژەنینی لۆچەکانی دەموچاوی و خەمەکانی بە دەستی ڕاست دەژەنێت و شادییەکانیشی بە دەستی چەپ، لە ناوچەوانەوە دەست پێدەکات و لەژێر چەنەدا کۆتایی دێت. کیژەکە لە پشت سەرییەوە دەوەستێت و هەردوو لەپی دەستی بە ئەسپایی دەدات بە یەکدا و لە کاتێکدا نیگای بەر ڕوخساری ناو ئاوێنەکە دەکەوێت خەندەیەکی چکۆلانە دەکات و لە ژوورەکە دەچێتە دەرەوە.

پرسیاری دووەم دێتە پێشێ و گوڵدانێکی قەڵەو کە سێ گوڵی زەرد و سوور و شینی تێدایە لە گۆشەیەکی ژوورەکەدا دادەنێن و دەبێت وێنەی بکێشێتەوە، بەڵام ئەو هیچ بایەخ بە سەیرکردنی گوڵدانەکە نادات و لەبەر خۆیەوە دەکەوێتە وێنە کێشان و لە ناوەڕاستی حەوزێک ئاوەوە کیژەکە بە لەش و لارێکی دەرەوشاوەوە ڕاستبۆتەوە و لە خوار کەمەرییەوە رووی لە پێشەوەیە و لە پشت کەمەرییەوە تا گەردنی ڕووی لە لای چەپی کاغەزەکەیە و لە گەردنییەوە تا گوڵی قردێلەکانی بە لای ڕاستی کاغەزەکەدا ئاوڕی داوەتەوە و بایەخێکی زۆری بە زیندوویێتی چاوەکانی و بریقەی خەندەی لێوەکانی داوە و کراسێکی سپی لەبەرکردووە، کە شەڵاڵە بە ڕەنگی گوڵی ورد و گوڵی گەورە و گوارەی گوڵ دەکاتە گوێیەکانی و ملوانکەی گوڵی کردۆتە ملی و بازنگی گوڵ دەکاتە مەچەکی و پاوانەی گوڵی کردۆتە قولی و هەر سێ گوڵە زەرد و سوور و شینەکەی بە شەنگییەوە لەنێوانی پەنجەکانی دەستی چەپیدا داناوە و دەستی ڕاستیشی بە ڕێزەوە لە سەر ناوەڕاستی دڵی داناوە.

## حەوت

وەڵامەکان پەسەند کران و پیرۆزبایی ناوە تازەکەیشی لێکرا کە ناویان نابوو حەمە گوڵی و لێیان پرسی ئەم وەڵامانەی لە کوێ هێنا و کێ ڕێبەری ژیان و خەیاڵییەتی، ئەویش باسی مامۆستای هەژاریی بۆ کردن کە هەر لە منداڵییەوە فێریکردووە، لەپاڵ هەر شەو و ڕۆژێکی راستەقینەدا شەو و ڕۆژێکی خەیاڵییش بژی. باسی جەژنەکان، کە بە خۆی و تەشتە گوڵەبەڕۆژەکەی لا کەمەرییەوە چووە بۆ کۆڵانی چەرخ و فەلەک و جۆلانێکان و گەرچی منداڵانی دیکە هەر هێندەیان پارە پێبووە، سواری یەک جۆلانە بن و چێژی دوو تا سێ یاریی تام بکەن، بەڵام ئەو بە ڕێنمایی مامۆستاکەی و هەر بە سەیرکردن بەشداری هەموو یارییەکانی کردووە و تا گێژبووە و سەری سووڕی خواردووە لە چەرخ و فەلەکەکە دانەبەزیوە و دەنکە گوڵە بەڕۆژەیەکیشی لێنەڕژاوە.خ خششششششششششششششششششششش.

## هەشت

حەمە گوڵی بە باوەشێک گوڵ و تاجە گوڵینەیەک و شووشەیەک گوڵاوەوە، گەیشتە لای مامۆستای گەورە و وەفاداری خۆی و بەدەم ستایش و چاوانی ئاو تێزاوییەوە، دەستەکانی ماچ دەکات و دەڵێت، مامۆستاگیان گەردنم ئازاد بکە و لێمخۆشبە گەر فێرخوازێکی تەمبەڵ و لاساری بەر وانە دژوارەکانی تۆ بووبێتم، بە گەورەیی خۆت بمبەخشە گەر لێرە و لەوێ، بە زمانی خەیاڵ یان بە زاری راستی بە خراپە باسمکردبیت. هەرگیز خەیاڵم بۆ ئەوە نەدەچوو ڕۆژێک لە ڕۆژان بە پۆشاکی خاوێن و پێڵاوی پشـــــووەوە، بێقۆپی کردن و بە نمرەی بەرزەوە بێم و بڕوانامەکەم وەربگرم. سوپاس بۆ تۆ ئەی رابەرم کە ناچارتکردم هەموو ڕۆژێک سەری باخچەکانت بە ملدا بشۆم و ئینجانەکان فێنک بکەمەوە، تا نەمامگەیەک خەیاڵی جوان و شیرینت بە دنیایەک رەگی ناشرینی و تاڵییەوە لە مندا ناشت. کە خشتەی لێکدانی کۆڵان و شەقامەکانت پێ لە پێوەدام و فێریشتکردم چۆن، کەم برسییەتی و کۆ عەشق و دابەش نائومێدییەکانمی بکەم. سوپاسێکی هێند گەورە بۆ تۆ کە هەر شیاوی شکۆ و گەورەیی خۆت بێ و شیاوی ئەو ساتانەت بێ کە منت هێندە پێ بچووک دەکردەوە، جگە لە چاوانی خەیاڵی خۆم هیچ ئادەمییەک نەیدەبینیم. بە تاجە گوڵینەکەوە لێی دەچێتە پێشەوە و خەریکە... بەڵام مامۆستا ڕوو وەردەگێڕێ و لەبەر خۆیەوە سەر با دەدات و زوو زوو دەست دەبات

بۆ کونە لووتەکانی و ژێر چاویلکە ئەستوورەکەی و پشتە مل و بەر دەرگای گوێیەکانی هەڵدەکرێنێ و لارە لار دەڕوات. حەمە گوڵی هەست دەکات لەگەڵ هەر جوڵە و هەنگاوێکدا لە پێشچاوانی بچووک و بچووکتر دەبێتەوە و لە دایناسۆرێکی مل ئەستوورەوە دەبێتە تیمساحێک و لەویشەوە دەبێتە مارمێلکەیەکی مل باریک. بە پەلە رادەکات بە دوایدا و پێشی لێ دەگرێ و شانەکانی ماچ دەکات و دەڵێ، بوەستە ئەی رابەرم با تاجە گوڵینەی رێز و وەفا بەگەردنتدا هەڵبواسم و نەختێک گوڵاو بپرژێنمە ناو لەپ و ژێرچەنە و پەنا گوێیەکانت. مامۆستا بە دەستە کورت و پەنجە بچووک کانی کە پێشر بێئەندازە درێژ و ئەستوور بوون حەمە گوڵی لە خۆی دوور دەخاتەوە و دەڵێت، لەمە زیاتر شەرمەندەم مەکە، تا ئێستا کەس بە خەیاڵیدا نەهاتووە وەکو تۆم لە گەڵدا بکات. کەس سەردانی نەکردووم و کەس سوپاسی نەکردووم و کەسیش بێزی نەهاتووە ماچم بکات. هەموویان، هەر هەموویان بە پۆزەوە بڕوانامەکانیان لە چنگ فڕاندم و بە نەفرەت و لوتبەرزییەوە جێیان هێشتم. کەس هەستی بەوە نەکرد، منیش هەژار و تامەزرۆی ئەوەم یەکێک لە فێرخوازەکانم بێت و چڵێک سۆزم بداتێ، پەڕەیەک خۆشەویستیم بۆ راگرێت، بە گەڵایەک ناسکی و لاسکێک شادمانی تیرپخ..خششششششششششششششش شششششششششششششششششششششششششششششششششششش شششششششششششششششششششششششششششششششششششش شششششششششششششششششششششششششششششششش

**نۆ**

جارەکانی پێشوو کە کەناڵ دەپچڕا زۆری پێ نەدەچوو کە گرێ دەدرایەوە، بەڵام وردە وردە جگە لەوەی بێزاری کردم، دیمەنەکانیش بە شێوەیەکی سەیر دەگۆڕێن. ئەمجارەیان حەمەی باجی ئایشێ لە نەخۆشخانەیە و بە قات و بیجامەیەکی شینی کاڵەوە راکشاوە و وا بزانم خەوی لێکەوتووە. کچێکی ئەسمەری باڵا بەرزیش کە زۆر بە دیوە راستەقینەکەی یەکێک لە بووکەشووشەکانی دەچێت، لەسەر کورسییەکی شین بە دەستێک جلی سپییەوە لە نزیک سەرییەوە دانیشتووە.

لەڕاستیدا منیش لێرەوە هەژار و نیگەرانی ئەوەم ئەم خشە خشە نەهێڵم و بزانم دیمەنە راستییەکە کامەیە کە پەخشکراوە.

ناوبڕێک و دێمەوە لاتان.

# قیبلەی من، دڵی یارە



حەسەن نازدار

بۆ رۆشتی بەبێدەنگی، بێ ماڵئاوایی، ئێمەت لێرە بەجێهێشت. ئێمە هەموو لێرەین. لە ژوورەکەت چاوەڕێین، بەڵکوئەوەی رۆژێک یاخود شەوێک، لەپەنای خەونێکدایان لە باوەشی خەیاڵێکدا بەهێواشی دەرگاکە بکەیتەوە و بە جیڕەی کرانەوەی دەرگاکە هەموومان بەئاگابهێنیت و بە پەپوولەی ئەو زەردەخەنەیەی کە لەسەر لێوەکانت دەنیشێتەوە، دڵمان شاد بکەیت و ترووسکەی هیوایەکمان بۆ بگەڕێنیتەوە و تەمی ئەم چاوەڕوانییە کوشندەیە برەوێنیتەوە و خەونی گەڕانەوەت بکەیتە راستی، راستییەکی مەحاڵ. کە خەون و خەیاڵیش پەی پێ نابەن. مەگەر موعجیزەیەکی خودایی کە رازەکانی مەحاڵ دەکاتەوە. خۆزگە بۆ تەنها ساتێکیش بوایە چاوێکت دەگێڕا بە ژوورەکەدا و حاڵی هەموانت بدیایە و ئاگاداری ئەو کەشە تازیەبارییەی ناو ژوورەکەت بوایەیت، بەڵام دڵنیام ئاگاداریت. دەبێت ئاگادار بیت. پیاوێک هێندە شەیدای خەون و خەیاڵ و بیرکردنەوە بێت. دەبێت سواری مەلی خەیاڵ بێت و بە شەقامەکانی خەوندا

سەفەر بکات و لە دەرگای هەرشوێنێک بدات کە خۆی ئارەزووی بکات. دڵنیام ئاگاداریت، بەڵام هەرچۆنێک بێت ئەم چەند دێڕەت بۆ دەنووسم، بەڵام تکا دەکەم جارێ مەپرسە کە من کێم. من لەڕێگەی تۆوە لەسەر زۆر شوێن و جێگا و کەس و شتم نووسی، بەڵام یەکەم جارە لەسەر تۆ دەنووسم و بۆتۆ دەنووسم. لەنێو هەمووواندا تەنها من بووم کە وەک مردوویەک لە شوێنی خۆمدا کەوتم و بۆچرکەیەکیش تا ئەمڕۆ نەبزواوم و وەک خەوتوویەک یاخود نیوەمردوویەک لەو شوێنەی کە بەجێت هێشتبووم مامەوە و تەنها هۆکاری مانم کە هەمیشە هەستم پێدەکرد، بۆنی دەستەکانت بوو کە بەسەر جەستەمەوە بەجێمابوو. سەرجەم شتەکانی دەورووبەرم یاخود شتەکانت بەجۆرێک سەریان لێشێوا و هەریەکە و بەجۆرێک شوێندۆزی تۆیان کرد، هەتا ئێستاش هەر بەوحاڵەوە ماونەتەوە و چاویلکەکەت کە لەسەر مێزەکە دانرابوو. هەتا ئێستاش بەدوای ئەو چاوانەدا دەگەڕێت کە لەپشت شووشەکانییەوە نەماون و نازانێت لە کوێ خۆیان حەشارداوە و زۆرجاریش بە یادی ئەو چاوانەوە لە بست بە بستی ژوورەکە و سەرجەم شتەکانی ناوی رادەمێنێت و پاشان دڵی پڕ دەبێت و دەداتە پڕمەی گریان.

گۆچانەکەت کە چاو و قاچ و رێ پیشاندەری تۆ بوو ئێستا لەجیاتی دەستی تۆ، دەستی خۆی گرتووە و بە لارەلار بەدوای تۆ و ئەو دەستە گەرمانەدا دەگەڕێت کە دەیانگوشی و هەمیشە خۆی لە دار و بەرد و شتەکانی دەوروبەر دەسوێ و تا بەرجەستەت بکەوێت و بیناسێتەوە. یاخود بۆنەکەت مێشکی پڕ بکات لە ئاشنایی و رێگا و شەقامەکانیش رۆژانە سنگیان ئاوەڵایە بۆ ئەو دووقاچەی کە نەوازشی دەکردن. هەندێ کاتیش رێگاکان لە داخی ئەو قاچانەی دوای تۆ و تەنیایی گۆچانەکەت. خۆشیان رێیان لێ هەڵە دەبێت و خۆیان ناناسنەوە و لایتەکەشت هەتا ئێستا بە رۆژ و بە شەو بەنێو ئەم رێگایانەدا بە چاوە کزەکەیەوە بەدوای تۆدا دەگەڕێت و دەیەوێت بەدیداری رووخساری پڕنووری تۆ سۆما بۆ چاوی بگەڕێتەوە و بە خوێنی دەستەکانت هێزی خۆی بەدەست بهێنێتەوە و کۆڵانە تاریکەکانی خەیاڵی پڕبکاتەوە لە رووناکی و شادی جارانی.

هەموو شەوێک تارمایی ئەو شاعیرانەی کە دیوانەکانیان لە ریزی یەکەمی کتێبخانەکەتدان لەجیاتی تۆ دێنە ژوورەکەتەوە و خۆیان بەسەرە شیعرەکان دەخوێننەوە و هەرخۆشیان گوێگری هۆنراوەکانن، بەڵام تەنها شاعیرێک کە هەرشەوێک هات و نەگەڕایەوە. ئەو شاعیرە لاوە بوو کە تاکە دیوانەکەی لەسەر مێزی خوێندنەوەکەت دانرابوو. دوای خوێندنەوەی شیعرەکەی سەری کێشا بە

دیوارەکەدا و بە زویربوونەوە لە خوێنی خۆی و بەسەری پەنجەی شایەتمانی لەسەر شووشەی کتێبخانەکەت نووسی "کاتێک تۆ دەرگام لێدادەخەی، شیعر دەمباتە ژوورەوە"، ئیدی لەدوای ئەم دێڕە ڕۆیشت و هەرگیز نەگەڕایەوە. کاتژمێرە گیرفانییەکەت هەنووکە سات و چرکە و خولەکەکان بۆ خۆی دەژمێریت و هەندێجار دەیەوێت ئاڕاستەی جوڵانەکانی بۆ دواوە بگەڕێنێتەوە، بەڵام هێز و بڕستی ئەوەی نییە و کاتێکیش کە تێدەگات مەحکوومە بە بەرەوپێشەوە چوون و نەگەڕانەوەی لەداخا سەری خۆی دادەپۆشێت و دەخەوێت و رادیۆکەش هەر بەردەوامە لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی شەڕوشۆڕ و خوێن و کوشتن و خۆسووتاندن و بەکەمی ڕێی دەکەوێتە هەواڵی خۆش و هیوابەخش و ئێستا لەجیاتی تۆ ئەو بووەتە گوێگری هەواڵەکانی خۆی و هەندێ جاریش بەبێزاریی و ماندووبوونەوە خەو دەیباتەوە و بێدەنگ دەبێت و کورسییەکەشت هەر لەسەر چوار قاچەکەی خۆی وەستاوە و هەر لە شوێنی خۆیدایە و بەبێدەنگی و بەبێ تۆ سەری ناوە بەرادیۆکەوە و گوێی بۆ دوایین هەواڵی تۆ هەڵخستووە و چاوەڕوانی دوایین هەواڵی تۆیە و ئێستا دوایین ئاواتی ئەوەیە کە بۆ جارێکی تر تۆ لەئامێز بگرێتەوە و بەیەکتر شاد بنەوە و جەستەی گەرمت هێز ببەخشێتەوە و بە قاچەکانی و پێکەوە گوێ لە مەقامەکانی سێوە و چریکەکانی سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی بگرن.

ئەلبوومەکە خۆی بەتەنها دانیشتووە و بەپەنجە لەرزۆکەکانی و قژەماش و برنجییەکەیەوە دانە دانە لاپەڕەکانی خۆی هەڵدەداتەوە و بەچاوی پڕ فرمێسکەوە لە یەک بەیەکی وێنەکانی تۆ رادەمێنێت و گوزەرێک بە ژیانی رابردووی تۆ و ئەو ساتانەی کە تۆ بەدەستەکانت وێنەکانت لە دڵیدا جێگیر کردووە، دەکات و لەسەر جەستەی هەر وێنەیەکیش پڕبەگەرووی بۆنی هەناسە و جێپەنجە جێماوەکانت دەکات و لەدوایشدا بەبێ هیوایی و بە دڵی پڕ لە حەسرەتەوە دەمی خۆی دادەخات.

قیبلەنماکە هێندە سوڕاوەتەوە سەری گێژ دەخوا و ئاراستەی قیبلەی لەبیرچووەتەوە و نازانێت لەکوێیە و ئێستا قیبلەی ئەو بووەتە دڵی تۆ و نازانێت لە چ شوێنێک گیرساوەتەوە و سات نا ساتێکیش لەتر دەبات و لەسەر مێزەکە دەکەوێتە خوارەوە و بە خەیاڵی تۆوە روو دەکاتە ئەو دیوانەشیعرییەی کە ناوەکەی"رووگەی من دڵی یارە"، جگە لەمانەش، هەرچی کەرەستەی ناو ژوورەکەتە هەر لە دەرگا و پەنجەرە و دارودیواری ناو ژوورەکەتەوە بگرە هەتاکو کتێبخانە و چرپاکەت و جلوبەرگ و عەتر و شانەکەت هەیە، ئەمانە

هەموو بە خەون و خەیاڵی تۆوە ژیان و سۆراغیان کردیت و ئێستاش هەر چاوەڕێن، بەڵام تەنها من نەبێت، من ئەو هاودەم و هاوڕازەی کە چەندان جار بە هەناسەکانت گەرمت کردوومەتەوە و توند توند بە دەستەکانت منت گوشیوە و پەنجەکانت هێناوە بە سەراپای جەستەما و چەندان خەیاڵ و بیرۆکەی جوانت بە من بەخشیوە و کاتێکیش قسەم نەکردایە، بەلێوە گەرمەکانت دەمی منت هەڵدەلووشی و بەقووڵی لە من رادەمایت و بەدەم نازەوە توڕە دەبوویت و بۆڵەت دەکرد و هەندێجاریش بە زەردەخەنە و زۆربەی جاریش بێدەنگییەکی کوشندە کە لات وا بوو باشترین قسەکردن بێدەنگییە.

بەڵێ، من هاودەمی خەم و خەیاڵەکانت و ئاگاداری رازەکان و هاوڕێی سەفەر و هاودەمی شەو و رۆژ و ئاشنای سات لەدوای ساتی تەمەنت بووم. بۆیە منیش ئەم چەند دێڕەم بۆ نووسیت، چونکە دەزانم غەریبیم دەکەیت و ئێستاش لەوێ بیروخەیاڵت پڕن لە حیکایەت و رستە و وشەی نوێ و هەر هیچ نەبێت رۆژێک دێت، کەسێک بەهێمنی لەسەر کێلی کوڕەکەت دادەنیشێت و ئەم نامەیەت بۆ دەخوێنێتەوە و ئەوساش دەزانی من کێم! تاکە هاوڕێکەت، پێنووسەکەت. کە لەسەر مێزەکەت و لەسەر ئەو چیرۆکە بەجێتهێشتووە کە هێشتا تەواوت نەکردووە. تۆبڵێی شەوێک بەبێدەنگی بێیتەوە و ئەو چیرۆکە ناتەواوە تەواوبکەیت...

لەگەڵ رێزی تاکە هاوڕێت

پێنووسەکەت

هاوینی ٢٠١١






## دیدار لەگەڵ شیرکۆ فەتاح

# یەکێک لە نووسەرە گرنگ و نێودارەکانی دنیای نووسین و ئەدەبیات بە زمانی ئەڵەمانی

سازدانی: سیروان رەحیم

شێرکۆ فەتاح لە ئیمرۆدا، یەکێکە لە نووسەرە گرنگ و نێودارەکانی دنیای نووسین و ئەدەبیات بە زمانی ئەڵەمانی.

ئەو ئیتر نووسەرێکە وەشانخانە و خوێنەرەکان بە دوای بەرهەم و نووسینەکانیدا دەچن.

ئەو ئیتر نووسەرێکی ناسراوی بواری نووسینی رۆمانە لە ئەڵەمانیا و خوێنەری زۆری لە بواری نووسینەکانییەوە بۆ خۆی دەستەبەر کردووە.

ئیمرۆ لە ئەڵەمانیا ژمارەی ئەو خوێنەرانە زۆرن، ئەوانەی دەیانەوێت بزانن بەرهەمی نوێی شێرکۆ فەتاح چییە، وەدەستی بخەن و بیخوێننەوە.

شایانی باسە، شێرکۆ فەتاح نووسەرێکە بەردەوام بانگهێشت دەکرێت بۆ بۆنەی ئەدەبی، یان کۆڕی تایبەتی بۆ ساز دەکرێت...

دوا کۆڕی شێرکۆ فەتاح، ڕۆژی یەکشەمە، ٢٠١٢/٦/١٧، لە شاری دوسەلدۆرف-ی ئەڵەمانیا بوو.

مۆزەخانەی شانۆی لەو شارە، میوانداریی ڕۆماننووسی ناسراوی ئەڵەمان، شێرکۆ فەتاح-یان کرد.

لەو کۆڕەدا، بە ئامادەبوونی کەسانی ئەدەبناس و خولیاداری نووسینی ڕۆمان و چیرۆک، شێرکۆ فەتاح چەند بەشێکی لە دوا ڕۆمانی خۆی خوێندەوە. «نیشتمانێکی سپی» ناوی دوا ڕۆمانی شێرکۆ فەتاحە.

***

هەرچەندە پەیوەندی شێرکۆ فەتاح بە کوردستان و نیشتمانی باوکییەوە پتەویش بێت، بەڵام زمانی نووسین و زمانی سەرەکی ئەو نووسەرە ئەڵەمانییە...

ئەو تاکو ئێستا ئەم ڕۆمان و کتێبانەی بە زمانی ئەڵەمانی بڵاوکردۆتەوە:

ساڵی ٢٠٠١ ڕۆمانی لە سنوورستاندا.

ساڵی ٢٠٠٢ کۆمەڵەچیرۆکی دۆنی.

ساڵی ٢٠٠٤ ڕۆمانی مامی بچکۆلەم.

ساڵی ٢٠٠٨ ڕۆمانی کەشتی تاریک.

ساڵی ٢٠١١ ڕۆمانی نیشتمانێکی سپی.

***



ڕۆمانی «نیشتمانێکی سپی» کە دوا بەرهەمی شێرکۆ فەتاحە، باس لە چیرۆکی گەشتێک دەکات. گەشتی پیاوێکی عێراقی، لە بەغداوە بەرەو بەرلین دەچێت.

لەو بەسەرهاتەدا شیرکۆ فەتاح کردوویە بە بابەتی ڕۆمان، پاڵەوانەکە، ناوی ئەنوەرە. ئەنوەر لە گەشتەکەی خۆیدا، لە هۆکاری کۆمەڵێ ڕووداوەوە بێ گوناهی و پاکیزەیی خۆی لەدەست دەدات.

ڕۆمانەکە پڕە لە بەسەرهاتی جۆراوجۆری ئەو سەردەمەی نێوان بەغدا و بەرلین. دەسپێکی ڕۆمانەکە ساڵانی سی سەدەی ڕابردووە لە بەغدا. ئەنوەر، پاڵەوانی ڕۆمانەکە، هیچ لە تەنگەژە و لێکدادانەکانی ئەو ڕۆژگارە حاڵی نابێت. ئەو خەون بە گەشتی دوور و ماڵ و سەرزەوینی جوانەوە دەبینێت.

ئەنوەر هەروەها خەون بە کچە جولەکەیەکەوە دەبینێت کە براکەی هاوڕێیەتی، بەڵام دەستپێکردنی شەڕی دووەمی جیهانی و سەرهەڵدانی ڕێکخراوی فاشیستی «کراس ڕەشەکان» لە عێراقی ئەو ساڵانەدا، خەونی ئەنوەر دەشێوێنن و وێرانی دەکەن.

ڕۆمانەکە پڕە لە بەسەرهاتی ماجەرائاسا و چیرۆکێکی بارگاوییە بە کارەساتەکانی نیوەی سەدەی ڕابردووی ناوچەکە.

***

شێرکۆ فەتاح کە ئێستا لە وەڵاتانی ئەڵەمانیا، سویسرا و نەمسا «واتە ئۆتریش» وەکو نووسەرێکی گرنگ دێتە ناسین، ساڵی ١٩٦٤ لە ڕۆژهەڵاتی بەرلین لەدایک بووە. ئەو کوڕی دایکێکی ئەڵەمان و بابێکی کوردە.

بەڵام ئەو نووسەرە وەکو خۆی بۆ ئێمەی باسکرد، کوردی نازانێت. ئەو دەڵێت:

من نووسەرێکی ئەڵەمانم و بەو زمانە پەروەردە بووم، بەو زمانە خوێندوومە و بەو زمانەیش دەنووسم.

سەرباری ئەوەیش شێرکۆ فەتاح نووسەرێکە بەردەوام بە وشەکانی، بە بابەتەکانی و بە ڕۆمانەکانی لە کوردستان و لە ڕۆژهەڵات ئامادەیە.

شایانی باسە، شێرکۆ فەتاح لە شاری بەرلین خوێندنی فەلسەفە و مێژووی هونەری تەواو کردووە.

ئەو نووسەرە کە تا ئێستا چەندین خەڵاتی گرنگ و دیاری بۆ ڕۆمانەکانی وەدەست خستووە، ڕۆمانی «نیشتمانێکی سپی»، چوارەمین ڕۆمانییەتی.

راستەوخۆ پاش کۆڕی تایبەت بەو ڕۆمانەی، نووسەر «نیشتمانێکی سپی»، بۆ خوێنەرانی واژۆ دەکرد...

شایانی باسە هەندێک لە بەرهەمەکانی شێرکۆ فەتاح بۆ سەر چەندین زمانی زیندووی جیهان وەرگێڕدراون.

پاش خوێندنەوەی چەند بەشێک لە ڕۆمانی نوێی، ئەم دیدارەم لەگەڵ شێرکۆ فەتاح ساز دا.

***

**لەبارەی ڕۆمانەکەتەوە زۆر گوترا، ئەی خۆت چی دەڵێیت سەبارەت بە ڕۆمانەکەت؟**

دەتوانم بڵێم، تا ئێستا باشترین و پڕواتاترین کتێبە من نووسیبێتم. هەروەها گەورەترین کتێبیشمە. بێگومان پرۆژەی لەم جۆرە چەندین ساڵ نووسەر بە خۆیەوە سەرقاڵ دەکات و کارێکی ئاسان نییە. دیارە دەبێ ئەوەیش بزانین خوێنەر بەردەوام سڵ لە کتێبی وەها ئەستوور دەکاتەوە و خۆی لێ لادەدات. من وەکو نووسەرێک دەبێت کتێبەکە پێشکەش بکەم، بیخوێنمەوە و بیناسێنم، بەڵام خۆشحاڵم کۆمەڵێکی زۆر بۆچوونی ئەرێنیم سەبارەت بەم ڕۆمانە بیستەوە. ئەم بۆچوونانە وەکو کەرەستەیەک بۆ من زۆر گرنگ بوون.

بۆ من گرنگ بوو شتێک لەنێوان عێراق و ئەڵەمانیادا بچنم. بەرهەمێک لە سەرەتای سەدەی بیستەم یان ناوەڕاستی ئەو سەدەیە لە عێراق و هەروەها ئەڵەمانیا. ئەمەیش بۆ من گرنگ بوو، چونکە وەکو من بیزانم هیچ کتێبێکی تری داستانی یان ڕۆمان لەسەر ئەو بابەتە بەزمانی ئەڵەمانی نیین. بۆیە لەو ڕوانگەیەوە بۆ من کارێکی سەرچڵی بوو شتێکی وەها بنووسم. هەروەها دەمەوێ ئەوە بڵێم کە من بەو کاردانەوانەی خوێنەران زۆر خۆشحاڵم.

**سەبارەت بە چۆنییەتی بڵاوکردنەوەی ڕۆمانەکە، ڕێژەی خوێنەر و ڕەخنە چی دەڵێیت؟**

بەڵێ، من سەبارەت بەوەیش هەر خۆشحاڵ بووم. ڕۆمانەکە زۆری لێ دەفرۆشرێت. هەروەها بۆ خەڵات کردن هاتۆتە هەڵبژاردن. بۆ نموونە بۆ خەڵاتی کتێبی لایپزیگ هاتۆتە هەڵبژاردن. دیارە ئەو خەڵاتە خۆتان دەزانن گرنگە، بەڵام بابەتەکە زۆرتر پەیوەندی بە خوێنەرەوە هەیە، کتێب دەبێت خوێنەری هەبێت. خوێنەرێک بتوانێت ماوەیەکی زۆر لەگەڵ ئەم کەرەستەیەدا

بژی. دیارە من خۆیشم خوێنەرم، بەڵام بۆ بەرهەمێکی خۆم ناتوانم هیچ بڵێم، دەبێت چاوەڕوانی هەڵسەنگاندنی ئەوانیتر بین. دەبێت ئاگاداری ئەو ئاڵۆزییانە بین و ئەوەیش بزانین لەم رۆمانەدا دیمەنی وەهای تێدایە پڕ لە دڵڕەقی و سەختی، بۆیە دەبێت ئاگاداری ئەوەیش بین خوێنەر دانەچڵەکێت و نەسڵەمێتەوە. نووسەر دەبێت هاوسەنگی بدۆزێتەوە لەنێوان شتی پێویست چییە کە نرخێک بە خوێندنەوە دەبەخشێت و هەروەها چی پێویستە بۆ ئەوەی ببێت بە هۆکاری ئەوەی بەرهەمەکە متمانە پەیدا بکات.

من پێموایە، بە گشتی کارەکە باش تەواو بووە و منیش بەو کارە تەواو خۆشحاڵم.

**تۆ دەڵێی ئەم رۆمانە بۆ من زۆر گرنگ بووە، بەڵام ئەمە رۆمانی چوارەمینتە، بۆچ بە تایبەتی ئەمەیان ئەوەندە گرنگ بووە بۆت؟**

من بە شێوەیەکی فراوان لەم رۆمانەدا پەرەم بە ئاسۆی گێڕانەوەی خۆم داوە. رەنگێکی ترم بەو ئاسۆیە بەخشیوە. لە رۆمانی لە سنوورستان دا، من لەنێوان سنوورەکانی عێراق و تورکیادام. گێڕانەوەی چیرۆکی کەسێکە عەوداڵی مین. کەسێکە قاچاخچییە. زەوی هەڵدەکۆڵێت و عەوداڵی دوای مینەکانە، شوێنیش لە کوردستانە. ئەم چیرۆکە من لەوێ، لە کوردستان گوێم لێبووە و باسیان کردووە بۆم، بەڵام هەروەها چیرۆکی سروشت و پێناسەکردنی سروشتێکیشە من زۆر خۆشم دەوێت، سروشتی کوردستان. سروشتێکە لایەنی کێوی و لایەنی تایبەتی خۆی هەیە. دواتر من بابەتەکەم فراوانتر کرد. ئەمە بابەتێکی گرنگ و هەوڵی مانەوەیە. ببینە مرۆڤ چ کارێک دەکات لە پای ئەوەی بژێوی خێزانێک مەیسەر بکات. یان باسکردنی ئەوەی لەو هەرێمە نائارامانە مرۆڤ ناچار دەبێت مل بە چییەوە بنێت و چ سەرچڵییەک بکات لە پێناوی درێژەدان بە ژیانی خۆی وماڵباتەکەی.

پاش ئەوە من ئاراستەی بابەتەکەم بە جۆرێکی تر گۆڕی، ئەو پیاوە روو دەکاتە ئەوروپا و دەبینێت لێرە ژیان چۆنە. بێگومان بۆی ئاسان نابێت.

دەمەوێت ئاماژە بە شتێک بکەم، من لە سلێمانی بووم و دەچوومە ئینتەرنێت کافێکان، خەڵکم دەمبینی و قسەم لەگەڵ لاوان دەکرد، دەمبینی ئەو لاوانە چۆن هەموویان خەون بە رۆژئاواوە دەبینن، بەڵام نەیاندەزانی رۆژئاوا چییە! هەموویان ئارەزوویان ئەوە بوو کوردستان بەجێ بهێڵن. لەکاتێکدا ئەوان

دەبێت لەوێ بمێنەوە، بە تایبەتیش ئێستا، لەبەر ئەوەی ئێستا مانەوەی ئـەوان زۆر گرنگە. کاتێک مرۆڤ لەگەڵ ئەو لاوانەدا قسە دەکات، هەست دەکات ئەوان وێنەیەکیان لە سەردایە، وێنەیەک لێرە نییە، وێنەی ئێرەیە لە دوورەوە. ئەو رەوشە منی بەخۆیەوە سەرقاڵ کرد و بوو بەهۆی ئەوەی لەو بەرهەمەدا لەسەری راوەستم و کاری لەسەر بکەم. هەروەها بپرسم چی دەبێت کەسێکی وەها خۆی بگەیەنێتە ئێرە، واتە ئەوروپا و لێرە واقیعەکە ببینێت؟ واقیعێک لە پشت وێنەکانی ئـەوانـەوە. چی روو دەدات؟ ئەوە جۆرێک لە هەوڵدان بوو، هەوڵدان بۆ خەیاڵکردنەوە. هەروەها بۆ نووسینی ئەو کارەیش من دەستم بە لێکۆڵینەوە کرد و شتی زۆرم خوێندەوە.

بێگومان ئەم رۆمانە، واتە رۆمانی نیشتمانێکی سپی، گـەڕانـەوەیـە بۆ مێژوو، بەڵام نەک گەڕانەوەیەکی وەها ببێت بە رۆمانێکی مێژوویی، نا. دیارە ئەوە پێشان دەدەم کە ئەو کەرەستانە و ئەو کێشانەی ئەو دەمە هەبوون ئێستایش هەر هەن، بێگومان پاڵەوانی تریش لە رۆمانەکەدان، بەڵام کێشەکان هەمان کێشەن و ئێستایش هەن. باوکم هەمیشە دەیگوت:

نەفرەتێک کـە بـەسـەر خەڵکی رۆژهـەڵاتـدا باریوە، لە ئاسمانەوە

ئەم رۆمانە، واتە رۆمانی نیشتمانێکی سپی، گەڕانەوەیە بۆ مێژوو، بەڵام نەک گەڕانەوەیەکی وەها ببێت بە رۆمانێکی مێژوویی، نا. دیارە ئەوە پێشان دەدەم کە ئەو کەرەستانە و ئەو کێشانەی ئەو دەمە هەبوون ئێستایش هەر هەن

نەهاتووە، بەڵکو لەژێر زەوییەوە هەڵقوڵاوە. ئەویش نەوتە. نەوت بوو بە هۆکار بەردەوام ئەو ناوچەیە نائارام بێت.

هەموو شتەکان بە دەوری نەوتدا دەخولێنەوە. بێگومان ئەویش قۆناغی جیاوازی خۆی هەیە، چۆن شتەکە سەری هەڵدا و چۆن گەیشتە ئیمڕۆ. من لێکۆڵینەوەم لەو بارەیەوە کردووە. ئەمانە شتگەلێکن دەبن بە هەوێنی نووسین. نووسینی رۆمان بۆ من رێگەیەکە، ئەو بابەتەی کە بۆ تێگەیشتن سەختە، بەلای کەمەوە، هەر نەبێت جارێک، بیخەینە نێو بیرکردنەوەی خۆمانەوە. دیارە من وەڵامم بۆ شتەکان لە لا نییە، بەڵام بەلای کەمەوە دەبێت خۆمی پێوە سەرقاڵ بکەم و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەم.

**بەڵام من پێموایە نیشتمانێکی سپی، سەرباری ئەوانەی تۆ گوتت، رۆمانێکە مێژوویی؟**

بەڵێ، رۆمانێکە مێژوویی. ئەوە پەیوەندی بە جۆری تەماشاکردنیشەوە هەیە، پاڵەوانەکەی من ئەنوەر، ساڵی ١٩٢١ لەدایک بووە، ئێستا تەمەنی لە سەرووی ٩٠ ساڵەوەیە، دیارە مرۆڤی وەها هەن هاوتەمەنی ئەو بن و ئێستا لە ژیاندا بن، بەڵام کەمن. لەگەڵ ئەوەیشدا مرۆڤ دەتوانێت بڵێت رۆمانێکی مێژوویی-یە.

**بۆ نووسینی رۆمانێکی وەها دیارە تەنها خەیاڵ بەس نییە و سەرچاوەیش پێویستە، ئایا سەرچاوەتان هەبوو؟**

بەڵێ، من سەرچاوەم هەبوو، بەڵام ئاسان نییە، لە ئەڵەمانیا سەرچاوەی زانستی لەو بوارەدا دوو، یان سێ دانەی بڵاوکراوە هەن، بەڵام بە زمانی ئینگلیزی سەرچاوەی باش هەیە. ئەوەیش دەبێت بە کلیلی چارەسەر. منیش خۆشبەختانە بۆرسێکم بۆ دەرچوو بۆ نیویۆرک.

لەوێ لە نزیکی کتێبخانەی زانستگە و لە زانستگەی نیویۆرک بوو، بۆیە زۆرم سود وەرگرت. هەروەها سەردانی لەندەنم کرد.

بۆ هەندێ دیمەنی رۆمانەکەیش چوومە وارشۆ و هەندێ لێکۆڵینەوەم لەوێ کرد و ئەوەیش زۆر بەسود بوو، بەڵام بەشی زۆری سەرچاوەکانم بە ئینگلیزی بوون، لەبەر ئەوەی عێراق ماوەیەکی زۆر لەژێر چەتری دەسەڵاتدارێتی بریتانیادا بووە و ئەوانیش لەو بوارەدا بەرهەمی زۆریان نووسیوە، ئینگلیزەکان

لە بواری بیرەوەری و شتی تریشدا بەرهەمیان زۆرە. واتە توانیم بە زمانی ئینگلیزی سەرچاوەی شیاو بدۆزمەوە و بۆ من چارەسەرێکی گونجاو بوون.

**پەیوەندیتان لەگەڵ کوردستان هەیە، ئەگەر هەیە ئاستی پەیوەندیتان چۆنە، ئایا سەردانی بەردەوامتان هەیە بۆ کوردستان؟**

پەیوەندی من بە کوردستانەوە پەیوەندییەکی خێزانییە. باوکم لە شاری سلێمانی دەژی. بەر لە ١٥ ساڵێک یان زۆرتر، بە یەکجاری گەڕایەوە بۆ نیشتمان، بەڵام لەبەر ئەوەی بووە بە هاوڵاتی ئەڵەمانیا، دەتوانێ بەردەوام سەر لێرە بداتەوە. ساڵی جارێک سەرێک لە ئەڵەمانیا دەدات. بۆ نموونە لە ئێستەدا بە سەردان لێرەیە. بێگومان ئێمە یەکتر دەبینین و پێکەوە قسە دەکەین و بیروڕا دەگۆڕینەوە. کاتێکیش دەگەڕێتەوە کوردستان، جاری وا هەیە لەگەڵیدا دەڕۆم. ئێستایش گەشتکردن بۆ کوردستان وەکو جاران سەخت نییە، مرۆڤ ناچار نییە بچێتە تورکیا و ئێران و لەو ڕێگەیانەوە بگات بە کوردستان، ئێستا خۆخشبەختانە ڕاستەوخۆ مرۆڤ دەتوانێت بفڕێت. بەڵێ، پەیوەندیم بە کوردستانەوە بەردەوامە، بەڵام پەیوەندییەکە تایبەتە و گشتی نییە. لەوێیش پەیوەندییەکە زۆرتر لەناو خێزانەکەماندایە، لەبەر ئەوەی من لە ئەڵەمانیا دەژیم. لەوێ لە نزیکەوە نا، لە دووری بوارێکەوە لە ژیان و کۆمەڵگە دەڕوانم، بەڵام لەمێژە لەگەڵ ڕوودا و پێشهاتەکانی کوردستان دەژیم. مرۆڤ دەتوانێت لە ئەڵەمانیایشەوە لەسەر عێراق یان کوردستان بنووسێت، بەڵام بۆ من کە دەتوانم بچمە ئەوێ بۆ نا. پەیوەندیی من بێگومان بەو وەڵاتەوە هەیە و بەردەوامە.

**ناتوانیت بە کوردی قسە بکەیت؟**

دەستم بە فێربوونی زمانی کوردی کرد، بەڵام بەردەوام نەبووم. دیارە ئێستایش دەتوانم دەست پێ بکەمەوە و زانیارییەکانم نوێ بکەمەوە، بەڵام پێدەچێت تەمەڵی خۆم بێت. زۆر حەیفە ئەو زمانەم لەبیر بچێتەوە، یان باش فێری نەبم، بەڵام بۆ زمانی نووسینی ئەدەبی، هەر لە سەرەتاوە من بڕیارم دا بە زمانی ئەڵەمانی بنووسم. من دەبێت ئەوە بە ڕوونی بڵێم. زمانی ئەڵەمانی لەگەڵ مندا دەگونجا. ئەوە ئیتر ڕەوشێک بوو بۆ من دەبێت وەها بێت. دیارە ئێستایش ئەگەر مرۆڤ بیەوێت ڕەوشەکە بچەرخێنێت و بە کوردی بنووسێت،

هیچ کاریگەری بەسەر ئەوەوە نابێت من چی دەنووسم.

**ئایین لایەنێکی گرنگی ئەم رۆمانە پێکدەهێنێت، بۆ بەتایبەتی ئایین؟**

ئەو دەمەی من منداڵ بووم و باوکم هێشتا لاو بوو، ئایین شتێک بوو بۆ مرۆڤە پاشکەوتووەکان. باوکم ئەو دەمە وەکو زۆری تر کەسێکی سۆسیالیست بوو. ئەو مرۆڤانە دەیانویست و هەوڵیان دەدا وەکو کەسانی خوێندەوار خۆیان پێشان بدەن. ئایین هی ئەوان نەبوو، هی کەسانێک بوو هیچیان لە دەست نایەت و تەنانەت ناتوانن یارمەتی خۆیشیان بدەن، بەڵام پاشتر و دوای رووخانی شای ئێران و دروستبوونی کۆماری ئیسلامی لە ئێران، نەوەی ئێمە ئەو شەپۆلە دەبینن، شەپۆلی ئایین کە کاریگەریی لەسەر هەموو دنیا دادەنێت، پاشان ئەوەیش دەبینین ئایین چۆن دەبێت بە توخمێک کاریگەریی لە گۆڕانکاریی دنیا و سیاسەتدا دەبێت. ئێستایش بە روونی بەرئەنجامەکان دەبینین. زۆر پێویستە ئێمە لە نووسیندا لەسەر ئەم دیاردەیە بوەستین و کاری لەسەر بکەین. ئێمەیش شتی خۆمان بڵێین سەبارەت بە رووداوەکان. ئێستایش لە بەرهاری عەرەبیدا دەبینین چەند ئایین گرنگە، بەڵام ماوەیەک لەمەوبەر کە رابردوویەکی دوور نییە ئایین هیچ گرنگ نەبوو. ئاشکرایە تێگەیشتن لەو دیاردەیە ئاسان نییە، من لە ساڵانی حەفتادا سەرم لە بەغدا داوە و بە هیچ جۆرێک ژنی لەچک بەسەرم نەبینیوە، بەڵام خەڵکی ئیمڕۆ، لە ئەورووپا، لە رەوشی رابردووی ئەو ناوچەیە بێ ئاگان و نایزانن. من بە هیوام لەبەرئەوەی رۆژێک دیاردەکە وەها بووە و ئێستایش بە جۆرێکی تەواو پێچەوانەیە، بۆیە هیوام هەیە شتەکان وەها بەردەوام نەبن و گۆڕانکاریی بێنە ئاراوە. هیچ شتێک هەتا مردن نامێنێتەوە، بەڵام من ئەوەیش دەبینم لە ئەورووپا پەیوەندی لەگەڵ ئایین گۆڕانی بەسەردا هاتووە. هەرچەندە دەرکەوتنی ئیسلامییە سیاسی و توندڕەوەکان، رێ لەبەردەم کریستی توندڕەویش دەکاتەوە و دەبینین چۆن دەردەکەون. لە ئەمریکایش ببە هەمان شێوە، هەروەها تەماشا بکە، چۆن رووداوەکان ئایین دەکەن بە بابەتێکی گرنگ. بەردەوام دەپرسن، ئاینی تۆ چییە؟ ئایین دەبێت بە ناسنامە. ئەمە زۆر کاریگەریی بەسەر منەوە هەیە. دیارە من باوەڕیشم وایە ئەمە هەر وەها ناڕوات و ناچار نییە هەر وەها بێت، بەڵام شتێکە من بە خۆیەوە سەرقاڵ دەکات، چونکە ئێستا بابەتێکی ئامادەیە. ساڵانێکە وتووێژەکان لەوبارەیەوە بەردەوامن. هەروەها لە ئەڵەمانیایش.

**وەکو من تێگەیشتم لە ڕۆمانەکەدا خاڵێکی تری گرنگ هاوشانی ئایین، بابەتی ناسیۆنالیزمە، وایە؟**

راستە وایە، ئەو بابەتە خاڵێکی زۆر گرنگە لەم ڕۆمانەدا. لەوێدا من هەوڵ دەدەم باس لەوە بکەم بابەتی ناسیۆنالیزم بۆ هەموو ناوچەکە چی دەگەیەنێت و چ واتایەکی هەیە. ناسیۆنالیزم خۆی بیرۆکەیەکە، با لەوێوە بۆ مەسەلەکە بڕوانین و وەکو بیرۆکە باسی بکەین. بیرۆکەی ناسیۆنالیزم شتێکی سروشتی نییە و لەگەڵ مرۆڤ لەدایک نەبووە. مرۆڤەکان دەڵێن ئێمە نەتەوەیەکین، بەڵام ئایا ئەمە راستە؟

بۆ نموونە ئەڵەمانەکان، پرۆیسەکان، باڤارییەکان و ئەوانی تر، یەک زمانی هاوبەشیان هەبوو، بەڵام بۆ یەک نەتەوە بن؟

**ئەمە لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت؟**

هەر یەکێک لەو گرووپانە دەوڵەتی خۆیان هەبوو. بۆیە ناسیۆنالیزم بیرۆکەیەکە و دواتر لە ڕۆژئاواوە سەریهەڵدا. بیرۆکەکە گەشەی کردووە و بە حوکمی چەوساندنەوە و پەرەسەندنی سیاسی بیرۆکەکە شوێنپێی خۆی کردۆتەوە. من بیردەکەمەوە و دەپرسم، پێموایە ئەوە پرسیاری جەمال عەبدولناسریش بووە، ئایا دەوڵەتی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کارێکی ژیرانەیە؟

چونکە ئەویش، واتە عەبدولناسریش وای کرد بۆ ماوەیەک میسر و سوریا سنوور لابدەن و یەکبگرن.

بیرۆکەکە هەڵە نییە، چونکە بۆچ مرۆڤ سنوور بکێشێت لەکاتێکدا ئەو سنوورانە ببن بە مایەی شەڕ و خەڵک کوشتن؟

بیرۆکەیەکی لە دەرەوە هاتووە دەبێت بە هۆکاری کوشتنی مرۆڤەکان، ئەوە وا لە من دەکات بیری لێ بکەمەوە و کاری لەسەر بکەم. یان تۆ بڕوانە چۆن لە ڕێگەی بیری ناسیۆنالیزمەوە هێمایەکی نەتەوەیی دروست دەکرێت، هێمایە، پیاوێک، کە هیچ هزر و بینینێکی نییە و خەڵکیش دوای دەکەون. ئەو پیاوە بێ بینینە خەڵک ئاراستە دەکات و بەرەو کوێ بیەوێت دەیانبات. ئەمە بەردەوام مایەی بیرکردنەوەی من بووە. بەردەوام تێیڕاماوم کە چۆن بیرۆکەی ناسیۆنالیزم بەکارهێنراوە بۆ گەیشتن بە ئامانج. دیارە دیاردەیەکی سەیر بووە، شتێکی چەند ئەفسونکارانە بووە خەڵکێکی زۆر بخەرە شەڕەوە

و زیان بە خەڵکێکی زۆر بگەیەنە بۆ ئامانجی خۆت.

**تۆ نووسەرێکی ئەڵەمانیت، بەڵام من وای دەبینم بە نووسین، لەنێو رستە و وشە و دەربڕیندا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەژیت؟**

بەلای کەمەوە، ئەمە راستە. من کەسێکم لە نموونەی من لە داهاتوودا زۆر دەبن. بێگومان من وەکو نووسەرێکی ئەڵەمانی جیاوازم لە نووسەرانی تری وەڵاتەکە. ژیاننامەیەکی پەرت پەرت و جیاوازم هەیە. من نووسەرێکی ئەڵەمانیم بە پاشخان و رابردوویەکی جیاوازەوە. ئەمە گرنگە، لەبەرئەوەی رەوشەکە وەهایە، با ئەو راستییە لە ئەدەبیاتیشدا رەنگ بداتەوە و ئامادە بێت. کۆمەڵێ جۆری ژیان و جۆری دونیابینی هاوکات هەن، من دەمەوێت ئەو شتانە هەموو لە کتێبیشدا ئامادە بن، پێکەوە ئامادەییان هەبێت. نەک هەر یەک چیرۆک، نا. لەگەڵ تاکە چیرۆکێکدا نیم تەنها لەسەر بەرلین یان سەبارەت بە خەڵکی ئەو شارە، نەخێر. بۆ من ئەوە گرنگە ئەو هاوتەریب و هاودەمانە پێکەوە ئامادە بن. لێرە جیهانێک هەیە، بەڵام هاوتەریب لەو لایش یەکێکی تر. ئەم دوو جیهانە دەتوانن یەک بگرن، یان لە یەک دەدەن. بۆ من لێکدانی

> بێگومان من وەکو نووسەرێکی ئەڵەمانی جیاوازم لە نووسەرانی تری وەڵاتەکە. ژیاننامەیەکی پەرت پەرت و جیاوازم هەیە. من نووسەرێکی ئەڵەمانیم بە پاشخان و رابردوویەکی جیاوازەوە

کولتوورەکان زۆر گرنگن، ئیتر لە سەردەمی شەڕدا بێت، یان ئاشتی، لێک دەدەن و لەو لێکدانەدا شێوەیان لە پردێک دەچێت. دیارە من کەسێکی ناسیۆنالیست نیم، من نووسەرێکی ئەڵەمانم. بۆ من هیچ کێشە نییە، نووسەرێکی ئەڵەمان دەکرێ ڕەگی چینی هەبێت. هیچ کێشەیەک نییە ئەوەیان بۆ من.

**ئەمەی تۆ باسی دەکەیت، خوێنەر بە روونی لە رۆمانەکەیشدا دەیبینێت. مەلایەک، ژەنەراڵێکی ئەو دەمەی نازێکان، عێراقییەک و ئەڵەمانێک پێکەوە ئامادەن.**

بەڵێ وایە، ئەوەیش بەشێک لەو یەکگرتن و لێکدانەیە. یەکگرتنی کولتوورەکانە. راپۆرتێک هەیە سەبارەت بە دیداری نێوان گەورە موفتی و هیتلەر. نازێکان سوودیان لە هەبوون و کاریگەریی ئەو موفتییە وەرگرت. ئەویش بەجۆرێک ماڵەکەی رێکخستبوو وەکو ئەوەی ئەوروپاییەک ماڵی رۆژهەڵاتییەک وێنا دەکات. ئەمەیش هەر دیداری نێوان کولتوورەکانە، بێگومان دیدارێکی خراپە، بەڵام هەیە و بووە. من دەمەوێ ئەمە پێشان بدەم کە بەشێک لە ئەڵەمانەکان ئاگایان لێ نییە. مەبەستم ئاگایان لەو ناوچەیە نییە کە ئەو پیاوەی لێوە هاتووە، بێگومان ئەویش ئاگای لە ئەڵەمانەکان نییە، بەڵام پێکەوە کار دەکەن. ئەمە واقیعێکە ئیمڕۆیش هەیە. پێویستە مرۆڤ کاتێک ویستی پێناسەی کولتوورەکان بکات و لەسەریان بنووسێت، لەسەر ئەو لایەنەیش بنووسێت، لەسەر ئەو بەشە کە تێیدا مرۆڤەکان لە یەکتری تیناگەن. بێگومان ئەمە زۆر روو دەدات. لێرە تا ئێستا زۆر کەس هەن، کەم، زۆر کەم لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نزیک حاڵی دەبن. خەڵکیی زۆر لێرە نازانن سونی چییە! بە تەنها هەواڵێک و هەندێ دیمەن بەس نین بۆ ئەوەی مرۆڤ لە شتەکان تێبگات، بۆ نموونە دەبێت من هەمیشە ئەوە دووبارە بکەمەوە، شیعە چییە. خەڵکێکی زۆر، خەڵکی ئاسایی ئاگایان لەو شتانە نییە. تەنها کۆمەڵێ وێنەیان لە بەرچاوە، من دەبێت وا بکەم ئەو وێنانە روونتر پێشان بدەم. ئەوەیش بەو مەبەستەی تا وێنەکان سەردەست نەبن و ناوەڕۆکەکانیان ئاشکرا بن و باشتر لێی حاڵی بن. دەنا نووسینەکان بە زۆری دەبن بە کاری کلێشەسازی.

**دەتانەوێ شتێکی تایبەت لەسەر کوردستان بنووسن، یان پرۆژەیەکی لەو بابەتەت هەیە دەربارەی کوردستان؟**

شتێکی تایبەت، بە تایبەتی سیاسی بێت، نا، بەڵام سوودوەرگرتن لە بابەت و بەسەرهاتەکانی کورد بەڵێ. بابەتی یەکەم کتێبم سەبارەت بە کوردە. ئەو بابەتە لە لای من هەر ئامادەیە، بەڵام وەکو کاری هونەری. من کاری ئەدەبی و هونەریی دەکەم. من باس لە کورد دەکەم، بەڵام بیری سیاسی خۆم ناخزێنمە نێو بابەتەکەوە. ئەوە کاری من نییە. زۆر کەسی تر هەن دەتوانن ئەو کارە بکەن، بەڵام من بۆ ئەو کارە ناونیشانێکی دروست نیم. بۆ من وەکو هونەرمەند پێکگەیشتنەکان، پردەکانی نێوان کولتوورەکان گرنگن. ئێستا لە ئەڵەمانیا کێشەی کورد ناسراوە. ئایا من بێم و کتێبێک لەسەر کێشەی کورد بنووسم، دڵنیا نیم کارێکی وەها دەکەم. هەندێ رۆژنامەوان و کەسی پسپۆڕ ئەو کارەیان کردووە و شتی باشیان لەسەر کورد نووسیوە، بەڵام ئەوەی لە ئەڵەمانیا منی غەمگین کرد، ئەوە بوو لە ساڵی ٢٠٠٣دا سەبارەت بە شەڕی عێراق ناڕەزایی زۆریان دەردەبڕی، شەپۆلێک لە ناڕەزایی. لێرە خەڵک دژی شەڕە، بەڵام تێناگەن بەرهەمی ئەو شەڕە چییە. بۆ نموونە ئەوەی ئێستا لە بەرهاری عەرەبیدا روودەدات، ئەگەر لەو رووداوانە تێنەگەین، زیانبەخش دەبن و دروست لەوێدا کوردیش زیانبەخش دەبێت. ئەوەی دەبێت تیشکی بخرێتە سەر عێراقی ئێستایە، سەدام مرد، بەعس رۆیشت و نەما، بەڵام خەڵک لێرە هێشتا زانیارییان لەو بارەیەوە نییە و نازانن چی دەگوزەرێت، زانیاری و نووسین لەسەر ئەو رەوشە زۆرتر لە منەوە نزیکە. دەتوانم خەیاڵم بۆ شتێکی وەها بچێت و بە پێویستی دەزانم قسەی لەسەر بکرێت و لەسەری بنووسرێت.

**شانسی ئەوەی هەیە ببێت بە بابەتی نووسینی رۆمان، ئەو لایەنەی باسی دەکەیت؟**

لەوەیە، ئەوە ئاراستەیەکی دروستە بۆ من، بەڵام لەوەیە رۆمانێک بێت یان لەوەیشە بە وتارێک کۆتایی پێ بێت. لەبەرئەوەی رووداوەکانی ئەوێ کاتێک روودەدەن و لێرە لێی حاڵی نەبن، ئەو حاڵی نەبوونە زیان بە کوردیش دەگەیەنێت.

**تۆ برازای نووسەر و رۆشنبیری کۆچکردوو برایم ئەحمەدیت، لەو بارەیەوە چی دەڵێیت؟**

بەڵێ، ئەو مامم بوو. براگەورەی باوکم بوو. من ئەوم زۆر خۆش دەویست.

ئەو ساڵانێکی زۆر لە لەندەن دەژیا. سەردانمان دەکرد. ئەو هەمیشە مرۆڤێکی میهرەبان بوو. هەمیشە بەڕێز بوو لە هەر شوێنێک بایە. هەروەها چیرۆک و قسەو باسەکانی زۆر زۆر سەرنجڕاکێش بوون. بەردەوام بەسەرهاتی سەرنجڕاکێشی چیاکانی دەگێڕایەوە بۆم. ئەو ئەزموونێکی زۆری هەبوو. برایم ئەحمەد هەمیشەیش سیاسییەکی ژیر بووە. بێگومان لەناو خێزانی ئێمەدا بەردەوام ئەو ناخۆشحاڵییە، ئەو غەمگینییە ئامادەبووە کە پەرتبوون و جیابوونەوە لەنێوان برایم ئەحمەد و بارزانیدا رووی دا. ئاشکرایە من دەزانم ئەو بابەتە رۆیشت و بەسەرچوو، ماوەیەکی زۆری بەسەردا رۆیشت، بەڵام من لەگەڵ ئەو بەسەرهاتانەدا گەورە بووم.

ئێمە بەردەوام چیرۆکی خۆش و سەرنجڕاکێشی خێزانیمان هەبووە کە پێکەوەی کۆدەکردینەوە.

**کاک شێرکۆ رۆژنامەوانان واز لە پرسیارکردن ناهێنن، بەڵام من وا نیم و دەزانم چاوەڕێت دەکەن. ئەگەر هیچ نەماوە من دەمەوێ زۆر سوپاست بکەم بۆ ئەم دەرفەتە.**

هیوادارم بتوانین شتێک بکەین بۆ نیشتمانێک کە خراوەتە نێو بۆتەی فەرامۆشی و وەڵاتێک لەسەر نەخشە سڕدراوەتەوە، هیوادارم مرۆڤ بتوانێت لە دژی ئەوە شتێک بکات. بە هیوام ئەزموونی کوردستان، بەداخەوە کە تائێستا ئەزموونە، بگات بە شوێنێکی باش. سەرباری ئەوەی ئەزموونەکە نموونەیەکە زۆرتر هەڵگری بەڵێن لە ناوچەکەدا، بەڵام جێگەی داخە کەس نایبینێت.

# وەرگێڕان

# وەرگێڕان

هایکۆ چییە؟ — **محەمەد تەرەغە**
١٣ چامەی ئەسعەد جبووری — **جەلال زەنگابادی**
پێناسە — **سەنگەر زراری**
ئەفسانەو مێژوو — **عەبدولباست ئەحمەد**
برین — **ئەمین گەردیگلانی**

# هایکۆ چییە؟




و. لە فارسییەوە: محەمەد تەرەغە

**دەسپێک:**

هایکۆ دوو تایبەتمەندی زۆر ئاشکرای هەیە کە بریتین لە "حەڤدە بڕگەیی بوون" و " هەبوونی وەرز واژە". هەروەها وەک جۆرێ لە شیعری ژاپۆنی، بە کورتترین جۆری شیعر لە جیهانیش ناوبانگی دەرکردووە. هایکۆی نەریتی ژاپۆنی، حەڤدە بڕگەی هەیە کە لە سێ دێڕی (٥،٧،٥)دا دەنووسرێت. شیعرە هایکۆییەکان کورت و زۆر روون و درەوشاوەن. هایکۆ بریتییە لە وێناکردنی تەواو و کەماڵی ساتە ئەزموونییەکانی شاعیر. لە تایبەتمەندییەکانی تری هایکۆ، زمانی ساکار و بێ پێچ و پەنا وەرزواژە (Kigo)یە. وەرزواژە، واژەیەکە کە باس لە یەکێ لە وەرزەکانی ساڵ، بەهار، هاوین، پایی، زستان دەکات.

ئەوانە نیشانەی ناسینی هایکۆی ژاپۆنین. هەرچەند دوای چاکسازی (میجی) (Meiji)ولە شەپۆلی مۆدێرنبوونەوەی ئەدەبیاتی ژاپۆندا، زۆرکەس هەوڵیان دا کە هایکۆی چوارچێوەی حەڤدە بڕگەیی و وەرزواژە، وەلانێن و بە هێندی نەگرن،

بەڵام ئەگەر سەیری هەر واژەنامە و فەرهەنگ و ئیسنکلۆپیدیایەکی ژاپۆنی بکەین، لە بەرامبەر وشەی هایکۆدا نووسراوە: فۆرمێکی شیعرییە کە خاوەنی حەڤدە بڕگەیە و وەرزواژەشی هەیە. هەندێک کەسیش لە روانگەی چەمک و ماناوە،کۆمەڵێک یاسایان بۆ هایکۆ پێناسە کردووە، بەڵام لەبەر بەربڵاوی بیرۆکەکان سەبارەت بە هایکۆی نەریتی و شێوازە جۆراوجۆرەکانی ئەدەبی سەر بە هایکۆ، ئەم خاڵە بە هێند نەگیرا کە هایکۆ لە روانگەی چەمک و ماناوە، دەبێت هەڵگری تایبەتمەندییەکانی تر بێت. ئەم باسە زۆرتر لە دەرەوەی وڵاتی ژاپۆندا پەرەیسەند کە هایکۆ لە روانگەی ماناوە پێناسە بکەن.

وا پێدەچێت لەبەرئەوەی بەرامبەرێکمان نییە بۆ یاسای حەڤدەبڕگەیی و وەرزەواژە لە زمانەکانی تردا، هەندێک کەس بیر لەوە بکەنەوە یاسایی مانایی بۆ هایکۆ بدۆزنەوە...

خاڵێکی تریش دەربارەی پێناسەی هایکۆ لە دەرەوەی ژاپۆن دەگووترێت کە لە بنەڕەتدا پێوەندییەکی بە هایکۆوە نییە، ئەویش سەیرکردنی سێ دێڕی بوونی هایکۆیە. لە لایەکی تریشەوە وا پێدەچێت، هاوشێوە نەبوونی حەڤدە بڕگەیی هایکۆ، کە بە شێوەی (٥-٧-٥)-ە لە زمانەکانی تر و سێ دێڕی بوونی وەرگێڕدراوەکانی هایکۆ، بۆتە هۆی ئەوەی کە هەندێک ئەوە بە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی هایکۆ بزانن. هەروەها هیچ کات نەبینراوە کە لە نووسراوەیی ژاپۆنیدا، هایکۆی سێ دێڕی بنووسن. کە وابوو ئەگەر بمانەوێت پێناسەیەک لە هایکۆ بدەین بەدەستەوە، باشترین پێناسە، هەمان پێناسەی فەرهەنگی ناسراوی (کوجی ئێن-Kujien)ە. قاڵبی شیعرێکی کورتە کە لە پەیوەستبوونی ١٧ بڕگە بەشێوەی ٥-٧-٥ هەوێنی گرتووە. ئەم قاڵبە شیعرییە لە خاڵی دەسپێکی قاڵبی شیعری رێنگا (Renga) وەرگیراوە، کە تێیدا وەرزواژە بەکار هاتووە. هایکۆ لە ناوەڕاستەکانی چاکسازی میجی (Meiji) لەساڵی ١٨٦٨ تا ١٩١٢ زایینی و لە ریگەی چاکسازی ماسا ئۆکا شیکی (Masaokashiki) هایکۆی ناو لێنرا و پەرەی ستاند. بەر لەو دەورانە ناوی هۆککو (Hokku) بووە. کە دەگەڵ قاڵبی شیعرێک بە ناوی تانکا (Tanka) لە ریزی کورتەشیعرەکانی ژاپۆنن. هایکۆ نە کێشی هەیە و نە سەروا، هەروەها جوانکارییە کەلامییەکان تێیدا بەدەگمەن بەکار دێن. دەوروبەری دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر، هایکۆ بەشێک بووە لە فۆرمێکی شیعریی ٣١ بڕگەیی بە ناوی تانکا، کە لە دوو بەش پێک دەهات، کە شاعیران بە شێوازی پرسیار و وەڵام دەیانهۆنییەوە. بەشی یەکەم تانکا حەڤدە بڕگەی هەیە و بەشی دووەم چواردە بڕگە.

تانکا بە مانای کورتەشیعرە و لە بەرامبەریدا چوکا دەبیندرێت کە بە مانای شیعری درێژە. هەرچەند لە ژاپۆندا بێجگە لە تانکا و چوکا چەندین شێوازی شیعری تریش دەبینرێت، بەڵام کورتەشیعرەکان لایەنگری زۆرتریان هەیە. لە سەدەی شانزەیەمی زاییندا وردە وردە بەشی حەڤدە بڕگەیی تانکا سەربەخۆیی وەدەستهێنا و ناویان نا هاکایی یا هایکۆ.

هایکۆ لە سەرەتادا ناواخنی تەنزاوی هەبوو، دواتر وردەوردە لە ڕێگەی ناوئاخنبوونی لەگەڵ فەلسەفەی زەن، قووڵتربۆوە و لایەنەکانی پەرەیان ستاند.

کورتیلەیی و ساکاری و لەهەمان کاتدا بەناخ بوونی هایکۆ و هۆنەری نیگارە جوانکارییەکانی، سەرەڕای ئەوەی کە لە چواردە سەدەی ڕابردوودا شاعیرانێکی زۆری بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، لە سەردەمی ئێستا و لە دەرەوەی ژاپۆنیشدا لەگەڵ پێشوازی خوێنەرانی کتێب وشاعیران و هونەرمەندان ڕووبەڕووبۆتەوە. بێجگە لە وەرگێڕانی هایکۆکانی ژاپۆن بە زمانەکانی تری دنیا، لە سەرانسەری جیهانیشدا، شاعیرانێک سەریان هەڵداوە، کە شیعر بە شێوەی هایکۆکانی ژاپۆن دەهۆننەوە. ئەمڕۆکە لایەنگران و هایکۆبێژانی سەرانسەری جیهان، ناوەندی تایبەت بە هایکۆ لە ئاستی ناوچەیی، نەتەوەیی و نێونەتەوەیی-یان هەیە و بە بەڕێوەبردنی کۆڕوکۆمەڵی دەورەیی و یا لەڕێگەی سایتە ئینتەرنێتییەکانەوە، لەمەڕ هایکۆ و مێژووی هایکۆ و لایەنە هۆنەرییەکانی باس و ڕا دەگۆڕنەوە.

### پێشینەی هایکۆ لە ژاپۆندا

هایکۆ لە نێوەرۆکدا، هەر ڕێک لە فەلسەفەی زێنەوە سەرچاوەی گرتووە. بەگشتی فەرهەنگی ژاپۆن تا ئەو ڕادەیە لەژێر کاریگەری فەلسەفەی زێندایە کە ڕەخنەگرێک بە ناوی (سوگن ئومری) گووتوویەتی: فەرهەنگ و زێن لە ژاپۆندا وەک دوو لوتکەی هاوتا وان.

زێن خاوەنی چەند لقە: کیودۆ (ڕێگەی تیرهاوێشتن)، کێندۆ (ڕێگەی شمشێر وەشاندن)، شودۆ (ڕێگەی کەلام)، چادۆ (ڕێگەی چایی)، هەروەها ڕێگەی هونەر کە بریتییە لە شێوەکاری لەسەر پارچە و هایکۆ.

پێشینەی هایکۆ دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی پانزەیەمی زایینی. لەو سەردەمەدا هایکۆ لەسەر بنەمای فەلسەفەی زێن بوو، کە وردە وردە لەسەر تەوەری ڕەنجکێشان لە هونەردا، یا هونەری ڕەنجکێشان هەوێنی گرت. کورتیلەیی سەرسوڕهێنەرانەی هایکۆ (سێ دێڕی یا بە گشتی حەڤدە بڕگەیی) لە ڕوانگەی شاعیرانی هایکۆنووس نیشانەی سەرڕاستبوونیانە.

ماتسۆ باشۆ، هایکۆ نووسی گەورەی ژاپۆنی، بەخت و ئیقباڵی هایکۆی لە ژاپۆندا بەرزکردەوە. لە وتەکانی ئەودا بوو کە هایکۆ لە بەستێنی فەلسەفەی زێن، لە عیرفان نزیکبۆوە و هەروەها لە کەلامی ئەودابوو کە عیرفان و راستییەکان ئاوێتەی یەکتری بوون.

لە کەلامی ماتسۆ باشۆدا بەشەکانی بە رواڵەت دواکەوتووانەی هەستی (بوون) بایەخی بوو، نە زۆر رێسی و درێژدادڕی، بوو لە وتەکانی ئەودا بەشی زۆری لە رواڵەتاکانی سروشت و گۆڕانی وەرزەکاندا خۆی دەنواند. لەم روانگەیەوە هایکۆ لە بەرزترین پلەی خۆیدا، بەستەیەکە لە سروشت و شیعر نزیکایەتی شاعیر بە سروشتە. لەم جۆرە شیعرەدا، فەزا هەڵۆڵەکان بایەخیان هەیە. کەلام لە دراوسێیەتی لەگەڵ بێدەنگی و بێدەنگی لە دراوسێیەتی لەگەڵ کەلام دایە کە بە مانای راستەقینەی خۆی نزیک دەبێتەوە، بێدەنگی و کەلام لەهایکۆدا هاوبایەخن، لەم رووەوە لە قوتابخانەی (باشۆ)دا، شاعیر بەر لە هەرشتێک، دەبێت بتوانێت شوێن و بەتایبەت شوێنی بۆش هەست پێ بکات، چونکە لەم قوتابخانەیەدا، هایکۆ نیشاندەری لایەنێک لە (بوون) ە، کە ئینسان بە هەستە پێنجانەکەی خۆی ناتوانێت وەریگرێت.

تەنیا بە دۆزینەوە و هەروەها لە شهووددایە کە دەتوانین بەو ئاستە تێگەینە لە بوون بگەین، هەروەها لەبەرئەوەی کە ئەم لایەنە لە بوون، بە دژواری خۆ بەدەستەوە دەدات، کە وابوو شاعیر لە هایکۆدا لەگەڵ بێدەنگی و خۆڵقاندن و تێگەینی فەزا هەڵۆڵەکان، ئەم بەشە لە سروشت و ئەم لایەنە لە بوون-یش دەخولقێنێت، یان دەخولقێنێتەوە.

کەوایە هایکۆ هەم لەگەڵ سروشت سەروکاری هەیە و هەم لەگەڵ دونیاکانی ئەوپەڕ سروشت (میتافیزیک)، هەر لەبەر ئەوەشە کە ئەم دوو لایەنە لە بوون لە هایکۆدا لە پەنای یەکتر خۆ دەبینەوە. لەم روانگەیەوە هایکۆ لە قوتابخانەی (باشۆ)دا شیعری دیوار بە دیواری دەنگ و بێدەنگییە، شیعری دیوار بە دیواری شوێن و ئەوپەڕشوێنە، شیعری دیوار بە دیواری بوون و نەبوونە. لە فەرهەنگی ژاپۆندا لە بنەڕەتدا بێدەنگی و نەبوون (لە بەرانبەر بوون)دا لە گرنگترین باسەکان و یا باشتر وایە بڵێین گرنگترین باسە، نەبوون و بێدەنگی بەشێک لە مەراسمی کەشف و دۆزینە لە فەرهەنگی زەننە، بەو نییەتە کە ئینسان تەواو خاڵی بێت و یەکسەرە لە هەموو ناپاکییەک، پاک بێتەوە.

لە قوتابخانەی (باشۆ)دا، قسەکردن گرنگییەکی ئەوتۆی نییە. ئەوە نزیکی لەگەڵ سروشتە کە گرنگی دەبەخشێت. ئەوە نیگای ئینسان بە سروشتە کە بوون

مانای جۆراوجۆر بە خۆیەوە دەگرێت.

بوون لە یەک ساتدا شکڵ و هەوێن بە خۆیەوە دەگرێت. رێگە، گرنگ نییە. خاڵی ئەنجام، گرنگ نییە. نیگای من بە گرنگە کە مانا بە ژیانم دەدات، نە ژیان بەو مەبەستە کە بەسەریدا زاڵ بم.

(ئیسسا) هایکۆ نووسی مەزن وتوویەتی: "هونەری نووسینی هایکۆ لەوەدایە ئەو ساتەی کە نوور لە سیمات دەدا، هەر لە هەمان ساتدا، توانای ئەوەت هەبێ ئەو نوورە لە شیعرەکەتدا رەنگ بداتەوە".

هایکۆ دەبێت شایەرانە بێت و ساکار و دژوار، هەم ژیری تێدا هەست پێ بکرێت، هەم ناژیریشی تێدا بەدی بکرێت. لە هەمان کاتدا کە ساکارە، ئاڵۆز بێت و کە ئاڵۆزیشە، ساکار بێت.

i. هایکۆ شیعری ئاواڵدوانەی ئینسانە لە بەرانبەرکێ دەگەڵ سروشتدا. شیعری سەرسوڕمان و تێڕامانە لە بووندا.

"مەبەستی هایکۆ جوانێتی نییە، بەڵکو بە ساکارێکی تەواوەوە، شتێک پێشانی ئێمە دەدات کە بەردەوام زانیومانە، بێ ئەوەی کە بزانین کە دەزانین، هەروەها ئێمە بەو راستییە ئاشنا دەکات کە ژیان دەکەین شاعیرین" (ئەحمەد شاملوو).

## رێساکانی هایکۆنووسی

نووسینی هایکۆ هەرچەند لە رواڵەتدا ساکار خۆی دەنوێنێت، بەڵام رێسا و بنەمایەکی زۆری هەیە. بە وتەی (رۆبێرت فراست) شاعیری ئەمریکایی: (شاعیری و شیعرنووسینی بێ رێسا، وەک یاریی تێنیس وایە کە تۆڕی نەبێت). رێساکانی شیعرنووسین تا ئەو جێگەیەی کە دەست و پێی شاعیر نەگرێت و لە ئیختیاری ئەودابێت، خراپ نین. (باشۆ) وتوویەتی: (رێساکان فێربن و لەبیریان بکەن). کەوایە بەبڕوای ئەو لە بەرا دەبێت هەموو رێساکان فێر بیت.

لێرەدا هەندێک لە رێسای نەریتی و نوێی هایکۆ لە زمانی ژاپۆنی و زمانە ئەوروپاییەکاندا دەخوێنینەوە. بە دڵنیاییەوە بەکارهێنانی هەموو ئەوانە لە یەک بەرهەمدا مسۆگەر نابێت، چونکە هەندێک لەوانە لەگەڵ یەکتری ناتەبان. باشتری حاڵەت ئەوەیە کە لەنێوان ئەوانەدا رێساکانی خۆمان هەڵبژێرین و کەڵکیان لێ وەرگرین. هەر کاتێکیش لە هایکۆکانماندا رێسای دووپاتەیی بەرۆکی پێ گرتین، دەتوانین رێساگەلی نوێ بێنینە ئاراوە.

خوێندنەوەی بەرهەمی گەورە شاعیران و راهێنان لەگەڵیان، بەردەوام باشترین رێگەی زاڵبوون بەسەر رێساکانە.

١- بەردەوام هەژماری بڕگەی هایکۆکانی خۆتان بژمێرن.

٢- حەڤدە بڕگە لە یەک دێڕدا بنووسن.

٣-حەڤدە بڕگە لە سێ دێڕدا بنووسن.

٤-حەڤەد بڕگە لە سێ هێڵی بە ریز پێنج و حەوت و پێنج بڕگەییدا بنووسن. (قاڵبـی ستانداردی ژاپۆن).

٥-حەڤدە، یان کەمتر لە حەڤدە بڕگە لە سێ هێڵی بە ریز کورت و درێژ و کورت دا بنووسن. (قاڵبـی باو لە زمانە ئەوروپاییەکاندا).

٦-سەراپای هایکۆیەک دەبێت بە یەک نەفەس بخوێنرێتەوە.

٧-لە وەرزواژەکان (وشەگەلێک کە تایبەتن بە وەرزێک لە ساڵ) کەڵکوەرگرن.

٨-لە کۆتایی دێڕی یەکەم، یان دووەمدا (بەڵام لە هەردووکیاندا نا) بێدەنگیی مسۆگەر بکەن.

٩-هیچکات مەهێڵن کە سێ دێڕی هایکۆکەتان بەشوێن یەکدا رستەیەکی تەواو ساز بکات.

١٠-پێوەندی و بەرانبەری دێڕەکانی یەکەم و دووەم وەها رۆبنێن کە دوای خوێندنەوەی دێڕی سێیەم خۆی وەدیاربخات.

١١-بەردەوام لە زەمانی ئێستا کەڵکوەرگرن و سەبارەت بە ئێرە و ئێستا بنووسن.

١٢-تا بۆتان دەکرێت لە کەڵکوەرگرتن لە ناوی تایبەت و جێناوی تاکەکەسی خۆبپارێزن.

١٣-تا بۆتان دەکرێت لە زەمانی رابردوو کەڵک وەر مەگرن.

١٤-واباشترە دوو دێڕی هایکۆکەتان (دێڕی یەکەم و دووەم) پێکهاتەی رێزمانی وەک یەکی هەبێت.

١٥-سەبارەت بە جێ و شوێنی وێنەکان کە هەرکام لە دێڕەکان بە دەستەوەی دەدات، لە هایکۆکەدا وای بنوێنن کە دیمەنەکە لە دوورەوەیە، دواتر بەشێک لە دیمەنەکە نزیکتر و لە ئاکامدا زۆر نزیکتر بووەتەوە.

١٦-کاکڵ، یان پەیامی سەرەکی بۆ دێڕی ئاخر هەڵگرن.

١٧-هەوڵ بدەن دێڕی یەکەم تا ئەو جێیەی بۆتان دەکرێت، دڵگر و سەرنجڕاکێش بێت.

١٨-بەردەوام سەبارەت بە شتە ئاساییەکان، بەشێوەی ئاسایی و بە زمانی ئاسایی بنووسن.

١٩-سەبارەت بە فەلسەفەی زەن، موتالاّ بکەن و لێگەڕێن هایکۆکەتان ئاوێنەی بالاّنوێنی شێوازی بێدەنگی وێنەسازیی بێت.

٢٠-لە وێنەگەلی بەرچاو و زیندوو کەڵکوەگرن.

٢١-ئایین و فەلسەفەی جۆراوجۆر بخوێننەوە و لێگەڕێن کاریگەری ئەوان لە هایکۆکانی ئێوەدا رەنگ بداتەوە.

٢٢-هەوڵ بدەن بگەنە ئاستی چەند لایەنیبوونی مانا.

ئاستی چەند لایەنیبوون بریتین لە لایەنی دەرەکی و لایەنی ژوورەکی. لایەنی دەرەکی بریتییە لە وێنەگەلی ئاسایی و هەروەها لە ئاستێکی بەناختردا فەلسەفەی ژیان و روانگەی ئێوەی تیا تێکەڵە.

٢٣-لەو وێنانە کەڵک وەرگرن کە هەست هەڵخرێنەری گۆشەگیریی خۆویستانە و فەقیری خۆویستانە بێت.

٢٤-لە چەند وێنەیەک کەڵک وەرگرن کە هەست هەڵخرێنەری نۆستالۆژیای رۆمانتیک بێت.

٢٥-دژەبەرەکان بدۆزنەوە و لە هایکۆی خۆتاندا وێنەکانی بکێشنەوە.

٢٦-سەبارەت بە شتە نامسۆگەرەکان، بە شێوەی ئاسایی بدوێن.

٢٧-لە وێنەگەلی نواندنەوەی مانا بەرز و پیرۆزەکان کەڵک وەرگرن (باسی شەڕ و کوشتوکوشتار و بابەتگەلی جینسی مەکەن).

٢٨-تەنیا لە وێنەی سروشتی کەڵک وەرگرن (لە ئاماژەی راستەوخۆ بە گیروگرفتەکانی مرۆڤ خۆ بپارێزن).

٢٩- بەزەیی و خۆشەویستی مرۆڤایەتی بە ئاماژە بە لایەنە جۆراوجۆرەکانی سروشت بێنە گۆڕێ.

٣٠-لە هەر جۆرە ئاماژەیەک بە خۆتان، لە هایکۆدا خۆ بپارێزن.

٣١-کەڵک وەرگرتن لە نیشانەی وەک (خاڵ، وێرگوڵ، خەتی تیرە، و...) لە هایکۆدا بەربەستێکی بۆ نییە.

٣٢-دەکرێت بۆ پڕماناکردنی هایکۆ لەو نیشانانە (خاڵ، وێرگوڵ، خەتی تیرە، و...) خۆ بپارێزین.

٣٣-لە هێنانی سەروا خۆ بپارێزن.

٣٤-لە هێنانی کێشی غەیرە پەنجەیی، وەک کێشی عەرووزی خۆ بپارێزن.

٣٥-دووپاتبوونەوەی پیتێک لە هایکۆدا بایەخی دەباتە سەر.

٣٦-زۆربەی جارەکان هایکۆکەتان بە ناوێک کۆتایی بێنن.

٣٧-لە هەر جێگەیەک توانیتان، وردەواژە قرت بکەن، وەک: (لە، دەگەڵ، ...).

٣٨-ئاوەڵفرمانەکان قرت بکەن.

٣٩-بۆ هەر ناوێک زیاتر لە ناسێنەرێک مەهێنن. (بۆ نموونە: ئەو وەسفانەی کە بۆ ناو دێن وەک ئاوەڵناو).

## بە ناوبانگترین هایکۆنووسانی ژاپۆن

سەیری هەر کتێبێکی هایکۆ کە دەکەیت، چوار هایکۆنووس وەک گەورەترین هایکۆنووسانی ژاپۆن ناویان هاتووە. ئەم چوار هایکۆنووسە خاوەن شێوازە، لە دەرەوەی ژاپۆنیشدا ناو و ناوبانگیان دەرکردووە و هەندێک لە توێژەران و ڕۆژهەلاتناسان، بەتایبەت سەبارەت بە هونەری شاعیری ئەوان دەستیان داوەتە توێژینەوە.

### ماتسۆ باشۆ (١٦٤٤-١٦٩٤)

لە بنەماڵەیەکی سامۆڕایی چاوی بە ژین هەڵێنا. ناوی منالی کین ساکۆ بوو. ئەو نازناوی لە داری مۆز وەرگرت. باشۆ لە زمانی ژاپۆنیدا بە مانای داری مۆزە. باشۆ گەورەترین و بە ناوبانگترین شاعیری هایکۆنووسی ژاپۆنە. هایکۆ باشۆیە و باشۆ هایکۆیە. باشۆ داهێنەری هایکۆ نییە، بەڵکو هایکۆی کردە جۆرە شیعرێکی شێلگیرانە و بەناوبانگ. باشۆ تا ٤١ ساڵە بوونی زۆرتر خەریکی نووسینی شیعری گاڵتەئامێز بوو، بەلام لە دەیەی ئاخری تەمەنی شێوازی خۆی لە هایکۆدا بونیاد نا. قوتابیانییەکی زۆر لە قوتابخانەی ئەو پێگەیشتن کە دە کەسیان ناوبانگیان زۆرتر دەرکرد و بۆ بلاوکردنەوەی تایبەتمەندی شیعری ئەو هەڵی زۆریان دا. بەر لە باشۆ، کاری هایکۆنووسانی دەرباری و دیوەخانی، جۆرێ گەمە بە وشە بوو کە پڕ بوو لە هێما و جیناس، بەلام باشۆ هایکۆی گەشە پێدا. بەناوبانگترین هایکۆی باشۆ (گۆمیلکەی کۆن)-ە، کە دەسپێکی هەنگاوهەڵگرتنی شۆڕشگێڕانەی ئەو لە فۆڕمی هایکۆدایە.

گۆمیلکێکی کۆن
دەرپەڕینی دێوەزمەیەک
شڵپەی ئاو.

سەبارەت بە لێکدانەوەی ئەم هایکۆیە، کۆمەڵێک وتاری جۆراوجۆریان نووسیوە. تەنانەت هەندێک پێیان وایە، ئەم هایکۆیە، کورت کراوە و شیرەی فەلسەفەی زێننە. هەرسێ توخم لەم هایکۆیەدا هاوکات لەگەڵ یەک جیا و پێکەوە لکێنراون. دێوەزمە و گۆمیلکە و دەنگی دەرپەڕینی دێوەزمە. هەندێک ئەم هایکۆیە

بە جۆرێک ئیشراق، واتە روونبوونەوەی بوودایی دەزانن. هەندێکی تریش وەک وێنەیەکی راستەقینە سەیری دەکەن.

### یوسا بووسۆن (١٧١٦-١٧٨٣)

دوای باشۆ شاعیرێک کە لە ئاست و پلەی ئەودا بێت، سەری هەڵنەدا. بۆیە هایکۆ بۆ ماوەیەک کەمڕەنگ بووەوە و هەندێک لە قوتابییانی باشۆ روویان کردە شیعری (سن ریوو)، کە فۆڕمێکە وەک هایکۆ و حەڤدە بڕگەی هەیە. لە (سن ریوو)دا، ئەو بەناخبوونەی کە هایکۆ هەیەتی، خەبەرێک نییە و شاعیر زۆرتر سەروکاری لەگەڵ تانە و تەشەر و رەحم و خۆشەویستی و بەربەستییەکانی مرۆڤدا هەیە. چەند دەیە دوای مەرگی باشۆ (بووسۆن) هاتە ناو مەیدانی شیعری ژاپۆن و شێوازێکی نوێی لە هایکۆدا بونیاد نا. (بووسۆن) شێوەکارێکی لێزان بوو، هایکۆکانیشی ناسکی و زەرافەتێکی کەموێنەیان هەیە و ئەویندارى ئەو بە سروشت لە لە باشۆ-ش بەهێزترە. وەک شێوەکار، ئەو یەکێک لە گەورەترین رێڕەوانی شێوازی (نانکا) دەژمێردرێت، کە لە شێوەکارانی چینی ئەوکات ئیلهامیان وەرگرتووە. بووسۆن زۆرترین کاتی خۆی بۆ خوێندنەوە و نووسین و شێوەکاری تەرخانکرد. هەندێک لە هایکۆکانی بووسۆن لەژێر کاریگەری باشۆ و شاعیرانی چینیدایە، بەڵام دواتر ئەو داهێنەری شێوازێک لە هایکۆ بوو کە تێکەڵییەک لە وێنە و رەنگ بوو. وەک ئەم هایکۆیەی خوارەوە:

گوڵە سپییەکان
لە کەلێنی دیوارەوە
بەهار دێ.



## کۆبایاشی ئیسسا (١٧٦٤-١٨٢٧)

ئیسسا لە پێنجەمین رۆژ لە پێنچەمین مانگیساڵی ١٧٦٤ هاتە دونیا و ناوی (یاتارۆ)یان لێنا. ئیسسا نازناوە کە دواتر بۆخۆی هەڵبژارد و بە مانای یەک کووپ چاییە. زۆرترین ساڵەکانی ژیانی ئیسسا پڕ غەم و پەژارەیە. دووساڵان بوو کە دایکی لە دەست دا و لە سێزدە ساڵیشدا دایەگەورەی مرد. دواتر سێ منداڵەکەی و هاوسەرەکەی (کیکۆ) مردن و ئەویان بەتەنیا هێشتەوە، تا ئەوەی کە لە سێ ساڵی کۆتایی ژیانی لەگەڵ کچێکی سامۆڕایی ژیانی هاوبەشیان پێکهێنا.

لە هایکۆکانی ئیسسادا باسێک لە ژیانی پڕ غەم پەژارەی نابینی، کە ئەوە دەگەیەنێت کە ئیسسا چارەنووسی خۆی قبووڵ کردووە. ئیسسا وەک لایەنگری مرۆڤ و هاودەردیکردن لەگەڵ جیهان، هەر لە برینجکارێکەوە بگرە تا دەگاتە چکۆلەترین بوونەوەر، ناوبانگی دەرکردووە. (ئەو زمانی وتووێژی رۆژانە و زاراوە جۆراوجۆرەکانی لە هایکۆکانیدا بەکارهێنا. ئیسسا شتگەلی چکۆلە و بێبایەخی خۆش دەویست و لە ناخەوە لەوان تێدەگەیی، هەروەها ئەو شتانەی کە رێز و خۆشەویستییان هەڵدەخڕاند، خۆش دەویست).

ئیسسا وەک (دڵی هایکۆ) ناسراوە، چونکە لە پەنا نیگای راستەقینەخوازانەی بووسۆن و زەننی ناخخوازانەی باشۆ، ئەو راوێژی مرۆڤخوازانەی هەیە.

یەکێک لە باناوبانگترین هایکۆکانی ئیسسا، ئەو هایکۆیەیە کە بۆ مەرگی کچەکەی (ساتۆ) نووسیویەتی:

ئەم جیهانە ئاونگییە
بێ گومان ئاونگە و
ئێشتاکەش...

لەم هایکۆیەدا پەژارەیەک کە لە مەرگی منداڵەکەی پێی گەیوە، لە دیمەنێکدا دەیگونجێنێت: (لە بەرا ناڕاوەستاوی ژیان بە وێنەکردنی ئاونگ نیشان دەدا و دووبارەکردنەوەی، نیشانەی قبووڵکردنی ئەم راستییەیە، هەروەها (ئێستاکەش) وا نیشان دەدات کە کچە ئێستا لەناو ئیسسا دا، یا لە بەهەشتدا، یا لە هایکۆدا، یا بە دۆنادۆن زیندووە).

**ماسائۆکا شیکی (١٨٦٧-١٩٠٢)**

چوارەمین هایکۆنووسی گەورە، شیکی-ە. هایکۆکانی هەڵگری وێنای ریالیستین، کە بریتین لە وێنە و رەنگ و شکڵ و شتی لەم چەشنە و دژبەربوونی ئەوانە لەگەڵ یەکتری. ئەو وەک هایکۆنووسێکی جۆرخواز، ناسراوە. شیکی وشەی هۆکۆ-ی بۆ هایکۆ گۆڕی. شیکی هەروەها گۆڤاری (هوتۆتوگیسۆ) بە مانای (قومری) لە ساڵی ١٨٩٩دا، دامەزراند.

هایکۆکانی لایەنی مرۆڤخوازانەی ئیسسا و هەستی ئایینیانە و ناخخوازانەی باشۆ-ی تێدا بەدی ناکرێت. هایکۆکانی ئەو وەک نەققاشی وایە:

شەوانە
مانگی سپی هاوین
بەسەر بایەوانی سپییەوە.

لە تاووتوێکردنی هایکۆی ئەم چوار هایکۆنوسەدا، چوار جۆر نیگای جیاواز دەرهەق بە جیهان هەست پێ دەکرێت: دیتن بە رۆح، بە چاو، بە دڵ، و بە سەر. باشۆ خاوەن ئایینە، بووسۆن هونەرمەندە، ئیسسا مرۆڤخوازە و شیکی ریالیستە.

**باشۆ**

**رابە پەپوولەکە**
**درەنگە، رێیەکی درێژمان لەبەرە**
**بۆ هاوڕێیەتی.**

**بووسۆن**

**زەربەکانی تەوور**
**بۆنی شووڵی کاج،**
**سووتەمەنی زستان.**

**بووسۆن**

**بەساڵاچوو-**
**تەنانەت درێژین رۆژ**
**گریاناوییە.**

بووسۆن
سەگێ دەوەڕێ
بە دەسفرۆش
دارقۆخ نووقمی شکۆفەیە.

ئیسسا
پەرژینی مێشوولەی،
گەڵا...
خەوی لێ دەکەوێ

ئیسسا
خەڵکی رۆیشتوون
فانۆسەکان مردوون
گەڵایە دەمێنێ

ئیسسا
بەرەو بەستێن
فانۆسە کاغەزییەکەم
یەکەمین بەرەبەیانی بەهاری.

ئیسسا
لەناو ژوورەکەمدا
چی بەسەر دێ؟
یەکەمین بەرەبەیانی بەهاری.

ئیسسا
یەکەمین بەرەبەیانی بەهاری
قەشە ئەنەهوو کە
خەریکی گەسک لێدانە

**ئیسسا**
**لە سۆزەی بەرەبەیاندا**
**لەبەر دەرگای گەرماوەی گشتی**
**دەرگا کوتان**

**ئیسسا**
**بە خۆشی یەکەمین خواردنەوەی ساڵی نوێ**
**راخەری حەسیری لەژێر پێ**
**بەرەبەیان**

**ئیسسا**
**بەرەبەیان-**
**لە بان گەنمەجاڕ**
**"کووکووا!"**

**ئیسسا**
**لە بەرەبەیان**
**کەسێ نایەتە بەرچاو...**
**شکۆفەی نیلووپەڕە ئاوییەکان**

**ئیسسا**
**بیارە بەفر ببارە**
**کاژی جحێڵ**
**جلی نوێی دەوێ**

**ئیسسا**
**رووباری زێوین**
**دەئاژوێ بەرەو باغ**
**مانگی بەهاری**

**ئیسسا**
**شکۆفەی هەڵوچەکان**
**بەستەی بولبوولان**
**هەموویان تەنیان**

**ئیسسا**
**بەهار لەبەر دەرگایماڵەکەم**
**یەکەمین پیرۆزباییساڵی نوێ**
**لە پاسارییەکانەوە**

**شیکی**
**مانگی دروەشاوە**
**شتێک لە سینگمدا**
**تەنیام**

**شیکی**
**چ دڵگرە!**
**ئەو قرژاڵە بچووکەی لە کاژ دەچێتە بان**
**لەژێر باران دا**

**شیکی**
**کپ بوو چرین**
**سیسرکێک هەڵفڕی**
**من دیتم.**

**ئۆریگا**
**مانگ لە غەریبایەتی**
**سەیری دەکەم**
**لەگەڵ نسێکەی من هاوڕێیە**

**ئۆزاکی هوسایی**

بەفر لێی کردەوە
لەناو هەراوهوریای مناڵان
خۆر دەکەوێ

**ئۆزاکی هوسایی**

هەوەڵین بارینی بەفر
میوە رووتەکانی شیلانی کێوی
بە کاکۆڵی سپییەوە

**ئێس، سانتانام**

خۆری هاوین
ئاوپرژێن دەکەن دوو گوڵفرۆش
گوڵەباغە تازەکان

**ئێس، سانتانام**

خۆری زستانی
دوو سمۆرەی سەرگەردان
دوور لە دارەکەیان

**ئالکسی ئاندریاف**

پردێکی چکۆڵە
رازونیاز دەکا دەگەڵ زەریایەکی گەورە
چەندە تەنیام من!

**ئالکسی ئاندریاف**

راوەستان
لەسەر پردێکی دوو تەڕەفە
لە مژ دا

**ئائۆرورا ئانتونوویچ**

**داکردنی بارانی پاییزی**
**کوڵێکی لەنەکاو**
**بۆ گریان**

**ئارو یوسودا**

**ئاخ قومریەک!**
**چەندە دەبێ بپێوم ڕێگا**
**تا کەسێک ببینم.**

**ئامندا برتون**

**چەندە سەرمایە**
**دوو سەگ و پشیلەیەک**
**لەگەڵ یەک لە پەنا ئاوری.**

**ئاندریا سکون**

**ئاسمانی ساو**
**لەسەر پنجە توودڕکەکان**
**کۆلارەی شکاو**



**سەرچاوە:**
کتێبی شکۆفەکانی گێلاس، هایکۆ لە باشۆ تا ئێستا.

# ١٣
# چامەی ئەسعەد جبووری



پاچڤەو پێشەکی:
**جەلال زەنگابادی**

**ئەسعەد جبووری: هۆزانڤان، ڕۆمانڤان و ڕۆژنامەڤانە**

× لە ساڵی ١٩٥١ لە شاری (ریفاعی- پارێزگای زیقار) لەدایک بووە و لە ساڵی ١٩٧٤دا هەڵاتووە بۆ سووریا و دەسەڵاتی ڕژێمی عەفلەقی حوکمی غیابیی بە ئیعدام داوە.

× لە ساڵی ١٩٨٩وە بە خێزانەوە لە دانیمارکدا دەژی.

× ئەندامە لە: یەکێتیی نووسەرانی عەرەب/- یەکێتیی نووسەرانی دانیمارک.

- ئینسکلۆپیدیای شیعری جیهانییە لە بەریتانیا/- کۆمەڵەی ڕۆژنامەڤانانی بێ سنوور.

- ڕێکخراوی مافێن مرۆڤی نێودەوڵەتی.

× سەرنووسەری گۆڤاری (تقووس= سرووتگەل)ە بە زمانێن عەرەبی و ئینگلیزی.

× دامەزرێنەری (بانکی خەیاڵ)ە.

× ڕێڤەبەری کۆمپانیای عەرەبی- ئۆروپییە بۆ ڕۆژنامەڤانی و ئەدەبیات و پەخشکردنەوە.

× ڕێڤەبەری سایتی (قەڕاڵستان)ە www.alimbaratur.com

× ئەم کۆهۆزانانەی بڵاوبوونەتەوە:

– گوڵم سەربڕی، ئاخۆ خەونم سەربڕی؟ ١٩٧٦- هەراوهوریای مەلە سەرپێچەکان، ١٩٧٨.
– ئۆڵەمپیادی زمانی پاشخراو، ١٩٨٠، نیگارکێشان بێ جیاکەرەوانەیە، گوناه بێ شاشەیە، ١٩٨١.
– یەکەم نوسخەی زێڕ، ١٩٨٨- فڕین بەسەر ڕۆژدا، ١٩٩٥، قەڕاڵ، ١٩٩٥.
– عەتر دەستنووس دەبڕێ، ٢٠٠٣، فریشتەی ئالۆشڤان، ٢٠٠٥، فەرهەنگی عاشیقان، ٢٠٠٦.
– پێش ڕۆیشتنی ئەلکۆل، ٢٠١٠، لە هنداڤی ئەسپریندا، ٢٠١٠.

× ئەم ڕۆمانانەی بڵاوبوونەتەوە:
– دانان لەنێو نهۆمەکانی شەودا، ١٩٩٧.
– تای چەکدار، ٢٠٠٠.
– تیرۆرکردنی نۆبل، ٢٠٠٦.
– دیسکۆلاند، ٢٠١٠.

## کارەساتێکە بۆ من

**ئای لەو تەمەنە گەرمە لە سەعاتێکی ئاوەژووە**
**ئای لە گەشتی ئەو دەمە بازەڵەیە لەنێو گیاکانا**
**خویایی ئافرەتێکە دیوارەکانی لە ماڵدا قاودەدا**
**ئای لە ئەسپەی**
**مڵەمای شێتیی خۆی دەکا**
**ئای لەو فریشتەیە**
**گاڤا شەمپانیا دەکاتەوە**
**لەژێر ئاسمانێکی گرژبوو نیگەران دەبێ**
**ئای لەو شادمانییە**
**کە ئاوەیلی کلیلدراو دەخواتەوە**
**ئای لەو بەرە ژاوەژاوگێڕە**
**لە شانەی حیزبێکی ناتەواو**

**ئای لەو تاراوگەیە**
**کە تۆ هاوڕێتیی پەیکەرە دشوارەکان دەکەی**
**لە بەزمەشەوێکی نێو بارانگەل هەڵاتوو**
**ئای لەو ئافرەتە تایپیستە**
**کە شەوانە چی لە چامەدا رووخاندووە**
**ئاوەدان دەکاتەوە**
**ئای لە پرسیاری کەچرەو**
**ئای لەوەی بیبیلە بە شەپۆلێکی ئاژەڵان هەڵدەگلۆڤێ**
**کوڵژە شەقامێکە و**
**زەنگێکی کوێرە لە گۆڤاری شێنەییرۆیە**
**ئاخۆ ئەوە تۆی**
**یان شبتییەکی تۆیە لەبەرتۆیە؟×**

* کارثە لی

## فەرمانبەر

**ژیان هەر نەریتێکی باوە**
**(جەنگ) هەر (گەنج)ە بەتۆبز هەڵگەڕاوە**
**تا دووکەڵکێش وەلیا بگەشتێ**
**ئەوسا تا ئەوەێ**
**... ئا ئەوێندەرێ**
**کە نامە**
**راوچییەکەی دەهاوێتە ژووری سەگانەوە×**

* الموظف.



## ئەڕا؟

**ڕۆژێکیان**
**شەقامێک**
**دەرچوو**
**ئیتر**
**بۆ ماڵ**
**نەهاتەوە***

* لماذا؟

## نیگەرانی

**سبەینێکە بە دەستان بگرە**
**گەواڵە هەورێ لەبان چەتر مەیەلەوە**
**تا (واقواق) جلوبەرگەیلی نەکاتەبەری**
**بۆ شایی خۆی رامانەپێچێتەوە***

* قلق.

## شووشەی ئەڤرۆ

**بە شێنەیی...**
**گڵۆبەکان لە جەستەدا خامۆش دەبن**
**هەر شەوێ**
**ئالیکەیلێ بەجێدێڵێ و پێوار دەبێ**

**وام چاوەڕێ بوو**
**کە هەژاندن بۆ خۆرەزەردەی رۆژئاوابوون دێ**
**تا بکەفمە نێو ردێنێن درەختان**
**کەچی**
**لەو بایە...***

* زجاج اليوم.

## ژەنەراڵ

**بۆ دوامین جار**
**مەگێزەیل ماڵی خۆیان**
**لەژێر مەمەک بەرزکەرەوەدا چێدەکەنەوە**
**سۆپەکە دەمێکی پەککەوتووی هەیە**
**هەمان دەمانچەش**
**گورگە بچکۆڵەکەی**
**دەخاتە ژێر ئوتووی هەڵمان***

* الجنرال

## سەرگۆنی ئەکەدی

**ئەرێ کێ پەندیاریی بەرەڵاکرد و**
**زارۆکێن برووسکی**
**لەلای کچی داوێنپاک بەجێهێشت؟**
**کەس نییە مەگەر تۆ لەم جێگیربوونە**

مینەکان لە مێشکدا پەڕاگەندە دەبن
نافەرامۆشیش رۆڕۆیەتی
بازیچەکان
لە ئەسپەکانی
دەسێنێتەوە*

* سرکون الأکدي.

## باڵندەکانی گۆشەگیری

ئاوێنە لە جەستەیدا
میوانانەکان قاودەدا
تاریکییەکە شینە
تەنهایی ئاوڵەمەکەی لەژێر بالیفدا بەجێدێڵێ
فریشتەکان باهۆزان میوەیانە
ئەم مەیگێڕە لە گیرفانی نەخشەدا
دڵی ناڵێکی هەیە
کە لەوێ ناخەوێ*

* طیور في العزلة.

## سێو

گاڤا
خەو
پێماچوو...
نەمیدۆزییەوە.
پردێک لەسەر دوو لێوان

**ئامێرێکی چاپی بێ قەمیس**
**کێ**
**وەل پەیکەرەکە بۆ دووکەڵکێشەکە دەچێ**
**تا بزانێ**
**بۆ کوێ پەڕتوکەکانی دەنێرێ.**
**بەفر حیزبێکە**
**گاڤا لەبان شان سەرخەوێ دەشکێنێ**
**کارەکەرەکە ڤاویدەدا...**
**سا با بۆ بوهژین پەنابیا***

* التفاح.



## مەیگێڕ

**ئاخ ئەڤینم**
**ئەی عەڕڕابی جوان**
**بە شەفقەی رووباری**
**ئەی نوسخەی بێکاری**
**بە پوختە تۆڤێنەرەکەیەوە**
**دۆزەخ بە جلی نووستنەوە دەڕوا**
**تا لەسەر پشتی چەماوەی ژینمان**
**دەمەڤاڵیبکا***

* النادل.

## گالیسکە رووتەڵە

**نە**
**ئەی پانکەی جەستە**
**ئەمشەو**
**گریان بۆ گەلەری نیگارکێشان**
**سەردەکەوێ،**
**بۆ رەنگەکان**
**زەڕنەقووتەکانی مۆز دەهاوێژێ.**
**نەزاکەتی ناپلیۆنە**
**کە ببێتە شازادەیەکی پاسەوان**
**ئافرەتان ئاسا پێشوازی جەنگان بکا**
**تا لە پەنجەرەی (واترلۆ)وە بیانهاوێژێ***

*** العربة العارية.**

## هەڵوێستی سەما

**لە فانووسە ئەفسووناوییەکەیەوە دەردەچێ**
**بۆ تاقیبـی کەروێشکەکانم**
**جریوەییم ژنەفت گەییشتبووە شەیداییم**
**بۆ لای چووم**
**خاکێکی کارەبائامێز بە یاقووت بوو**
**کەماڵم بەخۆ نەبینی و**
**بە کەماڵ نارەسێ**
**ئەوەش لەنێوانمانا بوو رەزم نەبوو.**
**...**

...
(رەسید)ی لە سنگما مەزنبوو
لە هەڵوێستی سەما
دەستی لەناوقەدم گیربوو
لە سێبەریا ئاخنیمی و چپاندی گوێمەوە:
ئا ئەمە مۆسیقایە...
چاوەیل بۆ لاقان دەگەڕێنێتەوە.
وەڵامیم دایەوە
کە بوومەلەرزەیە بەژنمی کورتکردەوە:
کوانێ عیشقێکم تیشکبداتەوە
قوربانییانی خەڵکی ئەلبۆم ببزوێنێتەوە؟
بە کەمەنجەیە منی سڕییەوە
گاڤا بەرسڤمی دایەوە:
سەما
جەژنێکە بێ بارگرانی و تێچوونە*

* الرقص.

## بۆ تاراندن

دەستم لە نڤیسین دەشۆم
ئەندێشگە جوانییەکە
(با) و غاردان ئامێتەدەکا
هەمیشەش
مێینایەتی بە دەرچوون لە سەتڵی شیر
خەون دەبینێ
بۆشایی گەندەمووی جلوبەرگ
بۆخۆی هەڵدەگرێ
شووسەش شەپۆلێکی خانەنشینە

نفیسین دەشۆم
مەی دزێکە
لە بەزەیی و ئاوەزیدا
هەمووان چاوەڕوانییان لەدەست دا
لێرەدا
کەڵەشیی
مەرگی پاشکەوتوو
نوێژیش لە لوولەیەکی قۆقزە
لێرەدا چامە
تەویلەی مایینێکە لە ناڤینی دەما*

* للنفي.



**ژێدەر:**
سایتی الامبراطور.

کورتەچیرۆک

# پێناسە

ماری رۆبێرگەر

و. بۆ عەرەبی: محەمەد نەجیب لەفتە سەعد
و. لە عەرەبییەوە: سەنگەر زراری

چیرۆکی گێڕانەوەئامێزی کورت، بە ئەندازەی مێژووی ئەدەب کۆنە، هەروەها چیرۆکی گێڕانەوەئامێزی پەخشانیی کورتیش، بە ئەندازەی کۆنی مێژووی چیرۆکی پەخشانیی کۆنە، بەڵام کورتەچیرۆک بەوشێوەیەی ئەمڕۆ ئێمە دەیناسین، بە نوێترین شێوازی ئەدەبی دادەنرێت.

لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمەوە گۆڕانکارییەک بەسەر حیکایەتی کورتدا هات و ئەمەش (براندەر ماتیۆز)ی ناچار کرد لە کۆتایی هەمان سەدە، لەدایکبوونی رەگەزێکی نوێی ئەدەبی رابگەیەنێت کە بە کورتی و چنینی پتەو و یەکێتی کاریگەریی و دوور لە زیادەڕۆیی دەناسرێتەوە، دەشێت بنچینەی ئەم شێوازە ئەدەبییە نوێیە لە نووسینەکانی (ئیرفینگ و گۆگۆڵ و پۆ و هۆسرۆن) ببینرێنەوە. (مادام پۆ) کاری لەسەر ئەم شێوازە ئەدەبییە نوێیە کرد و هەوڵی ئەوەشی دا پێناسەی بکات، کەواتە پێناسەی ئەم رەگەزە ئەدەبییە، بە ئەندازەی خودی رەگەزەکە کۆنە. هیچ ناڕوونییەک لە پێناسەکەدا نییە، کەچی لە ماوەی سەد ساڵی رابردوودا لێکۆڵینەوەی زۆری لەبارەوە نەکراوە، بەمجۆرەش پێناسەکە وەکو خۆی ماوەتەوە، بەڵام پێدەچێت ئەم پێناسەیەمان بەهۆی گوزارشتە زۆرەکانی و شێوازە دیارینەکراوەکانییەوە، کێشە و گرفتی هەبێت.

بۆ نموونە: با بیر لە وشەی (کورت) بکەینەوە، ئایا چەند کورت واتای (کورت) دەگەیەنێت؟ جیاوازیی نێوان چیرۆکێک کە سێ لاپەڕە بێت، لەگەڵ چیرۆکێک کە سی لاپەڕە بێت، وەکو جیاوازیی چیرۆکێکە کە سی لاپەڕە بێت، لەگەڵ سێسەد لاپەڕە، ئاشکرایە وشەی (کورت) وشەیەکی رێژەییە و ئەوەندەی پەیوەندی بە تێگەیشتنی نووسەرەوە هەیە بۆ ئەم چەمکە، ئەوەندە پەیوەندی بە درێژیی و کورتیی راستەقینەی لاپەڕەکانەوە نییە، چیرۆکی (گوڵێک بۆ ئیمیلی) ی (فۆکنز) لە چیرۆکی (شووشتنەوە) کورتترە، بەڵام ئێمە بە هەردووکیان دەڵێین کورتەچیرۆک، رۆمانی (مادام بۆڤاری) کە سێسەد لاپەڕەیە، جیاوازی لەگەڵ (تاوان و سزا) نییە لەو رووەی کە هەردووکیان رۆمانن، کەچی لە رووی قەبارەوە (تاوان و سزا) دوو هێندەی رۆمانی (مادام بۆڤاری)یە.

هەروەها دەتوانرێت گوزارشتەکانی دیکەی وەکو (بونیادی پتەو) و (دووری لە زیادەڕەوی ناسروشتی) و (یەکێتی کاریگەریی) لەسەر هەموو ستایلەکانی دیکەی ئەدەب جێبەجێ بکرێن، هەمیشە (جوانی) بەوە پێناسە دەکرێت کە هاوئاهەنگی نێوان بەشەکانە لە میانەی (گشت)ێکدا، زۆرێک لە تیۆرستانی ئەدەب وای دەبینن بیرۆکەی گشتێتی ئەندامیی، بنچینەی پتەوییە.

ئەو بیرۆکەیەی کە دەڵێت کورتەچیرۆک مامەڵەکردنە لەگەڵ یەک کەسایەتی و لە یەک رووداودا، بیرۆکەیەکی سوودبەخشە، بەڵام هەمیشە جێبەجێ ناکرێت، زۆر چیرۆک هەن پابەند نین بە مەرجی ئەوەی یەک پاڵەوانیان تێدابێت، لە دوو چیرۆکی (لۆرانس) بە ناونیشانەکانی (کچی بازرگانی ئەسپ) و (ئەفسەرێکی پروسی)، دوو پاڵەوان دەبینرێن، هەروەها لە چیرۆکی (ئەیلولێکی بێ باران)ی (فۆکنز) بەلایەنی کەمەوە سێ پاڵەوان هەیە، ئەگەر مشتومڕ لەسەر ئەوە بکەین کە زۆربەی چیرۆکەکان یەک پاڵەوانیان هەیە، خۆ زۆربەی رۆمانەکانیش هەر وان.

کەواتە وا باشترە ئێمە لە روانگەی ئامانجی چیرۆک و بونیادەکەیەوە پێناسەی چیرۆک بکەین، نەک قەبارە و ژمارەی پاڵەوان و کەسایەتی، هەر ئەوەشە کە من هەوڵدەدەم بیکەم، کاتێ تیۆری (هۆرسۆن)ی ئەدەبیم خوێندەوە، تێبینیم کرد پەیوەندییەکی روون لەنێوان رۆڵی ئەدەب (وەکو ئەوەی هۆرسۆن باسی دەکات) لەگەڵ حەقیقەتەکاندا هەیە، پاشان تیۆری ئەدەبی و هەندێک هەڵبژاردەی چیرۆکی گەورە چیرۆکنووسانم وەرگرت، لێکچوونی زۆرم لەنێوانیاندا دیتەوە و بینیم سوودیان بۆ من هەیە. کورتەچیرۆک لە نەریتێکی رۆمانسییەوە گەشە دەکات و روانگەیەکی میتافیزیکی بەرجەستە دەکات و دەیەوێت ئەو تێڕوانینە

بخاتەڕوو، کە زۆر شت هەن لە ژیاندا ناتوانین لەسەر بنەمایەکی لۆژیکی بۆ دروستکردنی کورتەچیرۆک کە ئامرازی نووسەرە، هەستیان پێ بکەین.

بەگوێرەی تیۆری میتافیزیکی، واقیع خۆی لە پەنای جیهانی ڕواڵەتیی و جیهانی دیاری ئاسایی حەشار دەدات، لە چیرۆکیشدا، (مانا) خۆی لە پەنای گێڕانەوە دەشارێتەوە، پەیکەری گێڕانەوە سیمبولێک بەرجەستە دەکات کە کار لەسەر دواندنی جیهانی ڕواڵەت دەکات و ئاماژە بە واقیعێک دەکات کە دەکەوێتە پشت حەقیقەتەکانی جیهانی ناکۆتا.

بەهەرحاڵ... هەندێ کۆمەڵەچیرۆک هەن، لەگەڵ ئەو پێناسەیە ناگونجێن کە من پێشنیاری دەکەم، ئەم کورتەچیرۆکانە بونیادێکی توندوتۆڵ و یەکانگیریان هەیە، بەڵام ئەو قوڵیی یان ئاڵۆزییەیان نییە کە پێکهاتەی سیمبولیی دەیخاتەڕوو، من ئەو چیرۆکانە لەژێر ناونیشانی (گێڕانەوەی سادە) پۆلێن دەکەم. گێڕانەوەی سادە، جیاوازە لە پێکهاتەی کورتەچیرۆک، هەروەکو چۆن پێکهاتەی ڕۆمانسی پەخشانئامێز، جیاوازە لە پێکهاتەی ڕۆمان، بەوەشدا کە ئێستا دوو گروپی چیرۆکی پەخشانئامێزی درێژ دەبینرێت، کارێکی لۆژیکییە کە دوو گرووپە کورتەچیرۆک پێشنیار بکەین، بەتایبەتیش کە لێکچوونێکی زیاتر لەنێوان کورتەچیرۆک و ڕۆمانی پەخشانئامێزدا هەیە، نەک لەنێوان کورتەچیرۆک و ڕۆمان، یان لەنێوان کورتەچیرۆک و گێڕانەوەی سادە.

ئەگەر ئەو جیاوازییە بەهەند وەربگرین کە من پێی گەیشتووم، هەڵسەنگاندنی کورتەچیرۆک ئاسانتر دەبێت و زیاتریش دەمێنێتەوە، ئەمەش هەمان ئەو هەڵسەنگاندنەیە کە پێموایە ئامانجی ڕەخنەیە.

**سەرچاوە:**

ماڵپەڕی (دلیل الکتاب).

# ئەفسانە و مێژوو



و. لە عەرەبییەوە: عەبدولباست ئەحمەد



هەتا دەرکەوتنی ئەم مێژووەی ئەمڕۆ دەیناسین، ئەفسانەکان لای سەرجەم نەتەوەکانی دونیا بوونیان هەبووە و هەر ئەفسانەکانیش مێژووی ئەو نەتەوانە بوون، تەنانەت مێژووی ئاساییشیان نا، بەڵکو مێژووی پیرۆزیان بووە. لەو رۆژگارەدا تەنیا ئەفسانەکان خاوەنی گرنگی و بایەخ بوون، چونکە خواوەندەکان لە سەردەمە دێرینەکاندا دروستیان کردوون. پاش کۆتایی هاتنی چەرخی سەرەتایی، کۆمەڵگای مرۆڤ بەرەو شارستانییەتی "کشتوکاڵیی کۆن" چوو، بەڵام لەگەڵ ئەو گۆڕانەدا ئەفسانەکان نەتوانەوە و نووسینە مێژووییەکان جێگەی ئەوانیان نەگرتەوە، زۆرێک لە ئەفسانەکان- ئەگەرچی لەشێوە و فۆرمی جیاوازیشدا بێت- هەر بە زیندوویی مانەوە و بگرە هەندێک لەوانە تا رۆژگاری ئەمڕۆمان هەر ماون. دوای داهاتنی نووسین، ئەفسانەکان زیاتر لە جارێک نووسرانەوە و کۆپیی زۆریان لێ دروستکرا و دەستکاری و گۆڕانی زۆریان

بەسەردا هات، بەڕادەیەک هەندێ جار کۆپییەکە هیچی لە ئەسڵییەکە نەدەچوو.

با بۆ نموونە ئەفسانە گریکییە کۆنەکان وەربگرین کە زۆربەی خەڵک پێیان ئاشنان، ئەو ئەفسانانە زۆر زیاتر بە کاری ئەدەبی ئەژمار دەکرێن تا ئەفسانە وەک نموونەیەکی سەرەتایی، زۆرێک لە گێڕەرەوە (چیرۆکخوان)، فەیلەسوف و شاعیرەکان پێش تۆمارکردنیان چەندین جار دایانڕشتوونەتەوە تا بەم بەرگە نوێیەی کە ئێستا پۆشیویەتی گەیشتووەتە دەستی ئێمە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ هەموو چیرۆک و ڕۆمان و حەکایەتە کۆنەکاندا جیاوازە و لە ناویاندا دەناسرێتەوە. ڕەنگە هەرکەسێک کە ئەم ئەفسانانە دەخوێنێتەوە پرسیاری ئەوە لە خۆی بکات کە، ئایا ئەو شتانەی لێرەدا هاتوون راستن؟ تۆ بڵێی بەڕاستی مەخلوقێک هەبووبێت نیوە مرۆڤ و نیوە ئەسپ؟ ساتیرۆس، حۆرییەکان؟ ئایا بەڕاستی مرۆ توانیویەتی خۆی بکات بە گوڵ، یا درەختێک؟ ئایا خواوەندەکان لەسەر چیای (ئۆلیمپ) ژیاون و جار نا جارێکیش هاتوونەتە خوارەوە بۆ ناو مرۆڤەکان؟ ئایا بەڕاستی ئەسینا لەسەری (زیۆس)ەوە هاتووەتە دەر کاتێک هێفستۆس بە تەورێک لەتی کرد؟

ئێمە بە ئەگەرێکی زۆرەوە وای بۆ دەچین کە ئەو کەسەی ئەم پرسیارانە لە خۆی دەکات، نازانێت کە بە وروژاندنی ئەم پرسیارانە مەسەلەیەکی زانستی گرنگی لەبەردەم خۆیدا کردووەتەوە، کە تا ئێستا زیاتر لە نەوەیەکی زانایانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە و هەموو نەوەیەکیش لەو زانایانە تێگەیشتنی تایبەتی خۆی لەمەڕ ئەفسانەکانەوە خستووەتە ڕوو، چونکە ئەفسانەکان بە یەکێک لە ئاڵۆزترین دیاردە کلتوورییەکانی مرۆڤ دادەنرێن، هەموو نەوەکان تیۆریی یا تیۆرییەکانی خۆیان لەو بارەیەوە پێشکەش کردووە، لە ئەنجامی ئەمەشدا هێڵێکی بێ کۆتایی لە تەئویلات (تأویلات) هاتووەتەکایەوە. زانای ڕوسی (ی.گ.کاگارۆڤ) لەم بارەیەوە دەڵێت: ((هیچ زانستێک هێندەی مێتۆلۆجیا گریمانە و بۆچوونی تێدا بڵاو نییە))، بەڵام هەرچەند ئەو ڕێگایانەی کە زاناکان بۆ تێگەیشتنی ئەفسانە خستوویانەتە ڕوو زۆر و جۆراوجۆر بن، هەڵویستی ئەوان جیاوازییەکی جەوهەری دەبێت لەگەڵ هەڵوێستی ئەو کۆنینانەی کە لە دونیای ئەفسانەکاندا ژیاون، بەو پێیەی دونیای یەکەمینیان-دونیای (دایک) بووە بۆ ئەوان. ئەوان (مرۆڤی کۆن) باوەڕیان بە ئەفسانە هەبوو و دیراسەیان نەدەکرد، تێدا دژیەکی و وەهم و گێلێتیان نەدەبینی، لە ڕوانینی ئەوانەوە، ئەفسانە واقیعێکی ڕاستەقینەی ئەوتۆ بوو کە هیچ واقیعێکی تر ڕەتی نەدەکردەوە و هەموو ژیانیان لە ئەفسانەدا دەگوزەراند، بە هاوکاری ئەفسانەش دونیای دەروبەری خۆیان

ئەزموون دەکرد، هەوڵیان دەدا لە ڕێی ئەوەوە لە چییەتیی ژیان بگەن و بە وشە و دەنگ و وێنە و ڕێگای تری جۆراوجۆر گوزارشتی لێ بکەن.

مرۆڤە کۆنەکان لە ئەفسانەکاندا داهێنانێکی وەهمی، یا پووچێتییەکی خەیاڵیی دوور لە عەقڵیان نەدەبینی کە بچێتە ژێر باری لێکدانەوەوە. زانای رووسی (أ.ف.لوسێف) کە هەموو ژیانی بۆ دیراسەکردنی ئەفسانە گریکییەکان تەرخانکردبوو، لە سەردەمی خۆیدا ئاماژەی بەوە داوە کە ئەفسانە زانستی و پڕ بزاوتە و بە داهێنانێکی وەهمی دانانرێت، بەڵکو ئاستێکی پێویستی تێگەشتن و واقیعە و ((بەرهەمێکی هەستەکی و بەرجەستەی واقیع))ە.

کۆنینەکان هیچ ڕۆژێک لە ڕۆژان پرسیارەکانی ئێمەیان لە خۆیان نەدەکرد: لە ئەفسانەکاندا کامە راستە و کامە ناڕاست؟ ئەوان ئیمانێکی تۆکمە و رەها و بێسنووریان بە دروستی ئەفسانەکان هەبوو، هەر شتێک ئەفسانە باسی دەکرد، بەلای ئەوانەوە حەقیقەتی تەواو بوو. ئەم بڕوایەی ئەوان لەوەوە نەهاتووە کە ئەوان گێلن و ئێمە لەوان زیرەکترین، بەڵکو لەبەر ئەوە بوو کە بۆ ئەوان ئەفسانەکان ئەو ڕێگایەیان دەکێشا کە دەبوو لە ژیاندا بیگرنە بەر.

نزیکترن نموونە، یا هاوشێوەی ئەفسانە لەم سەردەمەی ئێمەدا شیعری کلاسیکییە، لەکاتی خۆیدا (ماندلشتام) ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە ئەم جۆرە شیعرە بەو جۆرە لێی تێ دەگەین کە ئاستێکی ناچارکردنی تێدایە و بەو واتایەی تێیدا (مودی فرماندانێکی روون) دەبینرێت. شیعری کلاسیکی ((شتێکە دەبێت هەبێت، نەک بووە و تەواو بووە)).

هەر لەم بوارەدا توێژەری مەیدانی کلتوورە کۆنەکان و میتۆلۆجیا (فرێدنبرگ) نووسیویەتی ئەفسانەکان بەنیسبەت کۆنینەکانەوە ((گوزارشتکردنە لەو تاکە مەعریفەیەی کە پرسیار لە دروستی بابەتی دەرککردن ناکات، هەر بەو هۆیەشەوە دەگەیشتە ئەوپەڕی)).

هەروەها لە سەردەمی کۆندا پرسیار لەوە نەدەکرا کە کێ ئەفسانەکانی دروستکردووە، پێیان وابوو کۆنترەکان ئەفسانەکانیان گواستووەتەوە بۆ مرۆڤ و ئەوانیش لە خواوەندەکانەوە وەریان گرتوون. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەفسانەکان سروش (وەحی) سەرەتایان تێدایە و لەسەر خەڵکیش پێویستە لە یادەوەریی نەوەکاندا بیهێڵنەوە، بێ ئەوەی هەوڵ بدەن بیگۆڕن، یا شتی نوێی بهاوێنە سەر، خواوەندەکان بە رای مرۆڤی کۆن، بوونەوەری تەواو راستەقینە بوون، هەر لەبەر ئەمەشە کە هیچ پاڵنەرێک نەبووە کە شک لەم راستییە بکەن.

لە چیرۆکە ئەفسانەییەکاندا ئەزموون و مەعریفەی چەندین نەوە کەڵەکە

بوون، ئەفسانە بۆ ئەوان (مرۆڤی کۆن) وەک ئینسکلۆپیدیایەک بووە، کە تێیدا وەڵامی پرسیاری گرنگترین بوارەکانی ژیانیانی تێدا دەست دەکەوت، ئێمەش کاتێ دەمانەوێت ئەو وەڵامانەمان دەستکەوێت ئەوا لە مێژوودا بۆیان دەگەڕێین، بەڵام ئەوان لە ئەفسانەدا بۆی گەڕاون و هەر لەوێشدا دەستیان کەوتووە.

ئەفسانەکان دەربارەی کۆنترین سەردەمی مێژووی مرۆڤایەتیمان بۆ دەگێڕنەوە، کە بوونی ئەو سەردەمە پێش بوونی هەموو زەمانەکان دەکەوێت، ئەمەش تەنیا مێژوویەک نییە، بەڵکو سەردەمانێکە کە بێژمار کاتی بەسەردا تێپەڕیوە: زەمەنی خەڵقی یەکەم. ئەو کاتە سەردەمێکی پڕ لە رووداو و کارە سەرەتاییەکانی خواوەندەکان بووە، هەر ئەو کاتەش سەرچاوەی دەسپێکی هەموو بوونەوەری ئێستایە، هەر لەو زەمەندا زەوی دروست کرا، هەرچیش لێی دێتە دەر و هەرچیش لەسەری دەژی، واتە لەو کاتەدا سیستمێکی گەردوونی دیاریکراو هاتە دی، هەر ئەوەش بۆ مرۆ مایەوە کە پارێزگاری لێ بکات، بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارەش بەشێوەی پێویست، دەبوو پابەندی ئەو شتانە بن کە لە ئەفسانەکاندا هاتوون و ئەو سرووتانە ئەنجام بدەن کە لەگەڵ ئەفسانەکاندا هاتوون، بە واتایەکی تر لەسەر مرۆڤ پێویست بوو ئەوە دووبارە بکەنەوە کە خواوەندەکان کردوویانە. کەواتە ئەفسانەکان تەنیا چەند داهێنانێکی زیندوو نەبوون، بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا چەند نموونەیەکی خوایی بوون تا مرۆڤەکان دووبارەی بکەنەوە. ئایا لەوە زیاتر چی گرنگی بە ژیانی مرۆڤ دەدا کە لەگەڵ خواوەندەکاندا هاوبەشی ژیانیان بکەن؟ بەم شێوەیە مرۆڤەکان مێژووی خۆیان لە رێگەی درێژەدان بە مێژووی پیرۆزی خواوەندەکان دروستکردووە. هەر لەبەر ئەمەشە کە ئەفسانە پێش مێژووی هەموو ئەو نەتەوانە کەوتووە کە دەیانزانین: ئەوانەی کە ماون و ئەوانەش کە لەناوچوون.

**سەرچاوە:**

سحر الأساطير (دراسة في الأسطورة–التاريخ–الحياة)، م.ف.ألبيديل، ت: د.حسان ميخائيل اسحق، منشورات دار علاءالدين، دمشق، ٢٠٠٨.

# برین



**محەمەد خەلیلی**
**و. لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی**



باوکم هەناسە هەڵدەکێشێ و لەبەر ژانی جەستەی دەناڵێنێت. هێندێ جاریش لەژێر لێوەوە ویڕەویڕێک دەکات، ڕەنگە وڕێنە بکات. ئەو لەپاڵ کورسییەکدا لەسەر گازەرای پشت راکشاوە و سەری بە برینپێچ بەستراوی لەلێفەکە هێناوەتە دەرێ و لەسەر باڵنجەکە دایناوە. دایکم لەژوور سەری دانیشتووە و بەدەسرەیەکی نمدار خوێنی ویشکەڵاتووی لاجانگ و لاڕوومەتە ڕەقوتەقەکانی دەسڕێت. دایکم فرمێسک لە چاوانیدا قەتیس ماوە. قژە ئاڵۆزکاوەکەی لەژێر لەچکەکەیەوە هاتووەتەدەرێ و سێبەری خستووەتە سەر ناوچاوانی. ئەویش وەک باوکم لەژێر لێوەوە جارجار ورتەی دێ و هەناسە هەڵدەکێشێت. من دەرس و مەشقی شەوێم تازە تەواو کردووە. کە ئێوارە بەسەردا هات جیرانەکان ڕۆیشتن، هەموویان هاتبوون بۆ سەردان و هەواڵپرسیی باوکم. دواى ڕۆیشتنی

ئەوان لەپاڵ کورسییەکە دانیشتم و دەستم کرد بە نووسین، نەمدەزانی چیم نووسیوە و دەبێت چەندە بنووسم. خوشکە چکۆڵەکەم لەتەنیشت منەوە، لەژێر کورسییەکەدا خەوتووە. ئەو کاتێک باوکمی بەو سەروچاوە خوێناوییەوە دیتبوو لەترسانا قیژاندبووی و لەهۆش خۆی چووبوو. دایکیشم هەروا... دەروجیران تێڕژابوون و خۆیان کردبوو بە حەوشەکەدا. یەکیان دڵخۆشیی دایکمی دابۆوە و یەکی دیکەیان خوشکمی وەهۆش هێنابۆوە، ئەوانی دیکەش باوکمیان بردبووە ژووری. مەڵحەمیان لە برینەکەی هەڵساویبوو و بە پەڕۆیەکی سپی بەستبوویان. چەند حەبی دژە چڵک و هێورکەرەوەشیان دەرخواردداو.

لای عەسر کاتێک لە قوتابخانە گەڕامەوە هەواڵەکەیان پێدام. لەکۆڵان منداڵان دەورەیان دام پێیان گوتم:

-«باوکت سەری شکابوو و سەروچاوی لەخوێن هەڵکشابوو».

-«سەرتاپای لەخوێن هەڵکشابوو».

-«پیاوێکی نەناس چووبووە بن پیلی و هێنابوویەوە بۆ ماڵێ».

-«نەیدەتوانی بەڕێدا بڕوا، بەحاڵ دەیتوانی لاقی هەڵێنێتەوە و داینێتەوە».

بەبیستنی ئەو قسانە، دڵم داکەوتبوو، چاوم لەڕەشەوە هاتبوو و بەپڕتاو بەرەو ماڵێ پێم پێوەنابوو. لە ماڵێ بەدیتنی سەری پێچراو و قەڵافەتی کەلەلاکەوتووی باوکم، خۆم خستبووە باوەشی دایکم و بوغزی گریان لە گەرووما تەقیبۆوە و فرمێسک بەچاومدا هاتبووە خوارێ. ئێستا دایکم بەقژی ئاڵۆزکاو و چاوی تەڕەوە لەبەر شۆقی کزی چراکە، لەتەنیشت باوکم دانیشتووە و بەدەسرەیەکی نمدار پەترۆی چەناگە و خوێنی رەقیتە کردووی بناگوێی بۆ دەسرێت. باوکم دەناڵێنێت و دایکیشم زووڕەزووڕ دەگری و فرمێسک بە روومەتیدا دێتە خوارێ.

باوکم تازە لە سەفەر گەڕاوەتەوە. رەنگە هێشتا دە رۆژ بەسەر هاتنەوەیدا تێ نەپەڕیبێت. دوای جێژنی نەورۆز بوو کەلوپەلی پێچایەوە و بۆ کارکردن چوو بۆ شار. یانی ئێستا چەند ساڵە بەهارانە هەتا پاییزێ بۆ کار دەچێت بۆ کوورەخانەکانی دەوروبەری شار. ئیشی باوکم لە کورەخانە «کەرپووچ دەرهێن»ییە.

رۆژێک کە هاتەوە بەر لەهەموو کەس من چاوم پێیکەوت. ئەو رۆژە لەژووری دانیشتبووم و خەریک بووم لە شووشەی دەرگاکەوە چاوم لەدەرێ دەکرد، لەپڕ ئاغزوونەی کەمەربەندەکەیم دی. بڕوام نەدەکرد باوکم بێ. سەرم هەتا سەرووی چوارچێوەی شووشەکە هەڵێنا و چاوم بە قەڵافەتە کەڵەگەتەکەی کەوت. لەجێی خۆم دەرپەڕیم و دەنگم هەڵبڕی:

-«باوکم هاتەوە!»

ئەو کاتە لە دەرگای هۆدەکە دەرپەڕیم و بەرلەوەی بگاتە بەر هەیوانەکە، باوەشم کرد بەلاقیدا. خوشکیشم هات. باوکم دەستی بەسەری هەردووکماندا هێنا. کە دایکیشم گەیشتێ بەخێرهاتنەوەی پێگوت و جانتا و بوخچەکەی لێ وەرگرت و لێی پرسی:

-«بۆ ئاوا بێ هەواڵ؟»

-«دەیجا چ بکەم؟ دەرگای حەوشەکە کرابۆوە و منیش خۆم کرد بەژووریدا».

-«ئەی بۆ وەڵامی نامەکەی دواییت نەدایەوە؟ داوای پارەمان کردبوو».

-«دەی ئەوا ئێستا خۆم هاتوومەوە».

باوکم دەستێکی چاکەت و پانتۆڵی چوارخانەی نیمداشت بۆ هێنابووم. ئێستا چەند رۆژە لەبەری دەکەم. پڕ بەبەرمە. تەنیا تۆزێ کوڵکەی هەڵداوە و پەڵەیەک جەوهەری شینیش رژاوە بەژێر گیرفانی سەر سینگەکەیدا. بەڵام قەیناکا، زۆر لەچاو نادات، چونکە جلەکەن خۆشیان رەنگەکەیان شینە. ئەمڕۆ لەبەرمکردبوو و زۆربەی منداڵانی گوندەکەمان ئێرەییان پێ دەبردم. کراسێکی سەوز و سوور و جووتێک پاتاوەی کوڵکنیشی بۆ خوشکم هێناوە. کراسێک و چارشێونوێژێکیشی بۆ دایکم کڕیوە.

باوکم قەرزەکەی رەجۆی بەقاڵی بژارد و دای بە دایکم، پاشان قەرزەکانی تر... پاشماوەی پارەکەی کە بۆی مابۆوە بژادی و گوتی:

- «هەتا ئەو دوو قرۆشەش گەسکی لێ نەدراوە، دەبێ هێندێک کەلوپەل بکڕم و لەو گۆڕەپانەی ئاوایی داینێم، بەڵکو خودا رزقێکمان بۆ بنێرێت و بتوانم خەرجی ئەم زستانەمان دابین بکەم».

رۆژی دوایی باوکم خوانچەیەک و کورسیلەیەکی جێبەجی کرد. چەندبەستە گۆرەی و ژێرکراسی کڕی و بڕێکیش نوقڵ و بنێشت و شەگەڵات و... لە سووچێکی گۆڕەپانەکەی ئاوایی داینا. چەند رۆژ بوو ئەوە کاری بوو، بەڵام شەوانە دەیگوت کە بازاڕێکی ئەوتۆی نییە. بە قسەکانیدا دیاربوو کە حەزی لەو کارە نییە. هەر شەوی رابردوو بوو نێوچاوانی تێکنا و گوتی:

-«ئاخەر راوەستانی زلحۆرتێکی وەکوو من بەلای ئەو دوو دەنکە کەلوپەلەوە کارێکی قۆڕ و پێکەنینی نییە؟»

بەڵام ئەمڕۆ، لای نیوەڕۆ لەبن دیواری بینایەکی دوو نهۆمی تەنیشت گۆڕەپانەکە بەلای کەلوپەلەکانییەوە راوەستابوو، گۆزە ئاوێکی کە بووبووە سەهۆڵ و لەبەر پەنجێرەکە دایان نابوو بتوێتەوە، کردبوویەوە و تلار بووبۆوە

و لەو سەرەوە کەوتبوو بەسەری باوکمدا. سەری شکابوو و خوێن لە جێ برینەکەیەوە هەڵقوڵیبوو.

هەوای ژوورەکە ساردە. باوکم ئیتر ناناڵێنێت. دایکم لێفەی سەرکورسییەکەی هەڵداوەتەوە و بە مقاش سکڵی نێو مەنقەڵییەکە دەشێوێنێت. جامێ ڕۆن و دۆشاو کە بۆ باوکمی سازکردووە و لەگوێ مەنقەڵییەکە دایناوە لەژێر کورسییەکە دێنێتە دەرێ و لێفەکە دادەداتەوە. بۆ لای باوکم وەردەسووڕێ و بە کەوچک ڕۆن و دۆشاوەکەی بەدەمەوە دەکات. من بە چۆک و لەپی دەست دەڕۆم و بە گاگۆڵەکردن بەرەو لای دەخوشێم. باوکم چاوی هەڵێناوە. ڕۆن و دۆشاوەکە بەنەرمی بە گەروویدا دەڕواتە خوارێ و قووتی دەدا. سەری بۆلای من وەردەسووڕێنێت و دەستی دێنێتە پێشێ. بە هەردوو دەستم پەنجەی دەگرم، بە سینگمەوە دەیگوشم و فرمێسک وەک زنە لە چاوانم هەڵدەقوڵێت. ئاخر لە عەسرەوە هەتا ئێستا باوکم چاوی هەڵنەهێناوە. لای ئێوارەش بە چپەوسرتەی جیرانەکاندا شتێکم بۆ دەرکەوتبوو. من و دایکم دەترساین مێشک و چاوی باوکم شڵەقابێت. ئێستا باوکم چاوی لە چاوم بڕیوە و ئەگەرچی خۆی چاوی فرمێسکی تێزاوە، کەچی بە دەنگێکی گڕ دەڵێت:

-«ترساوی کوڕم؟ بۆ دەگریی؟ خۆ من هێشتا زیندووم. ئاخەر پیاو خۆناگرێت. ئیتر تۆ پیاوێکی گەورەی دوازدە ساڵانەی وانییە؟»

بە بیستنی قسەکانی دڵم ئۆقرە دەگرێت. فرمێسکی چاوم بە لێشاو دێتە خوارێ. پەنجەی دەستە قەڵەشیوەکەی کە بە سینگمەوە گوشیومە، هەڵیدەهێنم و لێوە بە فرمێسک خووساوەکانم بە قامکە گەرم و یاودارەکەیەوە دەنووسێنم. دایکم چەند کەوچکی تر لەو ڕۆن و دۆشاوە دەکاتە دەمی باوکمەوە و ئەویش بە ئارامی قووتی دەدا. چاوی بۆ لای پەنجێرەکە دەگێڕێت و بە دەنگە گڕەکەی لەژێر لێویەوە دەڵێت:

-«چ تاریکەشەوێکە، شەوەزەنگە. ئەی ئەوا کچەکەم لە کوێیە؟ حەتمەن ئەویش زۆر ترساوە، ها؟»

دایکم جامی دۆشاوەکە لەسەر کورسییەکە دادەنێت و دەڵێت:

-«لەو بەری کورسییەکەوە خەوتووە. فەقیرە زۆر دڵتەنگ بوو».

باوکم چاو لە رووخساری خەمباری دایکم دەکات و دەڵێت:

-«ئەی تۆ ژنەکە؟ حەتمەن تۆش... ئەو چارەنووسەمانت دیوە؟ بۆ پارووەیەکی نان لە شاری لەنێو ئاوری دۆزەخدا دەسووتێین، لە گوندیش زستانی خودا کاسەسەرمان هەڵدەتەکێنێت».

باوکم تاوێک بێدەنگ دەبێت و پاشان داوای ئاو دەکات. دایکم پەرداخی ئاو لەسەر کورسییەکە هەڵدەگرێت و چەند کەوچک ئاو دەکاتە دەمییەوە. گوێزەی دەرپەڕیوی بەر ملی سەروخوار دەکات و ئاوەکە قووت دەدات. تۆزێ خۆی ئەمبارەبار دەکات و دەناڵێنێت. چاوانی دەقووچێنێت و دیسان بە ئارامی دەکەوێتە قسەکردن:

-«ئەگەر بتوانم هەتا کۆتایی زستان دەوام بێنم، لێرە دەڕۆین. بە یەکجاری ئێرە بەجێ دەهێڵین... ئاخەر ئێمەی رەشایی لەم گوندانە دەتوانین چ قوڕێک بەسەری خۆماندا بکەین. نە زەوی و زارێکمان هەیە نە ئاوێک. سەپانی و رەنجبەریش لەسەر مووچەی خەڵکی چوار رۆژ هەیە چوار رۆژ نییە. دیسان ئەوێمان باشترە، لانیکەم لەنێو ئەو کوورەی ئاگرەدا دەکرێت پیاو بژیوی رۆژانەی خۆی دابین بکات. تەنانەت ئەگەر بە نرخی گیانیشمان تەواو بێت...».

رەنگە شەو لە نیوەی تێپەڕیبێت. باوکم ماوەیەکە خەوی لێکەوتووە. هێندێ جار بە دەم خەوەوە دەناڵێنێت و هێندێ جاریش قسە دەکات و دەڕاوێنێ. دایکم سەری لەسەر پاڵوویەکی کورسییەکە داناوە و بە دانیشتنەوە خەوی لێکەوتووە. دەنگی خوشکە چکۆڵەکەم دەبیستم کە خۆی ئەمدیوەودیو دەکات و هەناسە هەڵدەکێشێت. رەنگە خەون ببینێت. دەستی گەرمی باوکم هەروا بە دەستمەوەیە. شەوگار چەند درێژە. لەم شەوە درێژەدا، فکر و خەیاڵی جۆراوجۆر لە مێشکمدا وەک هەنگ گیزەیان دێ و هەڵدەخولێن. زستان، سەری شکاوی باوکم، سەفەر، دەربەدەری، بێکاریی، وانە و قوتابخانە. خەوم لێ زڕاوە. پەنجەی دەستی باوکم دەنێمە سەر چۆکم و چاو لە پەنجێرەکە دەبڕم. کازیوەی بەیانی لە شووشەی پەنجێرەکەوە دیارە و دەنگی سارد و سڕی کەڵەشێرێک لە دوورەوە دەگاتە گوێ.

**پەراوێز:**

-کەر پووچ دەرهێن. بەو کرێکارانە دەڵێن کە لە کوورەخانە کاردەکەن و کەرپووچی گەرم و سوورەوە بوو لەنێو کڵی کوورەکە بە دەستی رووتی دەردەهێنن و باری دەکەن.

-رەجۆ: رەجەب عەلی.

**سەرچاوە:**

- «گلبوتە» داستانهای کوتاە از نویسندگان امروز، گردیٚورندە: مستەفا فعلەگری. نشر خنیا، چاپ اول، زمستان ١٣٦٩,

# هونەر

# هونەر


چریکەی زیندوو، محەمەدی مامڵێ — **جەلال هانیشی**

دیدار لەگەڵ هونەرمەند قادر جەلال — **سازدانی: شەنکار عەبدوڵڵا**

ئینگمار بێرگمەن و کۆتایی چاخێکی سینەمایی — **و: ئازاد بەهین**

دیدار لەگەڵ فیدریکۆ فللینی — **و: هێمن مەحمود حەسەن**

# چریکەی زیندوو



# محەمەدی مامڵێ[٧]

**جەلال هانیسی**

مەڵبەندی موکریان وەک هەموو ناوچەکانی تری کوردستان لە بواری هونەری گۆرانی و مەقامدا تایبەتمەندی خۆی هەیە، دابونەریت و فەرهەنگ و فولکلۆری کوردی لەلایەن کەسانی نیشتمانپەروەرەوە بەوپەڕی دڵسۆزییەوە پارێزراوەو خزمەت کراوە.

بە تایبەتی شاری "مهاباد" کە هەمیشە لانکی هونەر بووە، لە بواری هونەری چڕیندا گرنگی خۆی هەیە، لەلایەن دەنگبێژانەوە پەرەی پێدراوە، تەنانەت لە بواری ئەدەبیشدا سامانێکی بەنرخیان لە شیعر و پەندی پێشینان و چیرۆک و هتد... بۆ خولقاندووین و خزمەتێکی بەرچاویان بە زمانی کوردی کردووە.

گەلێک دەنگخۆش و گۆرانیبێژی هەڵکەوتەی لێ هەڵکەوتووە کە زۆرێک لە بەیت و حەیران و مەقام و کورتە مەقام و قەتاریان سنگ بە سنگ پاراستووە و گەیاندوویانەتە نەوەی دوای خۆیان و تا گەیشتووەتە چاخی دەنگ تۆمارکردن،

کە لەو کاتەشدا دیسان لە بەر بێ پشتیوانی کەسانێکی تر بۆیان نەلواوە دەنگیان تۆماربکرێت و ئەرشیفێک بۆ نەوەکانی تر بەجێبێڵن.

وەک سەعیدی ماملێ، عەبدوڵلا رەش و کەوێ جوو و گەلێک دەنگخۆشی تر کە لە سەردەمی سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی هونەرمەندی بە ناوبانگی کورد (١٨٨٢-١٩٣٧) بوون، کە بەداخەوە لە دەنگی بەسۆزیان بێبەش بووین، بەڵام ئەو سامانە بەنرخەیان گەیشتووەتە دەست کەسانێکی تر کە خەمخۆری نیشتمان بوون، لە هەر دەرفەتێک بۆیان رەخسا بێت کەڵکیان وەرگرتووە، کە خۆشبەختانە کۆمەڵێک میلۆدییان بۆ زیندووکردووینەتەوە، گۆرانیبێژانی ئەو مەڵبەندە، وەک: حوسێنی قاقی، حوسێنی ماملێ، محەمەدی شارۆخی، عەزیزی شارۆخی و کاک محەمەدی ماملێ و... دەیان گۆرانیبێژی تر کە تایبەتمەندی ئەو هونەرمەندانە هەرکام ستایل و رێچکەی خۆیان هەیە هەم لە گۆرانیوتن و هەم لە مەقام یان قەتارچڕیندا.

قەتار، هەر لە دەورەی گاتاکانەوە باوی هەبووە، بەڵام بە شێوەی جۆراوجۆر ناوی دەبرێت.

لە گەرمیان ناوی یەکێکە لە مەقامەکان.

لەناو فارس بووەتە "غەزەل".

لەناو ئازەریەکان بووەتە "ماهان".

لەناو عەرەب بووەتە "مەقام".

لەناو تورکەکان بووەتە "ئوزون هەوا".

بۆ نموونە کاک محەمەدی ماملێ قەتاری کردووەتە ناسنامەی بەشێک لە هونەری بنەماڵەی ماملێ.

رەنگ زرەدی خەزان خەتای پاییزەن
رەنگ زەردییەکەی من دووری ئازیزەن
یان
خاکی کووچەی یارەکەم ئەکسیری ساغی و ژینمە
جوانی روخساری و نیگاهی هێزی ئەژنۆ و تینمە
یان
چەند شاران گەڕام چەند خاکە ساری
بووم بە شوانەکەی حەق نادیاری

محەمەد کوڕی سەعیدی ماملێ لە بنەماڵەیەکی دەنگخۆش و نیشتمانپەروەر

لە شاری مهاباد، لە ساڵی ١٩٢٥ی زایینی لە گەڕەکی ئەرمەنیان چاوی بە رووی ژینا هەڵێناوە.

هەر لە تەمەنی منداڵییەوە دەستی بە گۆرانیوتن کردووە وەک سوارچاکێکی ئەو مەیدانە بە دەنگە پڕسۆز و رەسەنەکەی، ئەو گۆرانی و قەتار و مەقامانەی کە فولکلۆر بوون و بڕێکیشی لە خانەقای شەمزینان بە شێوەی خانەقایی چڕدرابوون، زیندووی کردنەوە و خستنیە سەر خەرمانەی میوزیک و گۆرانی کوردی، بەرگ و خشڵێکی نوێی لەبەرکردن.

گەلێ میلۆدی گەلانی تری کردووەتە کوردی، وەک: فارسی، تورکی ئازەری (وڵاتی ئازەربایجان) و ئەرمەنی، کە بە شێوەیەک چڕیونی دەڵێی ئەم ئاوازانە لە بنەچەدا هەر کوردی بوون، کە بەڕاستی کورداندوونی و بوونەتە موڵکی کوردی.

کاک "محەمەدی ماملێ" دەنگێکی ساف و رەوانی هەیە کە شێوە و ستایلی لەگەڵ گۆرانیبێژانی تر جیاوازە و ئەو ستران و مەقامانەی کە چڕیونی، هەموو پێناسەی دەنگی خۆیەتی و بە باشی ئەدای کردوون، کە لەو شێوە وتنە جێگەی رەخنەی نەهێشتووەتەوە و هەرکام لەو مەقام و قەتارانەش بەپێی مەودای دەنگی زیل و بەمی بەکارهێناوە، کە بوونەتە سامانێکی پڕ بایەخ بۆ مێژووی گۆرانی و میوزیکی کوردی.

"ماملێ" گەلێک گۆرانی و مەقام و قەتاری لە شارەکانی تاران، سنە، کرماشان، تەوریز، ورمێ و مهاباد تۆمارکردووە، کە هەرکام دەکرێت بە شێوەی جیاواز لێکبدرێتەوە و هەڵسەنگێنرێت، کە بەداخەوە بەشێک لە میوزیکانەی بۆی ژەندراوە بە باشی نەیانتوانیوە وەڵامدەرەوەی دەنگی پڕ هەست و سۆزی "مامڵێ" بن، بەهۆی نەبوونی ستۆدیو و ئامێرە جۆربەجۆرەکانی میوزیک بەشێک لە بەرهەمەکانی بە شێوەی سادە تۆمارکراون، کە تەنیا دەنگە رەسەنەکەی بووەتە سامانێکی پڕبایەخ بۆ خەزێنەی پڕگەوهەری میلۆدی کوردی. بە وتەی کاک "چیای کوڕی" سەرجەم بەرهەمەکانی نزیک بە سێسەد و پەنجا ئاواز و مەقامە.

لە هەڵبژاردنی شیعردا لە هۆنراوەی شاعیرانی وەک: وەفایی، هێمن، هەژار، گۆران، هاشمی نانەوازادە و هەردی کەڵکی وەرگرتووە و هەروەها بۆ خۆشی بڕێک شیعری بۆ گۆرانییەکان داناوە و لە فولکلۆریش کەڵکی وەرگرتووە.

ئەم هونەرمەندە نیشتمانپەروەرە بە بۆنەی گۆرانیوتنەوە گەلێک جار لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی ئێرانەوە تووشی گرفت بووەتەوە و ئەشکەنجە و زیندانی کراوە، بەڵام "مامڵێ" وڵات خۆشەویست هیچ کات گوێی بەو تەنگ و

چەڵمەمانە نەداوە و لەسەر مافی ڕەوای خۆی سوور بووە، تەنانەت سروودی "ئەی ڕەقیبـی" وتووەتەوە! هەر ئەوە بووەتە ڕازی مانەوەی ناوبانگی.

محەمەدی مامڵێ هونەرمەند، دەنگخۆش، هەڵکەوتە و نیشتمانپەروەر پتر لە پەنجا ساڵ خزمەتی بە گۆرانی و میوزیکی کوردی کردووە، لە کۆتایی تەمەنیدا بۆ ماوەی پێنج ساڵ تووشی نەخۆشی ببوو، کە بە هەزار داخ و دەردەوە هەر بەو نەخۆشییەوە لە ڕێکەوتی ١٩٩٩\١\٢٣ لە تەمەنی ٧٣ ساڵیدا هونەری گۆرانی و مۆسیقای کوردی بەجێهێشت و ماڵاوایی لە نیشتمان و گەلەکەی کرد و بە قەتاری:

چەند شاران گەڕام چەند خاکە ساری
بووم بە شوانەکەی حەق نادیاری
لە گۆڕستانی بوداغ سوڵتانی شاری مهاباد بە خاک سپێردرا.

دیدار لەگەڵ هونەرمەند قادر جەلال




# لەبری درامای بیانی،
# باشترە خزمەتی درامای کوردی بکرێت

**سازدانی: شەنکار عەبدوڵڵا**

هونەرمەند، قادر جەلال، وەک خۆی باسی دەکات لە ساڵی ١٩٧٢ تێکەڵ بەکاری هونەریی بووە، لەوکاتەوە لە هونەری کوردی دانەبڕاوە، ئەو لە ڕۆڵەکانیدا زۆر سەرنجڕاکێشە، بەتایبەتی لە ڕۆڵە کۆمیدییەکانیدا، لەم دیدارەدا تیشک دەخاتە سەر ڕەوشی هونەری کوردی.

**چۆن و کەی هاتیتە بواری هونەرەوە؟**

هەر بە حەز و ئارەزووی خۆم بۆ یەکەمجار کە هاتمە سەرشانۆ، لە ئاهەنگی قوتابخانە بوو، لە ڕۆژی ١٩٧٢/٢/١٨، بەشداربووم لە شانۆگەرییەک، بەناوی (پەشیمانی). ئەوکات لە پۆلی سێی ناوەندیی بووم و ئاهەنگەکەش هەر لە هۆڵی

تاقیکردنەوەکان بوو، پاشان چوومە شانۆی سەلاحەدین، دوای ماوەیەکی کەم بەهۆی هاوڕێم و هونەرمەندی گەورە (کامەران ڕەئوف)ەوە، چومە تیپی پێشڕەوی شانۆی کوردی، هەر زوو بەشداربووم لە شاکاری (چەخماخە)، کە هەتا ئێستاش شاکارێکی زیندووی شانۆی کوردییە، ئیتر لەو کاتەوە بوومە سەربازێکی دڵسۆزی هونەری کوردی.

**هەست دەکەیت بەو تەمەنەی کە هەتە لە بواری هونەردا، چیت بەچی کردووە؟**

هونەرمەند کەسێکە خاوەنی هەستێکی ناسکە، پەیامەکەی زۆر پیرۆزە، چونکە لەخزمەتی کەلتووری نەتەوەکەیایەتی، بۆیە هەست دەکەم لەو بوارەدا تەنها بەردێکم لە بنیادنانیماڵی هونەرییدا هەبێت، جێی شانازیمە، من هەرچیم بۆ هونەر کردبێت لەچاوی بینەرە خۆشەویستەکاندا دەیبینمەوە، لەو خۆشەویستییەی کە لایان دروستم کردووە، بەگەنجینەی دنیای ناگۆڕمەوە.

**ڕەوشی هونەری کوردی لەئێستادا لە چ حاڵێکدایە، چ دراما، شانۆ و سینەما؟**

چالاکی بەرچاو دەبینم لە هونەرمەندانی ئێستادا، زۆر پێی دڵخۆشم، بەتایبەت گەنجەکانمان لە کوڕ و کچ، بەگەرمییەوە دەستیان داوەتە کاری هونەریی لە هەموو بوارەکاندا، بەتایبەتی ئەو ڤێستیڤاڵانەی شار و شارۆچکەکان کە بۆ شانۆ و سینەما ساز دەکرێت. ئەگەر بەو شێوەیە بڕوات لە دە ساڵی داهاتوودا درامای کوردی شاشەی کەناڵەکانمان داگیر دەکات، جێگای دەستخۆشییە و هیودارم بەو ڕۆحییەتەوە بەردەوام بن، حکومەت و وەزارەتی ڕۆشنبیری و کەناڵە ئاسمانییەکانیش پشتگیرییان بن.

**هونەرمەندانی کورد هەتا ئێستا ناتوانن بە کارەکانیان بژین، ئەمە چ زیانێکی بۆ هونەر و بۆ هونەرمەند هەیە؟**

ئەم دیوەی لای ئێمەی هونەرمەند بە هونەرەکەی بژی زۆر کەمن، چونکە ئێمە هێشتا نەگەیشتووینەتە ئەو ئاستە هونەرمەند بەکاری هونەری بژێویی ژیانی پەیدا بکات. ئەوەی ئەمڕۆ هونەرمەندی کورد دەیکات بۆ خزمەتی هونەری کوردییە لەسەر هیلاکی و ماندووبوونی جەستەی خۆی دەکەوێت، چونکە زۆربەمان پاش کاری فەرمی خۆمان لەسەر ماندوویێتی خۆمان کاری هونەریی دەکەین، لەبەرئەوەی زۆربەمان هونەر تێکەڵ بە ڕۆح و خوێنمان بووە ناتوانین دەستبەرداری بین، خۆزگە کۆمەڵگای ئێمەش بگەیشتایەتە ئەو ئاستەی هونەرمەند تەنها خەریکی

کاری هونەری بێت، ئەوکاتە هونەری کوردی زۆر زیاتر بەرەوپێشەوە دەڕۆیشت، کاری زۆر جوان و ناوازەمان دەکرد لە هەموو بوارەکاندا.

**لەئێستادا زۆربەی هورنەمەندان پشتیان کردووەتە شانۆ و روویان لە دراما کردووە، هۆکاری ئەمە چییە؟**

دراما ئەگەر برەوی پێ بدرێت، دەرگایەکی گەورەیە بۆ ناساندنی کورد بە دنیای دەرەوە، رەنگە زیاتر بوار بۆ هونەرمەندان پەیدا ببێت کە لە رێگەی دراماوە خۆیان بە بینەر بناسێنن و خزمەتی زیاتر بکەن، بەتایبەتی لەئێستادا لە رێی کەناڵە ئاسمانییەکانەوە دنیا دەیبینێت، خۆزگە کارئاسانی زیاتری بۆ بکرایە، نووسەری دەقی درامی بەهەماهەنگی دەستی بدایەتە بابەت و نووسینی زیاتر بۆ درامای کوردی، بڕواناکەم هونەرمەندان پشتیان لە شانۆ کردبێت، چونکە هەموویان لەسەر تەختەی پیرۆزی شانۆ دەبنە هونەرمەندی کارا، بەڵام کەمیی دەقی شانۆیی و هۆڵی شانۆی بە بەربەستی یەکەم دەزانم، بۆ کەمبوونەوەی کاری شانۆیی.

**دراما گرنگترە بەلای تۆوە یان شانۆ، بۆچی؟**

شانۆ گەورەترین و پیرۆزترین لانەی فێربوونی هونەری نواندنە، دراماش پێناسەی گەورەی هەر میللەتێکە، بۆیە هەردووکیانم لەلا پیرۆز و گەورە و ئازیزە.

**ساڵانە فێستیڤاڵی فیلمی کوردی ساز دەکرێت، ئەمە چ کاریگەرییەکی لەسەر بەرەوپێشچوونی فیلم هەیە؟**

زۆرم پێ باشە هەبوونی ئەم جۆرە فێستیڤاڵانە، چونکە دەبێتە پاڵنەرێکی باش بۆ بەرەوپێشبردنی کاری فیلم، لێرەوە دەستخۆشی لەو هونەرمەند و دەرهێنەرانە دەکەم، چاوەڕوانی کاری زیاتر و زیاتریان لێدەکەم بۆ ئەم جۆرە فێستیڤاڵانە، بەڕاستی کە فیلمێکی کوردی دەبینم و نووسەر و دەرهێنەر و ئەکتەرەکانی هەموویان گەنجن، تەزووی شانازیی بە گیانمدا دێت، هەست دەکەم کوردیش خاوەنی سینەمای خۆیەتی، ئەگەر لە سەرەتاشدا بێت دڵم هەر پێی خۆشە، ترووسکەی هیوای لێوە دەبینم.

**بەم دواییانە بەشداریت لە درامای (خانەکەی حاجی ئاغا)دا کرد، تا چەند لە ڕۆڵەکەت رازی بوویت، کاردانەوەی بینەر بەرامبەر بە دراماکە چۆن بوو؟**

درامای (خانەکەی حاجی ئاغا) تایبەتمەندییەکی خۆی هەبوو، زیاتر گوزارشتی

لە مێژووی شاری سلێمانی و زۆربەی ڕووداوەکانی گێڕانەوە بوو، جگە لەوە ئیقاعی خاو بوو، ئەوەش بۆ بینەر جێی سەرنج نییە، بەتایبەتی نەوەی ئێستا، بەڵام ئەویش بینەری خۆی هەبوو، سەبارەت بە ڕۆڵەکەی من، کە دەوری (باش چاوەشم) دەبینی، بە وتەی زۆربەی هاوڕێ و هونەرمەندان سەرکەوتووانە بەرجەستەم کردووە، ئەمەش بەهۆی ئەوەبوو کە کەمێک ڕاستگۆیانە مامەڵەم لەگەڵ کەسایەتییەکەمدا کردووە، ئەگەر هەندێ کەموکوڕیش هەبووبێت، پەیامی خۆی گەیاندووە.

**تێڕوانینت لەسەر دراما بیانییەکان چییە، کە زۆربەی تەلەفزیۆنەکانی کوردستانی داگیرکردووە؟**

لەبەر کەمیی درامای کوردی خۆماڵی، کەناڵەکان پەنایان بردووەتە بەر دۆبلاژکردن و پەخشکردنی درامای بیانی، بەڵام بەو شێوەش نا بەجارێ چەند کەناڵی ئاسمانیی داگیر بکات، لە سێ کەناڵ درامای کۆری، هەمووشیان شەڕە تیر و شیرە، وای لە منداڵان کردووە هەموویان پەنا بۆ کڕینی شیر و تیر ببەن و بەمەش نرخەکەی لە بازاڕدا بەرزبووەتەوە، لەبەرئەوەی منداڵان سەریان تێکردووە و لاسایی شەڕەکانی پێ دەکەنەوە، هەندێجاریش منداڵ زیانی پێ دەگات لەو شەڕانەدا، من هیچ چێژێک لەو درامایانە نابینم، واباشتر پشتگیری درامای کوردی بکەن.

**تاچەند سوودمەند بوویت لە حکومەت و وەزارەتی ڕۆشنبیری؟**

هەرچیم بۆ خزمەتی هونەری میللەتەکەم کردبێت بە ئەرکی سەرشانی خۆمم زانیوە، چاوەڕێی هیچ پاداشتێک نەبووم، تەنها خۆشەویستی و ڕێزی جەماوەرە ئازیزەکەم نەبێت، هەرچەندە بڵێم ڕەنگە تەنها کەسێک بم لەوانەی لە تەمەنی مندا کە هیچ سوودمەند نەبووبم نە لە پاداشت و نە لە زەوی، لەلایەن حکومەت و وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە.

**دوایین کار و پرۆژەت چییە؟**

دوایین کارم دوو درامایە، یەکەمیان بە ناوی (دووپشک) لە سیناریۆ و دەرهێنانی (میهران سشیری)ە، ئێستا خەریکی مۆنتاجکردنە، دووەمیشیان درامای (سایە)، سیناریۆی مامۆستا (کاوە ئەحمەد میرزا)یە، دەرهێنانی هونەرمەند (مەریوان ئیبراهیم)ە.

# ئینگمار بێرگمەن و
# کۆتایی چاخێکی سینەمایی




**و. لە فارسییەوە: ئازاد بەهین**

پێنج ساڵ لە مەرگی ئینگمار بێرگمەن تێپەڕی. سینەماکارێک کە ناوی لەگەڵ سینەمای هونەری، رۆشنبیرانە و فەلسەفیی ئەوروپا گرێدراوە و زۆرێک بە لوتکەکانی سینەمای مۆدێرینی جیهان لە قەڵەمی دەدەن. سینەماکاری بیرمەند و خاوەن شێوازێک کە لە بەرهەمەکانیدا، کۆمەڵێک پرسی گرنگی سەبارەت بە ژیان، مەرگ، باوەڕ بە خودا و کوفری بە زمانی شاعیرانە هێناوەتە ئاراوە.

ئینگمار بێرگمەن، هیچ کات ترسی لە هێنانە ئارای پرسی ئاڵۆزی فەلسەفی و بوونناسانە لە فیلمەکانیدا نەبووە و کەڵکەڵەکانی زەینی، بێ ترس و دلێرانە خستووەتەڕوو. ئەو سەرمەشقی زۆرێک لە فیلمسازانی ناوداری جیهان لەوانە ودی ئالێن، پۆل شرایدێر، کریستۆف کیشلۆفسکی، ئاندرە تارکۆفسکی و زۆرێکی تر بوو. ودی ئالێن، بێرگمەنی بە گەورەترین فیلمسازی هونەرمەندی جیهان لە دوای داهێنانی کامێرای وێنەهەڵگرتن ناو لێبردووە و سەبارەت بەو وتی: "بێرگمەن بەدڵنیاییەوە یەکێک لە باشترین ئەو فیلمسازانە بووە بە هەموو تەمەنم ناسیومە".

کێن راسێل، فیلمسازی هەڵکەوتووی بەریتانیاش بێرگمەنی بە سویدییەکی خەمناک و سینەماکارێکی گەورە ناو لێبرد و بیل ئاگۆست، فیلمسازی لێهاتووی

دانمارکی، ئەوی بە نەوەی فیلمسازانی گەورەی وەکو ئاکیرا کۆرۆساوا و فیلینی ناو لێبرد و وتی کە "بێرگمەن بۆشاییەکی گەورەی لە دوای خۆی جێ نەهێشت".

## بێرگمەن و توێژینەوە سینەماییەکان

ئەگەر خاڵی وەرچەرخانی سینەمای هونەریی ئەوروپا بە دەیەی شەست بزانین، فیلمەکانی بێرگمەن لەو وەرچەرخانە هونەرییە و دروستکردنی روانگەی نوێ لە سینەمای مۆدێرنی ئەوروپا و جیهان، رۆڵێکی گرینگیان هەیە. وەک فیلیپ کەمپ دەڵێت، ئەو یەکەمین فیلمسازێکە کە دەتوانێت لافی ئەوە لێبدات کە وەک ئامرازێک بۆ تێڕامانی فەلسەفی کەڵکی لە سینەما وەرگرتووە و تائێستاش جێگرەوەیەکی نەبووە. بێرگمەن بە فیلمەکانی سەلماندی کە سینەما، هونەرێکی سەربەخۆ و پشت بەخۆ بەستووە و لە ئەدەبیات، یان شانۆ کەمتر نییە.

بێرگمەن لە ماوەی شەش ساڵ چالاکیی سینەمایی خۆیدا ٥٤ فیلمی دروستکرد و لە دەیەی پەنجاوە تا هەشتا، بەرهەمەکانی لە سەرووی کولتووری جیهانی و توێژینەوە ئەکادیمیکییە سینەماییەکاندا بوون. لە دوای کردنەوە و دامەزراندنی بەشی توێژینەوەکانی فیلم لە زانکۆکان لە کۆتایی دەیەی شەشت، بەرهەمەکانی بێرگمەن گرنگییەکی تایبەتی بەدەستهێنا. سەرکەوتنی جیهانیی بێرگمەن، رێگەی بۆ زۆرێک لە بیرۆکە و روانگە مۆدێرنەکان لە سینەمای جیهاندا خۆشکرد. بە ناوبانگ بەدەستهێنانی جیهانی فیلمی "مۆری حەوتەم" بێرگمەن لە فەرەنسا زیاتر لە وڵاتەکەی سەرنجی پێدرا و رەخنەگران و فیلمسازانێکی وەکو ئاندرە بازەن، گۆدار و ئەریک رۆمێر دەستیان کرد بە ستایشکردنی. لە روانگەی ئەوانەوە، بێرگمەن نووسەرێکە کە وەک قەڵەم کەڵک لە کامێراکەی وەردەگرێت و کۆنترۆڵێکی هەمە لایەنەی بەسەر فیلمەکانیدا هەبوو.

ئیشتوان ژابۆ، فیلمسازی گەورەی مەجار سەبارەت بەو وتوویەتی: فیلمەکانی بێرگمەن بۆ بینەران وەک رۆمانەکانی رۆماننووسێکی گەورە و شیعرەکانی شاعیرێکی گەورە، یان بەرهەمەکانی دراما نووسێکی گەورەیە.

بەڵام بێرگمەن لە وڵاتەکەی خۆیدا کەوتبووە بەر هێرشی توندی رەخنەگرانی چەپ کە لایەنە رەشبینی و نێهیلیستییەکانی بەرهەمەکانی بێرگمەنیان مەحکووم دەکرد، بەڵام بێرگمەن لە وەڵامدانەوە بەوان هیچ شتێکی نەدەوت و بێدەنگی هەڵدەبژارد. سەرەڕای ئەوە، جارێک وتبووی کتێبێکی رەشی هەیە کە ناوی هەموو ئەو کەسانەی خۆشیان لێی نایەت، تێیدا تۆمارکردووە و بەردەوام جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە هونەرمەندان دەبێت خۆیان لەو کەسانە بە

دوور بگرن کە سەبارەت بە کار و ئیشەکانی ئەوان دەنووسن. هەر لەم بوارەدا دەڵێت:

"هەرچی دەیکەی بیکە، بەڵام هیچ کات وەڵامی رەخنەگرێک مەدەوە".

سەیرکردنی بەرهەمەکانی بێرگمەن کۆمەڵێک ئەزموونی بێ وێنە و دەگمەنن. سەرەڕای ئەوەیکە زۆرێک لە رەخنەگران، بەرهەمەکانی ئەو بە تاقەت پڕووکێن و بێزارکەر دەزانن، بەڵام حاشا لە بەها هونەری و سینەماییەکانی ئەو ناکەن. "بێدەنگی"، تیشکی زستانی"، "هەر وەک لە ئاوێنەیەکدا" و "هاوارەکان و چرپەکان"، پڕن لە کەسایەتی خەمۆک و دڵتەنگ و سەیرکردنیان مرۆڤ سارد سارد دەکاتەوە. بێرگمەن بۆ خۆشی لە تەلەفزیۆنی سوید دەرکەوت و دانی بەوەدا نا.

## ئەزموونە تاڵەکانی منداڵی

هەندێک لە گرنگترین بەرهەمەکانی بێرگمەن وەکو "فانی و ئەلکساندەر" لەڕاستیدا ئۆتۆبیۆگرافیی ئەو فیلمسازەن و لە ژیان و ئەزموونەکانی سەردەمی منداڵی ئەو سەرچاوەیان گرتووە. بە وتەی پۆل شرایدەر، بێرگمەن لەوانەیە کەزیاتر لە هەر کەسێکی تر هەوڵیدا سینەما بکاتە میدیایەکی تاکەکەسی بە بەها دەروونییەکان... بێرگمەن نیشانی دا کە فیلمەکان دەتوانن سەبارەت بە پرسی دەروونی و تایبەتیی فیلمساز دروووست بکرێن و بخرێنە بەر دیدەی خەڵک.

بێرگمەن بۆ خۆی لەم بوارەدا دەڵێت: "فیلمەکانم بەردەوام بەشێک لە بیرکردنەوەکان، هەستەکان، ناکۆکییەکان، خەونەکان و ئاواتەکانی من بوون. هەندێکجار لە دڵی رابردووەوە هاتوون و هەندێک جاریش لە ژیانی ئێستای من سەرچاوەیان گرتووە".

بێرگمەن سەردەمی منداڵێتییەکی دژوار و ناخۆشی هەبووە و لە کتێبی "فانووسی سیحر"دا کە لەڕاستیدا ئۆتۆبیۆگرافی ئەوە، بە دڵتەنگی و ئازارەوە باسی لەو سەردەمە کردووە. باوکی قەشەیەکی لۆتێری و پیاوێکی زۆر جیدی بە رۆحییەکی سەرەڕۆییانە بوو. ئەو سیستمە وشکەی کە لەماڵەوە لەلایەن باوکییەوە زاڵ بوو، بێرگمەنی لە باوکی و لە ماڵەوە بێزار کرد و وای لێکرد نەتوانێت وەها دۆخێکی پێ قبووڵ بکرێت. لە جێیەکدا وتوویەتی کە توانیویەتی بە پەنابردنە بەر فانتێزی و خەیاڵ، خۆی لەگەڵ دۆخی سەرەڕۆیی ماڵەکەی بگونجێنێت، بەڵام لە لایەکی دیکەوە، هەڵاتن بۆ جیهانی فانتێزی، ئەوەندە لە دونیای راستەقینە دووری خستەوە کە ساڵانێکی زۆری خایاند تا دووبارە بگەڕێتەوە ئەو دونیایە، بەڵام شانۆ و سینەما هۆکاری رزگاریی بێرگمەن بوو

لەو ژینگە باوکسالار و سەرکوتگەرە. ئەو ژینگە سەرکوتگەرە لە هەندێک لە فیلمەکانیشدا رەنگی داوەتەوە. بێرگمەن لە "فانۆسی سیحر"دا باسی ئەوە دەکات کە چۆن کاتێک کە خۆی لە پێخەفدا تەڕ کرد، سجنیان کرد و دامەنی کچانەیان لەبەرکرد.

### ژنانی فیلمەکانی بێرگمەن

بێرگمەن هەر لە منداڵییەوە عاشقی ژنان بوو. ئەو پێنج جار ژیانی هاوسەرگیریی پێکهێنا، سەرەڕای ئەوە، بەپێی دانپێدانانی خۆی، لە ژیانی خێزانیدا، پیاوێکی سەرکەوتوو نەبوو و گرنگی زیاتر بە کارەکەی دەدا تا بە خێزانەکەی: "من پێنج جار ژیانی هاوسەرگیریم پێکهێناوە و حاشا لەوەش ناکەم. دان بەوەدا دەنێم کە لە بواری خێزانییەوە زۆر تەنبەڵ بووم و کاتێکم بۆ خێزانەکەم تەرخان نەدەکرد".

بە وتەی جێفری مەک نەب، ئەو باس لە رۆژێک دەکات کە عاشقی کچێکی رۆژنامەنووس بە ناوی "گان هاگ بێرگ" بوو و بەپەلە چووەماڵەوە و بە ژنەکەی کە لە دیتنی ئەو و لە هاتنی لە ناکاوی بۆ ماڵەوە زۆر خۆشحاڵ و دڵخۆش بوو، وتی کە دەیەوێت جێی بێڵێت و جێی هێشت و رۆیشت. بۆ خۆی لەم بوارەدا دەڵێت: "ئێستاش کە ئەو دیمەنەم دێتەوە بیر، هەستێکی ناخۆش دامدەگرێت. ئەوەی کە چۆن توانیم ئەوەندە زاڵم بم... و بووم".

بێرگمەن ئەو دیمەنەی لە بەشێک لە فیلمی "کۆمەڵێک دیمەن لە هاوسەرگیرییەک" بە رۆڵگێرانی ئۆرلاند یوزفسۆن و لیوا ئۆلمەن، وەک خۆی دروستکردەوە.

ژنانی فیلمەکانی بێرگمەن، لە بواری رۆحی و تەندرووستییەوە زۆر لە ئازاردان. ژنانێکی تەنیا کە تووشی نەخۆشی قورس بوون و هێزی پەیوەندی گرتنیان لەگەڵ کەسانی تر لەدەست داوە. "پێرسۆنا"، "کۆمەڵێک دیمەن لە هاوسەرگیرییەک"، "بێدەنگی"، "سۆناتای پاییزی" و "سەفەر بۆ پاییز" (خەونەکان)، کۆمەڵێک درامای دەروونشیکارانە و بەهێزن سەبارەت بە قەیرانەکانی ژیانی هاوبەش. بابەتێک کە لە فیلمەکانی ئەودا واتە "فانی و ئەلکساندەر" و "سارا باند"یش رەنگی داوەتەوە.

گومان و دوو دڵی لە بوونی خوداش یەکێکی دیکە لە بابەتە سەرەکییەکانی فیلمەکانی بێرگمەنە. تریلۆژی بێرگمەن سەبارەت بە بێدەنگی خودا کە بە تریلۆژی باوەڕیش ناسراون، گرنگترین فیلمەکانی بێرگمەنە لەم بوارەدا.

ترس و نیگەرانی لە جیهانی بێ خودا، بەردەوام هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ

بێرگمەن بووە. ئەو دەیوت: "ئەگەر خودایەک هەیە، بۆچی لە بەرامبەر ئازار و ناخۆشییەکانی مرۆڤدا مات و بێدەنگە. بۆچی پشتی لە مرۆڤ کردووە و خۆی پیشان نادات". ئەو لە وتوویژ لەگەڵ "نیرروود" دەڵێت کە لە ٨ ساڵییەوە باوەڕی بە خودا لەدەست داوە، سەرەڕای ئەوە هیچ کات بە تەواوی حاشای لە بوونی خودا نەکردووە.

بە باوەڕی بۆرن دۆنێر، فیلمساز و نووسەری فەنلاندی، بێ باوەڕبوون بە خودا و بێ ئیمانی، کۆمەڵێک قەیرانی لە کۆمەڵگەی سیکۆلاری سویدا دروستکردووە کە فیلمەکانی بێرگمەن ڕەنگدانەوەی خودی ئەو قەیرانانەن. بە بۆچوونی ئەو، کۆمەڵگەی سوید تووشی قەیرانی مەعنەوی بووە و پێویستی بە مەعنەوییەتە. کۆمەڵگەی سیکۆلار کە خۆشگوزەرانی ماددی بۆ خەڵکەکەی بەدی هێنا، بەڵام نەیتوانی بۆشاییە مەعنەوییەکانیان پڕ بکاتەوە، یان بە وتەی بێرگمەن: "کاتێک هەموو کێشەکان چارەسەر دەکرێن، تازە کێشەی ¬تر دەست پێدەکات". هەربۆیە توخمی ئایینی فیلمەکانی بێرگمەن لەڕاستیدا وێنەی نەبوونی مەعنەویەتە، نەک باوەڕ.

ئەمڕۆکە ئیتر کەم کەس وەک ئینگمار بێرگمەن فیلم دروست دەکات. پەیڕەوانی سەرەکیی ئەو واتە تارکۆفسکی و کیشلۆفسکی، لەو ڕێچکەیە کشاونەتەوە. تەنانەت ودی ئالێنیش کە لافی ئەوەی لێدەدا درێژەپێدەری قوتابخانەی بێرگمەنە، لەدوای چەند ئەزموون بە شێوازی بەرهەمەکانی بێرگمەن، دووبارە گەڕاوەتەوە سەر شێوازە کۆمیدییەکانی جارانی خۆی.

### پرسیارە فەلسەفییەکانی بێرگمەن

تێگەیشتن لە چەمکی بوون، گەڕان بەدوای خودا و هیوا بە ڕزگاربوون لەوپەڕی لەناوچوون، ئازارەکان، بێ هیواییەکان و ترس لە مردن، ناواخنی سەرەکیی هەندێک لە گرنگترین فیلمەکانی بێرگمەنە لەوانە "مۆری حەوتەم"، "تیشکی زستانی"، "The Virgin Spring"، "سەعاتی بوولێڵ" و "فراولە کێوییەکان".

مەرگ کەڵکەڵەی سەرەکیی بێرگمەن بوو و بە وتەی جێفری مەک نەب، بەشێوەی جۆراجۆر لە هەموو فیلمەکانی ئەودا بوونی هەیە. بێرگمەن لە وتوویژێکدا لەگەڵ "ماری نیرروود"، دیکۆمێنتارێک کە فیلمێکی لەسەر بێرگمەن دروستکردووە، سەبارەت بە مەرگ ئاوەها دەڵێت: "هیچ ڕۆژێکم لە ژیاندا نەبووە کە بیرم لە مەرگ نەکردبێتەوە".

کتێبی "لەنتەری جادوو"ش پڕە لە دیمەنی مەرگ: مەرگی ئەو کەسانەی کە

خۆیان کوشتووە، یان بەهۆی پێکدادان مردوون. دروستکردنەوەی نیشانەکانی مەرگ لە هەیبەتی سەدەکانی ناوەڕاستیدا لە فیلمی "مۆری حەوتەم" بێ پێشینە، دڵتەزێن و زۆر دراماتیکە. ئەو لە وتوویژ لەگەڵ نیرروود سەبارەت بە دیمەنی یاریی شەترەنجی مەرگ و شوالییەکانی شەڕی خاچ پەرستان (شەڕە سەلیبییەکان) (ماکس فۆن سیدۆ) دەڵێت: من هەمیشە لە مەرگ و هەر شتێک کە پەیوەندی بە مەرگەوە بوو، دەترسام. ئەم دیمەنەم لە تابلۆکان و وێنە کێشراوەکاندا دیتبوو و لە غەزەلەکاندا بیستبووم. یاریی شەترەنجی مەرگ و شوالییە لە بنمیچی کڵێسەیەک لە ئۆپلەند کێشرابوویەوە.

گومان و دوودڵی لە بوونی خوداش یەکێکی دیکەیە لە بابەتە سەرەکییەکانی فیلمەکانی بێرگمەن. تریلۆژی بێرگمەن سەبارەت بە بێدەنگی خودا کە بە تریلۆژی باوەڕ (Faith Trilogy)یش ناسراون، گرنگترین فیلمەکانی بێرگمەنە لەم بوارەدا. ئەگەرچی ئەو بابەتە لە فیلمەکانی دیکەی ئەویشدا وەکو "مۆری حەوتەم"دا هەیە.

بێرگمەن لە فیلمەکانیدا لەوانە "مۆری حەوتەم" هیچ کات وەڵامێکی جیدی بەو پرسیارە کە ئاخۆ خودا بوونی هەیە، یان نا، ناداتەوە. "مۆری حەوتەم" وێکچوواندنێکی میتافیزیکییە لە ئەوروپای بەڵا لێدراوی سەردەمەکانی سەدەکانی ناوەڕاست. فیلمێک بە تۆنێکی تراژیک- کۆمیدیایی و ناواخنێکی شکسپیری کە لایەنی فرەدەنگیو جوانیناسییەکانی، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر رەخنەگرانی سینەما هەبوو. قارەمانی "مۆری حەوتەم" شوالییەکە (بە رۆڵگێڕانی ماکس فۆن سیدۆ)، کە لە شەڕی خاچ پەرستان (شەڕە سەلیبییەکان) گەڕاوەتەوە و باوەڕی سەبارەت بە بوونی خودایەک کە لە هەموو ژیانیدا لەبەر ئەو شەڕی کردووە، لەدەست داوە. ئەو دەپرسێت: "بۆچی خودا خۆی لە پشت هەورەکان شاردووەتەوە و موعجیزەکەی نیشان نادات؟ چۆن دەتوانین باوەڕدار بین لەکاتێکدا کە باوەڕمان لەدەست داوە؟ چیمان لێ بەسەر دێت کە دەمانەوێت باوەڕ بێنین، بەڵام ناتوانین؟ بۆچی من ناتوانم خودا لە خۆمدا بکوژم؟ بۆچی سەرەڕای ئەوەی کە هەوڵدەدەم ئەو لە دڵمدا بکوژم، بەشێوەیەکی سووکایەتی ئامێز لە مندا زیندووە؟ بۆچی ناتوانم لە دەستی رابکەم؟"

ترس و نیگەرانی لە جیهانی بێ خودا، بەردەوام هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ بێرگمەن بووە. ئەو دەیوت: "ئەگەر خودایەک هەیە، بۆچی لە بەرامبەر ئازار و ناخۆشییەکانی مرۆڤدا مات و بێدەنگە. بۆچی پشتی لە مرۆڤ کردووە و خۆی پیشان نادات". ئەو لە وتوویژ لەگەڵ "نیرروود" دەڵێت کە لە ٨ ساڵییەوە باوەڕی بە خودا لەدەست داوە، سەرەڕای ئەوە هیچ کات بە تەواوی حاشای لە بوونی

خودا نەکردووە. تەنانەت لە فیلمی "تیشکی زستانی"دا کە رەشبینانەترین و رەشترین فیلمی بێرگمەنە، هێشتا کورسووییەک بوونی هەیە کە دەکرێت هیوات پێی هەبێت و باوەڕی پێ بێنیت. تیشکێک کە لەگەڵ تیشکەکان نئۆن و رەنگامەی سینەمای هۆلیود زۆر جیاوازە. تیشکێک کە بێرگمەن هەمیشە لە دەوروبەری خۆی لە دوورگەی چۆڵ و دوورکەوتەی فارۆ کە ساڵانی کۆتایی تەمەنی لەوێ ژیاو هەر لەویش ماڵئاوایی لە ژیان کرد، بەدوایدا دەگەڕا.

بە باوەڕی بۆرن دۆنێر، فیلمساز و نووسەری فەنلاندی، بێ باوەڕبوون بە خودا و بێ ئیمانی، کۆمەڵێک قەیرانی لە کۆمەڵگەی سیکۆلاری سویدا دروستکردووە کە فیلمەکانی بێرگمەن رەنگدانەوەی خودی ئەو قەیرانانەن. بە بۆچوونی ئەو، کۆمەڵگەی سوید تووشی قەیرانی مەعنەوی بووە و پێویستی بە مەعنەوییەتە. کۆمەڵگەی سیکۆلار کە خۆشگوزەرانی ماددی بۆ خەڵکەکەی بەدی هێنا، بەڵام نەیتوانی بۆشاییە مەعنەوییەکانیان پڕ بکاتەوە، یان بە وتەی بێرگمەن: "کاتێک هەموو کێشەکان چارەسەر دەکرێن، تازە کێشەی ¬تر دەست پێدەکات". هەربۆیە توخمی ئایینی فیلمەکانی بێرگمەن لەڕاستیدا وێنەی نەبوونی مەعنەوێتییەکە، نەک باوەڕ.

ئەمڕۆکە ئیتر کەم کەس وەک ئینگمار بێرگمەن فیلم دروست دەکات. پەیڕەوانی سەرەکیی ئەو واتە تارکۆفسکی و کیشلۆفسکی، لەو رێچکەیە کشاونەتەوە. تەنانەت ودی ئالێنش کە لافی ئەوەی لێدەدا درێژەپێدەری قوتابخانەی بێرگمەنە، لەدوای چەند ئەزموون بە شێوازی بەرهەمەکانی بێرگمەن، دووبارە گەڕاوەتەوە سەر شێوازە کۆمیدییەکانی جارانی خۆی. پیتێر بێرد شاو، رەخنەگری رۆژنامەی گاردییەن وتەنی، بێرگمەن پێش مردنی لە ساڵی ٢٠٠٧، ساڵانێکی زۆر بوو کە لە مۆد کەوتبوو و لە چاخی فیلمە دیجیتاڵی و ریالیتییەکانی تی ڤی و میدیا پۆست مۆدێرنەکان تەواو تەنیا بوو.

مەرگی بێرگمەن و لەداوی ئەو مەرگی ئانتۆنیۆنی، لەڕاستیدا خاڵێکی کۆتایی بوو لەسەر جۆرێک سینەمای فەلسەفی و رۆشنبیرانە و کۆتایی چاخێکی سینەمایی بوو لە ئەوروپا.

**سەرچاوە:**

http://www.bbc.co.uk/persian/arts/2012120731/07/_144_bergman_ingmar_death.shtml




# فیدریکۆ فللینی:
# هەر فیلمێک سروتێکی تایبەتی خۆی هەیە

و. لە عەرەبییەوە: هێمن مەحمود حەسەن

ئەم دیدارە لە لایەن (جیدیۆن باکمان)ەوە ئەنجامدراوە و لە گۆڤاری (Film comment)ی ئەمریکیدا بڵاوکراوەتەوە، ئەم دیدارە وامان لێدەکات بە شێوەیەکی قوڵتر لە بزوێنەر و پاڵنەرەکانی داهێنانی یەکێک لە گرنگترین سینەماکارانی جیهان تێبگەین. ئەم دیدارە لە لایەن (امین صالح)ەوە وەرگێردراوەتە سەر زمانی عەرەبی.

**تۆ حەز دەکەیت چیرۆک بگێڕیتەوە.. ئەو چیرۆکانە لە کوێوە سەرچاوەیان گرتوە، چ شتێک سەرسامت دەکات؟**

ئەو چیرۆکانەی کە بیرەوەری و خەون و خەیاڵەکانم زیندوودەکەنەوە. لەدایکبوونێکی سروشتی و بێ بەرنامەیە. من هیچ شتێک دروست ناکەم. زنجیرەی ئیحایەکی زهنین، بیرکردنەوە لە شتگەلێک کە خوێندوومنەتەوە، لەگەڵ بە ئاگاهێنەرەوەکانی ساتەوەخت: وەکو رووخساری پیاوێک لە ویستگەیەک یا

بۆنێک یا دەنگێک... شتگەلێک کە ئەو خەیاڵ و کەس و حاڵەتانەی ناخم دەبزوێنن و لە شێوەیەکی دیاریکراودا خۆیان رێکدەخەن، بە مەرجێک ئازادی جوڵەیان پێببەخشم و تەنیا ئەوەندەم لەسەر بێت کە هاورێیەتیان بکەم و دوایان بکەوم.

**پاڵنەرەکانی گێڕانەوەیان یا گواستنەوەیان بۆ کەسێکی تر لە کوێوە دروست دەبن؟**

من ئەو پرسیارە لە خۆم ناکەم و بە گرنگیشی دانانێم. وابزانم من دەمێکە بڕیارمداوە کە چ کارێک بکەم و چ جۆرە ژیانێکم هەبێت و چ رێگایەک بگرمەبەر. من پلانی گەشتەکەم بۆ خۆم داناوەو لەوە تێگەیشتووم کە گێڕانەوەی چیرۆک چارەنووسی منە. نازانم بۆچی نەبوومە قەشەیەک یا لێبووکی سێرکێک. لە بیرمە زۆربەی هاورێکانم لە قوتابخانە دەیانزانی چییان دەوێت. یەکێکیان تەواو دڵنیابوو کە دەبێتە ئەمیرال، ئەوەبوو خەونەکەی بەدیهێنا. بیرەکانی ئەوان روون و وردبوو، دەیانزانی چۆن ژیانی خۆیان رێکبخەن، بەڵام من تەنیا ئەو شتەم دەزانی کە نایکەم. حەزم لەو کارانە نەبوو کە هاورێکانم خەونیان پێوە دەبینی. من دەمزانی کە نابمە پارێزە (ئەوە ئاواتی باوکم بوو) دەمزانی کە نابمە قەشە (ئەوە ئاواتی دایکم بوو)، دەشمزانی کە نابمە ئەندازیار (ئەمەیان ئاواتی هاورێکەی نزیکم بوو). لە راستیدا نەمدەزانی حەزم لە چ پیشەیەکە. بیرم لەوە کردەوە ببمە ئەکتەر یا رۆژنامەنووس، نووسەر، گۆرانیبێژ، رێکخەری زەماوەندەکان... بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا نەمدەزانی چیم دەوێت. ئەمرۆ هەست دەکەم کارێک دەکەم کە هەموو ئەو توانستانە لەخۆدەگرێت. دەرهێنەری فیلم وێنەکێش و رۆژنامەنووس و پەیکەرتاش و ئەکتەر.

**رۆژنامەنووس و رووداوەکان تۆماردەکات، بەڵام تۆ دەچیتە ناخی کەسایەتییەکانت، زیاتر لەو مەودایەش کە لە توانای خودی کەسایەتییەکاندایە... چ شتێک لە ناختدا ئەو گرنگیدانەت لادروست دەکات؟**

زۆرجار شتێک لە ناکاو بە بیرمدا دێت یان سەرسامم دەکات یان دەمورووژێنێت، یا زەردەخەنە دەخاتە سەر لێوم، دەتوانیت بڵێیت ئەوە ئەو شێوەیە کە مرۆڤەکان گوزارشت لە خۆیان دەکەن، بە هەموو ئەو جۆرانەوە کە لە ژماردن نایەن، بە سەرجەم پێکهاتە و ئاماژە رەفتارییەکانەوە. هەندێکجار تەنیا جلوبەرگی کەسێکە کە ئەندێشەم دەبزوێنێت، قورسە شتەکان بە وردی دەستنیشان بکەم.

من وای بۆ دەچم کە زۆرجار گەشەکردنی چیرۆک پەیوەندی بە کەسایەتییەکانەوە نییە، یان لانی کەم بە شێوەیەکی راستەوخۆ لە رێگەی کەسایەتییەکانەوە ناجولێت، بەڵکو لە رێگەی ئەو کەشوهەوایەی کە تێیدایە. چیرۆک بە هەموو پێکهاتەو رەگەزەکانییەوە بانگکردنی ئەو شتانەن کە لە ناخمدان، بەڵام ئەگەر لە دەرەوەی خودی خۆم بن ئەوا بزواندنیان چەند روویەکی ناوەکی دەردەخات. زۆر جار لەو رێگایەوە دەچمە ناو شتەکان. ئەوە لە تیشکی رووناکی شەو دەچێت. کاتێک کە نزیک دەبیتەوە یا دادەنەویتەوە، بۆت دەردەکەوێت کە رووناکی پەنجەریماڵێکە لەسەر یەکێک لە شەقامەکان کە خەڵکی تێدایە و چەندین شەقام و بالکۆن و گۆڕەپانی تریش هەن. وردە وردە بە نەخشەی شوێنەکان و کەسەکان و هەستەکان و حاڵەتەکان ئاشنا دەبیت.

**زۆرجار فیلمەکانت بە تیشکێک لە دوورەوە کۆتاییان دێت. چ شتێک زیاتر سەرنجت رادەکێشێت: رابردوو، بیرەوەرییەکان، نۆستالگیا، یان ئەو شتەی کە خەریکە روودەدات و تاکەکان بەرەو رووی دەجولێن، ئەو تاکانەی کە نهێنییەکانیان ئاشکرابووە؟**

وەڵامێکی باوەڕپێهێنەرم نییە، سیستمێکی ورد و دیاریکراوم نییە. دور لە دانپێدانانی خۆم کە مەیلێکم هەیە بۆ خەیاڵکردنی چیرۆکێک یا دروستکردنی حاڵەتێک، هەر فیلمێک سروتێکی تایبەتی خۆی هەیە، کە پێداویستی خۆی هەیە و شێوازێک دەخاتەڕوو تا لێی نزیک ببیتەوە و لێی تێبگەیت. وەکو هاوڕێیەتی وایە، وەکو پەیوەندییەکی مرۆڤانە، وەکو خۆشەویستی، هیچ یاسایەک نییە. لەلایەکی ترەوە پێدەچێت من بە چەند شێوازێکی سروشتی بە فیلمەکانم گەیشتبێتم، وەک ئەوەی دەمێک بێت لە ناخمدابێتن. ئەوە وەکو ئەو شەمەندەفەرە وایە کە رێگەیەکی چەسپاوی هەیە بە چەندین ویستگەی تریشدا تێدەپەڕێت. کاتێک ئاوڕ دەدەمەوە بۆ دواوە و تەماشای فیلمەکانم دەکەم وا هەست دەکەم کە من دروستم نەکردوون، هەست دەکەم



چاوەڕوانم بوون و هەموو هەوڵێکی منیش بۆ ئەوە بووە کە لەو ڕێگە چەسپاوە لانەدەم و بە وردی و دڵسۆییەوە لەسەر ئەو ڕێگایە بمێنمەوە و لێرە چاوم بە تۆ بکەوێت، بەڵام پێویست ناکات زۆر بە وردی گوێ لە قسەکانم بگریت، چونکە هەندێکجار مرۆڤ لە چاوپێکەوتنەکاندا قسەی بێ مانا دەکات و هەوڵدەدات گوزارشت لەو مەودایە بکات کە لەنێوان فەلسەفە و ڕۆحی ڕۆمانتکیدایە، لە کاتێکدا شتەکان زۆر لەوە سادەترن.

**یەکەمجار کە ئەو تیشکەی ناو تاریکیت بینی چ شتێک سەرنجی ڕاکێشایت، ئایا سەرنجڕاکێشانێکی جەستەییە، مەجازییە، هزرییە؟**

من تەنیا دەتوانم لە چوارچێوەی کاری خۆمدا قسە بکەم. یەکەمین هێما ئەوەیە کە لەو شارۆچکە نادیار و داخراوەوە نزیک بێت کە لە کۆتاییدا دەبێتە فیلمێک، ئەو هێمایەی کە لە هەستی شادییەوە دێت، وەکو ختوکەیەکی خۆش وایە کە بە هەموو ئەندامەکانی لەشتدا دەگەڕێت. هەستێکی چاوەڕواننەکراوی خۆشی و شادی، وەکو سڵاوێک وایە کە لەو شتەوە ئاراستەی من دەکرێت، نیشانەی دەستپێکردن و گەشەکردنی چیرۆکەکەیە.

**کەواتە وەکو دیدارێکی چاوەڕواننەکراو وایە لەگەڵ ژنێکدا، ژنێک کە بۆ ساتەوەختێک لە شەقامێکدا دەیبینیت و هەست دەکەیت بەرەو لای خۆی کێشت دەکات، پاشان لەخەیاڵی خۆتدا پەرە بەو پەیوەندییە دەدەیت..**

لێکچواندنێکی نموونەییە. لە ڕاستیدا ژن ئەو بەشەی خودی خۆتە کە نایناسیت، ڕووناکی دەخەیتە سەر تا بە خودی خۆت ئاشنابیت. پرۆسەی داهێنان لەوە دەچێت. وێنەی ژن لە هەموو هەوڵێکی داهێناندا ئامادەگی هەیە. ئامادەبوونێک کە پێویست بەهیچ بیانوویەک نەکات، لە هەموو پرۆسەیەکی ئەفوسناوی یا نهێنیدا هەستی پێدەکرێت. بەردەوام ژنێک لە تەنیشت سیحربازێکەوە هەیە. ئەو ڕەگەزەیە کە وا دەکات بە شێوەیەکی ئاسانتر بەو بەشە نەناسراوەی خودی خۆت ئاشان بیت. ئەوە بەرجەستەکردنی نەستە کە زۆر جار لە هونەردا لە شێوەی ژنێکدا دەردەکەوێت. وابزانم خودی داهێنان، ئەو دەربڕینە داهێنانە بە هەموو شێوەکانییەوە، چ وێنە یا پەیکەرتاشین یا فیلم یا مۆزیک بێت، بەردەوام ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ بەشە نەزانراو مێینەییەکەی خۆدی خۆتدا هەیە.

**دەتوانین بۆ ساتێک باسی شێواز بکەین، چۆن خەیاڵەکان دەگۆڕێن بۆ وێنە لەسەر شاشە، یەکەمین هەنگاو چییە؟**

قورسە بەشێوەیەکی لۆژیکی باس لە پرۆسەی داهێنان بکەم. مەسەلەکە بریتییە لە راگرتنی هاوسەنگی، بەردەوام هەڕەشەی ئەوە لە ئارادایە کە ئەو کارەی ئەنجامی دەدەیت بەو شێوەیە نەبێت کە لە مێشکی خۆتدا داتنابوو. لەبەرئەوە حەز ناکەم وەکو هاوڕێکانم یان وەکو یەکەمجار کە یەکەم فیلمم دەرهێنا تەماشای کۆپی وێنەگرتنی رۆژانە بکەم. من حەز ناکەم تەماشای ئەو وێنانە بکەم کە رۆژی پێشووتر گرتوومن، مەبەستەکەشم ئەوە نییە کە ئەفسانەیەک لەبارەی خۆمەوە دروستا بکەم و دواتر بوترێت (فللینی) هەرگیز تەماشای کۆپییەکانی وێنەگرتن ناکات، چونکە کاتێک مرۆڤ کۆپییەکان دەبینێت، دەزانم چی روودەدات، لە ناکاو ئەو فیلمە دەبینێت کە دەریهێناوە نەک ئەو فیلمەی کە خەونی پێوەدەبینی، خەون وردە وردە دەگۆڕێت و دەبێت بە فیلمی واقیع و بیرۆکەی راستەقینەکە دەستکاری دەکرێن و رێکدەکرێنەوە.

من لەلایەن خۆمەوە حەزدەکەم لەو وەهمەدا بژیم، من فیلمێک دەردەهێنم کە لە مێشکمدایە. تەماشانەکردنی ئەو ئەو شتەشی کە دروستی دەکەم وام لێدەکات فیلمێکی نموونەیی بەرهەم بهێنم و وەهمەکە بۆ کۆتایی هەڵگرم کاتێک ئیتر هیچ شتێک نامێنێت بیکەم.

**کەواتە حەز ناکەیت تەماشای ئەو شتە بکەیت کە دەیکەیت، هیچ یاسایەکی دەرەکی هەیە لە بەدیهێنانی فیلمدا فریات بکەوێت؟**

هونەرمەند لە رووی دەروونییەوە رەگەزێکی سەرەکی و زیندووی سەردەمی هەرزەکاری و منداڵی لە خۆیدا دەهێڵێتەوە، پێویستی بە کڕیارێک یا سەرۆکێکی بە دەسەڵاتە بۆ ئەوەی بەرەو پێشەوەی ببات. من خۆم ئیتاڵیم، ئیتاڵییەکان بەردەوام هەست دەکەن کە پێویستیان بە پاپا، شازادە، پاشا، ئیمپراتۆرێک هەیە بۆ ئەوەی فەرمانمان پێبکات سەقفێکیان بۆ دروست بکەین، تابلۆیەک بۆ کلێساک بکێشین، یا بەبۆنەی هاوسەرگیریی شازادەوە هۆنراوەیەکی خۆشەویستی بنووسین. ئەو خۆگۆنجاندنە دەروونییە، ئەو داواکردنە بۆ ئەنجامدانی شتێک، بۆ کەسایەتی گەنج و منداڵانەی ئێمەی هونەرمەند شتێکی گرنگە. ئێمە پێویستمان بە دیسپلینێکی دەرەکییە.

**ئەگەر پێویست بکات وەک کەسەکان سەیری هەموو فیلمەکانت بکەیت،**

**پەیوەندییەکە چۆن دەبێت.. کوڕ، کچ، باوان، خۆشەویست؟**

نا، نەخێر پێموانییە هەست بەو گەرموگوڕییە بکەم. بەلامەوە شتێکی نامۆیە، ئامادەبوونێکی نادیاری هەیە و لەبەر زنجیرە هۆکارێکی نادیار خۆم وا دەبینمەوە کە لێیانەوە نزیکم و ئەوان خۆیان داوایان منیان هەڵبژاردووە و داوایان لێکردووم شێوە و کەسایەتییەکیان پێ ببەخشم و وایان لێبکەم کە دیار و ناسراو بن تەنانەت بۆ خۆشیان.

هەرئەوەندە کارەکە تەواو بوو ڕێگاکانمان بە تەواوی لە یەکتری جیادەبنەوە. وابزانم فیلم بەو سما و رووخسارەوە دەڕوات کە خۆی ویستوویەتی، ئەو سیما و شوناسەی کە ویستوویەتی بۆی دیاری بکەم، منیش بۆ خۆم دەڕۆم و دەگەڕێم، یان چاوەڕوانی هاتنی تارماییەک یا خێویک دەبم کە بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو پاڵم پێوەدەنێت، ختوکەم دەدات و هانم دەدات بۆ ئەوەی رووخسار و کەسایەتی و چیرۆکێکی پێ ببەخشم. ئەوە وەکو زنجیرەیەک پەیوەندی وایە لەگەڵ کەسانێکی نادیاردا، هەرئەوەندە کە ناسران و شوناسێکیان وەرگرت و شێوە و رووخسارێکی بەرجەستەکراویان بۆ دروستبوو، لێت دووردەکەونەوە تەنانەت ماڵئاوایشت لێناکەن. مەسەلەی ئەوەی کە دووبارە بە دیداریان بگەیتەوە بەشێک نییە لەو پرۆسەیەی کە بەیەکەوە بەسەرمان برد، کاری فیلم ئەوەیە کە ببینرێت، کاری منیش ئەوەیە کە وای لێبکەم مادی و هەستپێکراو بێت. ئەوە هەموو شتێکە.

**هەر لەبەرئەوەیە کە پیاوە پاڵەوانەکانی ناو فیلمەکانت لەبەر هۆیەکی نادیار وا دەردەکەون کە ون بووبن؟**

دەکرێت ئەو بیرۆکەیە رەگ و ریشەی لەناو رابردوودا بێت، وەک رووکەش، کەسایەتییە میحوەرییەکە تا رادەیەک هاوشێوەی نووسەرەکەی بوو. هەست دەکەم نووسەر- دەرهێنەر دەتوانێت ئاڵوگۆڕ بە کەسایەتییەکانی ناوفیلمەکەی بکات. نەک هەر کەسایەتییەکان، بەڵکو شوێنەکان و شتەکانیش. مرۆڤ دەتوانێت زیاتر لەگەڵ یەکێک لە کەسایەتییەکاندا هاوسۆزتر بێت، دەتوانێت هەڵیبژێرێت تا لە ڕێگەیەوە بە شێوەیەکی نادریار شتگەلێک بلێت کە پێیوایە زیاتر گوزارشت لە خودی مرۆڤ دەکات، بەڵام لەسەر ئاستی سروشتی شتی وا روونادات. تۆ ناتوانیت شێوازی بیرکردنەوە یا فەلسەفەی خۆت بخەیتە ناو یەکێک لە کەسایەتییەکانت و پاشان هیواداربیت ئەو شتە گوزارشتکەر و بەرجەستەتربێت. بە پێچەوانەوە من لەو بڕوایەدام ئەو شتانەی کە بە مەبەست دانەنراون یا بەشێوەیەکی هۆشیارانە ئاراستەکراون، ئەو شتانەی کە کەمتر خراونەتە بەر

پرۆسەی بە ئەقڵانیکردن، لە خودی نووسەر باشتر گوزارشت دەکەن. وابزانم نووسەر ئەو کاتە روونتر خۆی دەناسێت کە نازانێت چی دەکات. من فیلم دروست دەکەم تا لەو حاڵەتی نیگەرانییە رزگارم بێت کە داگیری کردووم. من هەڵدێم. کە فیلمێک دروست دەکەم دەڵێی لە شتێک هەڵدێم. شتێک کە دەمەوێت خۆمی لێ رزگار بکەم و لە کۆڵ خۆمی بکەمەوە. وەکو ئەوە وایە لە نەخۆشییەک چاک ببمەوە. من نامەوێت نیشانە پاسۆلۆجییەکانی کردەی داهێنان گەورە بکەم، بەڵام ئەمە ئەوەیە کە من بە قوڵی هەستی پێدەکەم. ئەو شتە نادیارە نە کوڕە و نە باوک، بەڵکو ئامادەگییەکە لە ناکاو زۆر لێم نزیک دەبێتەوە و داوام لێدەکات ژیانی پێ ببەخشم، ئەوە جۆرە پەتایەکە کە دەگوازرێتەوە. ئەوە داگیرکردنە، پێشێلکردنێکە لەلایەن شتێکەوە کە دەتوانم بە ئاسانی دەستبەرداری بم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە ژیان و چارەنووس و پیشەی منە.

بەمدواییانە ئەو ئامادەگیە نادیارە بووە بە شتێکی زۆر بێزارکەر، چونکە ئێستا ناچارم دەکات بچمە ناو پەیوەندییەکی شێواو و پڕ لە دڵەڕاوکێ. نازانم ئەوە چۆن دەستی پێکرد، مەبەستم ئەو هەستی نیگەرانی و بێزاری و ساردوسڕییەیە. لەوانەیە هۆکەی ئەوەبێت کە فیلمەکانم لەم ساڵانەی دواییدا پێش ئەوەی نمایش بکرێن کاتی ئەوەیان هەبووە کە رێگەم بدەن پەرۆشیی خۆم لەدەست بدەم. لە کاتێکدا کە بڕیاری بەرهەمهێنانی فیلمەکان دەدرێت و لە وردەکارییەکان دەکۆڵنەوە، چاوەڕوانییەکی ئەوەندە بێکۆتا هەیە کە دەبێتە هۆی رەوینەوەی ورووژانی یەکەم. لە کاتێکدا کە بەرهەمهێنەرەکان گرێبەستەکانیان ئیمزا دەکەن کە لێوان لێون لە چاوچنۆکی، من بە هەڵواسراوی دەمێنمەوە، وەکو مەلەوانێک کە لەسەر لێواری تەختەیەک وەستاوە و هەر دوو دەستی بۆ پێشەوە راکێشاوە و ئامادەیە خۆی هەڵبداتە ناو ئاوەکەوە، بەڵام من بەردەوام خۆم کۆنترۆڵ دەکەم، چونکە پێویستە لە پێشدا حەوزەکە پڕ بکەم لە ئاو و دەوروبەریشی بە تەماشاکەران قەرەباڵغ بکەم. کەچی لە کۆتاییدا ئەو کارە ناکەیت، بەڵکو تەنیا خۆت بۆ ئەوە هەڵدەدەیت کە کۆتایی بە مەسەلەکە بهێنیت، بەڵام هەرئەوەندەی کە دەگەمە ستۆدیۆ شتێکی تر روودەدات، وێڕای ئەو حاڵەتی توڕەبوونە، سەرلەنوێ هەست بە ئەفسوون و جوانی شوێنەکە دەکەمەوە. کارمەندەکان دەبینم کە ئامادەن بۆ کارکردن، دیکۆرەکان کە ساز و ئامادەن، کاتێک رووناکییەکان دادەگیرسێن خۆم دەدەمە دەست ئەو رۆحە رۆمانتیکەی کە لە هەموو سوچێکدا هەیە.. دەبمەوە بە هونەرمەندێک کە بوکەڵەکان دەجوڵێنێت. لە ناکاو هەموو شتێک خۆش و دڵخۆشکەر دەبێت، خۆشم دەزانم کە ئەوە ئەو ژیانەیە کە خۆمی تێدا دەناسم.

**هەست دەکەیت کە ئێستا جەماوەر لە بەرامبەر هونەردا کەمتر هەستیارە، پێتوایە هۆکەی تەلەفزیۆن بێت؟**

ناتوانیت ئەو قسەیە بە راست بزانیت کە دەڵێت خەڵک چیتر حەزی لە سینەما نییە و حەز دەکات تەماشای شتێکی بۆش و بێ مانا بکات. ئەگەر تۆ لەگەڵ ئەو تێگەیشتنەدا بیت ئەوا پێویستە وازبهێنیت و پیشەکەت بگۆڕیت. ببە بە رۆژنامەنووسێک یا دوکانێک بکەرەوە بۆ فرۆشتنی وێنەی کاریکاتێر بە رێبوارەکان. من خۆشم سالانی دوای شەڕ ئەو کارەم کرد. من بەوشێوەیە بیرناکەمەوە. پێویستە ئاگاداربم و بزانم چی لە دەوروبەرم روودەدات، شتێکی بێ سودە کۆمەڵە کارێکی نۆستالگی یا ویژدانی یا ئاکاری بەرهەم بهێنیت. نەوەی ئێستا بەهاکانی نەوەی پێشوو لەناو دەبات و سەرشێتانە کەوتۆتە دوای کۆمەڵە بەهایەکی تایبەت. هەر نەوەیەک تێڕوانینی خۆی هەیە. ملیۆنان ساڵە ئەو شتە روودەدات. ئەوە راستییەکی زانراوە، کەچی کاتێک کە شتێکی وا روودەدات هەست بە نیگەرانی و بێزاری دەکەین، چونکە لە ناکاو ئاسۆیەک لە بەردەمماندا دەبینین، بەڵام وشکانییەک نابینین تا لەنگەر بگرین.

**بەدڵنیاییەوە تۆ مەبەستت ئەوە نییە کە نیاز وابێت لەگەڵ پێداویستییەکانی تەلەفزیۆندا خۆت بگونجێنیت؟**

من دەڵێم مەحاڵە وا شیبکەینەوە کە خواستی جەماوەر دەرەنجامی تەلەفزیۆن و شێوازەکەی بێت کە بەردەوام وێنە بارانی دەکات و مرۆڤ وادەزانێت کە دەتوانێت خۆی بناسێت. ئێمە بە درێژایی ٢٤ سەعات لەبەردەم شتێکدا خۆمان کردۆتەوە کە پێمانوایە ئاوێنەیە، بە نەرجسییەتێکەوە دادەنیشین و سەیر دەکەین کە چی دەکەین، یا ئەو شتەی کە پێمانوایە دەیکەین، لە کاتێکدا ئێمە تەنیا شتێک دەبینین کە راستی شتەکان دەدزێت. شتێکی هەڵپەسێردراوە لەنێوان وەهم و ریکلام، لەنێوان گرتەکان و شتگەلێکی نووسراودا کە ئامادەکراون بۆ تەلەفزیۆن. ئەوە تەماشاکەرێکی پشووکورتی بێ تەحەمولی تورەی دروستکردووە کە ملکەچی خەواندنە. ئێمەیەک کە سینەما دروست دەکەین ناتوانین بڵێین لەو ئارەزووانە تێدەگەین کە لەوانەیە لە ناخیدابن. لە راستیدا من پێموانییە کە هیچ ئارەزوویەک لە ناخیدا نییە. ئەو تەنیا کۆمەڵێک وێنەی جوڵاو و دەنگ دەبیستێت، ژاوەژاوێکی گەورە کە پێیوایە مۆسیقایە. من نامەوێت خۆم وەک کەسێک دەرخەم کە رای جیاوازی هەیە، بەڵام شتەکان چۆنن ئاوا باسیان دەکەم، لەوە

تێدەگەم کە تەلەفزیۆن سیستمێکە، پەیڕەوێکە، شێوەیەکە لەنێوان ئێمە و واقیعدا کە پێویستە بەهەند وەریبگرین و لەو ڕێگەیەوە ڕووبەڕووی خۆمان ببینەوە. پێویستە مرۆڤ هەوڵێک بدات بۆ تێکشکاندنی ئەو شێوەیە و دەستی بەسەردا بگرێت، نەک ئەو دەستمان بەسەردا بگرێت. تەلەفزیۆن بۆتە هێزێکی سروشتی: وەکو هێزی ڕاکێشانی زەوی یا کاریگەرییەکانی مانگ یا بومەلەرزە... بەو جۆرە ململانێکەمان لەگەڵ ئەو شێوە دایە کە دروستمانکردووە، بەڵام لە دەستمان دەرچووە و چیتر لە ژێر کۆنترۆڵی ئێمەدا نەماوە. ئەو هێزەیە کە وێڕای نیازەکان، هەر دەمێنێت. سینەماکار ناتوانێت تەماشاکەرێک بەهەندوەربگرێت کە توشی ئەو گۆڕان و شێواندنە بووە و بۆتە کەسێکی نامۆی دابڕاوی بێ ئێرادە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ناتوانێت فەرامۆشی بکات و چاوی لێداپۆشێت. من لەو کێشەیەوە هاندان و ورووژانی خۆم وەردەگرم. من لەو کەسانە نیم کە تەنیا هاوار دەکەن و دەڵێن: تەلەفزیۆن سینەمای کوشتووە یان ریمۆت کۆنترۆڵ وایکردووە کە تەماشاکەر نەتوانێت تا کۆتایی چیرۆکەکە بەردەوام بێت یا شوێنێک نەماوە بۆ وێنەگرتنی تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی... چەندین قسە و بڕوبیانوو کە وا دەردەکەون ڕاست بن. پێویستە ژیان چۆنە ئاوا تێیدا بژین. من پێموانییە کە تەلەفزیۆن شتێکی زۆر خراپ بێت. لەو باوەڕەدام کە لە وێرانکردنی چەندین سیستم و تیۆر و شێوازی بیرکردنەوەدا بەشداربووە. باوەڕناکەم ئەمە کۆتایی بێت، لەوانەیە لەو هەموو وێرانکارییە پەیوەندییەکی نوێ لەگەڵ واقیعدا لە دایک بێت، بەو جۆرە شێوە بیرکردنەوەیەکی نوێ و ڕەفتارێکی مرۆیی نوێ لە دایک دەبێتەوە. شتێکی سەرنجڕاکێشە ئەو پەرەسەندنە ببینیت و هەوڵبدەیت شێوازێک بدۆزیتەوە بۆ گێڕانەوەی شتەکان بەپێی نەریتەکانمان لە شێواز و چوارچێوەی کۆمەڵێک پێداویستی نوێدا.

**سەرچاوە:**

ئەم دیدارە لە گۆڤاری (دارین)ی سعودیدا بڵاوبووەتەوە . لە (سینەماتک)ەوە وەرگیراوە.

# چاپکراوە نوێیەکانی ساڵی ٢٠١٢ی

# بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

## کە ئێستا لە کتێبخانەکاندا دەست دەکەون




**ئەستێرە بەرزە**

سەلاح شوان

چیرۆک

---




**فێرنان برۆدێل و گوتاری مێژوویی**

کامەران محەمەد

فەلسەفە

---




**گوڵزاری نووسین**

محەمەد کوردۆ

کۆمەڵێک بابەتی هەڵبژاردە

---




**نان و ماچ**

جواد حەیدەری و ڕەسوڵ سوڵتانی

چیرۆک




## دەروازەکانی شانۆ

و. شۆڕش محەمەد حسێن

کۆمەڵە وتار

---




## گەنجینەی زێڕنی زێوەر

ئا: مەحمود زێوەر

ئەدەبی

---




## لۆدڤیگ ڤان بیتهۆڤن

فەرمان عەلی نوری

مۆسیقا

---




## دیوانی چروستانی

نوخشە ئەحمەد محەمەد چروستانی

شیعر



**ئیفادەی کوردەکان بۆ ماجەرای ڕەفا و ئەربەکان**

**ستران عەبدوڵڵا**

**مێژگرد**




**گرنگیی زانستی کتێبخانە و زانیارییەکان**

**ئەحمەد میرزا ڕۆستەمی و شاهۆ عوسمان سەید قادر**

**لێکۆڵینەوە**




**لەگەڵ سایکۆلۆژیادا**

**سۆزان جەمال**

**سایکۆلۆژیا**




**مشکەکانی ڕۆح**

**حوسێن شێربەگی**

**چیرۆک**




پەیوەندی سینتاکس و سیمانتیک لە
زمانی کوردیدا

شیلان عومەر

لێکۆڵینەوە



پێل دی بۆرت

خالید حسێن

چیرۆک




پرۆسە سایکۆلۆجییەکان لەزمانی کوردیدا

ئاڤێستا کەمال مەحمود

لێکۆڵینەوە




شوێن پێی ئەو ژنە

سەردار ڕاوچی

چیرۆک




**خەونی ئەو کیژانەی لە خۆر دزران**

**ئەحمەد قادر سەعید**

**کۆمەڵە چیرۆک**




**چەشنەکانی ڕاهێنەری تۆپی پێی هاوچەرخ**

**ئەحمەد سەنگاوی**

**وەرزشی**




**میسکی زازا**

**رشاد محەممەد عومەر**

**حیکایەتی فۆلکلۆر**




**سێ بەیتێن کوردی د دەستنڤیسا فەقێ محەممەدێ توخۆبی دا**

**جەمیل محەممەد شێلازی**

**فۆلکلۆر**




## بیرڤانا جندی

**ئا: محەمەد جزاور حەمکۆچەر**

**داستان و بەسەرهات**




## فەرهەنگی باشوور- بەرگی ۱

**عەباس جەلیلیان**

**فەرهەنگ**




## فەرهەنگی باشوور- بەرگی۲

**عەباس جەلیلیان**

**فەرهەنگ**




## بوخچکا بووکان ژ زارگوتنا بچووکان

**ساڵح حیدۆ**

**داستان و بەسەرهات**




## خوشکە نەسیمۆ

**هاوژین صلێوە**

**حیکایەتی فۆلکلۆر**

---




## پیرابووک

**صاڵحێ حەیدۆ**

**چیرۆکی فۆلکلۆری**

---




## قووتووی عەتار-۳

**حەسەن ئەحمەد عەبدوڵڵا (ئارارات ئەحمەد)**

**فۆلکلۆر**

---




## ڕۆڤیێ فێڵباز

**حسێن حاجی ئۆسمان**

**کۆمەڵە چیرۆک**

دەتوانیت گۆڤاری

# هەنار

لەم ماڵپەڕانەدا بخوێنیتەوە:

www.henar.org

www.dengekan.com

نرخی ١٠٠٠ دینارە